GOLDEN BOOK

مۆئمن ئەلمحەمەدی

# نهێنی ژیانی
# ژنی سەرۆکەکان

## نهێنی خۆشەویستی لەنێو دڵی خاوەن شکۆکان



وەرگێڕانی
ئامانج محەمەد


کتێبخانەی (PDF)

مونمن ئەحمەدی

# نهێنی ژیانی ژنی سەرۆکەکان

## نهێنی خۆشەویستی لەنێو دڵی خاوەن شکۆکان

وەرگێرانی

ئامانج محەمەد

٢٠١٢

Company
BOOK
کۆمپانیای گۆڵدن بووک
بۆ راگەیاندن و بڵاوکردنەوە و بازرگانی گشتی / سنووردار

ناوی کتێب: نهێنی ژیانی ژنی سەرۆکەکان

نووسینی: موئمن ئەلمحەمەدی

وەرگێڕانی: ئامانج محمد

تایپ: وەرگێڕ

دیزاین: هەرێم عوسمان

بڵاوکراوەی: کۆمپانیای گۆڵدن بووک

شوێنی چاپ: چوارچرا

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠

نۆبەتی چاپ: یەکەم ساڵی ٢٠١٢

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی( ١٩٧١ )
ساڵی ٢٠١١ ی پێدراوە.

# پێشەکی

دەڵێن لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێك هەیە، بەڵام من وای دەبینم لە پشت هەموو پیاوێکەوە ژنێك هەیە یان کۆمەڵێك ژن هەن، کە ژیانی لەکۆرپەییەوە پێکدەهێن تاکو مردنی، ژن بەهەشتی پیاوە وەك چۆن هەندێکجار دەبێتە دۆزەخ بۆ پیاو، ئەو سیما دەدات بەژیانی پیاوان، هەر ئەو یارمەتی دەدات سەرکەوتن بەدەست بهێنێت یان تووشی شکست و نەهامەتی بێت، دەیگەێنێتە ترۆپك و دەیخاتە ناو چاڵی ونبوونەوە.

پیاو چەندێك بەهێز بێت، ژن لەو بەهێزترە، مێژووش پڕە لەو سەرکردە و پیاوە بەهێزانەی ژن تووشی نەهامەتی و شکستی کردوون، هەر لەشەمشونەوە کە دەلیلە بووە هۆی مردنی، تا دەگاتە عوتەیل کەدێزدەمونە بەکوشتیدا و دواتر بۆ ناپلیۆن و هێلتەر و چەندەهای تر...

هەروەها مێژوو پڕیەتی لەو ژنانەی کە ڕۆڵی بۆزەتیڤیان لە ژیانی پیاوەکانیاندا هەبووە، لە سەرو هەموویانەوە خەدیجەی ژنی پێغەمەر، کە بووە هۆی سەرکەوتنی مێردەکەی و بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی پاڵپشتی کرد، لە ژیانێکی کۆچەرییەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی جیهان گواستیەوە.

لە چەرخی نوێماندا لە نیشتمانی عەرەبیدا، ژن ڕۆڵێکی جەوهەری بینیوە لە هەموو بوارەکاندا، کە خۆرئاوا وا تەماشای ژنانی عەرەب دەکات هیچ نازانن، چەوساونەتەوە و پیاوان دەست بەسەر ژیانیاندا دەگرن و ناچاریان دەکەن لە ماڵەوە بنێنەوە، خاوەنی هیچ ڕۆڵێکی سەرکردە نییە و دەرفەتی هەڵبژاردنی نیە، بەڵام ئەمانە هەمووی وەهمن و هەقیقەتی مەسەلەکە دەرناخەن، ئەگەر چی جیاوازی ڕۆشنبیریش هەبێت.

کاتێك تەماشای ژیانی نەوەکانی سەرۆکەکانم کرد ڕۆڵی ژنان هەر وا بەو ئاسانییە نییە کە هەندێك لای خۆیەوە لێکی دەداتەوە،، ژنانی سەرۆکەکانی عەرەب ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهاتنی سەرۆکەکاندا هەبووە و ئێستاش هەمان ڕۆڵ دەبینن.

وتم با تەماشای لاپەڕەکانی ژیانیان بکەم، چۆن مێردەکانیان ناسیوەو چۆن چوونەتە ناو کۆشکەوە، چەند چیرۆکێکی ئەو سەرکردانەم بینی و بینیم چۆن ئەو ژنانە گەیشتوونەتە ئەو شوێنە و تەختی دڵی سەرۆکەکانیان داگیر کردووە و پاپۆڕی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست.

وەك پێشتر لە کتێبی ئەوەکانی سەرۆکدا باسمان لە کوڕەکانی سەرۆك کردبوو، لەم کتێبەشدا بەهەمان شێوە باس لە هەندێك لە ژنانی سەرۆك دەکەین، بەڵام ئەوە نییە ئێمە هەندێکیانمان فەرامۆش کرد بێت، بەڵکو ئەو کارە بۆ نووسینەوەی ژیانی ئەو هەموو ژنە سەرۆکە پێویستی بەچەندەها بەرگ هەیە، ئێمە چەند نمونەیەکمان لە خانمە یەکەمەکانی چەند سەرۆکێك وەرگرت، چیرۆکی هەر ژنێکمان بەپێی ئەلفبێتا نووسیەوە، ئێمە ناکرێت وڵاتانی خۆرهەڵات لەبیر خۆمان بەرینەوە، کە بڕوایان بەوە هەیە پیاوان بەسەر ژنانەوە باڵادەستن.

جیاوازیمان لەگەڵ ئەم سەرۆك یان ئەودا فەرامۆش کرد و بیرکردنەوەی سیاسیمان پشتگوێ خست، بەڵکو تەنها بەدوای لاپەڕە مرۆییەکانی ئەو ژنانەدا گەڕاین کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداریان لە دەسەڵاتدا کردووە.

ئەم کتێبە زۆر خرۆشێنەر نییە، بەدوای ناونیشانە زەردەکاندا بگەڕێت، بەڵام لەهەمان کاتدا پڕیەتی لەو بابەتانەی کە مرۆڤ دەخرۆشێنێت، لەبەر ئەوەی جۆری حوکمڕانی لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەو جۆرە لە خرۆشان دێنێتە ئاراوە، کەواتە بابچین بۆ لای چیرۆکەکان.

مونمن ئەحمەدی

قاهیرە

٢٠٠٨

# ژنەکانی سەرۆکی کۆچکردوو ئەنوەر سادات

## یەکەم ژنی ... ئیقبال مازی

**( دایکم هەمیشە دەیوت کە چاوەڕێی ڕۆژی قیامەت دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو پیاوەکان لەگەڵ ژنی یەکەمیاندا هەڵدەستنەوە و لێپرسینەوەیان لگەڵدا دەکرێت، لەو کاتەدا ئەنوەر دێتەوەلای ئەم)**

**وتەی خاتوو کامیلیا کچی ئەنوەر سادات**

سەرچاوەکانی یاداشتنامەی ژیانی ئەنوەر سادات ئەوەمان بۆ دەردەخات کە یەك ئەنوەر سادات نەبووە، بەڵکو زیاتر لە ساداتێك هەبووە، یەکێکیان ئەکتەرێکە، یەکێکی تر سیاسی و سێهەم جوتیار بووە و چوارەم و پێنجەم و هتد...

سادات یەکێکە لەو کەسانەی زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەسانی دەورەوبەری، لەگەڵ ڕووداوەکاندا زوو هەڵدەچێت، کاتێك هێرشی سێ قۆڵەیی ڕوویدا، کتێبێکی نووسی بەناونیشانی کوڕم ئەوە مامە جەماڵتە "مەبەست لە جەمال عەبدولناسر"، کتێبەکە پێهەڵدان بوو بە سەرۆك ناسر، کاتێك ناسر مرد سادات هەمان گەرم و گوڕی بۆ ناسر مابوو، یەکەمجار وەك سەرۆك چووە ناو پەرلەمان و لەبەردەم پەیکەرەکەی جەمال عەبدول ناسر بەشێوەیەکی شانۆیی سەیر چۆکیدادا، بەڵام دواتر ئەو گەرم و گوڕیەی بۆ ناسر نەما، ئەویش کاتێك ناوی خۆی لە هەموو شوێنێك بینی کەوتە نێزە لێدان و بە قەڵەمەکەی بە ناوی بە دیموکراتیکردنەوە جەستەی ئەو پیاوە مردووەی پارچە پارچە دەکرد، بەڕای من ئەم پیاوە لە هەردوو بارەکەدا درۆی نەکردووە، بەڵکو وەك پیاوی ئەو ساتە دەرکەوتووە کە تێیدا ژیاوە.

ئاشکرا بوو ناوی منداڵەکانی خۆی و منداڵی نەوەکانی بەناوی ئەو ڕووداوەنەوە دەنا کە لەو کاتەدا ڕوویدەدا، بۆ نمونە ویستی نوەای کچی بە ناوی زنوبیاوە ناو بنێت لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی ئەم کچە لە دایك بوو، کاتی یەکێتی نێوان سوریا و میسر بووا!.

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم پیاوە لەو ساتەدا دەژی کە تێیدایە.

پیاوێکی لەم جۆرە هەمیشە بەدوای هەمەجۆر و فرەییەوەیە، ئاساییە لە ژیانیدا زیاتر لە ژنێك دەربەکەوێت و بیکاتە ژنی خۆی.

سەرۆك سادات یەکەم و دوا پیاو نییە کە ژنی یەکەمی تەڵاق دەدات و ژنێکی تر دەهێنێت، دواجار لەمیان مەسەلەیەکی تاکەکەسییە و پێویست بەسەرسوڕمان ناکات، بەڵام لەبەرئەوەی سەرۆکە ئەم جۆرە دەبێتە مەتەڵ و چەندەها نهێنی و گرێکوێرە لەخۆ دەگرێت،

سالی ١٩٤٠ سادات لەگەڵ ئیقبال مازی هاوسەرگیری دەکات، لەو کات تەمەنی ٢٢ ساڵان بوو، ژنەکەی ساڵ و نیوێك لەخۆی گەورەتر بوو، ساڵی ١٩٤٩ سادات لەگەڵ خاتوو جیهان هاوسەرگیری کرد کە پانزە ساڵ لە خۆی منداڵتر بوو، ئەو کات تەمەنی ئەنوەر سادات ٣١ ساڵ بوو، ئەو ساڵانە بوو کە سادات لە ناوجەرگەی ڕووناکی خستنە سەر و دەرکەوتن بوو، هەروەها لە گەرمەی ڕووداوەکاندا دەژیا، کە ژنی یەکەمی نەیدەویست دەرگا لەسەر ئەم مەسەلەیە بکاتەوە، وەك چۆن ژنی دووەمیشی نەیدەویست ئاشکرای بکات، لەبەر ئەوە هیچ وشەیەك نەکەوتە دەمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵام پاش ئەوەی سادات نامێنێت گۆڤارێك لە دەرەوەی میسر بە ناوی گۆڤاری (غادە) کە گۆڤارێکی مانگانەی ژنانە بووە، لەسەر بەرگی پێشەوە لە ساڵی ١٩٨٦ مانشێتێك بەدیدەکرا کە دەڵێت (ژنی یەکەمی ئەنوەر سادات بۆ یەکەمجار قسە دەکات!! ئیقباڵو سادات و جیهان ئەم گفتوگۆیە پێنج لاپەڕەی گۆڤارەکەی داگیرکردبوو، ڕۆژنامەنووسی گەورەی میسر (ئولفەت قەتامش) ئەم گفتوگۆیەی ئەنجامدابوو، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا گۆڤارەکە لە میسر و دەرەوەی میسر هەمووی فرۆشران و لە بازاڕدا نەما، ئەویش بەهۆی ئەو گفتوگۆیەوە.

ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا جێگەی سەرنجە خاتوو ئیقبال وردەکاری پەیوەندی خۆی بە ساداتەوە دەگێڕێتەوەو لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەو کات لەگوند کوڕ و کچ پێکەوە یاریمان دەکرد، یان لە کۆڵانی گەڕەك، لەو کاتەدا هەستمان بە جیاکاری نەدەکرد واتە هەستمان بە جیاوازی چینایەتی یان کۆمەڵایەتی نەدەکرد، بۆ نمونە من کچی عومدەی گوندەکەمان بووم، وەك دەزانین پلەی عومدە لەگوند پێەو بەردەی زۆری لەسەرە، محەمەد مازی باوك نازناوی بەگەواتی بە فەرمی وەرگرتبوو، نەك وەك نەریتێکی باوی ناو خەڵکی گوند، ئەم نازناوە خدێوی عەبباس پێبەخشی ئەویش بەهۆی ئەوەی لەو کاتەی لەم ناوچەیە سەردانی شار و گوندەکانی کەنار دەریای دەکرد و لەگوندەکەی ئێمە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرا، ئێمەی منداڵ هەستمان بەو جیاوازییە نەدەکرد و کۆمەڵێك منداڵ بووین پێکەوە یاریمان دەکرد منداڵی جوتیار و خواپێداو و هەژار و ماماوەندی تێدا بوو، لە ناویاندا منداڵێك هەبوو، لە شتێکدا سەرنجی ڕاکێشام، ئەو کاتە نەمدەزانی ئەو منداڵە ناوی ئەنوەر ساداتە، قەدەری من وابوو ئەم کەسە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانمدا بگێڕێت، هەروەها لە مێژوی میسر و عەرەبی هاوچەرخدا، لە ماڵێکی گەورەدا دەژیان پڕ بوو لە خزمەتکار و بەردەست و یارمەتیدەر،

لەگوندێکی گەورەدا دەژیان ڕووبەرەکەی ١١٥ فەدان بوو، باوکم ١٢ فەدانی هەبوو، بەڵام باوکی ئەنوەر کە ناوی محەمەد سادات بوو بەسفەتی باشکاتب کاری دەکرد لە نەخۆشخانەی سەربازی و دوو فەدان زەوی هەبوو.

ئەوەتا خاتوو ئیقبال هەر لە سەرتاوە تێڕوانینێکی نیگەتیڤانە دەربارەی ئەنوەر سادات پێشکەش دەکات، ئەگەرچی بەو پەڕی ڕێزەوە باسی لێدەکات، بەڵام دەرخستنی ئەو جیاوازییە چینایەتییە جێگەی سەرنجە، جا ئەگەر ئێمە باوەڕ بەو جیاوازییە چینایەتییەی ئیقبال باسی دەکات بکەین، ئەوا تێدەگەین جیاوازییەکە زۆر گەورە نەبووە، ڕاستە ئەو کچی عومدە بووە، بەڵام ئەوان لەگوندێکی بچوکدا دەژیان هیچ شتێکی جیاوازی تێدا نەبووە تاکو پێی بناسرێتەوە، لەبەرئەوە عومدەکەی لەوانی تر جیاوازتر دەبێت، ئەگەر ئەوە بەهەند وەربگرین خێزانی ئەنوەر ساداتیش خاوەن زەوی بوون، ئەمەش مانای وایە ئەمان ڕێبوار نەبوون و خەڵکی هەژاریش نەبوون، ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازی چینایەتی گرفت نییە بەڵکو جیاوازی تەمەن، جا ئەگەر بەرۆژێکیش گەورەتر بێت، ئێمە دەزانین نەریتی ئەوکاتەی گوند وابووە، دەبێت مێرد گەورەتر بێت لە ژن، کە تەمەنی کچان بۆ شووکردن لە گوند ناگاتە هەژدە، بەڵام ئەم لە ٢٢ساڵیدا شوو بکات، کارەکە ئاسایی نییە.

لێرەدا مەبەستمان هیچ شتێك نییە، ئاشکرایە کە خاتوو ئیقبال خاوەن دڵێکی بە سۆز بووە، پارەشی لە سادات زیاتر بووە، بەڵام بە تەمەن لەو گەورەتر بووە، بەم شێوەیە یەکسان دەبن.

خاتو ئیقبال یادەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئایا تۆ بڵێی چارەنووسم بەساداتەوە گرێدرایە ئەگەر ئەنوەر نەبووایە بەهاوڕێی سالمی برام کە١٢ ساڵ لەو گەورەتر بوو، پاشان ئیقبال باس لەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەی نێوان سالمو ئەنوەر دەکاتو دەڵێت: ئەنوەر بڕوانامەی ئامادەیی هێنا و خواستی ئەوە بوو بچێتە کۆلێژی جەنگی، دەیزانی ئەمە توانایەکی جەستەیی باشی دەوێت، ئەمە جگە لە مەرجی ڕۆشنبیری و شتی تریش، واهات بە مێشکیدا کە مەلە کردن دەتوانێت ئەو توانایەی پێبەخشێت، باشترین شوێنی گونجاویش بۆ ئەم کارە تەرعە بوو، ماوەیەك بەشلپە شلپ و جوڵەی گرژ دواتر کەوتە ژێر ئاو و ئاوی دنیای هەڵمژی، ئەوەندە کەوتە ژێر ئاو خەریك بوو بخنکێت، لەو کاتەی ئەوانەی ئەنوەریان ... ڕەنگی شین هەڵگەڕابوو، هەروەها سکی لەئاودا ئاوسابوو، هەندێك وایان دەزانی

مردووە، بەڵام سالمی برام لەو کاتەدا فریای کەوت و لە مردن ڕزگاری کرد و پاش ئەوەی هەموو ئاوی ناو سکی دەرهێناو هەندێك کاری فریاگوزاری بۆ کرد، ئەنوەر هەناسەی دایەوە و کەوتەوە ژیان، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان سالم و ئەنوەر، پاش ئەوە براکەم و ئەنوەر بوونە نزیکترین هاوڕێ و ئەنوەر هەرگیز ئەم ڕووداوەی بیر نەچووەوە، هەر کە بوو بە سەرۆك سێ دۆنم زەوی لەو شوێنەدا کڕی کە بە گەنجی خەریك بوو تێیدا بخنکێت، کردی بە شوێنێکی پشوودانی خۆی، بەڵام بەداخەوە مردن ڕێگەی نەدا، ئەو شوێنە تا ئەم کاتەش بەتەواونەکراویی مایەوە، پاش ئەوەی هاوڕێیەتی نێوان براکەم و ئەنوەر پتەو بوو ڕۆژێك داوای دەستی منی لە براکەم کرد و ئەویش ڕازی بوو، ئەم داخوازییە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەنهێنی لە نێوان ئەم دوانەدا مایەوە، ئەنوەر کۆلیژی سەربازی تەواو کرد و ئەستێرەی یەکەمی دەستکەوت و بوو بە مولازمی دووەم، کە مووچەکەی ئەو کات تەنها چەند جونەیهێك بوو، بەڵام کاتێك هاتە داوام و دوای منی لەباوکم کرد، سەرەتا باوکم ڕازی نەبوو، پاش ماوەیەك ڕازی بوون و من لە ئەنوەر مارە کرام، ئیتر زاوا سەردانی دەکردین و هەرجارێك دەهات دیاریەکی دەهێنا جارێك ملوانکەیەکی ئالتوون و جارێك ئەنگوستیلەیەك، خۆشەویستی نێوانمان دەستی پێکرد و چەند ساڵێك بەردەوام بوو، ئەو خۆشەویستەی کە بۆ ئەو زەمەن و شوێنە شیاو بوو، هەر شەش خوشك و دایکم بەشداریان لە ماوەی دەزگیرانیدا کرد، هەر کاتێك بهاتایە بۆ سەردانمان دوو لە براکانم لە نێوان من و ئەودا دادەنیشتن.

## ماڵی هاوسەرێتی

خاتو ئیقبال لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام دەبێت و باس لە ووردەکاری گواستنەوە دەکات کە ساڵی ١٩٤٠ ڕوویداوە، ئەو کاتەی مارەکرام باوکم ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا هەموو دنیا ڕووی لەئاوایییەکەمان کرد، هەر لە قوربانی و نانخواردن و مۆزیك و سەما، شەوی بوکێنیم لە ماڵی باوکم ڕوویدا و پاش سێ ڕۆژ چووین بۆ قاهیرە، لەناو خانووی ئەو خێزانە گەورەیەدا ژیاین، ئەو خانووە تاکو ئێستاش ماوە، ئێستا کراوەتە قوتابخانە

(ناونیشانی ١٨٣ شەقامی سەرۆك كۆبری ئەلقبە) كە لە شەش ژووری گەورە پێكهاتبوو و سێ هۆڵ و ژووری پێشوازی میوان، من لەو خانووە گەورەیە دوو ژوور و هۆڵێكم بەركەوت، هەر لەو خانووەدا باوە گەورە محەمەد سادات دەژیا لەگەڵ ژنی یەكەمی دایكی ئەنوەر ناوی ست ئەلبەرین كچی جوتیارێكی سوودانی بوو، هەروەها ژنی دووەمی كە میسری بوو لە خێزانی ئەلەفاورە بوو لە مەیت ئەبو كۆم و ناوی (ئامینە) بوو، دایك و خوشكەكانی ئەنوەر و براكانی تەلعەت و عیسمەت و عفەت و زین و عاتیف هەموویان هەر لەو خانووەدا دەژیان.

لەو كاتەی ئەنوەر پلەی بەرز بووەوە و بوو بە مولازمی یەكەم، موچەكەی زیادی كرد و بوو بە دوانزە جونەی، دوو جونەیهی دەدا بەمن و دووانی بۆ خۆی هەڵدەگرت و هەشت جونەیهەكەی تریدەدا بە باوكی.

## پڕ سەبری

گومانی تێدا نیە خاتوو ئیقبال ڕۆڵێكی گرنگی لە ژیانی ئەنوەر ساداتدا بینیوە، ئەمە بەدەر لەوەی كە براكەی جارێك لە مردن ڕزگاری كردبوو خۆی ڕازی بووە شوی پێبكات، ئەگەر چی جیاوازی چینایەتیان زۆر گەورە بووە، ئەمانە دەكرێت قسەی لەبارەوە بكەین.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زۆر هەڵوێستی نائاساییدا پشتی گرتووە و زۆر بە سەبر بووە لەگەڵیدا، لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر وازی لێبێنێت لۆمەی بكات.

لەوكاتەدا پاش چەند ساڵێك لە هاوسەرێتی ئەم لەگەڵ ئەنوەر سادات میسرو دنیا هەموو یەكپارچە ئاگربوو بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە، هەروەها سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەكان و دارمانی نەتەوەكان و شارستانییەكان، هەروەها وڵات هەبوو لە ڕەحمی دۆزەخ ڕزگاری دەبوو، سادات لە ناو جەرگەی ئەم ڕووداوانەدا، ئەم وەك عەبدول ناسر نەبوو، پیاوێك بێت جێگیر بێت و نەخشە دابنێت، وەك پەپولە هەڵدەبزییەوە و وەك هەنگ پێوەی دەدا.

وەك خوی لەگەڵ ڕووداوەكان هەڵدەچوو، تا بناگوێی خۆی تێدەنا، لەبەرئەوە ئەنوەر

سادات بەتەمەنی خۆی یەکجار زیندان یان گرتنی نەبینی، بەڵکو دووجارو بە تۆمەتی جیاو دوور لە سیاسەت گیراوە، یەکەمیان لەسەر کێشەی سەماکارێك بە ناوی حکمەت فەهمی و سیخوری ئەڵمانی ئەبلەر، بەپێی نووسینەکانی ڕۆژنامەنووسی گەورە مەحمود سەلاح لەو کتێبەی کە لەسەر سادات نووسی، ئەم ڕووداوانە لە چلەکانی سەدەی بیستدا ڕوویداوە، بە دیاریکراوەی لە ساڵی ١٩٤٢دا، ئەو کاتە هەموو جیهان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بوو بەگۆڕەپانی جەنگی جیهانی دووەم، ئاگرەکەی لە نێوان بەهێزەکانی جیهاندا کەوتەوە، لەلایەك هێتلەر و دەوڵەتانی میحوەر، لەولاشەوە دەوڵەتانی هاوپەیمان لە پێش هەموویانەوە دەوڵەتی بەریتانیای مەزن، کە لەو کاتەدا میسری داگیرکردبوو، ئەنوەر سادات ئەوکاتە ئەفسەری نیشاندەر بوو لە سوپای میسر، لەو سەردەمەدا زۆر شەیدای کەسایەتی عەزیز میسری و ئەفسانەی میسر بوو، عەزیز میسری لەو کاتەدا زۆر ڕقی لە ئینگلیز بوو، تەنانەت سەفیری بەریتانی مایلز لامبسۆن داوای کرد لە سوپا دووری بخەنەوە، عەزیز میسری زۆر ئامۆژگاری دەکرد و هانی دەدا، لەو کاتەدا سوپای هێتلەر زۆربەی ئەورووپای داگیر کردبوو، زیانێکی زۆری لە هاوپەیمانان دابوو، ڕای گشتی ئەوکاتەی میسر لە دژی ئینگلیز بوو، هەروەها بەریتانیا نەیتوانی لە بەرامبەر لەشکرکێشی ئەلمانیادا خۆی ڕابگرێت، سوپای میسر لەگەڵ سوپای ئینگلیز بەشداری لە پاریزگاریکردن لە بیابانی خۆرئاوا کرد لە دژی هێزەکانی میحوەر، لەوکاتەدا میسریەکان دژی ئینگلیز بوون و هەندێکیش لەگەڵ ئەلەمانیای هێتلەری بوون، هەندێکی تر هاوسۆزی نەبوون، بەڵام هەمووان ئەوەیان پێ قبوڵ نەبوو سوپای میسر لەگەڵ ئینگلیز بەشداری جەنگ بکات کە ئەو کات میسری داگیرکردبوو، کە ئەو کات شێخ محەمەد مستەفا ئەلمەراغی شێخی ئەزهەر ڕستەیەکی بەناوبانگی وت کە دەڵێت گامان لەگایەلدا نیە بۆ لەم جەنگەدا بەفر پێمان بەرێت (نمونەکە کراوە بەکوردی)، لەو کاتەدا ئەفسەری لاو ئەنوەر سادات گیرا، کە دەیویست خۆی بۆ مێرس مەتروح بۆ هێزی ڕێنمایی بگوازێتەوە، قەیرانەکە تەقیەوە لەو کاتەی عەلی ماهیر سەرۆك وەزیران لە ئینگلیز توورە بوو، لە پەرلەماندا وتی سیاسەتی میسری بریتییە لە خۆلادان لە کارەسات و جەنگ، ...ەکان توڕە بوون و داوایان لە سوپای میسری کرد بکشێنەوە و ئەفسەر میسرییەکان ...کانیان دابنێن، بەڵام ئەنوەر سادات توانی چەند ئەفسەرێك قەناعەوت پێبکات کە چەك ...ە لە کۆتایدا ئیدارەی سوپا ڕازی بوو بەوەی ئەفسەرەکان بکشێنەوە و چەکەکانیان

بەخۆیان بێت، ڕۆژێك عەزیز میسری داوای لە ئەنوەر سادات کرد لە ناوچەی جروبی چاوی پێکەوێت، لەو چاوپێکەوتنەدا بە ئەنوەر ساداتی وتبوو کە ئەڵمانەکان پێیانووتووە لە میسر هەڵبێت و بچێت یارمەتی شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی لە عیراق بدات لە دژی ئینگلیز، لەبەرئەوە عەزیز داوای لێکردووە بەنهێنی یارمەتی بدات لە میسر ڕابکات، بە ئەنوەری وتبووە ئەڵمانەکان نامەیەکیان بۆ ناردووە دەڵێ، فڕۆکەیەك لە نزیك چیای ڕەزە دەنێرن بەشوێنێدا لەبیانی فەیوم، ئەنوەر سادات بێدودڵی نەخشەی ڕاکردنەکەی دارشت و ئوتۆمبێلێکی پیکابی کڕی کە بۆ ڕۆشتن بەبیاباندا گونجاو بێت، تاکو عەزیز پێبگاتە شوێنی فڕۆکە ئەڵمانییەکە، بەهۆی ئەوەوە بەرەو دەرەوەی میسر ڕادەکات، هەروەها بەهاوڕییەکی خۆی لە هێزی ئاسمانی دەڵێت کار بۆ چۆنیەتی ڕاکردنی عەزیز میسری بکات، بەڵام موخابەراتی ئینگلیز ئەوەیان ئاشکرا کرد کە سادات ئوتومبێلێکی کڕیووە، هەروەها ئاگایان لە هەموو ئەو پەیوەندیانە بوو کە لەگەڵ عەزیز میسری هەیبوو، لەبەرئەوە فەرمانی گواستنەوەی بۆ ناوچەی جەراولە لە مێرسی مەتروح بۆ دەرچوو، بەو شێوەیە دوو هاوڕێیەکی تری توانیان دەست بەسەر فڕۆکەکەدا بگرن، کە تیمەکەی عەزیز میسری تێدا بوو، بڕیاریاندا بەرەو بەیروت لێبخوڕن، لەو کاتەی ویستیان بجوڵێن ئەفسەرێکیان ئەوەی بۆ دەرکەوت فڕۆکەکە سووتەمەنی تێدا نییە، ناچار بەسەر دارێکەوە لەنزیك شاری بەنهالو نیشتەوە، هەموو میسر لە ڕاکردنی عەزیز میسری تووشی شۆك بوو، پۆلیسی سیاسی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بوونەوەو ئەنوەر سادات گیرا، لە شوێنی کارەکەیەوە بە دەستبەسراوی بۆ قاهیرە گواستیانەوە، یەکسەر بردیان بۆ نووسینگەی ئیبراهیم عەتاڵا پاشا سەرۆکی ئەرکانی سوپای میسر، داواکری گشتی دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، سادات نکوڵی لەوە نەکرد کە پەیوەندی بە عەزیز میسرییەوە هەیە، بەڵام لە کۆتایدا داواکاری گشتی بەریداو، چیرۆکەکە وا باسکرا کە تەنها بۆ لێکۆڵینەوە گیراوە، بەڵام ئەمە لە کاری سیاسی نهێنی ساردی نەکردەوە، لەو کاتەدا ڕووداوەکان بەرەو گەرم بوون دەڕۆیشتن، ئەوکات ناوچەی عەلەمین کەوتە دەستی ڕۆمڵی سەرکردەی سوپای ئەڵمانی کە بەرێوی بیابیان ناسرابوو، لە دەروازەی خۆرئاوای میسر نزیك بووەوەو بە سوپای ئەڵەمانیان وت کە بەنهێنی ئامادەن لە دژی سوپای ئینگلیز بجەنگێن، بەو مەرجەی پاش شکستی ئینگلیز میسر سەربەخۆیی تەواو وەربگرێت، هەر ئەمە ڕوویدا ئەحمەد سعودی سواری فڕۆکەیەك بوو کە فڕۆکەیەکی بەریتانی

لە جۆری گلیادیاتۆر بوو، بۆ ئەو مەبەستە بەرەو لای ئەڵمانەکان ڕۆیشت، بەڵام ئەوان لەسەر عەلەمین وایانزانی فڕۆکەی ئینگلیزە لەبەرئەوە کەوتە بەر لێدانی هێزی دژە ئاسمانی و تەیارەکە کەوتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکە کوژرا، ڕۆژێکیان حەسەن عیزەت هاتە لای ئەنوەر سادات و پێی وت کتوپڕیەکم هەیە بۆ بەڕێزتان، دوو ئەفسەری سوپای ئەڵمانی داوای پارمەتیت لێدەکەن، لەو ڕۆژەوە سەیرترین چیرۆك یان سەرکێشی ئەنوەر سادات لەگەڵ سەیرترین چیرۆکی جاسوسیدا دەستی پێکرد، پاڵەوانەکانی دووئەفسەری ئەڵمانی و کچە سەماکارێك بوو.

## حیکمەت فەهمی

حیکمەت فەهمی کچە سەماکەر لەو سەردەمەدا بەناوبانگترین سەماکەرانی میسر بوو، هەر لە منداڵیەوە ڕقی لە ئینگلیز بووە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا تۆڵەیان لێبکاتەوە، ناوبانگی حیکمەت فەهمی لەو کاتەوە زیادی کرد کە لە گازینۆی بدیعە مسابنی لە مەیدانی ئیبراهیم پاشا کاری دەکرد، لە تەنیشت ئوتێل کۆنتینتاڵ کە پێش جەنگ و لە کاتی جەنگدا، بنکەی سەرکردایەتی بەریتانی بوو، هەروەها گازینۆی بەدیعە شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەفسەرە بەریتانییەکان بوو.

حیکمەت فەهمی تەنها سەماکەرێکی جوان نەبوو، بەڵکو ئەکتەرێکی شانۆش بوو لەگەڵ تیپە بەناوبانگەکانی وەك عەلی کەسارە و تیپی جۆرجی سپی و تیپی فاتیمە ڕەشید کاری کردووە، لەسینەماش ڕۆڵی لە فیلمی بێدەرەتاندا بینیوە، تا بڵێی جوان بووە، تەنانەت ئەحمەد ڕامی شاعیر نیوەی دیوانی یەکەمی بۆ ئەم نووسیووە، لەو ڕۆژگارەدا هەموو سەماکارێك نازناوێکی هەبوو، نازناوی حیکمەت سوڵتانی غەرام بووە، ئەحمەد ڕامی خۆی ئەم نازناوەی لێنا، ناوبانگی حیکمەت فەهمی هەموو جیهانی گرتەوە و لە یانە شەوانە جیهانییەکان نمایشی دەکرد، سەفەری ئەڵمانیای کرد و لەبەردەم هێتلەر و گۆبلزی وەزیری پرۆپاگەندەی هێتلەر سەمای کرد، ڕۆژێکیان کاتێك لە یەکێك لە یانە شەوانەکانی ڤیێنا سەمای دەکرد، کوڕێکی قۆزی ناسی و هەر زوو خۆشەویستی کەوتە نێوانیان، حیکمەت فەهمی نەیزانی

حسێن جەعفەر کە بە ڕەچەڵەك میسرییە و بەڵام ڕەگەزنامەی ئەڵەمانی هەیە و ئەفسەرە لە موخابەراتی ئەڵەمانی، پاشان ئەڵەمانیەکان کردەیەکیان ئەنجامداو ناویان نا کردەی کوندۆر و ئامانج لێی چاندنی سیخورێك بوو لەناو قاهیرە تاکو هاوکاری ڕۆمڵ بکات و لە قاهیرەوە زانیاری لەسەر ئینگلیزەکان بدات بە ڕۆمڵ، ئەویش بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی یەکلاییکەرەوە لە باکوری ئەفەریقاوە بۆ سەر هاوپەیمانان لە ناوچەی عەلەمەین، حسێن جەعەفەر کە بە ئەڵەمانی ناوی ئابلر بوو  لە بیابانەوە دزە بکاتە ناو قاهیرە لەگەڵ کەسێکی، تر بە ناوی مونکاستر، هەمرو ئامێرەکانی سیخوریکردنیان پێبوو، ئەبلەر زوو پەیوەندی بە حیکمەت فەهمییەوە کرد، بە ڕاشکاوی باسی ئەرکە نهێنیەکەی بۆ کرد، حیکمەتیش بەو دەرفەتەی زانی کە دەبێت لە دژی ئینگلیز شتێك بکات، لەبەرئەوە شوێنێکی لەسەر یەختێك لە ناو نیل بۆ سازکردن لە نزیك یەختەکەی خۆی بوو، دەستی کرد بە پێدانی زانیاری ترسناك و زۆر، لە ئەفسەرە سەرخۆشەکانی ئینگلیز دەریدەهێنا، ئەو کتو پڕیەی کە ڕوویدا ئەوە بوو ئەو لاسلکیەی نامەکانی بۆ ڕۆمل دەنارد لە کارکەوت، ئەبلەر داوای لە حیکمەت کرد هاوکاری بکات، ئەویش بەڵێنی پێدا لاسلکیەکەی بۆ چاك بکات، لە ڕێگەی ئەفسەرێکی میسرییەوە ئەو ئەفسەرە ئەنوەر سادات بوو، ئەنوەر سادات ڕازی بوو بچێت بۆ ناو یەختی جاسوسەکان، کە هاتە ژوورەوە داوای ئامێری بێتەلەکەی کرد، ئەبلەریش بە پێکەنینەوە وتی دەتوانیت خۆت بیدۆزیتەوە، زۆر گەڕا جگە لە شوێنی حەوانەوە و سندوقە ویسکی و پەرداخی خواردنەوە هیچی تری نەبینی،  دواجار ئەبلەر شوێنی ئامێرە بێتەلەکەی نیشان دا، لەناو ئامێرێکی قەواندا بوو کەس ناتوانێت بیدۆزێتەوە، ئەنوەر سادات پشکنینی بۆ ئامێرە کرد بینی بەڕاستی لەکارکەوتووە، بەڵام ئەبلەر ئامێرێکی تری ئەمەریکی دایە، وتی ئەمە زۆر بەهێزە بەڵام نازانین چۆن کاری پێبکەین، ئەنوەر سادات بینی ئەم ئامێرە هیچ کلیلێکی پێوە نییە یان دوگمەی نییە، لەبەر ئەوە پێشنیاری کرد بۆ ئەبلەر بەکلیلی دروستکراوی میسری کاری پێبکات، سیخورە ئەڵەمانیەکە پێشنیارەکەی ساداتی قبوڵ کرد، بردیەوە بۆماڵەوە لە کوبری ئەلقوبە، بەڵام چەند ڕۆژێکی نەبرد سیخورە ئەڵمانیەکە ئاشکرا بوو، کاتێك شەوێك لە خواردنەوە تەواو بوو بە جونەیهی ئینگلیزی ساختە پارەی ویسکیەکەی دا، موخابەراتی بەریتانی توانیان لە ڕێگەی کچێکی جولەکە بە ناوی ئایفت توانی لەگەڵ سیخورە ئەڵەمانیەکە پەیوەندی درووست بکات و داوای لێبکات شەو لەناو یەختەکەی ئەو بمێننەوە،

کچە جوانە جولەکەکە گەڕایەوە بۆ لای ئینگلیزەکان و وتی بەڕاستی ئەوە سیخوری ئەڵەمانییە، بەم شێوەیە سیخورە ئەڵەمانییەکە و هاوڕێیەکەی گیران، سیخورە ئەڵەمانیەکە و هاوڕێیەکەی و حیکمەت فەهمی گواسترانەوە بۆ زینداتی بیانییەکان، دەبوایە موخابەراتی ئینگلیزی ئەنوەر سادات بگرن، ئەمەش ڕوویدا، کاتێك لە ماڵی باوکی لە ناو باخەکەدا گرتیان، ئەمە یەکەمجار بوو سادات بچێتە زیندانەوە، تاکو دواتر چەند جارێك بێتەوە سەردانی، ئەو حەزی لە زیندانی بیانییەکان بوو لەپۆرسەعید.

ئێستا واز لە کەش و هەوای سیخوری و ئامێری لەکارکەوتووو کۆدی ئەبلەر و ئەبیل فاروق دەهێنین، دەچین بۆ ماڵی ئەنوەر سادات، ئەو ژنە چۆن ژیاوە لەو کاتەی لە ئاگرێك دێتە دەرێ و دەچێتە ناو ئاگرێکی ترەوە، لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر، ئێمە واز لەچیرۆکی حیکمەت فەهمی دەهێنین و لەبەرئەوەی ئێمە باس لە ئیقبال دەکەین نەك ژیانی سەرۆك بەر لە شۆڕش.

## ئەم ژنە چۆن دەژیا

خاتوو ئیقبال خۆی وردەکاری ئەو ڕۆژگارانەی باسکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی باسی سەماکەر و سیخورەکان بکات، بە دڵنیای ئەو هیچی لەو بارەیەوە نەدەزانی، بەڵکو ئەو تەنها بە ئاگرەکەی دەسوتا وەك خۆی دەڵێت.

پاش سێ ساڵ لە هاوسەرگیرم ئەنوەر سادات دەستگیرکرا ئەویش لەبەرئەوەی هەندێك کاری سیاسی دەکرد، ئەمەش لە دەورووبەری شەڕی جیهانی دووەمدا بوو، دوو مانگ لە زیندانی ماجوسا بوو لە مینیا پاشان گواسترایەوە بۆ گرتووخانەی زەیتون، هەموو ڕۆژێك حەمدی خزمەتکار نانی ئێوارەی بۆ دەبرد لەبەرئەوەی ئەو کاتە مانگی ڕەمەزان بوو، منیش هەر دەرفەتم هەبووایە سەردانم دەکرد، شەوێکیان لە کاتژمێر دووی نیوەشەودا بوو زۆر ...ندی لە دەرگای ڤێلەکەمان درا و منیش لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە تەماشام کرد زۆر ... بوو کەسم نەبینی هەندێك سێبەری ڕەش نەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە لە جەنگدا بووین ... کارەبا دەکوژێنرایەوە، بینیم هەندێك ئەفسەر و سەربازی ئینگلیزی ئەو ناوەیان

گرتووه و جلی ڕەشیان لەبەردا بوو و داوای مێردەکەم دەکەن، خێرا دەرگای ژوورەکەم داخست و ئامێرە بێتەلە گەورەکەم هەلگرت زۆر قورس بوو، مێردەکەم هەمیشە لە ژووری نووستن دایدەنا لە ژوورەکەی پشتەوە شاردمەوە و خستمە ژێر جلە شۆڕەکانم و ئامێرەکەم بەهاوکاری سەربازێك بەناوی عبدە داود بردە خوارەوە (ئەم کەسە زۆر تەمەن درێژ بوو، وەك نامەبەری ئەنجومەنی گەل تا سەرەتای دەسەلاتی موبارەك کاری کردووە) ئامێرەکەمان بردە ناو باخەکە و لەناو پوش و گیاکاندا شاردمانەوە، سەربازەکان گوێیان لەدەنگی ئێمە بوو پرسیان ئەوە کێیە لەناو ئەو باخە، داود وەلامی دانەوە و وتی ئەوە سەگێکە، خوا لەم کاتەدا فریام کەوت و توانیم ئەنوەر لە مردن ڕزگار بکەم، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو ئامێرەیان بدۆزیایەتەوە ئەوا ئەنوەر لەسێدارە دەدرا، هەروەها من هەمیشە پرسیارم لەم ئامێرە دەکرد، بەلام ئەنوەر دەیخەلەتاندم ئەیوت ئەمە ئامێرەکە وەك تەلەفۆن تاکو پەیوەندی بەیەکەی کارەکەیەوە بکات، بەلام ئەو ئامێرەی بۆ ئەوە بوو تاکو بە ئەلەمانەکان بلێت یەکە سەربازییەکانی ئینگلیز لەکوێدان تاکو لە هێرشەکاندا بیانکەنە ئامانج، هەر بەرێکەوت بەیانی ئەو ڕۆژە چەند پارچە کاغەزێکم بینی لەسەر مێزەکەی نازانم بۆچی هەموویم فەوتان، هاواری کرد و کردییە بۆلەبۆل بەلام کە ئینگلیزەکان هاتن بۆ گرتنی وتی ژیانت ڕزگارکردم، هەروەها وتی هەتا لەژیاندا مابێت ئەم چاکەیەی بیرناچێتەوە.

چارەنووسی سادات وابوو جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ زیندان، ئەویش لە کێشەی کوشتنی ئەمین عوسمان پاشا وەزیری دارایی لە سالی ١٩٤٧، کە ڕۆژی ٥ ی یەنایەری ئەو سالە ئەمین عوسمان پاشا تەقەی لێکرا، ئەویش لەو کاتەی لە ئوتومبێلەکەی دادەبەزێ و دەچێت بۆ یانەی یەکێتی نەهزە، ئەو سەرۆکی ئەو یانەیە بوو، پاش ئەم کوشتنە میسر گرنگترین مەسەلەی سیاسی بەخۆیەوە بینی، بەکێشەی دەستدرێژی سیاسی ناسراو ٢٦ گەنجی میسری تێدا تۆمەتبار کرا، لە نێویاندا ئەنوەر سادات هەبوو، ئەنوەر سادات تاوانباری ژمارە ٧ بوو لەو کێشەیەدا و داواکاری گشتی تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی ئەمین عوسمان پاشای خستە پال وەکیلی دواکاری گشتی وەسفی تاوانبار دەکات بەم شێوەیە لەبارەیەوە دەدوێت، ئەنوەر سادات لە کۆلێژی جەنگی دەرچووە و وەك ئەفسەر پەیوەندی بە سوپای میسرییەوە کردووە و گەیشتووەتە پلەی یوزباشی، لەسەردەمی وەزارەتی نوحاس پاشا لە سالی ١٩٤٢ لێکۆلینەوەی لەگەل کراوە و لێکۆلینەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە لەگەل فرۆکەوان

حەسەن عیزەت لە سوپا دەربکرێن.

دەربارەی ئەو ڕۆژانە خاوو ئیقبال دەڵێت:

لە ساڵی ١٩٤٥ جارێکی تر زیندانی کرا، سی مانگ لەزینداندا بوو، کە بە کوشتنی ئەمین عوسمان پاشا تۆمەتبار کرابوو، ئەو کات سکم هەبوو بە ڕاویە، ئەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٦، هەرگیز پێم لێنەبڕیووە و هەر سەردانم کردووە جا لەگرتووخانە بێت یان زیندان، پاش ئەوەی بەر دەبێت و لە سوپا دەردەکرێت لە بواری بەڵێندەرایەتیدا کار دەکات لە بواری ترومبای ئاو لە شارەکانی زەقازیق و گوندەکانی دەوروبەری بۆ ماوەی یەك ساڵ ئەم کارەی کرد.

## کۆتای سەبر

خاتوو ئیقبال وردەوردە لە ناوچە گەرمەکانی ژیانی نزیك دەکەوێتەوە، ئەمەش دوا سەبریەتی لەگەڵ ئەنوەر سادات، ئەویش پاش ئەوەی چیرۆکی ژنهێنانەوەی دەزانێ کە جیهان صەفوەت دەهێنێت، خاتوو نیقبال نەیتوانی هەستی خۆی وەك هەوێی جیهان بشارێتەوە، ئەگەر چی تا ئەو کاتەی لەزمەتی سەرۆکدا بوون ئەم دوانە پێکنەگەیشتن، لەم چەند دێڕەدا دەبینین خاتوو ئیقبال لەو گیانە لێبوردەییە دەردەچێت، ئەو وشانەی دەربارەی خاتوو جیهان دەیکات بە ئاوی تاڵی شێلراوە، بەم شێوەیە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ من سکم هەبوو لە مانگی چوارەمدا بووم بە کامیلیای کچمەوە سکم هەبوو، لە ناکاو جیهان دەرکەوت کە لە حەسەن عزەتەوە نزیك بوو، هەر ئەویش هانیدا بیهێنێت، هەروەها درۆی لەگەڵ جیهان کردبوو، پێی وتبوو ئەو ژنەکەی تەڵاقداوە و لەگەڵ منداڵەکانی لە ناوچەی مەیت ئەبو ئەلکۆم دەژی، بەڵام کە جیهان ئەوەی بۆ دەرکەوت من هێشتا ژنی ئەوم و تەڵاقی نەداوم، مەرجەکەی ئەوەبوو دەبێت لەبری هەموو مافێکی هاوسەرگیری خۆی من تەڵاق بدات، ئەگەر چی دەیزانی من ژنم و دایکم، دوای ئەوە [illegible]ام و پاش چەند مانگێك کامیلیا لە دایکبوو، کە هاتە دنیاوە چاوی بەدایکێکی [illegible]ڵر کەوت، پاش ئەوە ئەنوەر هات بۆ سەردانمان و چاوی بەمنداڵەکە کەوت، کچێکی

ئەسمەر بوو بە پەڕۆی سپیەوە پێچرابوو، وتی (ئەی خوایە کتومت لەخۆم دەچێت)، هەندێك قسەکردن و گفتوگۆ لەنێوانماندا ڕوویدا، ئەویش بەرلەوەی ژنی دووەم بهێنێتەوە، پێموت بیستوومە نیشانت کردووە، دانی بەهەڵەی خۆیدا نا و وتی قیسمەت و نسیبی ئێمە هەر ئەوەندە بوو لە ناوچەوانی هەردووکمان ئەمە نووسراوە.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٩دا جیهانی مارە کرد منی لە مارسی هەمان ساڵدا تەڵاقدا، لە٣٠/٦/١٩٤٩دا جیهانی گواستەوە، دایکی ئەنوەر زۆر هەوڵیدا ڕێکمان بخاتەوە بەڵام بێسوود بوو.

دەتوانم بڵێم من وەك یادەوەرییەکی زیندوو لەناخی ئەنوەردا مامەوە، لەبەرئەوەی هێشتا کلیلی شوقەکەمی پێبوو هەر کات بیویستایە ئەگەر نیوەشەویش بووایە، دەهاتە سەردانمان و سەری لە کچەکانی دەدا،

تەڵاقدانی ئیقبال لەلایەن سەرۆکی میسرەوە لای عیسمەت سادات ڕەهەندێکی تری هەبوو، ئەو دەیەوێت ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ براکەی بەوەی ژنەکەی بەجێهێشتووە ڕەتبکاتەوە، عسمەت سادات توانی سەرنجی زۆرێك بەلای ئەوەدا ڕابکێشێت کە خاتوو ئیقبال و کامیلیای کچی زۆر خراپانە باسیان لە سەرۆك سادات کردووە، کە چۆن ئیقبالی تەڵاقداوە و جیهانی هێناوەتەوە، عیسمەت سادات لە کتێبی (ڕاستیەکی ون)دا باس لەوە دەکات کتێبی کامیلیا بەتەواوەتی خراپە بەرامبەر بە باوکیو مەزنی سەرۆك دەکات و هەروەها شکۆمەندی دەبەخشێت بە ئیقبالی دایکی، عیسمەت دەڵێت کۆمەڵێك وتار لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەریتانیاو ئەمریکا بەزمانی عەرەبی دەردەچن لەسەر ئەم مەسەلەیەیان نووسیوە و وێنەی خاتوو ئیقبالیان لەبەرگەکەیان داوە، کە لە مارسی ١٩٤٩دا لە سەرۆك جیابووەتەوە، دواتر سەرۆك پاش ساڵێك ژنی هێناوەتەوە.

ڕاستە جیاوازی لە نێوان تەڵاقدان و ژنهێنانەوەدا هەیە، بەڵام ساڵێك نییە هەمووی چەند مانگێکە.

با بگەڕێینەوە بۆ لای عیسمەت و بزانین دەڵێت چی: چیرۆکی جیابوونەوە چیرۆکێکی درێژو تاڵە، من لایەنێکی دانوسانەکان بووم، تەنانەت لەدوا قۆناغی دانووسانەکاندا بڕیار بوو خاتوو ئیقبال بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی لە مەیت ئەبو ئەلکۆم و لەگەڵ کچەکانی لە خانووە کۆنەکەی سەرۆکدا بژین و لە بەرزترین ئاستدا ژیان بەسەر بەرن، کۆمەڵێك ڕاوێشکاری

لەدەور بوو ئەوان پێیان وت ئەم داوایە ڕەت بکەرەوە، ئەویش بەشێوەیەکی تەواوەتی ڕەتی کردەوە، هەموو ئەو ڕێگایانەی داخست کە بتوانێت لە ژێر چاودێری سەرۆکدا بژی، جیابوونەوە بووە ئەمرێکی حەتمی و لە دادگای شەرعی ئەم کارە کرا، بەڵام کاتێك براکەی حاجی سالم هاتە ناوەوە و حوکمی لە نێوان سادات و ئیقبال دا و ساداتی ناچار کرد کە دەبێت نەفەقەیەکی مانگانە بۆ خۆیو کچەکانی ببڕێتەوە، ئەگەرچی ئەو ژنێکی لادێی بوو خوێنەواری نەبوو و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لەو گوندەدا دەژیان، ڕاستە ئەو کچی عومدەی مەیت ئەبو ئەلکۆم بووە و خوشکی شەش برایە و هەموویان لە باشترین کەسەکانن و خاوەنی ناوبانگی باشن، ئەگەرچی لەسەر زمانی ئەوەوە زۆر کتێب نووسرا، بەتایبەتی ئەو کتێبەی کە حەسەن عیزەت نووسی کە پڕیەتی لە هەڵە و هەڵەج و بەڵەج، بەڵام تا ئەمرۆ جێگەی ڕێز و پێزانینی خێزانی ساداتە.

گومانی تێدا نییە عیسمەت دەیویست ڕۆڵی پارێزەرێکی زیرەك ببینێت بۆ براکەی، بەڵام توانی تەنها ڕۆڵێ پارێزەرێکی ئاسایی ببینێت.

## پاش تەڵاق

خاتوو ئیقبال وردەکاری پاش جیابوونەوەی لە سادات دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پاش تەڵاقدان ماڵی خێزانیم بەجێهێشت و شوقەیەکم لە کوبرا ئەلقوبە گرت، ئەو وەك نەریتی خۆی هەمیشە سەردانی دەکردین، ڕۆژانی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢ دیار نەما و دواتر کە گەڕایەوە پێی لەسەر ئەوە داگرت دەبێت بچینە خانوویەکی گەورەتر، وەك هەموو جارێك گرێبەستی کرێکەی بەناوی خۆیەوە کرد و کلیلەکانی لای خۆی بوو، ئەو شوقە تازەیە دەکەوتە شەقامی مەلیکەوە، پەیوەندیم لەگەڵی باش بوو تاکو ئەو ڕۆژەی مرد، دواجار کە بینیم بەر لەڕووداوی سەحنە بە چوار مانگ هات بەشداری لە پرسەیی خزمێکمدا کرد، هاتە ناو هۆڵەکەوە هەمووان جلی ڕەشیان لەبەردا بوو، لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا منی بینی و هاواری کرد (ئیقبال چۆنی)، یەکێك لەدانیشتووان بەچرپە پێی وتم ئیقبال هێشتا ئەوناسێتەوە، منیش وەڵامم دایەوە و وتم (ئەو من لەبیر بکات، جا ئەوە قسەیە).

## به یەکگەیشتنی هەردوو هەوێ

بێگومان هەردوو خاتوون دەیانوویست بەیەك بگەن، ئیقبال دەیوست ئەو ژنە ببینێت کە مێردەکەی لەبەرخاتری ئەو ئەمی تەڵاقدا، مێردەکەی ئەم کەسێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو پیاوێك بوو ئەم هەموو ژیانی خۆی پێبەخشی و سێ کچی لێی هەبوو، براکەی لە مردن و خنکان ڕزگاری کرد، ئەمیش لە سزای سێدارەدان ڕزگاری کرد و پاشان لەبەر خاتری جیهان وازی لەم هێنا، ئەی چۆن بە پەرۆشەوە حەز ناکات چاوی پێبکەوێت، هەروەها جیهانیش شووی بە پیاوێك کردووە لەگەڵ ژنێکی تردا ڕابردوویەکی هەیە، لە ساڵانی خەبات و تێکۆشاندا لەگەڵی ژیاوە، ئەو ساڵانە ساڵانی درووستبوونی مێردەکەیەتی، بەدڵنیاییەوە حەزی دەکرد خاتوو ئیقبال ببینێت، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیا نین ئایا ئەم دوو خاتوونە دەیانوویست یەکجار یەکتر ببین و دواتر یەکتری نەبیننەوە، بەڵام هەر ئەمەش ڕوویدا و یەکجار یەکتریان بینی و چیدی چاویان بەیەکتر نەکەوتەوە.

خاتوو ئیقبال وردەکاری ئەمە دەگێڕێتەوە:

ساڵی ١٩٥٥ خاتوو جیهان هات بۆ سەردانم و بەرێکەوت چاوی بەکچەکانم لە شەقامی فوئاد کەوت، چووبوون بۆ کڕینی هەندێك پێویستی، پێی وتبوون دەمەوێت چاوم بە دایکتان بکەوێت، ئەوانیش تا بەردەرگا هێنابوویان و منیش پێشوازیم لێکرد، پێشتریش یەکێك لە منداڵەکانی هاوسەرگیری دەکرد من کێکیم بۆ درووست دەکردن و بۆم دەناردن، هەروەها ئەنوەر داوای لێدەکردم کێکی ئاهەنگەکە من درووستی بکەم، ئەویش هەر کاتێك یەکێك لە کچەکانی جیهان شوویکردایە دەبوایە من ئەو کێکەم درووست بکردایە، ئەو ڕۆژەی جەمالی کوڕی ژنی هێنا کتێبێکی قورئانم بۆ کڕی لە ئاڵتوون و ناوی هەرسێ کچەکەمی لەسەر هەڵکۆڵرابوو و بەدیاری دامێ، بەکچەکانم وت (ئەمە تاکە براتانە، هەمیشە هەواڵی بپرسن).

خاتوو کامیلیا سادات کچی ئەنوەر ساداتە و لە ئیقبالە ئەم چیرۆکێکی تاڵی هەیە، بە تەواوەتی لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیوویەتی بەناونیشانی "منداڵەکانی خاوەنشکۆ"، کامیلیا

یادەوەرەی خۆی لە دوای یادی چوار ساڵەی مردنی باوکی دەگێڕێتەوە، ئەویش لە شێوەی گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەژمارە ٩ ئۆکتۆبەری ١٩٨٥ لەگۆڤاری (کل العرب) بڵاوی کردەوەو لە شەش لاپەڕەدا بڵاو بووەوە، دەڵێت ئیقبالی دایکی نەیوویستووە لە ئەنوەری باوکی جیا بێتەوە، هەروەها بەسەنگێکی فراوانەوە شووکردنی جیهانی وەرگرتووە، وەك خاتوو ئیقبال خۆشی دەیگێڕێتەوە.

باوکم لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨دا لەدایکم جیا بووەوە، پاش دوو مانگ لەوەی باوکم لە زیندان بەربوو یان سێ مانگ بوو کە جیهانی هێنا و دایکمی تەڵاقدا، ئەو تەڵاقدانە بەر لەوەی جیهان بهێنێت ڕوویداوە، باوکم چوو بۆ لای دایکم و پێوت بە نیازە ژنێکی تر بهێنێت، بەڵام دایکم پێدەڵێت تۆ نۆ ساڵە زیندان دەکرێـ و منیش بەرگەت دەگرم، ئێستا دێیت دەڵێیت ژن دێنم؟، ئەویش پێی دەڵێت ئەمە مافێکی شەرعی خۆمە، ئەویش پێی دەڵێت چی دەکەی بیکە، دایکم ژنێکی میسری بووە بڕوای بەقیسمەت و نسیب هەبووە و هەموو ئەوانەی داوەتە دەست خوا، ئەوەی من لێی دڵنیام و لە دایکمەوە بیستوومە ئەوەیە دایکم داوای جیابوونەوەی نەکردووە، بەڵام باوکم لەبەرچی تەڵاقیداوە، ئەوە مەگەر خوا بۆ خۆی بیزانێت، ئەوەی ئاشکرایە دایکم پاش تەڵاقیش هەر باوکمی پاراستووە، فێری کردین خۆشمان بوێت و هەوڵیدەدا لەو ڕووداوە کاریگەری لەسەرمان جێنەهێڵێت، بەڵام لە یادەوەرییەکانی بە ناونیشانی (باوکم و من) بڵاوی کردەوە ڕۆژنامەی وەفد لە سەرەتای مارسی ١٩٨٧دا بڵاوی کردەوە، کامیلیا زۆر بەتاڵی و ناخۆشیەوە ئەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە، دەڵێت ساڵی ١٩٤٨ باوکم دادگایی کراو لەبەردەم داواکاری گشتیدا بێتاوان دەرچوو، بەر لە کۆتای ساڵ ئەنوەر پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهان ئاشکرا کرد و دەیەوێت بیهێنێت و ژنی یەکەمیشی کە ئیقبالە لە دەست دەرنەچێت، گفتوگۆ لە نێوانیاندا زیادی کرد، هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی جیهان بهێنێت، دەتوانرا بگەنە چارەسەر، بەڵام ئەو بۆ ماوەی چوار مانگ لە ماڵ دوورکەوتەوە، پاش چەند مانگێك کەسێك دێت و بە ئیقبال دەڵێت تۆ تەڵاق دراویت و کاغەزی تەڵاقەی دەداتە دەست، لەگەڵ ئەو هەموو خەمو پەژارەیەی لەم مێردە هەیبوو بەڵام هەموو ئەمانەی لە ناخی خۆیدا شاردبووەوە، ئەو مێردەی ئەم هەموو شتێکی بۆ کرد و دواجار بەجێیهێشت، بەم شێوەیە کامیلیا باس لەم مەسەلەیە دەکات، هەمیشە پرسیاری لەو شتە دەکرد کە ڕوویدا، دواتر دایکم پێی وتم نازانم ئەنوەر لەبەرچی منی تەڵاقدا، لەگەڵ

## جیهان سادات...

## خاتوونی یەکەمی میسر

"جیهان سەبرت هەبێت، خوا هەموو دنیای
لە شەش ڕۆژدا درووست کرد".

وتەی سەرۆک کاتێک وەڵامی داخوازییەکانی جیهانی دەدایەوە.

هەر پێشەکیەك بۆ قسەکردن لەسەر جیهان سادات بێ مانایە، ئەم ژنە بوو میسری خستە سەردەمێکی نوێوە، هەر لە سستمی حوکمڕانی و شێوەی بیرکردنەوە، وەك کارێکی نوێ دێتە بەرچاوت، ئەوەی میسر لە دەسەڵاتدا پێیگەیشتووە ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە سستمی حوکمڕانیدا کراوە.

بەڵام ئێمە ئێستا لەبەردەم دادگای مێژوودا نین، هەروەها شیکردنەوەی سیاسیش ناکەین، ئێمە لەبەردەم کەسایەتییەکداین دەمانەوێت شیکردنەوەی بۆ بکەین و لێی نزیك بکەوینەوە، سیمای کەسایەتی بناسین، ئەو تەنها کەسایەتییەك نییە، بەڵکو ئەو جیهان ساداتە.

جیهان سادات یەکێکە لەو خاتوونانەی کە لە مێژووی نوێی میسردا خاوەنی گەورەترین لێدوان و گفتوگۆیە، ئەو تەنها ژنی سەرۆکی میسر نەبوو لە دەورانێکی سەخت کە بەسەر میسر و هەموو جیهاندا هات، بەڵکو خاوەنی کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیارە و ئاگادارای زۆرێك لە نهێنەکانی میسر بووە لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (خاتوونێك لە میسر) هەندێکیانی ئاشکرا کردووە.

جیهان کتێبەکەی بە پێشەکییەك دەستپێدەکات هەموو ئەو ڕووداوانەی لەم کتێبەدا باسکراون لەخۆ دەگرێت، دەڵێت لەو کاتەی خەریکی نووسینی ئەم کتێبە بووم وامزانی کتێبێکی بچوك دەردەچێت دەربارەی خۆم و مێردەکەم و ژیانی خێزانیمان، بەڵام هەرکات بیرکردنەوەم وەگەڕ دەخست خەڵکانی ناو میسر و دەوروبەریم وەبیر دەهاتەوە کە چۆن خراپ لەڕۆشنبیری میسری تێگەیشتوون، زۆرێك لە خۆرئاواییەکان وا بیر دەکەنەوە کە ئێمە تاکو ئێستا سواری حوشتر دەبین و لە پشت حیجابەکانمانەوە خۆمان حەشارداوە، بەڵام ئەمە چیرۆکی لۆرانسی عەرەب بوو نەك میسری هاوچەرخ، پاشان کتێبەکە باس لە مێژووی میسر لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٥٢وە دەکات، تا دەگاتە ئەوەی مێردەکەم ساڵی ١٩٧٧ سەردانی قودس دەکات و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕادەگەیێنێت، تا ئەو کاتەی

مێردەکەم لە ساڵی ١٩٨١ دەکوژرێت، هەروەها باسم لەداب ونەریت و شەریعەتی ئیسلام کردووە کەچ ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی میسردا گێڕاوە، هەروەها لەناو کۆمەڵگا و خێزانەکەماندا.

لەم دێڕانەوە دەردەکەوێت جیهان سادات ئەوەندەی مەبەستی خوێنەری خۆرئاوایی بووە ئەوەندە مەبەستی خوێنەری عەرەبی نەبووە.

جیهان لەم کتێبەیدا باس لە منداڵی خۆی دەکات، لە ساڵی ١٩٣٢ لە دورگەی ڕەوزە لە دایك بووە لە شاری قاهیرە، ئەو سێهەم منداڵ بووە لە چوار منداڵی دایك و باوکی، لە چینی مام ناوەند بوون و باوکی فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی بووە، دایکی ئینگلیز بووە، ناوی گیلادیس چارلز کۆترێل بووە، ئەگەرچی دایکی هەر لەسەر ئایینی مەسیحی خۆی مابووەوە، بەڵام زۆر بە ڕەوانی بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد، هەرگیز هەوڵینەداوە منداڵەکانی لە نەریتی ئیسلامی دوور بخاتەوە، باوکی جیهان میسری بووە و ناوی سەفوەت ڕەئوف بووە.

جیهان هەر لە منداڵیەوە خاوەنی کەسایەتی ڕابەر بووە، ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتی مەلیك فاروق لە میسر لە دایك بووە، وا وەسفی ئەو حکومەتەی کردووە کە حکومەتێکی تەواو گەندەڵ بووە، ئەوانەی لە دەوەری تەختی پاشایی بوون و ئەوانەشی خۆیان پێدا هەڵواسیبوو زیاتر دەوڵەمەند دەبوون و جوتیارانیش زیاتر هەژار دەبوون، لێرەوە خرۆشانی نەتەوەیی زیادی کرد، هەروەها خەونی بەوەوە دەبینی ئینگلیز لە وڵاتەکەی دەربکات، جیهان ئەوە ڕوون دەکاتەوە باوکی خاوەن هیچ وابەستەبوونێکی سیاسی نییە، خوێنەری ڕۆژنامە نەبووە، بەڵام پاش هەڵگیرساندنی جەنگی فەلەستین بەووریاییەوە ڕۆژنامەی خوێندووەتەوە، هەروەها باس لەوە دەکات دایکی وتوویەتی ئینگلیز خۆیان هۆکاری خرۆشانی هەستی نەتەوەیی بوون لای میسرییەکان، هەروەها باسی لە ئازایەتی ئەفسەرە ئینگلیزەکان کردووە لە جەنگی جیهانی دووەمدا، هەروەها باسی خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمانەکەی و سەرۆك چەرچڵ کردووە.

لە گەواهییەکی جیهان سادات بۆ ئەحمەد مەنسوری بێژەر داوبەتی لە کەناڵی جزیرە، باسی لە ووردەکاری گرنگی ڕۆژانی یەکەمی ژیانی جیهان سەفوت ڕەئوف کردووە پێش ئەوەی بۆ جیهان سادات بگۆڕدرێت، دەڵێت پێگەیشتن کاریگەری زۆر لەسەر مرۆڤ

دادەنێت، من لە دورگەی ڕەوزە لە نێو دایك و باوكمدا و لە كەشێكی ئارمدا گەورە بووم، لە ڕاستیدا دایكم ئینگلیزە و میسری نییە، بەڵام خۆشەویستیەكی گەورە دایك و باوكمی كۆكردووەتەوە، كەوایكرد بیخوازێت و بیهێنێت بۆ میسر.

جیهان باس لەوە دەكات ئەو كاریگەری باوكی زیاتر لەسەر بووە وەك لە دایكی، لەبەرئەوەی كەسایەتی ئەو زۆر لە كەسایەتی دایكم بەهێزتر بووە، لەبەر ئەوە كاریگەری باوكم زیاتر لەسەرم بووە، باس لە نمونەیەك دەكات، كە دایكی ئەو مەسیحی بووە بەڵام لەرەمەزاندا لەگەڵ ئێمە ڕۆژووی دەگرت، لەبیرمە تەمەنم ٨ ساڵان بوو بۆ یەكەمجار ڕۆژووم گرت،ماڵێكی دیندارو پارێزگار بووین، هەر لە منداڵیەوە نوێژم كردووە.

لە ڕاستیدا مەسەلەكە هەروا بەو ئاسانیە نەبووە، دایك كاریگەری لەسەر منداڵەكان زیاترە و بنەماكانی بیروباوەڕو ئاینیان لادروست دەكات، ئەویش ئەم ئاستەنگیە ناشارێتەوە و دەڵێت: ڕاستە من دراوسێیەكمان هەبوو كاریگەری لەسەر دانام بۆ ڕۆژووگرتن و نوێژكردن، بەڵام دایكیشم لە ماڵەوە لەگەڵ ئێمە بەشداریدەكرد تاكو هەست بەو جیاوازیە ئاینیە نەكەین، بەڵام نەریتی ماڵی ئێمە ئینگلیزی بوو نەك میسری، بەگشتی ئەو هەقیقەتی لە ناو ئێمەدا چاند، زۆر بە وڵاتی خۆیەوە وابەستە بوو، لەبەرئەوەی خەڵكی شێلفید بوو، شێلفیدیش بەزیوو ناسراوە، هەموو جارێك دەیووت تەماشای ئەو زیوە بكە ئەمە لە شارەكەی من درووست كراوە، تەماشا بكە ئەمە لە شێلفیدەوە هاتووە، واتە شارەكەی خۆی خۆشدەویست و پێوەی پەیوەست بوو، ئەوەم لەبیر ناچێت هەر ئەو خۆشەویستی وڵاتەكەی خۆمانی لاچاندین و بە میسریبوونی خۆمانەوە پەیوەست بین، بەم نیشتمانەمانەوە پەیوەست بین، لەوانەیە ئەوەی یارمەتی ئەم حاڵەتەی دابێت ئەوە ئەم دایكە سەردانی ئینگلتەرای نەكردووەتەوە، بەڵام لەسەر مەسیحیەتی خۆی هەر مایەوە و خاچێكی لە ژووری نووستنەكەی هەڵواسیبوو.

لەگەڵ ئەوەی جیهان نكوڵی لەوە دەكات ئەم دوالیزمە ئاینیە كاری نەكردووەتە سەر باوەڕی ئەم، بەڵام بەگوێرەی ئێمەوە ئەمە ڕاست نییە، بەتایبەتی لە وڵاتێكی خۆپارێزی وەك میسر كە ناتوانێت ئەم دوو دینیە قبوڵ بكات، لەو كاتەی جیهان سادات ئەم دوالیزمە ئاینیە لەسەر خۆی لادەبات، بەڵام ڕووداوێك هەیە كە دەبێتە بەڵگە لەسەر ڕاڕایی ئاینی ئەو، جیهان سادات دەیگێڕێتەوە: لەو كاتەی زۆر منداڵ بووم، كچێك لێی پرسیم (من ئەو كاتە

لە قوتابخانەیەکی نێردراوی بووم کە زۆربەی قوتابیەکان مەسحی بوون و مامۆستاکان هەر هەموویان مەسیحی بوون و بەڕێوەبەرکەمان ئینگلیز بوو هاوڕێی دایکم بوو) تۆ چۆن موسوڵمانیت و دایکت مەسیحییە، من تووشی سەرسوڕمان بوون، لەبەرئەوەی منداڵ بووم و ئەو شتانەم نەدەزانی و نەمدەزانی ئەو جیاوازییانە چ مانایەکی هەیە، کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لە دایکم پرسی ئەویش وەڵامی دامەوە: ڕاستە من مەسیحیم و باوکت موسڵمانە و تۆش دەبیت بە موسڵمان، هەروەها جیهان لەسەر زمانی دایکەوە دەڵێت: خوا خاوەنی هەموو ئاینەکانە و تۆش دەبیتە موسڵمان، لەبەرئەوەی باوکت موسڵمانە، بەڵام دەبێت ڕێز لە ئاینەکانی تریش بگریت، ئەمەش لە قورئانەکەی ئێوەدا هاتووە، جیهان لە دواجاردا بەم شێوەیە باسی دایکی دەکات و دەڵێت: هیچ شتێکی بەسەردا نەدەسەپاندین، لە تەمەنیدا نەچووە بۆ کەنیسە و ئەو تا کۆتایی ژنی باوکم بووە، هەندێکجار لە ژوورەکەی خۆی دەمبینی نوێژی دەکرد.

قسەکانی جیهان لە بارەیی دایکەوە کۆتایی دێت، ئەمەش ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکو جەختکردنەوەیە لەو ڕاڕاییە ڕۆشنبیرییەی خاتوو جیهان هەر لە منداڵییەوە تێیدا ژیاوە، ئێمە بە دوای ئاین و بیروباوەڕەکاندا ناگەڕێین، ئێمە زۆر لەمەوە دوورین، هەموو مرۆڤێك ئازادە لەوەی چ ئاینێکی هەیە، بەڵکو ئێمە هەوڵدەدەین شێوەی بیرکردنەوەی ئەم خانمەی میسر ئاشکرا بکەین کە خانمی یەکەمی میسر بووە.

کەواتە کێ ڕۆڵی لە پێکهاتنی ڕۆشنبیری جیهاندا هەبووە لە ڕووی ئاینی و ڕۆشنبیریەوە؟، خۆی بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

ڕەجاء زەینەدینی هاوڕێ و هاوپۆلم، کە لە قۆناغی سەرەتایی پێکەوە بووین و زۆرم خۆشدەویست، دراوسێمان بوو، کاتێك دەچووم بۆ ماڵیان دەمبینی پوری چارشێوپۆشە و زۆر دیندارە، ئەو وەك منداڵ فێری دەکردین، ئەو فێری دەستنوێژ و نوێژی دەکرین، هەر ئەو وانەی ئاینی پێدەوتین، واتە چاکەکەی بۆ پورە نیعمەت دەگەڕێتەوە کە پوری ڕەجائی دراوسێم بوو.

## ڕۆژانی سادات

پاش ئەوەی چیرۆکی خاتوو ئیقبال ژنی یەکەمی سەرۆکی کۆچکردوو ئەنوەر ساداتمان باس کرد و چۆن بەر لە چەند ڕۆژێك لە زەماوەندی لەگەڵ جیهان ژنی یەکەمی تەڵاقدا، وەك خاتو ئیقبال و کامیلیای کچی دەڵێن تەڵاقدانی ئیقبال مەرجی جیهان بووە بۆ ئەوەی شوو بە ئەنوەر بکات لە ساڵی ١٩٤٩، ئەو کات ئەنوەر تەنها ئەفسەرێکی لەکارلابراو بوو.

بەڵام لەگۆشەنیگایەکی ترەوە چۆن جیهانو ئەنوەر یەکتریان بینی؟

لەیاداشتەکانی خاتوو جیهانەوە ئەوە دەردەکەوێت پەیوەندی جیهان بە ساداتەوە لە ساڵی ١٩٤٨ دەستپێدەکات، ئەویش لەو کاتەی خزمێکی داوای لێکرد بێت مانگی ڕەمەزان لە سوێس بەرێتەسەر، پێدەچێت ئەو خزمەی نەخشەی بۆ ئەم هاوسەرگیرییە کێشابوو، حەسەن عزەت بوو، وەك خاتوو ئیقبال دەڵێت "ئەو ئەندازیاری ئەم هاوسەرگیرییە بووە"، هەندێك ئەوە نازانن سەرسامی ئەم بە سادات بۆ زەمەنێك بەر لەو کاتە دەگەڕێتەوە، هەمیشە گرنگی بە دەنگ و باس و ڕووداوەکانی ژیانی داوە، سەرسامی کارە پاڵەوانی و جەسوریەکەی بووە، ئەو سەرسامییە گەیشتووەتە ئەو ڕادایەی بڕیاری داوە یەك مانگ بەڕۆژوو بێت تەنها ئەنوەر لە تۆمەتی کوشتنی ئەمین عوسمان بە بێتاوان دەرچێت، سەرەتا کەسوکاری بەم هاوسەرگیرییە ڕازی نەبوون، لەبەر چەند هۆیەك، یەکەم ئەم کچە تەنها پانزە ساڵ تەمەنی بووە، ئەنوەریش تەمەنی سی ساڵ بووە، واتە ١٥ ساڵ لە ئەنوەر منداڵتر بووە، هەروەها لەبەرئەوەی ئەنوەر ژنێکی تەڵاقداوە و منداڵی هەیە، پاش چەند جارێك ئەوەی جیهان قسە لەگەڵ باوکی دەکات ڕازی دەبێت، بەڵام دایکی لەسەر ئەوە ڕازی دەبێت، تەنها چاوی پێبکەوێت، جیهان باس لەوە دەکات لە ترساندا هەموو گیانی دەلەرزی بەتایبەتی لەو چاوپێکەوتنە، لەبەرئەوەی دایکی بەریتانییە و سنووری خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی بێئەندازەیە ئەنوەریش یەکێکە لە هەرە نیشتمانپەروەرەکانی میسر و هەڵوێستەکانی هەموو لە دژی ئینگلیزە، جیهان بەم شێوەیە باس لەو چاوپێکەوتنە دەکات لە نێوان دوو ڕکەبەردا ئەنجام درابێت، لەم لامەوە دایکم کە خۆشەویستیەکی گەورەی بۆ بەریتانیا هەیە و بنی وابە سوپاکەیان زۆر ئازان بەتایبەتی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، هەروەها بیروڕای وابوو وینستۆن

چەرچڵ بریتییە لە مەزنترین پیاوەکانی جیهان لە هەموو سەردەمەکاندا، لەولاشەوە ئەنوەر سادات زۆر دژی بەریتانییەکان خەباتی کردووە، زیاتر لە هەر کەسێك لەم جیهانە بەرەورووی بەریتانیا بووەتەوە، پاش ئەم چاوپێکەوتنە دایکی جیهان ڕێز و سەرسامی خۆی بۆ ئەنوەر دەربڕیووە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕاشکاویەی قسەی پێدەکات، لەبەرئەوە بەم هاوسەرگیرییە ڕازی بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی شتی هاوبەشی لەگەڵ ئەنوەردا هەبوو، ئەویش حەزی لە خوێندنەوەیە بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی،

لە بابەتێکی تردا خاتوو جیهان وردەکاری سەرنجڕاکێش لەو بارەیەوە دەخاتە ڕوو، باس لەوە دەکات بەهۆی حەسەن عزەتەوە زۆر سەرسامی ئەنوەر بووە لەبەرئەوەی زۆر باسی پاڵەوانێتی و ئازایەتی ئەنوەری بۆ کردووە، لەوکاتەی ئەنوەر لەسەر کێشەی ئەمین عوسمان لە زیندان بوو باسی لەوە دەکرد چۆن لەگەڵ ئەنوەر گیراوە و چۆن لە زیندان ڕایان کردووە و چۆن گەڕاونەتەوە.

ئەنوەر سادات بەشداری لە ڕۆژی لە دایکبوونی ١٥ ساڵەمدا کرد، و ئەنوەر ساداتم خۆشویست، نەك وەك خۆشەویستی بۆ هاوسەرگیری، لەو کاتەدا تەنها بیرم لەو مەسەلەیە نەکردبووەوە، بەڵام خۆشەویستی کەسێك لە خێزانێکی هەژار، کە دەیتوانی وەك ئەفسەرێك بژی و ژیانێکی باشی هەبێت و ژنی هەیە و کچی هەیە، دەیتوانی وەك هەموو هاوڕێ ئەفسەرەکانی تری بژی، خۆی نەخزێنێتە ناو سیاسەت، بەڵام چووە ناو سیاسەت و پێگە سەربازییەکەی لە دەستدا، قوربانی بە هەموو شتێکدا و ئەشکەنجەی چەشت، کاری شۆفێری و حەماڵی کردووە تاکو قوربانی بۆ وڵاتەکەی بدات.

وێنەی پاڵەوانێك لە هزرمدا درووست بوو.

پاش ئەوەی لە زیندان هاتە دەرێ، حەسەن عزەت ڕۆیشت ئەو هاوڕێیەی بهێنێت، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ئەنوەر سادات لەگەڵ ئەو بێتە ئێرە، لەبەرئەوەی شتی ئاسایی ئەوە بوو بچێت بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆی، کە گەڕانەوە کاتی بەرباگ بوو، ئەوە یەکەمجار بوو ببینم، دواتر بۆ دووەمجار لە ئاهەنگی لە دایکبوونمدا بینیمەوە، گۆرانیەکی بۆ وتم و وتی ئەمە دیاری منە لەبەرئەوەی هیچم نییە بتدەمێ، بە میسریەکی پوخت گۆرانی وت ئەو گۆرانیەی بۆ ژنی ئایندەی وت، ئەو گۆرانیە بریتیی بوو: خۆزگە بەدەووروتدا بفڕیمایە کە گۆرانیەکی فەرید ئەترەش بوو، خاتوو جیهان دەڵێت بەڕاستی دەنگی خۆش بوو، تەنانەت.

دەنگی کاری تێکردم، ئەو ڕۆژەمان لە گازینۆیەك بەسەر برد ناوی گازینۆی (ئەلتەعاون) بوو لە ئیسماعیلیە، لەگەڵی دانیشتم و پرسیارم لێدەکرد، ئەموت تۆ لە زیندان چیت دەکرد؟ بەم شێوەیە.

پاشان لەمامە حەسەنم پرسی ئەوە چۆنە نەچۆتەوە بۆ لای ژن و منداڵەکانی، پێی وتم ئەو لەو کاتەی لە زیندان بووە تەڵاقیداوە، هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان لە دوای ئەوەی لە زیندان بەردەبێت ئەنجامی دەدات، لەبەرئەوەی ئێستا دەستی کورتە.

پاش چاوپێکەوتنەکەی ئیسماعیلە کە یەکەم هەنگاوی پەیوەندیمان بوو، دواتر چەندین جار یەکیان بینییوە بەتایبەتی لە ئەسکەندەرییە.

خاتوو جیهان دەیگێڕێتەوە: من هەموو ڕۆژێك قسەم لەگەڵ دەکرد و لەگەڵیدا دادەنیشتم، دواتر خۆشمویست، ئەویش هەمان چیرۆکە، ئەویش دەیویست جارێکی تر ژن بهێنێتەوە، منیش هەموو داواکارییەکانیم جێبەجێ دەکرد، پێی دەوتم من هەژارم و هیچم نییە و منیش دەمووت ئەوە گرنگ نییە.

سادات پێشتر ئەفسەری سوپا بووە، بەڵام دواتر بەهۆی تێوەگلاندی بە سیاسەتەوە لە سوپا دەرکرا، من پێم قبوڵ بوو خۆشمویست، هیچ کاری نەبوو، پارەی پێ نەبوو و هیچ... نا... نەبوو، تەنانەت هیچ ئاسۆیەك لە ئایندەیدا بەدینەدەکرا،

ئەو ڕۆژەی ئەنوەر هاتە داوام ئەویش بۆخۆی چیرۆکێکی سەیر بوو، دایکم پرسیاری زۆری لێکرد، لەبەرئەوەی دایکم مامۆستا بوو لە هەموو شتێکی ئەپرسی، کاتێك مەسەلەکە هاتە سەر چەرچڵ ئەنوەر وتی ئەو دزە!

من تووشی شۆك بووم، بێگمان کەشەکە ئاڵۆزکا و ئەو چووە دەرەوە، دواتر بە تەلفۆن قسەم لەگەڵ کردو پێم وت ئەنوەر بۆ بەو شێوەیە لەگەڵ دایکم قسە دەکەیت، بۆ هەندیك بە دبلۆماسی قسە ناکەیت و شتێکی لەمە باشتر بلێیت.

پێی وتم: جیهان من نازانم موجامەلە بکەم، ئەوەی هەستی پێدەکەم هەر ئەوەش دەڵێم، لەوانەیە وەڵامەکەی من توورند بێت، بەڵام بەلای منەوە ئەو دزە و تا ئێستا هەر وەك دز تەماشای دەکەم.

خێزانەکەم هەمیشە چاوی لە خانەدانی و پارە و دەوڵەمەندی ئەو شتانە بوو، سەرەتا ویستمان هەندێك چیرۆکی بۆ هەڵبەستین، بەڵام لەو ڕەتی کردەوە، حەسەن عزەت پێیوت

بەدایك و باوكی جیهان بلێ دەوڵەمەندیت و زەوی و موڵكت هەیە، بەڵام ئەو ڕەتی كردەوە، منیش وتم ئەگەر وانەڵێیت قبوڵت ناكەن، لەبەرئەوەی ئەوانەی هاتوونەتە پێشەوە زۆر لەتۆ باشترن، چۆن دەتەوێت بەتۆ ڕازی بن، وەك دایك و باوك دەیانەوێت كچەكەیان ژیانێكی باش بەسەربەرێت، هەروەها ئەوە منم شووت پێدەكەم، من دەزانم تۆ هەژاریت، دەشزانم هیچت نییە، ئەو وتی من حەزم لە فێڵ و درۆكردن نیە، دواتر وتم چارەسەرێكی ناوەندیانە هەیە، پێت دەڵێم ئەگەر پرسیان كرد تۆ دەوڵەمەندی، بلێ من هیچم نیە، بەڵام ئەگەر نەیاپرسی ئەوە تۆش هیچ مەڵێ.

بەڵام خاتوو جیهان ئەوەی ڕەتكردەوە كە بۆ ئەوەی شوو بە سادات بكات دەبێت خاتوو ئیقبال تەڵاق بدات، جەختی لەوە كردووە خۆشیدەوێت، بەڵام ئەوەشی قبوڵ نیە ببێتە ژنی دووەم.

ئەگەر چیرۆكەكان هەموو دژ بەیەك و جیاواز بن، بەڵام ئەوەی هەمووان لەسەری كۆكن ئەوەیە حەسەن عزەت ڕۆڵێكی سەرەكی هەبووە لەم هاوسەرگیرییەدا، لەبەرئەوە پێویستە باس لە وتەكانی عزەت حەسەن لەم هاوسەرگیرییەدا بكەین، چیرۆكێكە ووردەكاری زۆری تێدایە و دەكرێت وێنەی تەواو لەبارەی ئەم ژن و مێردەوە بدات، چۆن بارودۆخ هاوكاری كردوون بگەنە یەكیتری، هەروەها قەدەریان وابووە بگەنە تەختی دەسەڵاتی میسر، حەسەن عزەت ماوەی ٣٣ ساڵ بێدەنگ بوو لەم مەسەلەیە، واتە هەر لەو كاتەی لەگەڵ سادات جیاوازی و كێشە كەوتە نێوانیان هەر لە ساڵی ١٩٥٢وە تا مردنی سادات لە ساڵی ١٩٨١، ساڵی ١٩٨٥ باسی لە ژنهێنانی سادات كرد واتە پاش ٢٩ ساڵ و بەر لە مردنی باسی لە ووردەكاری ئەم هاوسەرگیرییە كرد، دەڵێت ئەو ڕۆژەی لە زیندان بەربوو، ماوەی حكومەكەی لەسەر مەسەلەی كوشتنی ئەمین عوسمان بوو و فڕاندن و ونكردنی هەندێك دۆسێ و پێی وتم دەبێت بەدوای نانی ژیانمدا بگەڕێم و حەسەن ئاگات لە منداڵەكانم بێت، ئەو كات مەبەستی كچەكانی و خاتوو ئیقبال بوو، ئەو كات عزەت بە ساداتی وت رزق لای خوایە، ڕۆژگار تێپەڕی و حەسەن دەستی بەكاروباری تایبەت كرد و قازانجی باشی لە كۆمپانیای دەریاوانی سوێس دەستدەكەوت، هەر ئەوەندەی بارودۆخم باش بوو لە خانەوادەیەكی باش كچێكم خواست، كچێكم لێی بوو بەناوی جیلان، ژنەكەم كچە خاڵێكی منداڵ و جوانی هەبوو تەمەنی ١٥ ساڵ بوو، لە ماوەی هاوین و پشووی قوتابخانەدا هات بۆ

سەردانمان، ئەویش خاتوو جیهان سەفوەت بوو، ڕۆژێك لە ڕۆژنامە ئەوەم خوێندەوە ئەنوەر سادات لە زیندان بەر دەبێت، پێشتر لە ماڵەوە زۆر باسی سادانم کردبوو، وەك ئەفسانەیەك بۆ ژنەکەم و ئەو میوانە بچکۆلەم باس کرد، واتە باسی خەبات و کارەکانی کە ئەنجامی دابوو کردبوو. هەواڵەکە هەموومانی خرۆشاندا تەنانەت ئەو کچە بچوکە سێ کیلۆ مەتر ڕۆیشت تاکو ڕۆژنامەیەکی ئەهرام بکڕێت.

## ئەنوەری ئازادبوو

ئێوارە لەگەڵ دوو هاوڕێم چووین بۆ قاهیرە و لەوێوە بۆ کوبری ئەلقوبە، ماڵی سادات لەوێ بوو، لەوێ چاوم بە باوك و دایکی خواڵێخۆشبوویان کەوت، پێی وتم ئەنوەر تەنها یەك ڕۆژ لە ماڵ ماوەتەوە و یەك جونەیهم داوەتێ و ڕۆیشتووە، بەڵام تەلعەتی برای بە چرپە پێی وتم ئەگەر حەسەن پرسیاری لێکردم بڵێ ڕۆیشتووە بۆ حەلوان، لەم کارەی ئەنوەر سەرم سوڕما، شاری حەلوان شارێکی گەورەیە ئەو دەمە نزیکەی ٥٠ هەزار کەسی تێدا دەژیا، ئەنوەرێکی موفلیس چۆن بێناونیشان و هیچ ژمارە تەلەفۆنێك دەیەوێت لە حەلوان بیدۆزمەوە، بەهەرحاڵ بێ ئومێد نەبووین و بەرەو حەلوان بەدوای ئەنوەردا بەرێکەوتین، ، ئەو شەوە هەموو ٥٣ ئوتێلەکەی حەلوان گەڕاین، بەو ئومێدەی بتوانین ئەنوەر بدۆزینەوە.

بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ پۆرسەعید، تا سبەینێ بگەڕێینەوە و بەدوای ئەنوەردا بگەڕێین، من دەمزانی ئەو تەنها یەك جونەیهی پێیە و باوکی داویەتێ، لەو کاتەی لە ڕێگای حەلوان بەرەو قاهیرە دەرچووین، لە ڕێگا برادەرەکەم ئوتێلێکی بینی لە سەری نوسرابوو بەنسیۆنی مەیامی، لەڕێگا برادەرەکەم وتی حەسەن حەسەن بوەستە ئەوە بەنسیۆنێکە لەلای چەپی ڕێگاکەیە، وتم ئەوە لە بەنسیۆنێکی پوچ دەچێت شوێنی بێلانە و شتی وایە بڕوا ناکەم ئەنوەر لەوێ بێت، ، برادەرەکانم وتیان ئەو تەنها یەك جونەیهی پێیە خۆ لە ئوتێل ئەهەرەم دانابەزێت، سەرکەوتین و لە دەرگاکەماندا و ژنێکی بیانی دەرگای لێکردینەوە، تێمگەیاند من ئەفسەری لێکۆڵەرەوەم بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم ئەسمەر و سمێڵی هەیە و درێژە و ناوی ئەنوەر ساداتە، کە چووینە ژوورەوە بینیمان لەوێیە، بەگەرمی باوەشمان بەیەکدا کرد و ئەو سندوقە

مانگۆیەی لەگەڵ خۆمان هێنابوومان بۆمان بەجێهێشت، هەروەها شەش جونەیهی ئالتوونیم دابێ، هەر یەك جونەیهی ئالتونی دەیکردە ٦ جونەیهی میسری، پێموت بابرۆین وتی بۆ کوێ وتم بۆ قاهیرە، چووینە لای ئەحمەد عید ئەلتەرزی لە تەنیشت ڕۆژنامەی ئەهرام لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا قاتێکی بۆ دووری و دانەیەکی تر پاش هەفتەیەك وەرمانگرتەوە، پاشان چووین بۆ دوکانەکانی قازی و ح ـێن و شەش کراسمان کڕی، پاشان چووینە دوکانێکی پێڵاو و جوتێك پێڵاو و شەش جوت گۆرەویمان کڕی و هەموو پارەکەش من دام، پاشان بەرەو پۆرسەعید بەڕێکەوتین، پاش ئەوەی فریای هاوڕێی تەمەنم کەوتم و لە ئوتێل هەرەم مایەوە و تاکو بە ناوی کانزایی چارەسەر بکات، پاشان گواستمانەوە بۆ بەنسیۆنێك لە ناوەڕاستی قاهیرە بە ناوی سەلکەت، ئێمە هەمیشە دەچووینە ئەوێ، لەوێ حلمی سەلامی ڕۆژنامەنووس پێشکەشی فۆتۆگرافەرێکی کرد، لەوێ بە مووچەی ١٥ جونەی دامەزرا، پاش ئەوە ئەنوەر گواستیەوە بۆ ماڵەکەم لە سوێس، ماوەی چەند مانگێك میوانمان بوو، دواتر چوو بۆ قاهیرە تاکو لە خانەی هیلال دەست بەکارکردن بکات.

حەسەن باس لەوە ناکات لەبەرچی لەگەڵ ئەنوەر سادات تێکچووە و هۆکارەکانی چی بووە، دواتر دێتە سەر ئەوەی ئەمە باس دەکات، لەگەڵ خێزانە بچوکەکەم چووین بۆ قاهیرە، ئەو کات جیهانی بچوکمان لەگەڵدا بوو لەگەڵ خەسووم، بۆ ئەوەی من و ئەنوەر کاری بەڵێندەرایەتی بە پارەیەکی کەم دەست پێبکەین، ئەویش بە فرۆشتنی هەموو بەشەکانم و ئەوەی لە مووچە کۆمکردبووەوە ، هەروەها هەموو ئەو قازانجانەی لە دەریاوانیدا دەستم کەوتبوو، ڤێلەیەکم لە شەقامی ستودیوەکانی ئەهرام بەکرێ گرت لە بەردەم ئۆبریج لە شەقامی هەرەم، لەگەڵ ئەنوەر ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی قازانجی کۆمپانیەکە وا بەش بکەین، یەك لەسێ بەش بۆ سەرمایەکە و یەك لەسێ بەش بۆ ئەنوەر و منیش یەك لەسەر سێکەی تر وەربگرم، بەو مەرجەی هەر یەکەمان مانگانە ٥٠ جونەی بخەینە ناو خەزێنەی کۆمپانیاوە، سەرمایەی کۆمپانیەکە من دابیمن کرد نزیکەی ١٠هەزار جونەی بوو.

پاش ئەوەی شەش مانگ بەسەر بەربوونی ئەنوەردا تێپەڕی نووسینگەیەکی بەڵێندەرەیاتییمان کردەوە و پشت بەخوا دەستمان بەکار کرد، ماوەی ١٠ مانگ تێپەڕی سەفوەت ڕەئوف باوکی جیهان هات بۆ لام، کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو، ئێمە هاوڕێی یەك بووین، ئەمە جگە لەوەی خاڵی خێزانەکەم بوو، هەروەها وەك باوکی وابوو، وتی دایکت

هاتووه دەستی جیهانی داوا کردووە تاکو کچەکەم بۆ کوڕەکەی بهێنێت، دەستی کرد بە زەمکردنی خێزانی سادات و جوێندان بەو خێزانە و بەکەم تەماشا کردنیان، بەسەر سوڕمانەوە لێم پرسی بۆ ئەو قسانە بەو خێزانە دەڵێیت، وتی بەر لە چەند ڕۆژێك هاتووە داوای جیهانی کردووە، دایکت دەیەوێت بۆ عەلی برات بیخوازێت، تووشی سەرسوڕمان بووم ئەنوەر ئەوە ساڵێکە لەگەڵ من دەژی و داوای دەستی کچێك دەکات لە تەمەنی کچەکەی مندایە، هەروەها لەماڵەکەمدا دەژی و هیچی بە من نەووتووە و ڕای منی وەرنەگرتووە، ڕاستە جیهان کچێکی ئێجگار جوانە و قسەزانێکی باشە و لە خێزانێکی ڕێزدارە، بەڵام ئەنوەر ژنی هەیە و سێ کچی هەیە، پاشان بارودۆخی دارایی باش نییە و لەژێر سفرەوەیە، بەڵام عەلی برام بەڕێوەبەری فرۆشیاری کۆمپانیای مۆبیل ئۆیلە و مانگانە ١٢٠ جونەی وەردەگرێت.

با لێرەدا کەوانەیەك بکەینەوە و بڵێین چیرۆکەکەی حەسەن و ئیقبال لە یەکتری ناچن، ئەو دەبینێت حەسەن ئەندازیاری ئەو ژنهێنانەی ئەنوەرە، هەروەها قەناعەتی بەو کچە کردووە کە ئەم ژنەکەی تەڵاقداوەو ئەو لەگەڵ کچەکانی بەخۆشی لەلادێ دەژی، هەروەها لەگەڵ چیرۆکەکەی جیهان ناکۆکە باس لەوە دەکات ئەم ئاگای لە هەموو مەسەلەکان بووە و لە دارشتنی پلانەکەدا بەشدار بووە، بەڵکو ئەوە ئەو بووە ئامۆژگاری کردووە بە باوکی جیهان بڵێت دەوڵەمەندە!!.

با لەگەڵ چیرۆکەکەی حەسەن بەردەوام بین، دەڵێت بە سەفوەت ڕەئوفم وت من چیم لەسەرە بیکەم، وتی من بە حوکمی تۆ ڕازی دەبم لە نیوان عەلی برات و ئەنوەری هاوڕێت و جیهانیش خوشکی بچوکی تۆیە، پێم وت مۆڵەتی تا سبەینێ بەیانیم بداتێ، تا ئەو کات ئەنوەر نووستبوو، بانگم کردو بەگاڵتەوە پێم وت ئایا "کیوبید" کاری نێوان خۆی و جیهانی تەواو کردووە، وتی ئەبوعەلی ئەو کچێکی زۆر باشە و کچی خێزانێکی باشیشە، وتم ئەی ئیقبال و کچەکانت، وتی ئیقبال من تەڵاقمداوە، ئەو کاتەی لە زیندان بووم تەڵاقمدا، وەك بروسکەیەك ئەم هەواڵەم وەرگرت و لێم پرسی لەبەرچی تەڵاقتداوە، وتی پشتی لە دایك و باوکم کردووە، نەمویست بچمە ناو مەسەلەکانی خێزانی ساداتەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین چیرۆکەکەی ئیقبال و حەسەن لەیەکەوە نزیکن ئەگەر چی لە شیکردنەوەشدا ناکۆك بن، بەڵام حەسەن ئەوەندە نابات کتوپڕیەکی سەیر دەتەقێنێتەوە، سەرۆك بە تۆمەتێکی ترسناك تاوانبار دەکات، دەڵێت قورئانێك لەبەردەمم بوو هێنام و

خستمه بەردەم ئەنوەر و پێموت سوێند بەم قورئانە بخۆ ئەو زوڵمی لێکردوویت و وەك ئەوەی باست کرد، لەبەرئەوە تەلاقتداوە، هیچ دوو دڵ نەبوو دەستی خستە سەر قورئانەکە و وتی "بەناوی خوای گەورە لەبەرئەوەی زوڵمی کردووە تەلاقمداوە.. لەبەرئەوەی زاڵمە".

ماوەیەك بێدەنگ بووم، پاشان پێموت بۆ لەکاتی خۆیدا پێت نەووتم، ئەویش وتی لەبەرئەوە نەکا هاوکاری کچەکانم نەکەیت، پاشان بەجێیهێشتم و ڕۆیشت و بانگی جیهانم کرد و دەربارەی "کیوبیدو تیرەکانی" پرسیارم لێکرد، وەلامی دامەوە، پێم وت تۆ دەزانی ئەو ژنی هەیە و سێ کچی هەیە، وتی مامە حەسەن بەخوا ژنیشی هەبێت و ١٤ منداڵیشی هەبێت هەر شووی پێدەکەم، بۆ ڕۆژی دواتر سەفوەت هات و پێم وت ناوی خوای لێبێنە و کچەکەت لە ئەنوەر مارە بکە، ڕاستە عەلی برام زۆر ڕەوشت بەرزە، باری کۆمەلایەتی باشترە و ئەنوەر خاوەنی پارە نییە، بەلام بە بڕوای من باشترین کەسە بۆ جیهان، پێموت ئەگەر ١٠ی وەك عەلی عزەت بخەیتە تای تەرازوییەکەوە و ئەنوەریش بە تەنها لە تاکەی تریدا ئەوە ئەنوەر هەڵدەبژێرم، پاشان سادات هاتە لام و وتی ڕات چۆنە مارەی بکەم و فاتیحەی لێبخوێنین، ئامۆژگاریم کرد وتم تۆ ئەو هەموو کارەی هەمانە تەواوی بکە لەوانەی خۆرهەلات کە ٥٢ گرێبەست بوو، ئەو سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکرد و پاش ئەوەی تەسلیمی دەکەینەوە قازانجەکەی دابەشدەکەین و ئەو کات دەتوانیت مارەی بکەیت، مارەکردن پارەی دەوێت و جیازی دەوێت، ئەمە جگە لە تێچوونی هاوسەرێتی و ئاهەنگ و ئەم شتانە، دواتر پێموت ڕاستە خێزانی سەفوەت بیر لەم شتانە ناکەنەوە بەلام مەسەلەکە بۆ من دابنێ خۆم هەموو شتێك تەواو دەکەم، پاش چەند ڕۆژێك لەگەڵ سەفوەت و ئەندامانی ئەو خێزانە دانیشتین، سەفوەت باسی لە مارەیی کرد ئەنوەر یەکسەر وتی حەسەن چی بۆ عایدە کردووە، منیش ئەوە بۆ جیهان دەکەم، هەموو لایەك لەسەر ئەمە ڕازی بوون.

...ك بردمە پەناوە و لێم پرسی ئەو هەموو پارەیە لە کوێ دەهێنێت تۆ دەزانی تێچوونی ...نەکالی عایدەی خێزانم نزیکەی ١٠٠٠ جونەی تێچووە، وتی لە پارەی کۆمپانیا ...ن ر من لەمەودار ڕۆژانە ماوەی ١٥ بۆ ١٧ کاتژمێر کاردەکەم و لە ماوەی شەش ... پارەیە دەدەمەوە، وتی ئەوە ئەرکی منە و دەبێت ئەو بەڵێنە بیبەمەسەر.

...ت لەمە کارێکی مەترسیدارە دەترسم ئەم پارەیە دەربهێنین و کار لە سەرمایەی ...کات و ئەو کات نەتوانین کەلوپەرل و چیمەنتۆ و شیش و بۆری و کرێی

کرێکارەکانمان بۆ دابین نەکرێت و نەتوانین پرۆژەکەمان تەواو بکەین و لە کاتی خۆیدا ئەو پرۆژانە تەسلیم بکەینەوە، منیش خۆت دەزانی ناتوانم سەرپەرشتی ئەوانە بکەم لەبەرئەوەی بەکاری ترەوە خەریکم و دەبێت مەلەوانگەیەك لە ئەسوان بۆ سوپای میسری درووست بکەین و ۹ پرۆژەمان لە جیزە هەیە، قسەی پێ بڕیم وتی حەسەن چییە دەڵێی متمانەت بەمن نییە و ئەمە مەسەلەی ئەمانەتە و تۆش من باش دەناسیت و هەرگیز لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆت لەگەڵدا ناکەم، ئەوی ویستی بەدەستی هێنا و مارەییەکەمدا بەسەفوەت، لەگەڵ جیهان چوون ئالتوونی هاوشێوەی عایدەیان هەڵبژارد و پاشان مەسەلەی ئاهەنگی گواستنەوە هاتە پێشێ، من وتم با کۆمەڵێك هاوڕێی خۆمان بانگ بکەین و بەس بێت، بەڵام کاتێك لەگەڵ خێزانی جیهان سەفوەت دانیشتین پێشنیاری ئەوەی کرد هەموو هاوڕێیان داوەت بکەین، بایی ۳۰۰ جونەی خواردن لە جەرووبی بکڕین، ئەمە جگە لە دوو کچە سەماکەر بە ۱۰۰ جونەی بۆ هەر یەکێکیان، کۆی ئەوەی لەو هاوسەرگیرییەدا خەرجی کرد بریتی بوو لە ۱۵۰۰ جونەی، هەمووان شادمان بووین بەڵام من زۆر خەمی جێبەجێکردنی پرۆژەکانم بووم، پاش مارەکردن وتی لەگەڵ جیهان دەچین بۆ ئەسکەندەریە و مانگی هەنگوینی لە ئوتێل بوریفاج بەسەر دەبەین و ئەنوەر بۆ ئەمە داوای ۱۰۰ جونەی کرد، وا بەڵێنی دا هەر کە گەڕایەوە دەچێتە خۆرهەڵات و پرۆژەکان تەواو دەکات.

پاشان ڕۆژەکان بوو بە هەفتە و هەفتە بوو بە سێ هەفتە، پاشان نووسراوێکی نووسینگەی ئەندازەییمان بۆ هات هەموو پرۆژەکان وەردەگرنەوە و دەیدەنە بەڵێندەرێکی تر، لەبەرئەوەی ماوەیەکە ئیش لەو پرۆژانەدا وەستاوە، سوێندی خوارد هەموو پارەکان دەگەڕێنێتەوە و هەر کە گەڕایەوە دەست دەکات بە کارکردن و منیش پارەکەم دایە.

وا ڕوویدا ئەندازیار عەلی حەسەنین هات بۆ سەردانم و ئەو کات لە ژێر دەستی مندا لە کۆمپانیای سوێس کاری دەکرد.

پێی وتم هەواڵ هەیە ئەنوەر دەگەڕێتەوە بۆ سوپا و کارکردن لەگەڵ من جێدەهێڵێت، ئەو هات ئاگادارم بکاتەوە نەکا تووشی شۆك بم، بەڵام بەدوورم زانی ئەنوەر کارێکی لەو جۆرە بکات، حەسەنینم بەدرۆزن لەقەڵەمدا، پاش هەفتەیەك لەم ڕووداوە ئەنوەر هاتەوە وتی جیهان پێویستی بە هەندێك جلو بەرگ هەیە و پێویستمان بە ۱۰۰ جونەی هەیە، ئەویشم دایە و ڕۆیشت.

ماوەیەك تێپەڕی‌و جارێکی تر هاتەوە داوای ١٠٠ جونەی تری کرد باسی بارودۆخی
رایی کۆمپانیام بۆ کرد و ئەو دۆخە پڕ مەترسییەی تێکەوتووین، بەڵام وتی ئەو پارەیەم
ویستە تاکو ئەم هاوسەرگیرییە خۆشەی پێەواو بکەم، تاکو بگەڕێتەوە سەر کار و بەدەست
دان ئیش بکات و ئەو پارەیە بداتەوە، منیش باوەڕم پێی کرد و لەسەر ئەوە ڕێکەوتین
ڕۆژێك من تەلەفۆنی بۆ ئوتێلەکە بۆ بکەم کە دەکەوتە ناوچەی زەقازیق، لە هەمان ئەو
ڕۆژەی ویستم تەلەفۆن بکەم، حەسەنێن هاتەوەو پێی وتم ئەنوەر دەیەوێت بچێتەوە بۆ سوپا و
ڕاستەیان بۆ کردووە، ئەو بەرژەوەندی منی دەوێت و نمەکی منی کردووە نایەوێت زیان
بکەم، هەروەها هاوشاری خۆم بوو لەبەنی سویەف، سوێندی خوارد ئەنوەر دەگەڕێتەوە بۆ
سوپا و یوسف ڕەشاد ئەمجارە بەجدی لای مەلیك بۆی تێکەوتووە، لەم ماوەیە حەیدەری
وەزیری جەنگ فەرمانی ئەوەی بۆ دەچێت دەبێت ئەنوەر بۆ سوپا بگەڕێتەوە، ، باوەڕم
بەقسەکانی حەسەنێن نەکرد، لەوە سەرم سوڕما ئەم هەموو وردەکاری هەواڵانە لە کوێوە
دەزانێت، دەربارەی یوسف ڕەشاد و مەلیك.

پێم وت تۆ لە شەیتانی ڕەجیم دەچیت، ئەنوەر ئەوەندە هیچ و بێ نەمەك نییە تاکو ماڵم
وێران بکات، حەسەنێن پێی وتم تۆ چاکەت بەسەرمەوە هەیە و هاتووم ئاگادارت بکەمەوە و
تۆ کەیفی خۆتە، لە مینیا بووم و پەیوەندیم بەو ئوتێلەوە کرد کە ئەنوەری لێدابەزیووە، ئەوان
لە ئوتێلەکە وتیان ئەو ماوەی مانگ و نیوێکە لەو ئوتێلە نەماوە، وەك نیمچە شێتم لێهات،
لە مینیاوە بەرەو قاهیرە بەڕێکەوتم، ڕۆژی دواتر چووم بۆ ماڵی سەفوەت ڕەئوف لەڕەوزە،
ژنەکەم و خەسوم لەگەڵدا بوو، کە چووینە ژوورەوە ئەنوەرم لەبەردەمم بینی و جلی
سەربازی لەبەردا بوو و لەتەنیشتیەوە ژنەکەی جیهان وەستابوو جلی بوکێنی لەبەردابوو
ـەیان دەگرت، تووشی شۆکێکی گەورە بووم، لەجێی خۆم وشك بووم، ئەنوەر ئەوە چییە
ـڕایتەوە بۆ سوپا؟ بەشەرمەوە وتی خواستی گەورەمان وابوو من بگەڕێمەوە بۆ سوپا و پاشا
ـرمانی دەرکرد ناکرێت فەرمانشکێنی بکەین، حەسەن عیزەت دەڵێت ئەمە هۆکاری
ـکترازانی من و ئەنوەر بوو، هەروەها حەسەن لەسەر چیرۆکەکەی بەردەوام دەبێت و
ـڵێت ڕۆژی ٢٨ یۆلیۆی ١٩٥٢ تەلەفۆنم بۆ کرد بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تاکو
ـو حسابەی نێوانمان پاکبکەینەوە، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین لە گازینۆی بەدیعە یەکبگەین؛ بەر
لە سیانزە ساڵ لەوێدا بە هاوڕێم یۆزباشیم ناساند کە لە سوپای سوارچاکان بوو، لەو کاتەدا

ئەحمەد مەزهەری هونەرمەند لەگەڵمان بوو، دانیشتین و کەوتینە حساب و حسابکاری و ژمارەمان لەسەر زەرفەکە دەنووسی: مارەیی ٥٠٠ جونەی، شەبکە ٣٠٠ جونەی، ئاهەنگەکە ٣٠٠ جەنەی، ٣٠٠ جنەی بۆ عەبدولعەزیز مەحمەد، ٢٠٠ جونەی بۆ سەماکەران، کە هەموو هەقێك ئەرکێکی دەکەوێتە سەر، هەروەها هەموو مانگێك دەبێت ٥٠ جونەی بداتە کۆمپانیا، کە دەستمان کرد بە بەڵێندەرایەتی ٦٥٠٠ جونەیمان لە خەسوم قەرز کرد، بەر لەوەی ئەو بکشێتەوە و ئەو هەموو قەرزە بداتە ملی مندا، تێمگەیاند ئەو تەنها دەتوانێت ئەوانەی بەقەرز وەریگرتووە بیداتەوە، دادوەری لەوێدا نییە ئەو ژن بێنێت و من پارکەی بدەم.

زۆر بەتوڕەیی و ناشرینی تەماشای کردم، وتی من ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشم و موچەی بەگباشیەك وەردەگرم، ئەویش بەهەزارحاڵ بەشی خۆم و جیهان دەکات، بەڵام کە پلەم بەرزبووە، هەموو مانگێك ١٠٠ جونەیت دەدەمێ تا ئەو کاتەی قەرزم لا نامێنێت، پاش ئەوەی تەوقەمان کرد هەریەکەمان بەلایەکدا ڕۆیشتین.

کەواتە ئێمە سێ چیرۆکی هاوسەرگیری خاتوو جیهانمان لەبەردەستدایە، ئەگەر چی چیرۆکەکان زۆر لەگەڵ یەکتر ناکۆکن دەربارەی ژن هێنانی سەرۆك سادات، هەندێکیان ئەقڵ نایبڕێت وەك ئەو وردەکارییەی حەسەن عزەت باسی کرد، چیرۆکێکە جێی قبوڵکردن نییە، نەك لەبەرئەوەی گومان لەزیەتی سەرۆکی پێشوو درووست دەکات، لەبەرئەوەی کاری بەڵێندەرایەتی بەو شێوەیە بەڕێوە نابرێت، ئەگەر وا کۆمپانیای بەڕێوە بردبێت، ئەوا لۆمەی زۆر دەکەوێتە سەر خۆی نەك کەسانی تر.

هەموو ئەو چیرۆکانە جەخت لە یەك شت دەکەنەوە، ئەویش مەسەلەی هاوسەرێتی جیهانە، ئەو تەنها ئەفسەرێکی لەکارلابراو بوو، واتە وەك ئەو چیرۆکانە نییە هەموو ڕۆژێك ئێستا لە ناو میسردا ڕوودەدات، ئەم ژن و مێردە ژیانێکی ئاسای نەژیاون.

# لەسێبەری شۆڕشدا

خاتوو جیهان شووی بە ئەنوەر سادات کرد و ئەویش گەڕایەوە بۆ سوپا، ئەم دوو ژن و مێردە شادمانە، بەر لە چەند ساڵێك هیچ سیمایەکی دیاری ئەم ژن و مێردە دیار نەبوو، هەروەها مووچەی ئەنوەر سادات ئەوەندە زۆر نەبوو تاکو بەرگەی ژیانێکی باش بگرێت، ئەویش بەوەی ئەفسەرێکی پایەبەرزە، ئەو کات سەرۆك مووچەکەی ٣٤ جونەی بوو، دەبوایە نەفەقەی خاتوو ئیقبال و کچەکانی لێبدایە و کرێی شوقەکەی ١٢ جونەی بوو، دەبوایە ئەو پرە پارەیەی دەمایەوە ژیانی خۆی پێ بباتە سەر، ئەمە جگە لەوەی خاتوو جیهان کاروباری ناو ماڵی نەدەزانی لەبەرئەوە پێویستیان بە کارەکەرێك هەبوو، جارێکیان سادات نوکتەیەکی لە بارەی جیهانەوە گێڕایەوە، وتی رۆژێك مەعکەرۆنەی خستووەتە ناو ئاو تاکو بخوسێت.

لەبەرئەوەی ئەم ژن و مێردە لە سەرەتای ژیانیاندا بوون و ئایندەیان لەبەردەمدا بوو، پێدەچێت خەونێکی گەورەی بە سوپا هەبوو بێت، بگاتە پلەو پۆستی بەرز، بەڵام ئەوەی ئەنوەر سادات خەونی پێوە نەبینێت ببێت بەسەرۆك کۆماری میسر.

ئەنوەر سادات پەیوەندی کرد بەرێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخوازانەوە، ئەمەش ئەو بابەتە بوو خاتوو جیهان شتێکی زۆری لەبارەیەوە نەدەزانی، لەوانەیە هەر هیچ شتێکی لە بارەیەوە نەزانیبێت، لەبەرئەوەی خاتوو جیهان خۆی لە کاروباری سیاسەت نزیك نەدەکردەوە، دەربارەی مەلیك فاروق تەنها کۆمەڵێك پڕوپاگەندەی بیستووە کە پەیوەندی لەگەڵ چەندین ژندا هەیە، تەنانەت ئەو کاتەی لە یانەی ئۆتومبێل بینی ویستی پشتی تێکات و رووی نەبینێت!!!

شۆڕش هەڵگیرسا، بەڵام دەبێ لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەین، ئەوانەی ساداتیان خۆش نەدەویست ئەم چیرۆکەیان بۆ سادات درووست کردبوو، گوایە لەو شەوەی شۆڕش دەکرێت ئەو لەگەڵ جیهان دەچن بۆ سینەما و لەوێ شەڕێك دروست دەکات تاکو بگیرێت و لە بنکەی پۆلیس بمێنێتەوە، ئەگەر شۆڕش کرا و سەرینەگرت ئەم تووشی هیچ نەبێت.

خاتوو جیهان خۆی بەووردی باسی شەوی ٢٣ی یۆلیۆ دەکات و دەڵێت:

لە رۆژی ١٨ یۆلیۆی ١٩٥٢دا سادات چوو بۆ رەفح لەوێ ئەرکی سەربازی خۆی

دەکرد، ، لەناکاو لە ٢٢ هەمان مانگدا گەڕایەوە.

بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم تا بچم بۆ لای و لە وێستگەکە چاوەڕوانی بکەم، پێم وت ئەوە چییە گەڕایتەوە، خۆ ئەمە کاتی مۆڵەتی تۆ نییە، پێی وتم: دایکم نەخۆشە، کاتێك هات پێی وتم تۆ قسەی وا لەتەلفۆندا بۆ دەکەیت، من نە دایکم نەخۆشە و نەهیچ، منیش باوەڕم نەکرد مۆڵەتم بدەنێ، لەبەرئەوە بابچینە دەرەوە بۆ پیاسە و گەڕان، ئەمڕۆ دەتبەم بۆ سینەما، منیش دڵم زۆر خۆش بوو ئاگام لە هیچ نەبوو، چووین بۆ سینەما و گەڕاینەوە، کە گەیشتینە بەردەرگا دەرگاوانەکە کارتێکی دامێ لە جەمال عەبدول ناسرەوە بوو لەسەری نووسرابوو ئەمشەو پرۆژەکە دەست پێدەکات، وتی کەسێك هێنای و ڕۆیشت پێی ڕاگەیاندم کە هاوڕێی ئەنوەرم، من لە هیچ تێنەگەیشتم و نەمزانی باسی چ پرۆژەیەك دەکەن.

بەڵام دەربارەی گرتن و چوونە بنکەی پۆلیس هەموو ئەوانەی ڕەتکردەوە، هەموو ئەوانەی بەدرۆ خستەوە، دەڵێت لە سینەما پێکەوە بووین و هیچ خەمێکی نەبوو ئەوەندە بێخەم بوو، هەرگیز بەو شێوەیە نەمدیووە، ئەنوەر و جیهان لەناوچەی ڕەوزە پێکەوە دەژیان و ئەو ڕۆژەی چوون بۆ سینەما ئەنوەر جلی مەدەنی لەبەردابوو، کارتەکەی عەبدول ناسری وەرگرت بە پەلە بەقادرمەکاندا سەرکەوت و خۆی گۆڕی و جلی سەربازی لەبەرکرد، خاتوو جیهان بەپێی قسەکانی خۆی پێووتووە ئەوە چییە و چی ڕوویداوە، من تووشی سەرسوڕمان بووم، پێی وتم هیچ نییە هاوڕێیەکم لە نەخۆشخانە کەوتووە و نەخۆشەو دەبێت ئەم جلانەم لەبەردا بێت و بەم جلانەوە باشتر دەتوانین دکتۆری بۆ پەیدا بکەین و هەزار و یەك حسابمان بۆ دەکەن، لەو کاتەی لە پلیکانەکان دابەزی قسەیەکی سەیرم پێووت و وتم ئەنوەر شتێکت لێهات و گیرایت ئەوە نایەم بۆ سەردانت!!!.

بۆ بەیانی گوێم لەو بەیانە بوو کە بە دەنگی خۆی خوێندیەوە، تێنەگەیشتم، لەبەرئەوەی بەیانەکە ئاماژە نەبوو بۆ هیچ شتێك، جیهان تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکی کرد، ئەویش عەلا بوورەکات ژنی ئیبراهیم نافع بوو، دەستیان کرد بەقسەکردن لەسەر ئەوەی ڕوویداوە.

لەمەوە تێدەگەین ئەوەی دەربارەی شەڕ و گیرانی ئەنوەر وتراوە دوورە لە ڕاستیەوە، ئێمەش هەستدەکەین خاتوو جیهان ڕاست دەکات، بەتایبەتی یەك کەس نییە باس لە ژمارەی ئەو دۆسیەیە بکات لە بنکەی پۆلیس تۆمار کراوە، واتە هیچ بەڵگەیەك نییە ئەمە بسەلمێنێ، ئەوەی دەردەکەوێت ئەنوەر سادات ئەو شەوە هیچ ئەرکێکی دیاریکراوی پێنەسپێردرابوو،

ئەگەر ئەرکێکی پێسپێردرابێت و چووبێت بۆ سینەما ئەوا دواتر نەیاندەهێشت بچێتە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، ئەگەر دادگایشیان نەکردایە، گریمان شۆڕش شکستی هێنا، ئەوە گەمژەییە وا تێبگەین دۆسییەکی پۆلیس پیاوێك کە دەستی لەگەڵ ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا هەیە، بیپارێزێت و خەریکی کودەتا بێت بەسەر مەلیکدا، ئێمە لەبەردەم تاوانێکی کوشتندا نین لە شێوەی ڕۆمانەکانی ئاگاسا کریستی!! یان لەبەردەم تاوانێکی دزی سکۆتلاند یارد لێکۆڵینەوەی تێدا بکات، ئێمە باس لە کودەتای سەربازی ١٩٥٢ دەکەین.

ئەوەی جێگەی سەرنجە خاتوو جیهان بەهۆی منداڵی تەمەنی و درکنەکردن بەو هەڵوێستەتە ترسناکەی ئەو کاتە لە ٢٥ یۆلیۆ دەچێت بۆ لای دکتۆری ددان.

خاتوو جیهان باس لەو ڕۆژە دەکات کە سادات لە ٢٦ یۆلیۆ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و چۆن دڵخۆش بووە و دەڵێت پێی وتم: پیرۆزە، من زۆر شادمان و دڵخۆش بووم، وەك ژنێك دڵخۆش بووم لەبەرئەوەی مەلیك ئابڕووی باش نەبوو، ئەوەی دەربارەی دەوترا ئەوەیە قومار دەکات و ژنی لە دەورە و هەموو هاوین سەفەر دەکات و هەر لە هاتوچۆدایە، زۆر کەم گرنگی بەگەل دەدا، هەروەها خۆشەویستیش نەبوو، کاتێك وێنەی مێردەکەم بینی و ئەو هەستاوە بەئەنجامدانی شۆڕش زۆر دڵم خۆش بوو وە شانازیم پێوە دەکرد.

بەڵام ڕووداوەکان دواتر بەو شێوەی ئەم ژن و مێردە دەخوازرا نەکەوتنەوە، لەوانەیە پەرەسەندن لە ژیانیاندا ڕوویدا بێت و بارودۆخی مادیان باش بووبێت، بەڵام ئەو کێشمەکێشەی لەناو سەرکردایەتیدا ڕوویدا، زۆر لە توانای ئەنوەر گەورەتر بوو خۆی تێدا بگونجێنێت، هەروەها ئەو ڕۆڵانەی پێی بەخشرا وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆماری، ناکۆکیەکان بۆ ئەم پڕ بوو لە بێئومێدی، کاتێكساڵی ١٩٥٤ کێشمەکێش لەسەر دەسەڵات دەستی پێکرد، ئەنوەر سادات لایەنگری جەمال عەبدول ناسری کرد لە دژی محەمەد نەجیب، پاشان کێشمەکێشێکی تر لەنێوان ئەفسەرانی لایەنگری جەمال عەبدول ناسردا ڕوویدا، ئەو ڕووداوانەی کەوای لە ئەنوەر سادات کرد بیر لەوە بکاتەوە میسر بۆ یەکجاری جێبهێڵێت و بچێت بۆ لوبنان و لەوێ وەك ڕۆژنامەنووس کار بکات، چوو بلیتی فڕۆکەشی بڕی، بەڵام عەبدول ناسر پەشیمانی کردەوە.

گومانی تێدا نییە خاتوو جیهان لەو قۆناغە بە پێگەیشتن و کامڵبووندا تێدەپەڕی، هەروەها

یەکەم کچی بە ناوی لوبنەوە لە دایك بوو، ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەمجار بوو بە دایك، بەڵام هانی مێردەکەی نەدەدا تا کۆچ بکات، هەستی دەکرد لەسەر خاکی نیشتمان مەسەلەکان بەرەو باشتر دەچن.

ساڵی ١٩٥٦ خاتوو جیهان منداڵی دووەمی دەبێت ناوی دەنێت جەمال، ئەو ڕۆژگارە ڕووداوێکی گرنگی لە ژیانی جیهاندا دەرخست، ئەویش هێرشی سێ قوڵی بوو بۆ سەر میسر، لەم دوژمنکارییەدا ئینگلیز لایەنێکیان بوو، ئێمە دەزانین جیهان نیوە ئینگلیزە، لەساڵی ١٩٥٦ باسی لەو ناکۆکیەکەی خۆی کردووە لەو کاتەی لە پۆرسەعید دەدرێت و منیش دایکم ئینگلیزەو دووگیانیش بووم، لەو کاتەدا منداڵم بوو، پێش دوو مانگ لەوادەی خۆم منداڵەکەم بوو، دکتۆرەکان وتیان ئەوە دەرئەنجامی هەڵچوونی دەروونییە، منیش هەر بەدایکم دەوت بۆ وامان لێدەکەن و بۆ لێماندەدەن، ئەویش تەماشای دەکردم و دەیگوت ئەوە من نیم کچم من نیم، ئەوە سیاسەتە و من پەیوەندیم پێوە نییە، لەو کاتەدا زۆر ڕقم لە ئینگلیزەکان بوو، بەڵام دایکم هەر خۆشدەویست و ڕێزم لێدەگرت، هەمان شتیش دواتر لای ئەنوەر سادات ڕوویدا، کە دایکمی خۆشدەویست، بەڵام ڕقی لە داگیرکەری ئینگلیزی بوو، منیش ڕقم لە داگیرکەران بوو.

## گەڕان بەدوای خوددا

ڕۆژانی هێرشی سێ قوڵی تێپەڕی و بنەماکانی دەسەڵاتی ناسری چەسپی، بەم شێوەیە سادات ڕۆڵێکی گەورەتری وەرگرت، وەك دەبینرا ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش دەردەکەوتن و دووردەکەوتنەوە، بەڵام ئەنوەر سادات هەمیشە لەگەڵ جەمال عەبدول ناسر بوو، لە دوایەوە لە تەنیشتی لە پێشەوە بوو، ناسر دڵی بە سادات خۆشبوو، هەروەها دڵی بەماڵی سادات دەکرایەوە، عەبدول ناسر لە ماڵی سادات لەگەڵ عەبدولحەکیم عامر و سادات دەهاتن و دەچوون، تەنانەت دەستی لەژیانی منداڵەکانی سادات وەردەدا، بەڵام خاتوو جیهان تا ساڵی ١٩٦٠ هیچ ڕۆڵێکی دیاریکراوی نەبوو.

ساڵی ١٩٦٠ سەرۆك ناسر تووشی نەخۆشی دڵ بوو، ئەمەش وایکرد کارکردن و

ئەرکەکانی کەم بکاتەوە و خانوییەکی لە گوندی مەیت ئەبوئەلکۆم بۆ درووست کرد، خاتوو جیهان لەگەڵی دەچوو بۆ ئەوێ، لەوێوە ژیانی گشتی جیهان دەستی پێکرد، هەر لە منداڵیەوە کەوتە ناو سیاسەتەوە.

جیهان بەمامەڵەکردنی لەگەڵ جوتیاران و جێبەجێکردنی هەندێك لە داخوازییەکانیانی کردە دەرفەتێك بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ببینێت، هەروەها ژنەکەی عەبدول ناسر خاتوو تەحیە کازمی دەبینی و لە ماڵەوە گۆشەگیرە و خەریکی منداڵ بەخێوکردنە و ناتوانێت دەربکەوێت، وێنەی خاتوو تەحیە هەرگیز دەرنەدەکەوت، بەڵام لە ناخی خۆیدا خاتوو جیهان ئەمەی قبوڵ نەبوو، ئەمە دەبێتە کۆتوبەند بۆی، نەك بۆ خاتوو تەحیە بەڵکو بۆ خودی ئەمیش.

بەڵام سیاسەت لە سەردەمی عەبدول ناسردا هێڵی سوور بوو، نەك بۆ ژنان بەڵکو بۆ پیاوانیش، کەس نەیدەتوانی بەبێ ڕێنوێنی و فەرمانی ئەو شتێك بکات، وەك لە ڕاپۆرتەکاندا باس دەکرا ئاگای لە خشەی مێروو بووە، ڕۆژنامەوان محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەڵێت عەبدول ناسر هەرچی سوودی هەبووایە یان نە یبوایە دەیخوێندەوە، هەروەها ڕۆڵی ئەو پیاوانەی لە دەوری جەماڵ عەبدول ناسر بوون زۆر بەوردی نەخشەیان بۆ کێشرابوو، ئاسایە لە حاڵەتی کەسایەتی سرۆك ناسر کە بە ڕەچەڵەك سعیدی بوو ژن هیچ ڕۆڵێکی نەبێت.

بەڵام خاتوو جیهان توانی ئەمە بکات و لە کونی دەرزیەوە چووە ئەودیوو، کونی دەرزیش ئەو کارە کۆمەڵایەتییە بوو کە لەگەڵ ژنانی لادێ ئەنجامی دەدا، هەر لە کردنەوەی وەرشەی درووماني و هوشیاری دیاریکردنی منداڵبوون و لەم بابەتانە.

دواتر پەرەی سەند بۆ مانگی سور و خوێن بەخشین و بەرگری شارستانی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکیەکانی زیادی دەکرد، بەهێواشی بەڵام بەمتمانە بوون بەخۆوە.

جیهان پاش لوبنە و جەمال دوو منداڵی تری بوو کە ئەوانیش نوها ۱۹۵۸ و جیهانی بچوك ۱۹٦۱، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ منداڵەکان گەورەتر دەبوون، دەرفەتی بۆ کاری گشتی فراوانتر دەبوو، تاکو ساڵی ۱۹٦٦ ساتی خۆی هات.

ئەرکەکانی کەم بکاتەوە و خانوییەکی لە گوندی مەیت ئەبونەلکۆم بۆ درووست کرد، خاتوو جیهان لەگەڵی دەچوو بۆ ئەوێ، لەوێوە ژیانی گشتی جیهان دەستی پێکرد، هەر لە منداڵیەوە کەوتە ناو سیاسەتەوە.

جیهان بەمامەڵەکردنی لەگەڵ جوتیاران و جێبەجێکردنی هەندێك لە داخوازییەکانیانی کردە دەرفەتێك بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ببینێت، هەروەها ژنەکەی عەبدول ناسر خاتوو تەحییە کازمی دەبینی و لە ماڵەوە گۆشەگیرە و خەریکی منداڵ بەخێوکردنە و ناتوانێت دەربکەوێت، وێنەی خاتوو تەحییە هەرگیز دەرنەدەکەوت، بەڵام لە ناخی خۆیدا خاتوو جیهان ئەمەی قبوڵ نەبوو، ئەمە دەبێتە کۆتوبەند بۆی، نەك بۆ خاتوو تەحییە بەڵکو بۆ خودی ئەمیش.

بەڵام سیاسەت لە سەردەمی عەبدول ناسردا هێڵی سوور بوو، نەك بۆ ژنان بەڵکو بۆ پیاوانیش، کەس نەیدەتوانی بەبێ ڕێنوێنی و فەرمانی ئەو شتێك بکات، وەك لە ڕاپۆرتەکاندا باس دەکرا ئاگای لە خشەی مێروو بووە، ڕۆژنامەوان محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەڵێت عەبدول ناسر هەرچی سوودی هەبووایە یان نە یبوایە دەیخوێندەوە، هەروەها ڕۆڵی ئەو پیاوانەی لە دەوری جەماڵ عەبدول ناسر بوون زۆر بەوردی نەخشەیان بۆ کێشرابوو، ئاساییە لە حاڵەتی کەسایەتی سرۆك ناسر کە بە ڕەچەڵەك سعێدی بوو ژن هیچ ڕۆڵێکی نەبێت.

بەڵام خاتوو جیهان توانی ئەمە بکات و لە کونی دەرزیەوە چووە ئەودیو، کونی دەرزیش ئەو کارە کۆمەڵایەتییە بوو کە لەگەڵ ژنانی لادێ ئەنجامی دەدا، هەر لە کردنەوەی وەرشەی دروومانی و هوشیاری دیاریکردنی منداڵبوون و لەم بابەتانە.

دواتر پەرەی سەند بۆ مانگی سوو و خوێن بەخشین و بەرگری شارستانی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکییەکانی زیادی دەکرد، بەهێواشی بەڵام بەمتمانە بوون بەخۆوە.

خاتوو جیهان پاش لوبنە و جەمال دوو منداڵی تری بوو کە ئەوانیش نوها ١٩٥٨ و خاتوو جیهانی بچوك ١٩٦١، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ منداڵەکان گەورەتر دەبوون، دەرفەتی خاتوو جیهان بۆ کاری گشتی فراوانتر دەبوو، تاکو ساڵی ١٩٦٦ ساتی خۆی هات.

ئەوەی دەستبەرداری کبریائی خۆی بوو، ڕازی بوو بەوەی ژنی بەسەر بێت، لەگەڵ ئەوەی ڕوویدا ئیقبالی دایکم هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بوو مێردەکەی بۆ بگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەی نەشگەڕایەوە بەڵام ڕۆژێك بە خراپە باسی نەکرد، تەنانەت ڕێگەی نەدەدا کەس بە خراپە باسی بکات، ئەمە جگە لەوەی لە هەموو دیواری ژوورێك وێنەیەکی ئەوی هەڵواسیبوو، بەڵام چیرۆکێکی سەیر کامیلیا دەیگێڕێتەوە ئەوەیە دایکی ساڵی ١٩٧٢ چووە بۆ حەج و لەوێ پاڕاوەتەوە و لەبەردەم خودادا لە ئەنوەر و جیهان بوراوە، هەموو جارێك دەیوت ئەو چاوەڕێی ڕۆژی قیامەت دەکات کە هەموو پیاوێك لەگەڵ ژنی یەکەمی دەوەستێت و پێکەوە حسابیان دەکرێن، دەڵێت ئەو کاتە ئەنوەرم بۆ دەگەڕێتەوە.

دەتاونین بڵێین خاتوو ئیقبال ڕازی بووە لە سێبەردا بژی، تەنانەت ئەو کاتەشی مێردەکەی دەبێتە سەرۆك، سوودی لەمەش نەبینی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان فەرامۆشیان کرد، بە ئاستێك گەلی میسری نەیاندەزانی سەرۆك پێشتر ژنێکی تری هەبووە و کچی لێی هەیە.

پاش مردنی ئەنوەر سادات سەرۆکی کاتی ئەو کاتەی میسر سۆف ئەبو تالیب مەرسومێکی دەرکرد، کە دەبێ خانووکەی و بەشێکی زۆری خانەنشینیەکەی بۆ جیهان و منداڵەکانی بێت، و ئیقبال لەگەڵ ڕاویەی کچی ڕازی بن بەو بەشە کەمەی وەریدەگرن و چاوەڕێی ڕۆژی قیامەت بکات تاکو ئەنوەری بۆ بگەڕێتەوە.

# هەڵەو ئەمریکا

لە ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی میسر لەگەڵ جیهاندا لەلاوازەوە بەرەو لاوازتر دەچوو، پەیوەندییەکانی ناسەقامگیر بوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و لەگەڵ ئەمریکا و خۆرئاوا، داوەتنامەیەك لە سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکاوە هات بۆ سەرۆکی پەرلەمانی میسری تا سەردانی ئەمریکا بکات، کێ سەرۆکی پەرلەمانی میسر بوو لەو کاتەدا، بێگومان ئەنوەر سادات.

سادات چوو بۆ سەردانی وڵاتی مام سام، بە تەنها خۆی نەبوو، جیهان سەفوەتی ژنی لەگەڵدا بوو، سەردانێکی ئاسایی و ئاسان نەبوو، لەو جۆرە سەردانانە نییە کە ئێوارەخوانێکی کاری تێدایە و بزەی دبلۆماسی تێدابێت، پاشان ڕاپۆرت بەرز بکرێتەوە بووترێت کارەکان هەمووی تەواوە.

لەم سەردانەدا چەندەها ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا، لەوانە ئەو فەرمانبەرە ژنەی یاوەری سادات و جیهانی دەکرد جولەکە بوو، لەو کاتەدا عەبدول ناسر لێدوانی زۆر توندی لە بارەی ئەمریکاوەدا کە بووە هۆی شەرمەزارکردنی سادات لەو کاتەدا، بەڵام ڕووداوی گرنگ بەتایبەتی بۆ خاتوو جیهان، ئەوە بوو عومدەی نیۆرك ڕەتی کردەوە سادات ببینێت، لەبەرئەوەی عومدەی نیۆرك جولەکە بوو، ساداتیش وەك نوێنەری میسر هاتووە و دژی ئیسرائیلە، یەکەمجار بوو کامێرا ڕوو بکاتە خاتوو جیهان وەك بەرپرسێك، لە یەکێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پرسیاریان لێکرد دەربارەی هەڵوێستی ئەم بەرامبەر عومدەی نیۆرك کە نەیویستووە مێردەکەی وەك سەرۆکی پەرلەمانی میسر ببینێت، ئەویش هێرشی کردە سەری و دواتر وا وەسفی کرد وەك گولەیەك وابووە.

هەرچۆنێك بێت تامی زەڵاتە هەمیشە خۆشە، لەوەی دەیەوێت وەك بەرپرس قسە بکات دواتر ئاسان نییە لێی پەشیمان بێتەوە، پاش تەواو بوونی سەردانەکە بە هەموو تاڵی و شیرینییەکانیەوە، سادات لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەبەرنامەی سەردانەکە خۆی ونکرد، لەبەرئەوەی گوایە یاوەرەکەی جولەکە بووە، ئەمەش لەگەڵ هەڵوێستی نیشتمانی ساداتدا ناگونجێت، ئەمە جگە لەوەی لەو سەردەمەدا کەس نەیدەوێرا سێ ڕۆژ لەبەرنامەی

کاری دبلۆماسی دەرەوە خۆی ون بکات، ئەمە شیاو نییە ئەگەر دڵەڕاوکێی درووست نەکردایە، ئەو کات لە زیندالی جەنگی خۆی دەبینیەوە، جارێکیان مێردی کچی سەرۆك ناسر داوای سولفەیەکی لە سوعاد سەباحی شاعیری کوێتی کردبوو لە لەندەن، هەر ئەو ڕۆژە عەبدول ناسر بەو کارەی زانی، ئایا سێ ڕۆژی لەبیر دەکرد ئەگەر سادات لە میوانداری سی ئای ئەیدا بووایە.

بەهەرحاڵ سەردانەکە کۆتایی پێهات و سادات گەڕایەوە بۆ خاکی نیشتمان و خاتوو جیهانیشی لەگەڵدا بوو، جیهان لە دوای ئەم سەردانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات و دەنگی بەرەو بەرزربوونەوە دەچوو.

## بەرەو کورسی.. هەنگاوی یەکەم

نسکۆ ڕوویدا، ئەو ڕووداوانەشی بەداوی خۆیدا هێنای، گوتاری دەسەڵەکارکێشانەوە و خۆپیشاندان بۆ دەسەڵەکارنەکێشانەوە، کە خاتوو جیهان دەڵێت بەشداری تێکردووە، چالاکییەکانی لە مانگی سوور زیاد دەکات، بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ڕووداوەکەی عەبدولحەکیم عامرە، کە حەکیم نزیکترین کەس بووە لەناسرەوە، پەیوەندییەکەی لەگەڵی دوو لایەنە بووە، گومانی تێدا نییە ئەم دووانە ڕێزیان لەیەکتری گرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پاڵنەریشی بووە، بەڵام ئەنوەر سادات باوەشی گەرم بووە بۆ هەردووکیان، هەردووکیان دەچوون بۆ لای ئەنوەر سادات و شیکایەتی حاڵی خۆیان دەکرد و قسەیان بۆ دەکرد، ئەنوەر سادات سوودمەندی یەکەمی کیشمەکێشی نێوان ناسر و عامر بوو، جا ئەگەر مەبەستیشی نەبووبێت.

کاتێك نسکۆ ڕوویدا، حەکیم هەستی کرد ناسر دەیوێت هەموو قورساییەکە و دەرئەنجامەکان بخاتە ئەستۆی ئەم بەتەنها، خەڵك بەگیانی ناسر هوتافیان دەکێشا، بەمەش دڵنیا بوو کە لەلوتکەی دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، بەڵام لەوەی ڕوویدا دەبێت هەمووان لێی بەرپرسیار بن، لەمە بە دواوە نوکتە لەسەر حەکیم و شەوانی دەکرا، ناسر داوای لە حەکیم کرد لە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان دوور بکەوێتەوە، عامر بەم قسەیە شێت بوو، نەیدەویست

به تەنها ئەوەی ڕوویدابوو بخاتە ئەستۆی خۆی، ، دەستی کرد بەقسەی هەمەجۆر لەلای ئەوانەی لە دەوروبەری بوون، لێرەدا ڕۆڵی خاتوو جیهان دەردەکەوێت، بۆ یەکەم جار لە جیهانی سیاسەتدا دەنگی دەبیسرێت، خاتوو جیهان هات و کۆمەڵێك ئامۆژگاری بە موشیر عەبدولحەکیم دا کورتەی ئەو ئامۆژگاریانە ئەوە بوو کە لەم گەردەلولە دوور کەوێتەوە تا تێدەپەڕێت، هەر دەبێت یەکێك لەو مەسەلەیە بەرپرسیار بێت، قەیدیچییە ئەگەر ئەو ڕۆڵە وەربگرێت، دواتر خەڵك بیریان دەچێتەوە و مەسەلەکان خۆیان هێمن دەبنەوە و عەبدول ناسریش هێمن دەبێتەوە، ئەو کات دەتوانی سەرزەنشتی بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت.

گومانی تێدا نییە ئەم ڕێبازەی جیهان گرتیەبەر دواتر ئەنوەر سادات زۆر سوودی لێوەرگرت، کە بەتەنها ئەو لەگەڵ عەبول ناسر مایەوە و هەموو هاوڕێیانی شۆڕش لێی دوور کەوتنەوە.

بەهەرحاڵ کرۆکی ئامۆژگارییەکانی جیهانغان لا گرنگ نییە ئەوەندەی خودی جیهانغان بەلاوە گرنگە، لێرەوە هەنگاوەکانی بەرەو سیاسەت بەڕێکرد، ئەویش بەدەر لە باگراوندی ئەو سەردانەی بۆ ئەمەریکا کردیان لەو ساڵەدا، ئەو ڕستەیەی کە وتی وەك گوللە وابوو لەڕاگەیاندنی ئەمریکیدا.

چیرۆکی عەبدولحەکیم عامر تەواو نەبوو، بەڵام خاتوو جیهان هەنگاوێکی تری نا، پاش خۆکوشتنی موشیر عامر جەمال عەبدول ناسر داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد کەس لەگەڵ جەنازەکەی نەچێت، بەڵام خاتوو جیهان چوو و جلی ڕەشی لەبەرکرد و چوو بۆ شارەکەی موشیر، پاشان سەردانی ماڵەکەی لە قاهیرە کرد، لەوێ ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد بەسەری هات، منداڵەکانی بەرجوێنیان دا، ئەوان دەیانبینی باوکیان کوژراوە نەك خۆی کوشتبێت، منداڵەکانی هێرشیان کردە سەری و ئەویش بەبێدەنگی هاتە دواوە.

ئەمەش مانای وایە خاتوو جیهان یەکەم هەنگاوی پراکتیکی لە بواری سیاسەتدا نا، لەوانەیە گوێ بەوە نەدات کەچی دەکات، ئەو بەزمانی خۆی وتبووی نە من نە مێردەکەم بڕوامان نەدەکرد سەرۆکایەتی لەجەمال عەبدول ناسرەوە بۆ ئێمە بگوازرێتەوە (لێرەدا دەڵێت ئەمن وا قسە دەکات ئەو خۆی لە دەسەڵاتدا هاوبەش و بەشدار بێت).

خاتوو جیهان هەمیشە پشتگیری مێردەکەی دەکرد و لە کاروباری گشتیدا بەشداری

دەکرد و ئامۆژگاری دەدا، لەوانەیە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتبێت ببێتە ژنی سەرۆك کۆمار، بەڵام کێ دەزانێت؟، خاتوو جیهان پلەی بەرز بووەوە، خاوەنی ئەو دروشمە بوو هەرچەند دەسەڵات هاتە دەست وەریگرە بۆ خۆت، لە ڕاستیدا ئەو دوو دەستە زۆر لەوە زیاتر ڕۆیشت.

دەگەڕێینەوە بۆ پاش نسکۆ، ئەو هەموو فشارانەی لەسەر ناسر بوو، لەمەسەلەی ڕزگارکردنی زەوی و جەنگی تاقەت پڕوکێن و کۆنگرەکانی ترۆپکی عەرەبی و چەندەها شتی تر، ناسر ئەم کارەی بە نەخۆشی بەڕێدەکرد، ئەوانەی بەووردی تێبینیان دەکرد ئەمەیان دەزانی، ئەو دەیبردن بۆ ئەو شوێنەی کە نەگەڕێنەوە.

سەرۆك ناسر لە ماڵی ئەوان لە ناوچەی مەنشیەی گەورە نانی دەخوارد، بەڵام نانی ئێوارەی لە هەرەم دەخوارد کە ماڵی ساداتی لێبوو، دەڵێن سەرۆك لەبەرئەوە ئەم کارەی دەکرد تاکو بتوانێت ماوەی دوو کاتژمێر خۆی لەسەر ئێشە دوور بخاتەوە، لەبەرئەوەی سادات بەگفتوگۆی سیاسی سەری نەدەئێشاند (وەك هەیکەل لەکتێبی پایزی توڕەیدا دەیلێت و باس لەهەقیقەتی ڕۆڵی سادات لەدەولەتدا دەکات)، هەروەها دەڵێن خاتوو جیهان چەندەها خواردنی خۆشی پێشکەش سەرۆك دەکرد کە لەلایەن دکتۆرەکانەوە لێی قەدەغەکرابوو، دزەی دەکرد بۆ هەرەم تاکو خواردنی خۆش بخوات.

دەڵێن جەمال عەبدول ناسر لە ساداتدا توانای سیاسی گەورەی بەدیکردووە و خاوەنی کەسایەتیەکی مەزنە، لەبەرئەوە دەکرێت متمانەی پێبکەیت و لێینزیك ببیتەوە، زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیە وت بۆچی ناسر لە دوای نسکۆ ساداتی هەڵبژارد تاکو لێی نزیك بکەویتەوە.

لەوانەیە ئەوانەی هەموو باسکراون گریمانەی باش بن، بەڵام مەسەلەکە هەرچییەك بێت سێ هەقیقەتی جێگیر هەن: یەکەمیان عەبدول ناسر پاش نسکۆ زۆر لە سادات نزیك دەبێتەوە و ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، دووهەم ئەمیان جێگەی سەرسوڕمانەو پێویستی بەهەڵوێستە لەسەر کردن هەیە، بەڵام سێهەم کە لە هەمووی گرنگترە لەم ڕاستایەی ئێمەدا، خاتوو جیهان لەم قۆناغەدا دەستی کرد بەگەشەپێدانی کەسایەتی خۆی وەك کەسێکی سەرکردایەتی کارا.

بەر لەوەی بگەینە ٢٨/ سێپتەمبەری ١٩٧٠ کە ڕۆژێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ خاتوو جیهان و کاروانی سیاسی میسر، دەبێ ئەم چەند دیمەنە وەربگرین:

لە دیسەمبەری ١٩٦٩دا عەبدول ناسر بەرەو مەغریب بەڕێکەوت بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی، بەیانی بەر لەوەی سواری فڕۆکە بێت داوای لە سادات کرد بێت بۆ لای و لەگەڵ خۆی قورئانەکەی خۆشی بهێنێت، سادات لەم داواکارییە سەیرەی تێنەگەیشت، داواکارییەکەشی ئەوە بوو دەبێت ئەنوەر سادات سوێندی یاسایی بخوات و ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار، ئەم بڕیارەی جەمال عەبدول ناسر، بۆ هەمووان وەك کتوپڕی وابوو، تەنانەت بۆ محەمەد حەسەنێن هەیکەلیش، کە شانازی بەوەوە دەکرد ئاگای لە هەموو بڕیارەکانە، بەڵام وتی من ئاگام لەم بڕیارە نییە تا ئەو کاتەی سادات سوێندی یاسای خوارد.

ئەگەر پێشبینییەکان بۆ ئەوەی جەمال عەبدول ناسر سادات لەخۆی نزیك بکاتەوە یەك تۆز بێت ئەوا ئەم فەرمانەی زۆر زۆرە.

بەڵام ئەوەی لە هەموو پێشبینییەکاندا هاوبەشە ئەوەیە دەگەڕا بزانێت سادات هۆکاری شاراوەو نهێنی هەیە، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی ئێمە هۆکار و نهێنی ئەم کارە لای عەبدول ناسر خۆیەتی، ناسر زۆر لە خۆبایی بوو، لێرەدا مەبەستمان لە خۆبایی بەهرەدار و کاریزما و سەرۆکایەتییە، کە جۆرێکی تایبەت لە متمانە بەخۆ بوون بوو.

ناسر دڵنیا بوو لەوەی دەژی و تەمەنی درێژ دەبێت، ئەو ڕۆژە دەبینێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی عەرەب درووست دەکات، هەروەها ئەوە دەبینێت دەست بۆ جەماوەری عەرەبی بەرز دەکاتەوە و ئیسرائیل دەخاتە ناو دەریاوە.

بەڵام ئەگەر تەمەنیش ڕێگەی نەدا، ئەوا لەوە دڵنیایە کەچ ڕژێمێکی دامەزراندووە و ئە بنەمایانەی چاندوویەتی، ئەو بناغەیەی لە مێشکی خەڵکدا چاندوویەتی، کە باوەڕیان پێیەتی ٩٩,٩٩٪ خەڵك ئەمی دەوێت، نسکۆی ساڵی ١٩٦٧ ئەو بوونیادە جوانەی نەجوڵاند، ئەویش ئەوەیە دەبوایە جەماوەر داوای ملیان بکردایە، بەڵام ئەوەتا هاتوونەتە داوای مانەوەی دەکەن، کەواتە کێ دەوێرێت ئەو پەیکەری ئەم درووستیکردووە بڕوخێنێ

لێرەوە تێدەگەین سەرۆکی کۆچ کردوو بەلایەوە گرنگ نەبووە کێ دەسەڵات دەگر دەست، هەموویان لای ئەو وەك یەك بوون، جێگری سەرۆك کۆمار وەك ئەندام پەرلە وایە، وەك سەرۆکی هێزە چەکدارەکان وایە، هەموویان پیاوی ئەمن و جیاوازیان نیە

ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی عەبدول ناسر کاری دەکرد دەیزانی هیچ تەنها پۆستی عەبدول ناسر خۆی نەبێت، سامی شەرەف بەڕێوەبەری

هەر کەسێکی تر بوو، چەندێك گرنگ بوایە، لەبەر ئەوە ناسر جێگرەکانی بەم بیرکردنەوەیە دادەمزراند و دەیگۆڕین مەسەلی جێگر وەك یاداشتێك وابوو، جەمال ئەو کەسانەی بەو شێوەیە دەستیشان دەکرد، هەروەها ساداتیش تا دوائەندازە ملکەچی ناسر بوو، بێسنوور بۆی دڵسۆز بوو، تاکۆتا باوەڕی پێبوو.

ناسر هەر پۆستێکی بۆ دیاریکردایە ئەم بەو پەڕی خۆشیەوە وەریدەگرد، یەکەمجار وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆماری تا گەیشتە سەرۆکایەتی کۆماری، پاشان سەرۆکی کۆنگرەی ئیسلامی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئومە، لەبەرچی سادات نەبێتە جێگری سەرۆك کۆمار، ئەگەر دوای چەند ساڵێك شتێکی لێدەرکەوت پێچەوانەی ڕژێمەکەی بێت دەریدەکات.

بەڵام قەدەر دەرفەتی نەدا بەناسر، چەند مانگێکی نەبرد ناسر بۆ هەمیشە کۆچی دوایی کرد و میسری بۆ ئەنوەر سادات بەجێهێشت.

ئەگەرچی ئەو ماوەیەی سادات وەك جێگر کاری تێدا کرد زۆر کورت بوو، بەڵام پڕبوو لەڕووداو، لانی کەم بۆ خاتوو جیهان سادات، کە لە ئاهەنگێکدا بۆ شەرەفی ڕوودانی شۆڕشی لیبیدا دەبینین و لەگەڵ معەمەر قەزافیدایە، ناسر ئەوانەی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مابوونەوە بەخۆیی‌و ژنەکانیانەوە بردنی بۆ ئەوێ، دەبینین ژنەکەی قەزافی گلەیی لە مێردەکەی دەکات، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ مامی ئەمی زیندان کردووە، بە یەکێك لە ژنەکان دەڵێت لای ناسر واستەی بۆ بکەن تاکو بەریدات، دەبینین جیهان ئەم کارە دەکات و لەبەردەم هەمووندا داوا لەجەمال عەبدول ناسر دەکات بە قەزافی بڵێت خەزووری بەربدات، کەشەکە بۆ کەمێك تێکدەچێت، جەمال بزەیەك دەیگرێت و ڕستەیەکی نارۆشن دەڵێت، گوێ مەدەنێ جیهان دایکی ئینگلیزیە، کەس نازانێت مەبەست لەم ڕستەیە چییە، بەڵام مەسەلەکە بە ئاسایی تێدەپەڕێت.

جەمال عەبدول ناسر بۆ کارێکی پەلە دەچێت بۆ یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکان، پێشنیارە گرنگەکەی ڕۆجێر دەگاتە سەرۆکایەتی، سادات هەست دەکات ئەمە کاری ئەوە، یەکسەر پێشنیارەکە ڕەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی سادات وایدەبینی ناسر دژی ئەمریکایە و دژی هەموو شتێکە ئەمریکی بێت، لەبەرئەوە زۆر بەخێرایی پێشنیارەکە ڕەتدەکاتەوە، پێوایە ئەمە بگاتەوە بە جەمال پێی بڵێ نافەرین سادات دەستت خۆش بێت ئەنوەر، ئەو بڕیارێکی ڕاستی

وەرگرتبوو، کاتێک جەمال گەڕایەوە سادات کەوتبووە ناو تەنگژەیەک، سرۆک پێشنیارەکەی ڕۆجێر قبوڵ دەکات و سەرزەنشتی ئەم دەکات لەبەرلەوەی پەلەی لەڕەتکردنەوە کردووە.

جەماڵ عەبدول ناسر ئەوەندە لە قاهیرە نامێنێتەوە، بۆ چارەسەر دەچێتە مۆسکۆ، لەم کاتەدا ئەنوەر سادات ڕۆڵی سەرۆک بە تەواوەتی لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، خاتوو جیهان دەبینێت ئەو خانووەی ئەفەرم شایستەی جێگری سەرۆک کۆمار نییە، داوا لە سرۆکی کاتی دەکات بگوازنەوە بۆ خانوویەکی نوێ، بەهانەکەشی ئەوە بوو کە سەرۆک ناسر ڕۆژانە سەردانیان دەکات، دەبێت لە خانوویەکی گونجاودا بن (جەمال عەبدول ناسر خۆی لە خانوویەکی ئاسایدا لە ناوچەی مەنشیە کوبرادا دەژیا)، لە هەرەم ڤیلایەک هەڵدەبژێرن کەسێک خاوەنیەتی ناوی لیوا مەوجییە، لیوا بووە، بەڵام ئەو کارەی جێهێشتووە تاکو لە بزنسدا کار بکات، داوا لەو پیاوە دەکات ئەو ڤیلایەی پێبفرۆشێت.

لیوا مەوجی ئەمە ڕەتدەکاتەوە و جیهان تووڕە دەبێت، فشار دەخاتە سەر مێردەکەی شتێک بکات، ئەی لەو سەرۆک کۆمار نییە جا ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت، بەم شێوەیە سادات هەڵوێست دەنوێنێت و پیاوەکە دەخاتە ژێر چاودێرییەوە.

سەرۆک ناسر لە مۆسکۆ دەگەڕێتەوە، لە فڕۆکەخانە سامی شەرەف لە پێشوازیدایە، لەو کاتەدا شتێک بەگوێیدا دەچرپێنێت، سەرۆک زۆر لە هەڵسوکەوتی جێگر و ژنەکەی تووڕە دەبێت، داوا دەکات ئەو ڤیلایە بۆ خاوەنەکەی بگێڕنەوە، لە ماوەی چەند مانگێکی کورتدا ئەمجارەش ڕسوای دەکات، سادات نەخۆش دەکەوێت و لە ماڵەوە دەکەوێت، ڕووداوە سیاسیەکان تووند دەبنەوەو سەرۆک کاتی نییە بۆ ئەم قسە بچوک و بێمانایانە، لەو کاتەدا چارەسەری ئامادە هەبوو، بەهەمان مێتۆدی عەبدول ناسر گشتی و تایبەت تێکەڵاو دەکات، نازانێت لە کوێوە دەستپێبکات و لە کوێدا کۆتای بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە دواجار دیمەنەکە جوان دەردەچێت، چارەسەر ئەمجارە ئەوەیە سادات لە یەکێك لەو کۆشکانەی لە ژێر چاودێریدان جێگیر بێت و لەمەودوا ئەو کۆشکە بۆ هەموو ئەوانەیە کە دەبنە جێگری سەرۆک کۆمار!!!.

سادات بەم شێوەیە دەگوازێتەوە بۆ کۆشکە نوێیەکەی، بەڵام بەرلەوەی بەردێك بخەنە سەر بەردێك جەمال عەبدول ناسر دەمرێت.

لە ڕۆژی ٢٨ ی سێپتەمبەری ١٩٧٠ لەو کاتەی جەمال عەبدول ناسر خۆی بۆ ئێوارە

خوانێك ئاماده دەكات، وەك هەموو جارێك لە ماڵی سادات، بەڵام قەدەر دەرفەتی نەدا و ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژی ژیانی بوو، هەمووان لە خانووەكەی مەنشیە كوبرا بوون و جیهان چوو بۆ ئەوی بزانێت چی ڕوویداوە، ئەو كات جلێكی شینی لەبەردا دەبێت، بەڵام هەموو ئەوانەی تر ڕەشپۆش بوون، مێردەكەی پێی دەڵێت برۆ جلی ڕەش لەبەربكە و خێرا وەرەوە، پاش چەند ڕۆژێك میسر هەمووی لە ماتەمینیدا بوو، سەرخۆشیان لە یەكتر دەكرد، ئەوە تەنها جیهان بوو گوێی لە وشەی پیرۆز بێت بوو.

ئەو خۆی ددانی بەم قسەیەدا نا، خاتوونێك لەو دۆخەدا و بەگوێیدا بچرپێنن و پێی بڵێن پیرۆزت بێت.. ئەوە چ زەمەنێكە؟؟!!!.

## ژنی سەرۆك

چەند ڕۆژێك نابات سادات لەبەردەم پەیكەری عەبدول ناسردا چۆك دادەدات، پاشان دەچێتە سەر سەحنە و وتار بۆ خەڵك دەدات: بەهەمان ڕێبازی عەبدول ناسردا هاتم بۆ لاتان.

لەمە بەدواوە خاتوو جیهان بە تەواوەتی و بەڕاستی دەبێتە ژنی سەرۆك كۆمار، نەك بەشێوەیەكی كاتی.

بەڕاشكاوی سادات لە شوێنێكدا بوو كەس خۆزگەی پێناخوازێت، لەبەرئەوەی دوای عەبدول ناسر سەرۆكایەتی وەرگرت، ناسر بە تەنها سەرۆك نەبوو، بەڵكو ڕژێمێك بوو بۆ خۆی، بەڕای ئێمە ئەگەر ئەنوەر سادات مێردی جیهان نەبووایە مەسەلەكان بەم شێوەیە كۆتایی نەدەهات، لەوانەیە باشتر یان خراپتر بووایە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر جیاوازتر دەبوو.

خاڵێكی تر هەیە نابێت لە بیری بكەین، پرسیارێك فەرامۆش ناكرێت، پەیوەستە بە پیاوەكانی جەمال عەبدول ناسر كە هەریەكەیان لە سەنتەرێكی هێزدا بوون و خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیان بوون، وەك عەلی سەبری و تا دەگاتە سامی شەرەف، ئەمانە چۆن ڕازی بوون سادات بچێتە سەر كورسی دەسەڵات، ئەوان وەك سەرۆكێك هەرگیز پێی قایل نەبوون، ئایا دوای چەند مانگێك كودەتای بەسەردا دەكەن؟.

ئەمە ئەو پرسیارە بەدیهییە كەم كەس ئاوڕی لێداوەتەوە، بەڵام وەك دەڵێن سادات وەك

رووكەش ئاشتیخوازانە دەردەكەویت، ئەوان وایاندەزانی دەبێتە لەیستۆكێك بەدەستیانەوە و ولاّت بەپێی ئەمان بەرێوە دەبەن، ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەم بۆچوونە بەجدی وەربگرین، لەبەرئەوەی سادات بەلاوازی نیشان دەدات‌و ناتوانێت بە یەك وشە بەرەنگاری ئەمانە بێتەوە، ، بەلاّم واقع دەلێت دەسەلاّت لە میسردا بەتایبەتی پاش ١٩٦٧ كە جەمال عەبدول ناسر لەسەر حكوم بوو هیچ لە ئێستا جیاوازتر نییە، هەموویان فەرمانی عەبدول ناسریان جێبەجێ دەكرد و كەس نەیدەتوانی بەرەنگاری بێتەوە، لەوانیە سادات لە ملكەچیدا زیادەڕۆیی كردبێت، بەلاّم دواتر ئەمیش وەك ئەو مایەوە.

هەندێك تێروانینیان وایە كە گروپی مایۆ ( سەنتەرەكانی هێز و پیاوانی عەبدول ناسر) لەسەر سادات ڕەزامەندییان دەربڕیبوو، لەبەرئەوەی لەسەر نەخشەی جەمال دەڕوات بەرێوە و لەسەر بیروڕای ئەو ماوەتەوە، ئەو كاتەی ویستیان كودەتای بەسەردا بكەن، بەریەكەوتن ڕوویدا، كە چركەساتی سالّی ١٩٧١ بووە ساتی بەریەكەوتن و پێكدادان، لەوانەیە تا ئۆكتۆبەری ١٩٧٣ درێژەی كێشابێت، وتەكانی سادات لە وتارەكانیدا تەواو ناسریانە بوو كەس نەبوو هێندەی ئەو ناسری بێت، بەلكو لە وتارەكانیدا كاتێك باسی جەمال عەبدول ناسری دەكرد زیادەڕۆیی دەكرد، هەمیشە جەختی لە بیركردنەوەی ناسری دەكردەوە و باسی لە هێلّە سوورەكانی بیری ناسری دەكرد، لەوانەیە هەر ئەم مەسەلەیە بێت هەیكەل بە تەواوەتی پشگیری لە سادات بكات، هەیكەل لە ئەنوەر ساداتدا پارێزەری یەكەمی نەخشەی ناسری دەبینی، بە پشگیری ئەمیش دەتوانێت خۆی لە دێوەزمەی حوكمڕانی بپارێزێت، لەبەرئەوەی هەیكەل ئەندازیاری ناسری یەكەم بووە.

تاكو زۆر درێژە بەلێكدانەوە سیاسیەكان نەدەین، دەلّێین پیاوانی عەبدول ناسر سیستمێكی سیاسی بیرۆكراتی و ڕۆتینی سەربازیی كۆنیان بەمیرات وەرگرت، لەبەرئەوە وەرگرتنی دەسەلاّت لەلایەن ساداتەوە بۆ پاراستنی ئەو سیستمە بوو، كە ئەو جێگری یەكەمی بوو، هەر كەسێكی تر جێگری یەكەمی بووایە ئەو ئەبوو بەسەرۆك كۆمار بێ هیچ گفتوگۆیەك دادەنرا.

هەروەها عەبدول ناسر متمانەیەكی گەورەی بەو سیستمە هەبوو كەدایڕشت، ئەم متمانەیە بۆ پیاوەكانی گواسترایەوە، لەبەرئەوە بڕوایان وابوو كەس ناتوانێت دەستكاری ئەم سیستمە بكات ئەگەر یەك تۆزیش بێت.

كاتێك سیمای ئەم دەسەلاّتە كەوتە لەرزین، حالّەتی خۆپارێزی و خۆبردنە پێشەوە بوو

هۆی سەرهەڵدانی ئەم کێشمەکێشە، ئەگەر محەمەد حەسەنێن هەیکەل و جیهان سادات لە
نزیك ئەنوەر ساداتەوە نەبوونایە، ئەوا ئەو دەیتوانی ئەو سیستەمە بپارێزێت و حوکمڕانی خۆی
بێکات، بەڵکو موبارەکە و پیرۆزبایی هەموو پیاوەکانی جەمال عەبدول ناسری بەدەستدەهێنا،
جا ئەگەر بڕیارێکیشی وەرگرتایە دژی میتۆدی شۆڕش بووایە، بەڵام ئەم بابەتە درێژە
دەکێشێت.
بابگەڕێنەوە بۆ خاتوو جیهان، لە یەکەم ساتەوە بڕیاری دا هاوبەشی دەسەڵات بێت، بە
پێچەوانەی ژنەکەی جەمال عەبدول ناسرەوە، هەمووی ماوەی چەند مانگێکی نەبرد لە
ئاهەنگە فەرمییەکاندا لەگەڵ مێردەکەی بەشداری دەکرد، دەبووە بابەت و هەواڵی
ڕۆژنامەکان بۆ ڕۆژی دواتر، لەوێدا خاتوو جیهان دەرنەکەوت بەڵکو تەنها دەستی
دەرکەوت، وەك ئەوەی بە ئەنقەست نەیانویستبێت دەریبخەن.
پیاوانی جەمال عەبدول ناسر بەخۆبەخۆیی ئەمەیان کرد، وەك ئەو سیستەمەی پێشتر هەبوو،
بەڵام ئەم ئەو هەڵسوکەوتەی قبوڵ نەکرد، لەگەڵ فەوزی عەبدولحافز سکرتێرەکەی سادات
قسەی کرد، تاکو دواساتی ژیانی سادات هەر لەگەڵیدا بوو، ئەویش بووە قوربانی ڕووداوی
مەنەسە سەربازییەکە، قسەی لەسەر ئەو وێنەیە کرد کە ئەمیان تێدا پەڕاندووە.
ئەوەندەی نەبرد بانگی سامی شەرەفی کرد سکرتێری زانیاری بوو تاکو بێت و چاوی پێی
بکەوێت، ئەو لەوە دڵنیا بوو تەلەفۆنەکەی چاودێری لەسەرە و سامی شەرەف گوێ لە
تەلەفۆنەکانی دەگرێت، عەبدولحافزی بانگکرد و باسی ئەوەی لەگەڵ کرد کە تەلەفۆنەکە
سانسۆری لەسەرە، پاشان سامی شەرەفی بانگکرد و باسی ڕۆژنامەکەی لەگەڵ کرد، ئەوەی
ڕاستەوخۆ پێوت کە سەرۆکێك هەیە و بڕیار دەدات و ژنێکی هەیە بەشداری دەسەڵاتی
لەگەڵدا دەکات و ئەوەی بیر نەچێت ڕژێم گۆڕاوە.
ئەم ڕووداوە لەوانەیە سادە بێت، لەوانەیە چەندین ڕووداوی لەم شێوەیە هەبێت و لێرە
بواری گێڕانەوەی نەبێت، ، بەڵام بەدڵنیای هاوکێشەی دەسەڵات بەهاتنە ناوەوەی جیهان
گۆڕانکاری بەسەردا هات، پێکدادانی خێراتر کرد بۆ ١٥ مایۆی ١٩٧١.

# دانپێدانانی خاتوونی یەکەم

وەرن باپێکەوە چەند دێڕێك لە یاداشتەکانی خاتوو جیهان پێکەوە وەربگرین، دەربارەی قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی ساداتە، لەگەڵ ڕۆڵی ئەم ژنە لە هەڵگێڕانەوەی کیانی نەخشەی دەسەڵات لە میسردا، خاتوو جیهان دەڵێت:

ڕۆڵی من لە ڕۆڵی ژنەکەی جەمال عەبدول ناسر جیاوازتر بوو یان ئەوانەی پێشتر، منیش هەمان پرسیارم لە خۆم کرد، لەو کاتەی دنیا هێور دەبووەوە و سادات حوکمی گرتە دەستەوە بەر لە ١٥ مایۆ وتم: ڕۆڵی من چییە؟، ئایا وەك ژنی سەرۆك کۆمارێك دانیشم و بەتەنها بەشداری ئاهەنگەکان بکەم، بچمە فڕۆکەخانە و چاوم بەژنی سەرۆکەکان بکەوێت، یان بچم شریتێك ببڕم و تەواو، واتە تەنها لە هەندێك مەسەلەی فەرمی و تەشریفاتیدا بێنمەوەو، ئایا ئەمە ڕۆڵی تۆیە جیهان؟ من لەو کاتەی قسەم لەگەڵ خۆم دەکرد جیهانەکەی ناوم دەیووت نەخێر، یان ئەوەتا دەبێت ڕۆڵێکت هەبێت و بیکەیتە نەریت بۆ ژنی سەرۆك کۆمارەکانی تر و لە بەرژەوەندی نیشتمان کارێك بکەیت، یان ئەوەتا لە ماڵەوە دانیشە ئەمەیان لای من قبولکراو نەبوو، بۆ من ئاسان بوو لە ماڵەوە دانیشم و ئاگام لە تەندروستی خۆم بێت و لە ئاهەنگەکان بەشدار بم و لە شتە سوك و ئاسانەکاندا ڕۆڵم هەبێت و لە ژیانمدا بەختەوەر بم، بەڵام من ڕێگای سەختم هەڵبژارد، ئەویش ئەوەیە دابەزم بۆ لای گەڵ و بچم بۆ لای بنکەی جەماوەریی، یەکەم کارێك کردم کاری کۆمەڵایەتی بوو، ئەویش کۆمەڵەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بوو لە مەنوفیەو لەگوند، بەخۆم وت، من دەمەوێت ڕۆڵێکم هەبێت، واتە من لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد، من وەك ژنی سەرۆك کۆمار نەمدەویست بە لە خۆبایبوونەوە دانیشم و هیچ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیم نەبێت، من ئەم ڕۆڵەم هەر لە ساڵی ١٩٧٣وە دەست پێکرد، لەو کاتەوەی بووم بە ژنی سەرۆك کۆمار چیم لێ بەسەرهات، تەنها وێنەیەك بم و خاتوونێك بم کار بکەم، وتم نەخێر دەبێت ئەو ڕۆڵەی هەتە تەواوی بکەیت، بە پێچەوانەوە دەبێت کاری کۆمەڵایەتیت فراوانتر بکەیت.

دەستی لەو ڕاپۆرتانە وەردەدات کە دەهات بۆ مێردەکەی و دەیخوێندەوە.

لەو ڕاپۆرتانە نزیک نەدەکەوتمەوە کە لە سەرۆکەوە دەهاتن، هەرگیزیش دەستم تێوەرنەدەدا، ئەو ڕاپۆرتانە بە کورتکراوەیی لە ئەمنی ناوخۆ و دەرەوە و سیاسەت و ئابووریەوە دەهاتن، ئەمانەش پەیوەندیان بە منەوە نەبوو، حەزم نەدەکرد بزانم چی تێدایە، هەموو ئەوانەی سادات ڕەتی دەکردەوە بیخوێنێتەوە و دەیوت ئەمانە هەمووی کات کوشتنە، بەڵام لەلایەنی ئابووریەوە دەموت دەبێت بیانخوێنیتەوە و بزانیت چی تێدایە و بۆ سیاسەتی دەرەوە پێویستن‌و ئەوانەی خەتیان بەژێردا دەهێنیت بیدەرەوە ئەو کەسەی لێی بەرپرسە تا بەدواداچوونی بۆ بکات،

لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی ئەم ئاگایی لە بارەیەوەداوە بە سادات بوو هۆی پێکدادانی نێوان گروپی مایۆ و دەڵێت:

پێیان ڕاگەیاندم ماڵەکەتان چاودێری لە سەرە، ئەم شتە من ئاشکرام کرد کاتێک سادات دەسەڵاتی سەرۆکایەتی وەرگرت لە کۆشکی عابدین ئاهەنگێکی گێڕا، دوای ئەو ڕۆژە کە وێنەکەی سادات لە ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە و منیش تەنها دەستم دیار بوو، لەبەرئەوەی وێنەی منیان بڵاو نەکردەوە، من لەگەڵ فەوزی عەبدولحافز قسەم کرد ئەویش سکرتێری تایبەتی سەرۆک بوو، پێم وت: فەوزی بۆ وێنەی من بڵاو ناکەنەوە؟ کێ نەیهێشتووە بڵاو بکرێتەوە؟ پێویستە بۆ بڵاونەکردنەوەی مۆڵەت وەربگرن، لەبەرئەوەی من لەوێ بووم ئەگەر لەوێ نەبوومایە گرفتێک نەبوو، وێنەی ژنەکەی عەبدول ناسر بڵاو نەدەکرایەوە، لەبەرئەوەی نەدەچووە ئاهەنگەکانەوە، بەڵام من لەوێ بووم لەگەڵ هەموو ژنی باڵوێزەکان، جا ئەگەر عەرەب یان بیانی بن، ئەی ڕۆژی دواتر چۆن وێنەی ئەنوەر سادات بڵاو دەکەنەوە و وەک ئەوەی من نەبووبێتم، لەبەرچی چووم، ئەگەر من لەوێ ئامادەبوونم نیە ئاساییە وێنەم بڵاو نەکەنەوە بەڵام ئەگەر چووم پێویستە وێنەکەم بڵاو بکەنەوە، کێ بڕیارەی دەرکردووە، سامی شەرەف نیە هێشتا بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکە یان هەر کەسێکی تر بڕیاری ئەنوەر سادات دەردەکات، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە منەوە هەیە دەبێت ڕای منی لەسەر وەربگیرێت، ، فەوزی عەبدولحافز وتی سامی شەرەف دەیەوێت بۆ ماوەی ١٠ دەقە بەڕێزتان ببینێت، پێم وت کەواتە تەلەفۆنەکەم سانسۆری لەسەرە ئەویش وتی چۆن ئەزانی، تۆ پێتووە من قسەی لەو بابەتەم لەگەڵ کردووی، وتی نەخێر، کەواتە ئەو گوێی لە هەموو قسەکانمان بووە، بۆیە داوای چاوپێکەوتنی لێکردووم تاکو مەسەلەکەم بۆ ڕوون بکاتەوە، فەوزی

بێدەنگ بوو و هیچی نەوت، سامی شەرەف هات و لە نووسینگەکەم چاوم پێکەوت، بۆ سەرۆك لەبەرچی کاری وا دەکەیت و بۆ ئێمە ناگەڕێیتەوە، ، ئێمە خاوەن مەسەلەکەین، گەڕاویتەوە؟، هاتی بۆ لای من؟، سەرۆك فەرمانی پێکردیت و وتی نابێت وێنەی جیهان بلاو بکرێتەوە، ئێستا لەبەردەم خەلکدا وێنەم چی لێدێت، چیم پێدەلێن، لەی لەبەرچی من لەگەل مێردەکەم لەوێ ئامادە بووم، ئەگەر ژنی سەرۆکی پێشوو لەم شتانەدا بەشداری نەکات لەمیان شتێکی ترە.. بەلام من بەشداری دەکەم، وتی لەبەرئەوەی ئێمە سەربازمان لەبەرەی جەنگ هەیە وتم نەکا.... پێم وت چی؟ من سەری تۆو ولاتەکەش بەرز دەکەمەوە، لەبەرئەوەی ژنی سەرۆك کۆمارم ئەمەش شتێك نیە بشاردرێتەوە و شەرمی لێبکرێت، وتی کەواتە وێنەکەت لە گۆڤارەکان بلاو دەکەینەوە، منیش وتم ئەگەر لە ڕۆژنامەکان بلاو نەبێتەوە بۆ لە گۆڤارەکان بلاو بێتەوە، بێزەحمەت هەرچیەك پەیوەندی بە منەوە بوو ئەوا یان بۆ سەرۆك یان بۆ خۆم دەگەڕێیتەوە، لەبەرئەوەی من خاوەن مەسەلەکەم، وتی بەلێ و ڕۆیشت.

ڕووداوێکی تر خاتوو جیهان دەیگێڕێتەوە، ئەویش لە هەمان بواردایە، دەلێت: حیکمەت ئەبو زەید وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی، ئەو تاکە ژنێك بوو وەزیر بوو، بانگی کردم بۆ ئاهەنگێکی پێشوازیکردن، ئێوارە خوانێکی جوان بوو، پاش چەند ڕۆژێك لەو ئاهەنگە پەیوەندی پێوە کردم، هەموو گیانم کەوتە لەرزین، وتی من بەرقیەکەم بۆ ئێوە کردووە پرسیومە کە ئێوە هیچ نامەیەکتان هەیە تا بیگەیێنێتە کۆبەندی ژنان لە خەرتووم؟، منیش وتم بەرقیە، من هیچ بەرقیەکم پێنەگەیشتووە، ئەوەندەی ئەبرد زانیم وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی ئەو بەرقییەی شاردۆتەوە، تاکو ئەوەم لێ قەدەغە بکات چالاکیم هەبێت، نامەیەك ئەنێرم بۆ ژنانی سودان و لێیان نزیك نەکەومەوە، زۆر توڕە بووم، یەکسەر ناردم بەدوای سامی شەرەفی وەزیردا، وتی من هیچ بەرقیەکم پێنەگەیشتووە، تائەو کاتەی لەوە دلنیا نەبوو کە من زۆر سوورم لەسەر وەرگرتنی ئەو بەرقیەیە، بەرقیەکەی نەهێنا، لێرەوە تێگەیشتم دەبێت لەگەل دوژمنەکانی سادات بکەومە جەنگەوەو هەموویان دەسەلاتیان هەبوو، وەك ناسرییەکان ڕایان وابوو ژنی چاك ئەوەیە لە مالەکەی خۆی دەمێنێتەوە و هیچ چالاکیەك ئەنجام نادات، بەلام من بەوە ڕازی نەبووم، ئەگەرچی زەمەنێکی زۆرە میسرییەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون ژنەکانیان وەك بەشێك لەمولکەکانیان مامەلەی لەگەل بکەن، وەك مرۆڤێکی

کراوە.

پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان من و وەزیری خوێندندا نەبوو، تەنها لە ناو کۆبوونەوەکاندا یەکترمان دەبینی یان شتێك پەیوەندی بەخوێندکارانەوە هەبێت، لە ڕاستیدا وەزیری خوێندن خۆی دەهات بۆ لام، من پەیوەندیم پێوە نەدەکرد، نووسینگەکەم زۆرجار پێیان دەوت کۆبوونەوەی هەیە، ئەویش ئەندامی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، هەرگیز سەرۆکی ئەنجومەنی گەل یان سەرۆك وەزیران لەگەڵماندا ئامادە نەدەبوون، تەنها وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵەکان سەر بەوەزارەتەکەی ئەو بوون، وەزیری خوێندن لەبەرئەوە ئامادە دەبوو من کۆمەڵەیەکم درووست کردبوو تاکو هاوکاری خوێندکاران بکات کتێب بکڕن، بۆ زۆر شت ئاسانکاریان بۆ بکات.

دەڵێن من دەستم لەزۆر شت وەردەدا، بەڵام لە ڕاستیدا من دەستم لە هیچ وەرنەداوە تەنها یاسای باری کەسێتی نەبێت و نکوڵیش لەوە ناکەم، من پاڵم بە یاسای باری کەسێتیەوە دەنا، ئەگەرچی جگە لە من لیژنەی موفتی دیاری میسری و شێخی ئەزهەر و ژمارەیەك زانای ئاینی و یاسایی و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هەبوون، ئەمانە هیچیان لە شەریعەتی ئیسلام لایان نەدەدا، منیش موسڵمانم و ئاینەکەم خۆش دەوێت، هەروەها سادات ڕێگەی نەدا کەس لە ئامۆژگاریەکانی ئاینی ئیسلام لابدات و ئەویش پیاوێکی دیندار بوو، هەموو ئەوەی من داوام کرد ئەوە بوو دەبێت پیاو لەو کاتەی ژنی دووەم دەهێنێت دەبێت پرس بە ژنی یەکەمی بکات، ئەگەر ڕزای بوو، ئەوا دەتوانێت ئەگەرنا ئەوە بۆی نییە ئەو کارە بکات، ئەمەش لە ئیسلامدا هاتووەو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نییە، هەر بەدوای ئەو یاسایەوە بووم تاکو لە ڕۆژی ٢ یۆلیۆی ١٩٧٩ دەنگی لەسەردرا، هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی ناراستەی هیچ وەزیرێکم کردبێت، لەبەرئەوەی سادات پیاوێکی جوتیار بوو، پیاوێك بوو ماڵەکەی پڕ دەکردەوە و منیش ڕێزم لەم کارەی دەگرت و حسابم بۆ ئەو زۆر دەکرد، هەرگیز دەستم نەدەخستە کارو بارەکانیەوە، ئەگەر شتێك هەبووایە فەوزی عەبدولحافز نەیتوانیایە بیکات من یارمەتیم دەدا، دەبێت گوێ لەمە و تەماشای ئەمە بکەین و بگرین، زۆر دەگمەن ڕوویداوە شتێك ڕووبدات و من قسەی تێدا بکەم، هەندێکجار سکرتێرەکەی تەلەفۆنی دەکرد پێم دەوت ئەو نووستووە، ئەویش دەیوت ئەگەر لە خەو بە ئاگاهات باپەیوەندیم پێوە بکات، مەبەستم ئەوەیە هەندێك کاری سادە کە ژنێك بیکات، بەڵام خۆی

هەموو شتێکی پێدەوتم و منیش سەرقاڵی کاری کۆمەڵایەتی بووم کاتم نەبوو ئەو ڕاپۆرت و شتانە بخوێنمەوە و گوێ لەو قسانە بگرم، بەڵام مێردەکەم هەمیشە لەوێ بووە و ئەو دەزانێت چی دەکات و کەی دەیکات، پێویستی بە جیهان سادات نییە لەگەڵیدا بێت، وشەی یاسای جیهان کە لە یاسای باری کەسێتی نرا وەك وشەی خاتوونی یەکەم وابوو کە خۆم ئەو ناوەم داهێنا، بەو سیفەتەی من ژنی سەرۆك کۆمارم، ئەوا مانای وایە من ئەو ناوەم نەسەپاندووە، لەبەرئەوەی من بەڕاستی و بە شەرعی ژنی سەرۆکم، وەك ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژنامەکان دەنووسن من چی دەکەم و چ پەیوەندییەکم بە سەرۆکەوە هەیە؟.

پاشان خاتوو جیهان وەسفی ڕۆڵی خۆی دەکات چۆن بووەو چۆن خۆی دەبینێت:

پاش جەنگی ئۆکتۆبەر خۆم لە کاری کۆمەڵایەتییدا نوقم کرد، پلە بە پلە بووم بەسەرۆکی سی ڕێکخراو و کۆمەڵە، سەرۆکایەتی مانگی سوری میسریم وەرگرت و هەروەها کۆمەڵەی بانکی خوێن، هەروەها سەرۆکی فەخری ئەنجومەنی باڵای ڕێکخستنی خێزان بووم، هەروەها سەرۆکایەتی کۆمەڵەی میسری بۆ نەخۆشی شێرپەنجەم وەرگرت، هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی ئاسەواری میسری، کۆمەڵەی زانستی بۆ پاراستنی ژینگە، کۆمەڵەی خزمەتگوزاری بۆ زانکۆ و خوێندنی باڵا، هەموو جار بە ئەنوەرم دەوت ئایا لۆژیکی نییە خوێندنی خۆڕایی زانکۆ هەبێت، خوێندکاران ناتوانن کتێب بکڕن و جل وبەرگ بۆ خۆیان فەراهەم بکەن، هەندێکجار مێردەکەم سەبری دەبڕا لە دەست ئەو هەموو داواکارییەی من هەمبوو، دەیویست خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بکاتە یاسا بۆ پاراستنی خێزان، لە ناکاو دەیوت جیهان فشارم بۆ مەهێنە، خوا بە گەورەیی خۆی کەونی لە شەش ڕۆژدا درووستکرد، تۆ دەتەوێت بە یەك ڕۆژ هەموو دنیا بەمن بگۆڕیت، سەبرت هەبێت.

قسە لەسەر بواری گشتی دەکات و هەروەها دەربارەی ڕۆڵی ژنان لەناو کۆمەڵگادا و دەڵێت:

ئێمە نیوەی کۆمەڵین، بۆ دەبێت تەنها ١٠ نوێنەرمان لە ئەنجومەنی گەل هەبێت، من بڕوام وابوو دەبێت ژمارەی ژنەکان زیاد بکات و شانبەشانی پیاو کار بکەن، ئێمە نیوەی کۆمەڵگا نین لەبەرچی دەرفەتی تەواومان پێنادرێت، دەرفەت بەژنان بدرێت تا چارەسەری کێشەکانی بکات و ڕای خۆی دەرببڕێت، ئەنجومەن ئەندازیار و دکتۆری تێدا بوو، ژنانی ڕۆشنبیری تێدا بوو و دەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان ببینن، هەروەها لە ئەنجومەنە لۆکاڵییەکانیشدا

کەسانی بەتوانا هەبوون، لەنێویاندا ژنانی کرێکار و سستەر و جوتیاریشی تێدا بوو، من لەو کاتانەدا وەك سەرۆکی ئەنجومەنەکە زۆر شادمان دەبووم ژنێك دەستی بەرز دەکردەوە و باسی لە کێشەی خۆی دەکرد، گرفت زۆر بوو ژنان دەیانتوانی چارەسەری بکەن نەك لەبەرئەوەی دەیانتوانی تەنها چەپڵە لێدەن، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕۆڵیان هەبوو.

بەم شێوەیە خاتوو جیهان گەیشتە ترۆپکی کاری کۆمەڵایەتی، تەنانەت هەندێکجار کاتی نەبوو چاوی بە سەرۆك بکەوێت، بەڵکو لە جوڵەو چالاکیەکانی بە نامە ئاگاداری دەکردەوە، لەبەرئەوە ئاسایی بوو نامەیەکی ژنەکەی بینیایە تاکو بیزانیایە لە ئیشێکی کۆمەڵایەتییە.

ئەنوەر تکایە لە وتارەکەتدا باس لە ئەنجومەنی ڕێکخستنی خێزان بکە، ئەمڕۆ بوارت هەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕانی بواری شێرپەنجەدا بکەیت، ئێستا بۆ کۆنگریەك لە میسرن، دڵنیات دەکەمەوە ئەوەی تۆ بیڵێیت تەنها یەك سڵاوە.

## ناکۆکیەکەی لەگەڵ سومە

ئەنوەر داوای لێبووردن دەکەم ئەم ئێوارەیە ناتوانی بێمەوە بۆ نانخواردن، ئەمڕۆ شاندێك لە سودانەوە هاتووە و دەبێت چاوم پێیان بکەوێت، حەزم دەکرد لەوێ بوومایە. ڕووداوی زۆر گرنگ لە ژیانی جیهان ساداتدا هەیە بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمڕانی ئەواندا، بەتایبەتی پەیوەندی جیهان بە ئوم کەلسومەوە، نازناوی کەوکەبی شەرق بریتی بوو لە سومە، ساداتی باش دەناسی، بەر لەوەی بە عەبدول ناسر بگات، ساداتی ناسی، بە ئەبو ئەنوار بانگی دەکرد، ئوم کەلسوم ڕۆڵی لە ژیانی خێزانی عەبدول ناسردا هەبووە، منداڵەکانی عەبدول ناسر تاکو ئێستا بە تەنتە سومە بانگی دەکەن، لەبەرئەوەی زۆر لە کۆشکی سەرۆکایەتییەوە نزیك بوو، کاتێك سادات دەسەڵاتی گرتە دەست وەك هەمووان گرووپی مایۆ چاوەڕێیان دەکرد کارەکان وەك خۆی دەڕوات بەرێوە، خاتو کەلسوم ڕۆژێك بەناوی ئەبو ئەنوارەوە بانگی کرد، بەڵام جیهان بە تێبینییەوە پێی وت ئەو ناوی سەرۆکە، بەم شێوەیە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، جیهان تەنانەت لە پرۆژە خێرخوازیەکانیشیدا هەر بەدوایەوە بوو، تەنانەت دوای مردنیشی هەر وازی

ێنا، کەسێکی تری کردە جێگرەوەی بەناوی یاسمەین خەیامەوە، کردیە کەوکەبێکی
نی نوێ، جیهان ئەوەندەی دەسەڵات هەبوو بەدوای هەموو بەرژەوەندییەکانی سومە
ێت، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر دڵی مرۆڤەکاندا نەبوو، لەبەرئەوە ئەو گۆرانیبێژە هاندراوە
رانی بچوکترین بەشی عەرشی کەلسوم داگیر بکات.

دەبێت چیرۆکەکەی خاتوو جیهانیش بخوێنینەوە دەربارەی ئەم ناکۆکییە دەڵێت:
هیچ ناکۆکیەك لە نێوان من و ئوم کەلسومدا ڕوونەدا، کەلسوم پارەی بۆ پاڵپشتی
نگ کۆدەکردەوە، دەچوو بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات گۆرانی دەوت و بۆ پاڵپشتی جەنگ
ەی کۆدەکردەوە، پرۆژەکەی ئەوە بووە کچان فێری بەرگدوورین بکات و ئەویش لە ناو
اروباری کۆمەڵایەتییەدا تۆمارکرابوو لە ساڵی ١٩٧٣، بەڵام پرۆژەکەی من بریتی بوو لە
رۆژەی ئومێد و وەفا ساڵی ١٩٧٢ تۆمارکرابوو، ئیدی کێ پرۆژەی لەویتر بردووە؟ من
رۆکەکەم لە کەس نەبردووە..خۆزگە شەست هەزار ژنی وەك ئوم کەلسوم هەبووایە و
کاریان لە پرۆژەی خێرخوازیدا بکردایە، ئەمە شادمانی دەکردم و وایدەکرد زۆر شانازی بەو
ژانانەوە بکەم هەوڵیان دەدا ئاستی نەخۆشەکان بەرز بکەنەوە یان هاوکاری کەمئەندام بکەن
یان دەستگیرۆیی هەژاران بکەن.

ئەگەرچی خاتور جیهان دەیەوێت ناکۆکیەکە بخاتە ناو چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکەوە،
بەڵام زۆر مەسەلە هەن گەواهی زۆر شتی تر دەدەن.

## دکتۆرا لەسەر تەلەفزیۆن بەڕاستەوخۆیی

ئەمیان چیرۆکێکی تری جێی گفتوگۆ و قسەکردنە، خاتو جیهان لە ئەدەبی عەربیدا
بروانامەی دکتۆرای هێنا، ئەمە بووە جێگەی نارەزایەتی زۆرێك لە مامۆستایان و پسپۆڕانی
زانکۆ، هەندێکیان لەسەر ئەم مەسەلەیە سزا دران و لە ئەرکی مامۆستایی دوور خرانەوە و
ئەرکی ئیدارییان پێسپێردرا، لەوانە دکتۆر عەبدولمحسن تەها بەدر، بەڵام لە کۆتایدا
بروانامەکەی لە ژێر چاودێری دکتۆر تەها وادیدا هێنا، ئەگەرچی جیهان لە سەرتای ژیانی
نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا زانکۆی تەواو کرد و دواتر ماجستەری

له ئەدەبی عەرەبیدا هێنا و دواتر دکتۆراکەی وەرگت، لە ڕووداوێکی بێوێنەدا نامەی دکتۆراکەی ڕاستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆنەوە پەخشکرا، بۆ ئەوەی نەڵێن لەبەرئەوەی ژنی سەرۆکە ئەم بڕوانامەی پێبەخشراوە، ئەوە بە توانای خۆی ئەو بڕوانامەیەی بەدەست هێناوە.

## مشتومڕی زیاتر

مەحمود جامع دکتۆری تایبەتی سادات بوو، زۆر لێوەی نزیك بوو، پاش مردنی سادات زۆری دەربارەی سادات نووسی، لە درێژەی یاداشتەکانیدا لەسەر کۆشکی دەسەڵات، دکتۆر مەحمود جامع گەواهییەك دەدات و پەیوەندی بە خاتوو جیهانەوە هەیە، با بیخوێنینەوە و بەوردی تەماشای ڕستەکانی بکەین، ئەگەرچی من ناتوانم ئەم یاداشتانە ڕەتبکەمەوە، بەڵام هەندێکجار زیادەڕۆیی تێدایە، دەڵێت سادات کۆمەڵێك ڕاوێژکاری هەبووە، بەڵام دواجار هەر ڕاکەی خۆی جێبەجێدەکرد، ڕۆڵی جیهان لە ژیانی سیاسی ئەمدا زۆر نەبوو، تەنانەت ژیانیان وەك ژن و مێردێك لە ماڵێکدا شتێکی ئەوتۆ نەبووە، ئەو هەمیشە لە خانووەکەی جیزە پشووی دەدا لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك دەچوو بۆ لای ئەویش لەو کاتەی سادات هێشتا جێگر بوو، هەستم دەکرد لە یەکتری دوور کەوتوونەتەوە، لەو کاتەی بوو بە سەرۆك سیخوری بەسەرەوە دەکرد، لەو کاتەی لە خانووکەی جیزە سەردانم دەکرد، دەمبینی زوو زوو تەلەفۆنی بۆ فەوزی عەبدولحافزی بەڕێوەبەری سکرتاریەتی سەرۆك دەکرد، تا پێی بڵێت فلان چووە لای سادات، لێی دەپرسی چی لە نێوانیاندا باسکرا، ئەویش دەوڵەت و دەستە و چالاکی و دەستێوەردانی تایبەتی خۆی هەبوو، سادات هەمیشە پێی دەوت وازی لێبهێنن بالەو دنیایەی خۆیدا بژی، جامع باس لەوە دەکات سادات هەرگیز نەیهێشتوە چاوی بە بڕیارە گرنگەکان و زانیاریە هەستیەرەکان بکەوێت کە پەیوەندی بە بەکاروبارە نهێنیەکانی دەوڵەتەوە هەبووە، ئەگەرچی ئەو باس لەمە ناکات.

# فیناڵ

لە شەشی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ سادات لەسەر مەنەسی سوپا لە ڕووداوێکی بەناوبانگدا کوژرا، لە پاش مردنی دنیایەك دیکۆمێنت و گرتەی ڤیدۆیی لەسەر ژیانی دەرکەوت، وەك چۆن لە کتێبی کورەکانی سەرۆکدا باسمان کرد، لەبەرەئەوە لەسەر ئەو ڕووداوە ناوەستین، ئەم دیمەنە بەوە کۆتایی هات دکتۆر بە جیهانی وت گیانی لە دەستدا، جیهان لەو کاتەدا وتی: تەماشای میسر بکەن.

پاش تیرۆرکردنی سادات جیهان وازی لە ژیانی گشتی هێنا و خۆی بۆ ژیانی تایبەتی تەرخان کرد، تا سەرپەرشتی منداڵەکانی بکات، لەنێوان میسر و ئەمەریکادا ژیانی دەگوزەراند، زانکۆکانی ئەویَ داوایان لێکرد وانە بڵێتەوە، تاکو ئێستاش ژیانێکی هێمنی هەیە و تەمەنی ئەوەندەی تر درێژ بێت.

تحیە کازم..

# ژنی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدول ناسر

ئایا پێویست بەناساندنی جەمال عەبدول ناسر دەکات؟

ئەو سەرکردەیەی هەموو دنیای پڕ کرد و خەڵکی بەخۆیەوە خەریك کرد، یەکێکە لەوانەی مێژوو ناتوانێت فەرامۆشیان بکات، چۆن مێژوو فەرامۆشی بکات، ئەو خۆی یەکێك بوو لە دروستکەرەکانی؟

وەك هەموو ئەوانەی مێژوو دروست دەکەن، عەبدول ناسر لایەنگر و دواکەوتە و دەرویشی هەیە، ئەگەر لەبەر ترسی خوا نەبێت دەتوانین بڵێین کەسانێك هەبوون عەبدول ناسریان پەرستووە، واهەست دەکەن هەر هەناسەیەك هەڵیدەکێشێت بەدوورە لە هەڵە، پەنا بەخوا، هەموو مێژوو دروستکەران ڕەخنەگریان هەیە و بەرهەڵستکاریان هەیە و کەسانێك هەن ڕقیان لێیەتی، وەك کورە گەورەی شەیتان دەیشوبهێنن.

ئەوەندەی لایەنگرانی زۆر و گەورە بوو ئەوەندە ڕەخنەگرەکانی دڕ و بێرەحمانە بوون، ئەوەی لە بارەی ئەممەوە وتیان هەر ئەوەندە بوو کە مالیکی شاعیر لەبارەی ئومەیەوە وتوویەتی، چەندەها تۆمەت و ڕەخنەی لێدەگرن، یان وەك دیکتاتۆرێك و ستەمکارێك وێنای دەکەن تا کار گەیشتە ئەوەی بە بەکرێگیراوی ئەمریکا و جولەکەی ناو بەرن.

بەڵام هیچ کام لەم ڕکەبەرانە پەنای بۆ ژیاننامەی ئەم سەرۆکە نەبردووە، کەس نەیتوانیووە پێبڵێت پەیوەندی هەمەجۆری لەگەڵ ژناندا هەبووە، یان کەنیزەکی نهێنی هەبێت یان هاوسەرگیری عورف، هەروەها کەس نەیوێراوە لە خاتوو تەحییە نزیك بکەوێتەوە، تاکە ژنی سەرۆك بووە و هەر ئەویشی لە ژیاندا بووە، تا ئەو ڕۆژەی مرد تاکە ژنی تەحییە بوو، پاش مردنی ناسر لە ژیاندا مایەوە ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٠ ئەمیش کۆچی دوایی کرد، واتە پاش بیست ساڵ لە مردنی مێردەکەی، بیری لە کەسی تر نەکردووەتەوە، بەدرێژایی ئەو ساڵانە جلی ڕەشی فرێنەدا، تائەو ڕۆژەی دەمرێت لە گۆڕێك لە تەنیشت مێردەکەیەوە دەینێژن.

## ئێران

خاتوو تەحیە کازم کەسایەتییەکی میدیایی نەبور، لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا دەرنەدەکەوت، لەبەرەئەوەی مێردەکەی کەسێکی پارێزگارکاری سعێدی خۆرهەڵاتی بور، حەزی نەدەکرد ژنەکەی دەربکەوێت، هەروەها حەزی نەدەکرد هەموو کەس ژیانی تایبەتی ئەم ژنەی بزانن، دەڵێن جارێکیان ناسر دەچێت بۆ یۆنان، ئەم تەوقە لەگەڵ شاژنی یۆنان ناکات، تاکو ژنەکەی تەوقە لەگەڵ پاشای یۆنان نەکات.

لەوانەیە ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی گەلی میسری سەریان لە دەرکەوتنی خاتوو جیهان لە گۆڕەپانی سیاسیدا سوڕمابێت، زۆرێك ئەم واقعەیان ڕەتدەکردەوە، کاتێك ئەحمەد فوئاد نەجم پاش مردنی ستایشی جەمال عەبدول ناسر دەکات دەڵێت

فاجومی من جنسنا

مالوش مره سابت

واتە ئەو فەیومییە و لەتوخمی ئێمەیە، ژنێکی نییە شان لەشانی بدات.

لەوانەیە ئەمە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی نهێنی و ئەسڵی تەحییە لای میسرییەکان ئاشکرا نەبێت، ئەم ژنە بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ ژنی سەرۆك بووە، تەنانەت خاتوو تەحییە سێ ناوی هەبور، جارێك ناوی تەحییە ئیبراهیم کازمە و جارێکی تر ناوی تەحییە عەبدولحەمید کازم و جارێکی تر ناوی تەحیە محەمەد کازم.

بەپێی لێدوانەکانی دکتۆر خالید عەبدول ناسر لەژێر ناونیشانی تەحییەی دایکمدا نووسیبووری دەڵێت:

نەنکم لە دایکمەوە ناوی فاتیمە بووە و خەڵکی تەنتا بووە، باپیری دایکم ئیبراهیم کازم لە ئێرانەوە هاتووە بۆ میسر، ئێمە خزممان لە ئێران و عیراق و پاکستان هەیە، دایکم بۆی گێرامەوە باوکی نەیتوانیوە بەڕۆشنی بەزمانی عەرەبی قسە بکات، لە ناکاو دایکم داوای ئۆتومبێلێك دەکات و دەڕوات بێنەوەی پێمان بڵێت بۆ کوێ دەچێت، لە ناکاو لە ئێوارەدا سەردانی مزگەوتی سەید ئەحمەد بەدەوی دەکات و خۆی تێدا موبارەك دەکات.

بەڵام زۆرترین زانیاری لەلای کچەکەی هودایەو قسەی لەبارەوە دەکات، بەم شێوەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەدوێت:

لە٢٢ یۆنیی ١٩٤٤ جەمال عەبدول ناسر لەگەڵ تەحییە محەمەد کازم هاوسەرگیری پێکهێنا، کچی بازرگانێکی ئێرانی بوو، لە ڕێگەی خەلیل حسێنی مامەیەوە ئەم پیاوەی ناسی، دوو کچی بەناوی هودا و موناوە لێبوو، هەروەها سێ کوڕیش بەناوی خالید و عەبدولحەمید و عەبدولحەکیم، تەحییە ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش و تەواوکردنی شانەکانی ئەفسەرانی ئازادیخوازیدا، قورسایی ئەو خێزانە بچوکەی کەوتبووە سەر شان کە هودا و مونا بوون، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە لە جەنگی فەلەستیندا بوون، هەروەها لە شاردنەوەی چەکدا یارمەتی دەدا بەتایبەتی لەو کاتەی مەشقی بەفیدائیەکانی میسر دەکرد کە کاریان لە دژی بنکەی بەریتانی دەکرد لە کەناڵی سویس لە ساڵی ١٩٥١ و ١٩٥٢.

بەپێی ڕۆژنامەی کەرامە (ناسری بوو) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە ژیانی ناسر باس لە پێکگەیشتنی ناسر و تەحییە دەکات:

جەمال عەبدول ناسر زۆر سەردانی هاوڕێ کۆنەکەی دەکرد کە ناوی عەبدولحەمید کازم بوو، هەفتانە سەردانی دەکرد لە ماڵەکەی لە مەنشیە کوبرا، لەم سەردانانەیدا دڵی چووە کچی ئەم پیاوە کە ناوی تەحییە بوو دواتر خواستی، یەکەم دیاری پێشکەشی کرد گرامۆفۆنێك بوو لەبەرئەوەی زۆر حەزی لە موزیك بوو، لەم ژنە هودا و مونا و خالید و عەبدولحەمید و عەبدولحەکیمی لێبوو.

بەڵام چیرۆکەکەی خالید عەبدولناسر لە هەموویان نزیکترە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لە دەمی یەکەمەوە دێتە دەرێ و نەك لەسەر زمانی کەسی دووەمەوە، هەروەها قسەکانی ئەم گشتگیرترە.

قسە لەسەر ڕەچەڵەکی تەحییە نیە، کە باوکی ئێرانی بووە و زمانی عەرەبی بەباشی نەزانیوە، بەڵام ئایا خێزانی سەرۆك شیعە بوون؟.

نووسەری گەورە ساڵح لەلوەردانی بە بەڵێ وەڵام دەداتەوە، بەڵێ بەتەواوەتی، دەڵێت: خێزانی شیعەی میسر هەن و ڕەچەڵەکیان ئێرانی و عەرەبیە و ئێستاش بە مەزهەبەکەیانەوە پەیوەستن، هەندێکیشیان تەنها هەڵگری ناوی شیعەن، لەنێو ئەو خێزانە شیعانەی میسر خاتوو

تەحییە کازمە کە ژنی سەرۆك بوو.

بەڵام جەمال غیتانی نووسەر دەڵێت ئەو ئێرانییانەی لە میسر ژیاون هەموویان سونە بوو یان بوون بە سونە، دەنووسێت: بەڵێ دەمانبیست خێزانی کۆچبەر لە میسر دەژین و لە نێو ئێرانەوە هاتوون، بەڵام بە هۆی ئەو هەموو ساڵەی لێرە ماونەتەوە بوون بە میسری، لە نێو ئەو خێزانانەی بوون بە میسری خێزانی خاتوو تەحییە کازم بوو، ژنی سەرۆك جەمال عەبدول ناسر، بەڵام نەمانبیستووە یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە بڵێت ئێمە شیعەین، هەموو ئەوانەی ئێمە ناسیوومانن و لە ئێرانەوە هاتوون هەموویان وەك میسرییەکان سونە بوون.

ئێمە پەیوەنیمان بەم شتانەوە نییە و بەڵام ئەوە دەزانین کە ڕەچەڵەکی خاتوو تەحییە شیعە بووە، بەڵام ئەوە کێیە دەڵێت لەو ماوەیەدا لە میسر ناکۆکی نێوان شیعە و سونە لە میسر هەبووە؟، بابچین بۆ لای ئەم خێزانە کە بەو پەڕی ئارامی ژیاون باوکیان بازرگان بووە و کارێکی هەستیاری هەبووە پێویستی بەشاردنەوە و پەردەپۆشکردن هەبووە، لەبەرئەوە خاتوو تەحییە وەك هەر کچێکی تری میسری ژیاوە، لەوانەیە هەندێك کاریگەری شیعەی بەسەرەوە مابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەمان ئەو کاریگەرییە بووە کەلای میسرییەکان هەبووە، ئەویش سونەبوونیان بەر لە شیعەبوونیان، بۆ نموونە هەندێك جار بۆ پەنا و هاوار پەنا بۆ حوسێن دەبرێت، هەموو دەزانین شێخ حسێن پیشتر هاوڕێی خێزانی عەبدول ناسر بووە، ئەویش بەپێی قسەکانی خالید کە دەڵێت:

شێخ حسێن هاوڕێی هەمیشەیی خێزانەکەمان بووە، سەرۆك ماوە نا ماوەیەك سەردانی مزگەوتی حسێنی دەکرد، زۆرجار سکرتێرە تایبەتەکەی لە پەنجاکاندا لەگەڵ خۆی دەبرد کە ناوی مەحمود نەلجیار بوو، بە ئوتومبێلێکی سەرۆکایەتی دەچوون و یەك سەیارەش وەك پاسەوان لەدوایەوە بوو، بەڵام هیچ ڕێوشوێنێکی تایبەت لەم سەردانانەدا وەرنەدەگیرا، هەمووی سەردانی لەناکاو بوو، لە دەرەوەی بەرنامەی بڕیار لەسەر دراو بوو بۆ جوڵانەکانی سەرۆك، هیچ کەژاوەیەکی فەرمی نەبوو لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتاندا کە دەهاتن بۆ میسر، تەنها یەك ئوتومبێل نەبێت،، لەبەرئەوەی ئەو تیمەی سەرۆکیان دەپاراست لە گەورەترین پلەکانی دەوڵەت پێکهاتبوون، دەبوایە ئەو شەرەفەیان بەخۆیان ببڕیایە لەپێناو سەرۆکدا بمرن، وەك چۆن سەلاح چاهین و عەبدولحەلیم حافز گۆرانیان پێدا دەوت، لە تاریکی شەودا لەو کاتەی مزگەوت لە نوێژکەران چۆڵ دەبوو، دەچووە ناو ئەو مزگەوتە و فاتیحایەکی لەسەر

ڕۆحی دەخوێند، کەدەچینە ناو ئەو مزگەوتە بەردێك دانراوە دەزانیت ئەمە لەسەردەمی عەبدول ناسردا فراوانکراوە، هەروەها دایکم بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەچوو بۆ ئەو مزگەوتە و ژمارەیەکی کەم لە پاسەوانی دەبرد و بەبێ هەرا دەچووە ناو مزگەوتەکە، لە دەرگای لاوەکییەوە کە بۆ ژنان تەرخان کرابوو خۆی دەکرد بەژووردا و سەردانی سەیدی شەهیدەکانی دەکرد، بیرم نایەت دایکم و باوکم پێکەوە چوبێتن بۆ ئەو مزگەوتە، ئەویش چی بکات لە پاش مەرگی باوکم بەخەمباری مایەوە و بە تەنها بەجێیهێشت، جلی ڕەشی دانەکەند تا ئەو ڕۆژەی مرد، ئەویش لە هەمان گۆڕستاندا لە تەنیشت باوکمەوە نێژرا.

خالید لە شوێنێکی تردا دەڵێت: پاش کۆچی عەبدول ناسر دایکم وەك ژنێکی سادەی میسری هەمیشە لە سێبەری دەسەڵاتدا ژیاوە، مێژووو کەسایەتی عەبدول ناسر وایکرد جارێکیان ئەم ژنە بچێت بۆ مزگەوتی حسێنو کەسایەتی خۆی ئاشکرا بکات، ئەوەندەی نەبرد هەزارەها کەس لێی کۆبوونەوە، ئەو کات تەمەنی لە هەفتاکاندا بوو، وویستی بە شێوەیەکی سادە بڵێت: ئەنوەر سادات هێشتا جەمال عەبدول ناسر نەمردووە، ئەم هەڵمەتەی ئێوەش شکست دەخوات.

بەهەرحاڵ خاتوو تەحییە، جەمال عەبدول ناسری لە سەرەتای چلەکاندا ناسی، لە ڕێگەی باوکیەوە، جا لە ڕێگەی ئەو ناسیاویەی باوکیەوە بێت، یان بە هۆی ناسینی مامی جەمالەوە کە ناوی خەلیل حسێن بوو، جەمال عەبدول ناسر بەر لەوەی ببێت بە سەرۆكو پاش ئەوەش خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتی خۆی بوو، لە ناو خەڵکدا ناسراوبوو، بەڵام ئەو کاتەی داوای دەستی تەحییەی کرد خاوەنی ئەو ناوبانگە نەبوو، ئەو کات جەمال گەنجێکی چاپووك بوو، لە کۆلێژی جەنگی وانەی دەوتەوە، هەروەها مووچەیەکی کەمی وەردەگرت، بەڵام باوکی تەحییە خاوەنی وەرشەیەکی گەورەی فەرش چنین بوو کە قازانجو دەسکەوتێکی زۆری بۆ پەیدادەکرد، بە حوکمی هاوڕێیەتی عەبدول ناسر زوو زوو سەردانی ماڵی عەبدول مەجیدی دەکرد... جارێکیان تەحییە هاتە ژوورەکەو چایی بۆ هێناو میوانداری کرد، یەکەمجار جەمال وەك کچێکی بچوك بینی .. هێمنو لەسەرخۆ بوو، پاش چەندین سەردان زیاتر بە جەمال سەرسام دەبوو داوای لە باوکی کرد کە ئەو کچەی لێ مارە بکاتو بیکات بە حەڵاڵی، ئەگەر چی باوكو براکانی لە سەرەتادا دوودڵ بوون لەبەر ئەوەی کاری سەربازی تەنها مووچەیەکی کەمی بۆ عەبدول ناسر فەراهەم دەکرد، بەڵام تەحییە دوا قسەی خۆی کرد،

دەرگای دوودڵی داخست، پاش ئەوەی جەمال داوای لە باوکی کرد کە دەیەوێت ڕای ئەو بزانێت، ئەویش بێ دودڵی ڕازی بوو، پاشان بوونە دەستگیرانو دواتر گواستیەوە، لەماوەی دوو مانگدا هەموو ئەمانە کۆتاییان هات، تەحییە لە شوقەیەکی چوار ژووریدا لە مەنشیە کوبرا جێگیربوو، ئەوەی جێی ئاماژە بێت تەحییە بە ڕاستیو بەمانای ووشە ژنی ماڵ بوو، هەر خۆی پێداویستی ماڵی دەکڕی، پاش ئەوەی عەبدول ناسر بوو بە سەرۆك ئەم تەنها گرنگی بە مێردو منداڵەکانی دەدا کە پێکهاتبوون لەهەر یەك لە هوداو موناو خالیدو عەبدول حەمیدو عەبدول حەکیم.

## جەنگی فەلەستین

دەتوانین بڵێین تەحییە کازم حەزی لە جەمال عەبدول ناسر کردبوو، وایدەزانی ئەو ڕۆژەی ئەوی تێدا بینیوە سەر لە نوێ لە دایك بووەتەوە، دەتوانین ئەمە لە ناو ئەو نامانەدا هەست پێبکەین کە بۆ ناسری دەنارد لەو کاتەی لە جەنگی فەلەستیندا بوو، ئەو نامانەی کە پێگەی کاروانی عەرەبی بڵاویکردەوە، هەروەها عادل حەمودە لە بارەیەوە نووسیو چەندەها ڕۆژنامەنووسی گەورەی تر لەم بارەیەوە شتیان نووسی، خاتوو تەحییە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی وشەو ڕستەکانی جەمالی دەکرد کە بە پۆستی جەنگیدا دەینارد.. یان چاوەڕێ بوو لە ڕێگەی تەلەفۆنی مەیدانیەوە پەیوەندی پێوە بکاتو گوێی لە دەنگی بێت، کە هەموو ڕۆژێکی دووشەممە لە ماڵی عەبدول حەمیدی برای چاوەڕێی تەلەفۆنی ئەوی دەکرد، ئەویش بە پێی بارودۆخ هەندێکجار پاش چاوەڕوانییەکی زۆر بە نائومێدیو بە بێدەنگی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دەستی دەکرد بە نوێژکردنو پاڕانەوە، جەنگی فەلەستین ئەو جەنگە بوو جەمال عەبدول ناسر هەستی کرد گرفتەکە لێرەدا نییە .. بەڵکو لە میسردایە، ئەوان لە فەلەستین دەجەنگان، بەڵام دڵیان لەلای میسر بوو، گولەکانیان بەرەوڕووی ئەو دوژمنە دەچوو کە لەوبەرەوە بەرامبەر ئەمان وەستابوو، بەڵام دڵیان لای نیشتمان بوو، کە بۆ گورگەکانیان جێهێشتبوو تاکو بیپارێزن "مەیدانی جیهادی گەورە میسرە، کاتێك خۆی لە ناوچەی فالوجە بە گەمارۆدراوی بینی، یادەوەرییەکانی لە مەیدانی جەنگەوە فڕینو سنووریان بەزاندو بەرەو

میسر گەڕانەوەو تا بەخۆی بڵێت "نیشتمانی ئێمە لێرەیەو فالوجەیەکی تر هەیە گەورەتره .. ئەوەی لێرە بەسەرمان دێت وێنەیەکی ترە لەوەی دەیبینین، بەڵام بەشێوەیەکی بچوکتر، نیشتمانەکەمان کێشەو غەدرو خیانەت دەوریانداوەو دوژمن کەڵێنی تێکردووە، ئەو جەنگێکی دەکرد، چیدی جەنگی ئەو نەبوو، بە چارەنووسی خۆی گەمەی دەرکرد.

خواستو پلانو شەهوات ئەوی لێرە لە ژێر ئاگری جەنگدا بە جێهێشتو بەبێ چەك دەجەنگا، چیرۆکێك هەیە لایەنگرانو هەوادارانی ناسر دەیگێڕنەوە وەك بەڵگەیەك بۆ بەشداری جەمال لە جەنگی فەلەستیندا، ئەو پاڵنەرەکەی ئەوە نەبوو کە سەربازێکی سوپای میسر بووە، بەڵکو لە هەستی نەتەوایەتیەوە ئەو بۆچوونەی لا گەڵاڵە بوو، دەڵێن جەمال عەبدول ناسر چووە بۆ لای موفتی فەلەستین، وەك پەناهەندە لە یەکێك لە گەڕەکەکانی میسردا ژیاوە، پاش ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەوازی دابەشکردنی فەلەستینی بڵاوکردەوە، ئەوەی بۆ موفتی پێشنیار کردووە کە دەتوانێت خۆیو چەند ئەفسەرێکی کۆمەڵەی ئازادیخوازان هەستن بە مەشقپێکردنی جەنگاوەران لە فەلەستین، بەڵام موفتی ئەوەی ڕەتکردووەتەوەو ووتوویەتی بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەتی میسر ناتوانین ئەو کارە ئەنجامبدەین ... جەمال عەبدول ناسر داوای مۆڵەتی کرد تاکو بتوانێت بە خۆبەخشەکانەوە پەیوەست بێت، بەڵام بەرلەوەی داواکەی قبوڵ بکرێت، حکومەت چووە ناو جەنگەوە. ڕۆژێك خاتوو تەحییە هەواڵێکی بیست کە مێردەکەی چاوی بە ئەفسەرێکی ئیسرایلی کەوتووە بە ناوی "برۆهام کۆهین"و ئەم هەواڵە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "اخبار اليوم"ی میسری بڵاوکرایەوە ... هەواڵەکە بەم شێوەیە بوو ئەفسەرێکی ئیسرائیلی دێتە هێڵی پێشەوەی سوپای میسری بە جێیێکەوە کە ئاڵایەکی سپی هەڵکردووە، دەڵێن ئەو ئەفسەرە ئیسرائیلیە دەیەوێت چاوی بە ئەفسەرێکی میسری بکەوێت، پاش نیو کاتژمێر سێ تارمایی لە ناو جەرگەی هێزەکانی میسریەوە دێن بۆ لای، لە نێوانیاندا جەمال عەبدول ناسر هەبوو، کە سەرۆکی ئەرکانی کەتیبەی شەش بوو، ئەفسەرە ئیسرائیلیەکە داوای لێکردون خۆیان بدەن بە دەستەوەو بەڵێنی پێدان مامەڵەیەکی شیاویان بکاتو ڕێگەیان بدات بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵو منداڵی خۆیان ..

بەڵام جەمال عەبدول ناسر بەم شێوەیە وەڵامیداوەتەوە:

ئێمەو ئەو سەربازانەی لەگەڵماندان بەرگری لە شەرەفی وڵاتەکەمان دەکەین، هەروەها داواکارییەکی ترم هەیە، با جولەکەکان لاشەی کوژراوەکانیان ببەنەوە ... چاوەڕێی کاتێکی

گونجاوترم بۆ ئەمیان ... پاشان ئەو ئەفسەرە دەربارەی جەمال عەبدول ناسر دەڵێت " درکم بەوەکرد کە لەبەردەم پیاوێکدا وەستاوم خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزەو باش لە گرفتی وڵاتەکەیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتووە.

ئەم دیالۆگە گرفتی لە نێوان هودا عەبدول ناسرو دەرهێنەری سوری ئەنوەر ئەلقەوادری دروست کرد، ئەو دەیویست ئەو بەشە بسڕێتەوە لەبەر ئەوەی ناسریەکان حەز ناکەن دووبارەی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی وێنەی تەواوی جەمال عەبدول ناسر لە بەرامبەر قەوارەی ئیسرائیلی نیشان نادات.

ئەو نامانەی نێوان تەحییەو جەمال عەبدول ناسر، عادل حەمودە نووسەری گەورە لە ووتارێکدا هێناویەتەوە، ئەگەر چی خوێنەر سەد دەر سەد لە نووسینەکانی حەمودە دڵنیا نییە، کە پڕیەتی لە هەڵچوونی وشە، ئەمە بەدەر لەڕووداوەکان، بەڵام لەم وتارەدا زۆر باش پێکاویەتی لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە خۆشەویستیەوە هەیە، کە حەمودە بەسەر هەر شتێکی تردا زاڵی دەکات، حەمودە دەڵێت: ئەم چیرۆکی خۆشەویستیە بە تاڵە دەزووی ژنو نیشتمان پێکەوە دووراوە ... چیرۆکی خۆشەویستیەکی تەواو داهێنەرانە، نەرم .. زۆر تایبەتمەند .. لە هەموو لایەکەوە مێژووی گۆڕی، لە ژێر شەپۆلی ڕابردووەوە وەك حۆری دەریا دەردەکەوێت، هەموو زمانەکان دەتوانن بینووسنو بیگێڕنەوە، تەنانەت زمانە کۆنە کەموکورتە لاوازەکان نەبێت، دەبێت زمانێکی پڕ ووردەکاری گونجاو بۆ ئەو فراوانیەی، قوڵیەی، بڵندیو گەرمیەی هەبێت.

زۆرجار خۆشەویستی لە کونی دەرزیەوە تێدەپەڕێنرێتو لە گەورەکان حەرامی دەکەین، لە شۆڕشگێڕان تاکو لێمان ون بێت، شۆڕشگێڕی گەورە ناکرێت عاشقێکی گەورە نەبێت .. ئەوەی ژنێکی خۆشبوێت نیشتمانێکی خۆشدەوێت، ئەوەی ڕۆمانسیەتو سۆز ون دەکات، ئەوا واقعی سیاسی خۆی ون دەکات، ئەو خەباتکارەی خۆشەویستی بە زیاد دەزانێت بێ ئەوەی بزانێت بەرەولای دارێکی ووشکی هەڵکەندراوی بێ سەوزاییو بێ ژیان دەچێت.

ڕۆژێکیان .. پاشایەکی عەرەب تاقمێکی نووسینگەی بە جەمال عەبدول ناسر بەخشی .. پاندانێك، ووشککەرەوەیەكو نامە کەرەوەیەك لەگەڵ چوارچێوەیەك کە پێویستە وێنەی کەسێکی نزیکی تێدا دابنرێتو لەسەر مێزەکەت دایبنێیت، تەحییەی ژنی لێی پرسی ئەو

کەسە بەختەوەرە کێیە کە شەوو ڕۆژ وێنەکەی لەبەرچاوت دەبێت، یەکسەر وەڵامیداوەتەوەو ووتوویەتی ئەلیزابێت تایلۆر، پاشان داوای لێکرد کە بێت ئەو وێنەیە ببینێت ، ئەویش زۆر بە خەمبارییەوە هات، کاتێك لە چوارچێوەکەی ڕوانی بینی وێنەی خۆی تێدایە .. تاکو ئێستاش ئەو وێنەیە هەر لە ناو ئەو چوارچێوەیەدایە کە تەحییە کلاوێکی سادەی لەسەردایەو لەماڵی هودای کچی گرتوویەتی.

تەحییە بریتیە لە خۆشەویستی ئەمر لە ژیانی ناسردا، کە پشتو پەنای بەهێزی بوو، لە کاتە سەختو دژوارەکاندا .. لە جەنگدا .. لە قەیرانەکاندا پارێزەری بوو " ئەو بەختەی بڕوای بە ئەفسونی هەبوو" بیری بێدەنگی قوڵ، کە پڕ بوو لە سۆز بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ بکات .. چلێك نەعنای سەوز بوو، کە پڕ بوو لە خێرو خۆشیو هەموو بەیانیەك لەگەڵ کوپێك چادا دادەنرا، ئەمیان چیرۆکێکە پێشتر نەگێڕدراوەتەوە کە کاتی خۆی بۆ بەرەی جەنگی فەلەستین بۆی دەناردو چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیاری دەکرد، هیچ وشەیەك لەم نامانە پێشتر بلاّونەکراونەتەوە، هەموو وشەیەك پڕیەتی لە هەستی قوڵی خۆشەویستی، بێگەردو شکۆدار.

بەڕێز جەمال عەبدول ناسر ئەفەندی – ئەلعەریش ژمارە سێ
کەتیبەی شەش – پۆستی جەنگی
١٩/ مایۆ /١٩٤٨

ئازیزم جەمال

سلاّوت لێدەکەمو ماچی گەرمم قبوڵ بکە، نامەکەتم پێگەیشتو دڵنیابووم لە سەلامەتیت، بەلاّم ئەگەر لە هەواڵی من دەپرسیت ڕۆیشتم بۆ لای عینایەتو لەوێوە بۆ لای ئەبلە مونیرە، ڕۆژی سێ سەمە ئامادەبووم بەلاّم ئەبلە تەوحیدە نەهات، تەلەگرافم بۆ کرد ووتی ڕۆژی هەینی ئامادەدەبم، تاکو ئێستا خزمەتکارێکم دەستنەکەوتووە، خێزانی عەبدول کەریم ئەفەندی هات بۆ لام، شەفیقەی دراوسێمان سەردانیان کردمو کەمێك لام مانەوە، لێرە هەموو لە خەمی منداان، خودا پاداشتیان بداتەوە.

هوداو مونا باشن، هودا داوای قەڵەم دەکات، لەوە دەکات حەز بکات بنووسێت، موناش وەرەقەکەم ڕادەکێشێت، من تاکو تۆ دەگەڕێیتەوە هەر لێرە دەمێنمەوە، خوا بکات

زوو بگەڕێیتەوە، بەردەوام نامەم بۆ بنووسە، چونکە دڵم ئارام دەبێتەوەو دڵنیا دەبم، لە ئامانی خودادابیت.

تەحییە

عەبدول کەریم

مەبەستی لە خێزانی عەبدول کەریم، زەینەبە کە ژنی نزیکترین هاوڕێیەتی، عەبدول کەریم عامر، تەوحیدەش ژنی مامی عەبدول ناسرە کە ناوی خەلیلە، بەڵام عینایەت‌و نەبلە مونیرە خوشکی بوون، هەروەها دوو براشی هەبوو .. عەبدول حەمیدو مستەفا .. کە هەر ژنیان نەهێنا .. بەم شێوەیە قەدەر وای کرد ئەم ناوی خێزان هەڵگرێت، وەك باوکی هەرگیز چاوەڕێی ئەمەی نەدەکرد، باوکی بازرگانێکی گەورە بوو، خاوەنی ئاپارتمانێك بوو لە عەباسیە.

لە دواجاردا بەر لە ساڵی ١٩٣٧دا وەسێتی کرد هەموو کاروبارە بازرگانیەکانی بکات بە ناوی کوڕە گەورەکەی کە ناوی عەبدول حەمید بوو، بۆ ئەوەی بەردەوامی بدات بە کارە بازرگانیەکان، هەروەها وەسێتی کرد هەموو موڵکەکانی تر لە عەقارات‌و کۆمپیالەو شتەکانی تری بەسەر کوڕو کچەکانی تریدا دابەش بکەن، ئەم کارەی کوڕەکەی تری کە ناوی موستەفا بوو تووڕەکرد، لەبەر ئەوە بڕیاریدا میسر بە جێبهێڵێت‌و بڕوات بۆ ئەورووپا، کاتێك گەیشتە ئەورووپا لەو کاتەوە هیچ هەواڵێکی نەما، چونکە لەو کاتەدا جەنگی جیهانی دووەم بەرپا ببوو، تاکو ئەو ڕۆژەی ژیانی بەجێهێشت نەگەڕایەوە بۆ میسر.

بەر لەوەی مستەفا بگەڕێتەوە بۆ میسر فاتیمەی دایکی مرد کە مێردەکەی بە خانم بانگی دەکرد، ئەمەش سروشتی ئەو چینە کۆمەڵایەتیە دەردەخات کە خێزانی کازم تێیدا ژیاون، هەروەها ئەوەی زیاتر ئەمە دەسەلمێنێت عەبدول حەمید سواری ئۆتۆمبێلی بکار دەبوو .. مستەفا ئۆتۆمبیلی کابورلی توسیتری پێبوو .. تەحییەش لە یەکێك لە خوێندنگا فەرەنسیەکان خوێندوویەتی، لە خوێندنگای سان جۆزێف، وەك کچانی ئەو چینە زۆر لە کاری تریکۆو کانەفە دروستکردندا کارامەبووە، پیانۆی لێدەدا، کە تەنها بە گوێگرتن فێربوو.

دایکی تەحییە ناسیاوی لەگەڵ دایکی تەوحیدەدا هەبوو، کاتێك تەوحیدە شووی بە مامی جەمال عەبدول ناسر کرد، لە قاهیرە نیشتەجێ بوون، بەمەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا زیادیکرد، لە بەشێك لە سەردانەکانیاندا جەمال عەبدول ناسری لەگەڵ خۆی

دەبرد، کە چەندجارێك بە دزەی چاو تەماشای تەحییەی کردبوو، لەو کاتەی وەك ئەفسەر بڕوانامەی بەدەستهێنا، بڕیاریدا بچێتە داوای، ئەمەش سێ جار ڕوویدا جاری یەکەم ساڵی ١٩٤٢ بوو کە تێیدا داواکەی ڕەتکرایەوە بە بیانوی ئەوەی عینایەت لەو گورەترەو شووی نەکردووە، جاری دووەم ساڵی داهاتوو بوو، کە عینایەت مارەبڕابوو ..

بەڵام عەبدول حەمید ئەوەی ڕەتکردەوە .. هەستی دەکرد ئەفسەرێك بۆ خێزانی ئەوان گونجاو نییە، بۆ جاری سێهەم ئەبلە مونیرە هاتە ناوەوەو سوور بوو لەسەر ئەو هاوسەرگیریە، باوك مردبوو، تەحیەش بە تەنها مابووەوە لەگەڵ خزمەتکارێكو چێشتلێنەرێکدا دەژیا، عەبدول حەمید بەناچاری ڕازی بوو، هەرچەندە زۆر هەوڵیدا لێکیان جودا بکاتەوە .. بەڵام تەحییە تێڕوانینێکی هەبوو جیاوازتر بوو لە بۆچوونی ئەوان.

**یۆزباشی جەمال عەبدول ناسر ئەفەندی – کەتیبەی شەش لە ئەلعەریش**

**٢٥ ی مایۆی ١٩٤٨**

سڵاوو ماچی گەرمم قبوڵ بکە .. جەمال زۆر بیرت دەکەم، نازانم ئەم ڕۆژانە کەی تێدەپەڕنو بۆ جارێکی تر ئەتبینمەوە، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی نامەیەکی تۆم دەکرد، ئەمڕۆ دوو نامەم پێگەیشت، چەند شادمان بووم، نەمدەزانی پۆست ئەوەندە دوادەکەوێت، خەریك بوو لێت زوویربم، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەم شەو بە ئارامیو دڵنیایی دەخەوم .. هوداو مونا زۆرباشنو ماچت دەکەن، ئەمڕۆ نامەیەکم لە باوکی ئازیزەوە پێگەیشت پرسیاری منو هوداو مونا دەکات، لە سەرەتای ئەم مانگەوە دێت بۆ لامان، هەوڵدەدەم کاتێکی خۆش بەسەربەریت، دوعام بۆ تۆیە جەمال لە ئەمانەتی خودادا بیت.

**تەحییە**

هەمیشە بە "شیری" بانگی دەکردم، لەسەر ئەلقەی هاوسەرگیریەکەمان بەرواری ئەو ڕۆژەی هەڵکۆڵی کە داوای کردبوو نەك ڕۆژی گواستنەوە، ئەگەرچی دوایی زۆر سەرقاڵ دەبێت، بەڵام هەر کاتێك بە یەك بگەیشتنایە سەری ئەخستە سەر شانیو پێی دەوت "تەحییە چۆنی"، ئەویش بە یەك ماچ ڕازی دەکردو خۆشیەکی گەورەی پێدەبەخشی، لەو

تێکەڵاوبوونەوە خۆشەویستیەکەی تێکەڵاوی سەرسامی بوو، کاتێك ناوی جەمالیان دەهێنا هەستی بە شانازی دەکرد .. ئەمەش بەر لەوەی جەمال ببێت بە سەرۆکو سەرکردە.

هاوینێکیان لەگەڵ خێزانەکەی لە شاری سپۆرتینگ بەسەر دەبرد، دەریا تا چاو بڕیکات درێژ ببووەوە، گوێی لێبوو لە حەمام گۆرانی دەوت، دەنگی خۆشیەکەی هیچی لە دەنگی محەمەد عەبدول وەهاب کەمتر نەبوو ..

خوشکە گەورەکەی پێی ووت ئەوەندەت خۆشدەوێت وا هەستدەکەیت دەنگی وەك محەمەد عەبدول وەهابە، ئەوکات عەبدول وەهاب گۆرانی دەوت. "لەو ڕۆژەوە دڵم تەنها خۆشەویستیو جوانی تۆی تێدایە، لەو ڕۆژەوە دڵم کەسی تری خۆشنەویستووە"، ئەمیش لە ناو خێزانەکەی ئەم گۆرانیەی دەوت.

بەرێز جەمال عەبدول ناسر ئەفەندی، ئەلعەریش ژمارە ٣، کەتیبەی شەش

٢٨ی مایۆ ١٩٤٨

ئازیزم جەمال

زۆر سڵاوت لێبێتو پڕ ماچی گەرمت دەکەم، هیوادارم تەندروستیت زۆر باش بێتو بارودۆخت زۆر باش بێت، نامە ئازیزەکەتم ئەمڕۆ پێگەیشت، منیش لە ٢٥ی مایۆ نامەیەکم بۆ ناردیت، ئێستا وەڵامی ئەو نامەیەت دەدەمەوە کە تۆ لەو ڕۆژەدا نووسیووتە، لە ڕۆژی ٢٥ی مایۆ ئەو دوو نامەیەتم پێگەیشت کە لە بەرواراوەکانی ١٨و ٢٢ی مایۆ بۆت ناردوم، لەوەدەچێت پۆست دوابکەوێت.

هوداو مونا تەندروستیان زۆر باشە، مونا وەك جاران دەڵێت بابە، هوداش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت باوکم دێتەوەو شتی خۆشم بۆ دەهێنێت، ئینشەڵڵا زوو دێیتەوە بۆ لامانو پێك شاد دەبینەوە، جەمال بیرت دەکەم، خۆشەویستەکەم من بۆرسە ناخوێنمەوە ئەگەر بە ڕێکەوت نەبێت، بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە دادەبەزێت بەرزدەبێتەوە، ئەوەی بەلامەوە گرنگ بێت نامەیەکە بە خەتی تۆ نووسرابێت، ئەوە باشترین شتە لە دنیادا بۆ من گرنگ بێت.

ئەمرۆ لای عەواتف بووم پێی ووتم سلاوی ئەوت پێبگەیەنم، ئەبلە تەوحیدە لای ئێمەیە، خزمەتکارەکەی لە یەکی مانگەوە دێت، ئەویش کچی ئوم زەینەبە لای خالوانمەوە، ناوی فاتیمەیە .. ماچت دەکەمو تەمەنای سەلامەتیت بۆ دەکەم. •

**تەحیە**

خێزانی تەحیە بە سروشتی خۆیان پارێزگاربوون، زۆر حەزیان لە موجامەلەی کۆمەلایەتی نییە، ئەمەش وایکرد لە کاتی دەزگیرانیدا ئەگەر لەگەڵ جەمال بڕۆشتایەتە دەرەوە، دەبێت کەسی سێهەمیان لەگەڵدا بێت، دەچوون بۆ تەماشا کردنی شانۆییەکانی نەجیب ئەلرەیحانی، جا ئەگەر لە سینەما فلیمێکی نوێ نمایش بکرایە، دەچوون بۆ تەماشاکردنی، ئەگەر سەردانی بکردنایە دەبوو شوکولاتە یان دیاریەکی گونجاوی بۆ بهێنایە.

کاتی دەستگیرانی سالی ١٩٤٤ بوو، وەك وتم مێژووی ڕۆژەکە لەسەر ئەلقەکە نووسرابوو، ئەو ڕۆژەی چوو بۆ داوای لەسەر نووسرابوو، لەو ڕۆژەدا پێی وت "من نەهاتووم هەلتبژێرم، بەلکو هاتووم بڕیار بدەم" لە ٢٩ی یۆلیۆی هەمان سالدا هاوسەرگیریان کرد.

زەماوەندەکە لە مالی باوکی بوو، عەزوز ئەلعەشا سەرپەرشتی بۆفێی خواردنی دەکرد، عەزوز لە بواری دروستکردنی خواردنندا زۆر بە ناوبانگ بوو، جەمال عەبدول ناسر هەولیدا لەو ڕۆژەدا ناوو ناوبانگ دەربکات .. نەعیمە عەبدو لەو ڕۆژەدا سەرقاڵ بوو، خاتوو سەیدە حەسەن کە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ بوو لەو زەماوەندەدا گۆرانی وت، بەر لەوەی تەحیە بچێتە مالی خۆی، جەمال عەبدول ناسر لە باوەشی کرد، مانگی هەنگوینی لە ئەسکەندەریە بەسەربرد، کاتێك لە مانگە هەنگوینی گەڕایەوە، ئاسەواری سکپڕی پێوە دیاربوو، بەلام ئەو کۆرپەیە ژیان نەبوو بە نسیبی، دەبوایە چەند مانگێکی تر چاوەڕوانی بکات تاکو ببێتە خاوەنی منداڵێکی تر، دواتر هودا لە دایك بوو، بە ناوی ژنی هاوڕێیەکەی حەسەن ئەلنەشارەوە ناوی نا، هودا لە نەخۆشخانەی ئیبراهیم مەجدی لە دایك بوو، لە بەناوبانگترین دکتۆرەکانی سەردەمی خۆی بوو، یەکێك بوو لە دکتۆرەکانی خێزانی شاهانە، لەسەر دەستی ئەو ناریمان کچی ئەمیری دووەم ئەحمەد فواد جێگری فاروق پاشا لە دایك بوو، کە دەرفەتی بۆ نەڕەخسا بچێتە سەر تەختی پاشایی، هەروەها دکتۆر ئیبراهیم مەجدی سەرپەرشتی لە دایك بوونی

موناو خالیدیشی کرد. نوێی له

بەڵام لەگەڵ لە دایك بوونی عەبدولحەمید، دکتۆر ئیبڕاهیم نەخۆشخانەیەکی نوێی لە گەڕەکی ئەلدەقی دروستکردبوو، بڕیاریدا نرخی چارەسەرکردن بەرز بکاتەوە، کاتێك جەمال عەبدول ناسر لەسەر ئەمە گفتوگۆی لەگەڵ کرد، بە ناشرینی وەڵامیدایەوەو وتی دەتوانێت ژنەکەت بەریت بۆ نەخۆشخانەیەکی پلە دوو، جەمال هیچی لەگەڵدا نەوت، ژنەکەی برد بۆ لای دکتۆرێکی تر، ئەویش خەریك بوو ناوو ناوبانگی دەردەکرد، ئەویش ناوی دکتۆر عەلی ئیبراهیم بوو، نەخۆشخانەکەی لە مەیدانی فینی بوو لە هەمان گەڕەك.

تەحییە لە شوقەیەکدا لە گەڕەکی عەباسیە شووی کرد لە نزیك شەقامی ئەحمەد سەعید، شوقەکەی بە کەلو پەلی فرۆشگاکانی خەلیل بۆ مۆبیلیات فەرشکرد، تا ئەو کاتەی مێردەکەی لە جەنگی فەلەستین گەڕایەوە هەر لەو شوقەیەدا ژیا، کاتێك جەمال عەبدول ناسر گەڕایەوە گواستیانەوە بۆ خانوویەکی نوێ لە کوبرای ئەلقەبە، خانوویەك بوو وەك ڤێلا لە شەقامی والی لە نزیك سەرکردایەتی سوپاوە لە سێ ژووری دانیشتن‌و سێ ژووری نووستن پێکهاتبوو، ئەم خانووە باشتر بوو، فراوانتربوو، لەو شوێنەوە نزیك بوو کە شەوی ٢٢ی یۆلیۆ دەستی بەسەرداگرت‌و لەوێوە ژیانی میسر دەگۆڕدرێت.

لە نامەکەی پێشوودا تەحییە باس لە بۆرسە دەکات ، زۆر گرنگی بە بەرزبوونەوەو دابەزینی نادات، هۆکارەکەشی ئەوەیە زۆرترین ئەوانەی لە چینی ناوەند بوون پارەکانیان لە پشك‌و قەواڵەدا وەگەڕدەخست، برا گەورەکەی عەبدولحەمید هەمان کاری دەکرد، عەبدولحەمید وازی لە بازرگانیەکەی هێناو هەموو پارەکەی خستە بۆرسەوە، بەڵام بارودۆخی جەنگ‌و ناجێگیری نرخ وای کرد زیانی زۆر گەورە بکات کە زۆر گورچکبڕ بوو..

هەروەها هۆکارێکی تر کە عەبدولحەمیدی والیکرد بڕیارێکی لەو جۆرە بدات .. ئەوەیە تەحییە لە ماڵ چووەدەرو لە ناو خێزاندا نەما، ئەمەش وایلێکرد لە شوقەیەکدا لە بەرامبەر مۆزەخانەی میسری بە تەنها بژی‌و هەر ئەو شوێنەشی کردە نووسینگەی خۆی تاکو کارەکانی تێدا ئەنجام بدات، نەخۆشی سنگی هەبوو، لەو کاتەدا دەرمانی ئەو جۆرە نەخۆشیانە دەسکەوتنی زۆر ئاسان نەبوو.

بەڕێز یۆزباشی جەمال عەبدول ناسر ئەفەندی، ئەلعەریش ژمارە ٣، کەتیبەی شەش

٢ی یۆنیۆ ١٩٤٨

**ئازیزم جەمال**

سڵاوو ماچی گەرمت بۆ دەنێرم، خودا تەندروستی باشت پێ ببەخشێت، جەمال زۆر زۆرت بیر دەکەم، کەی دەگەڕێیتەوە، زۆر دواکەوتی، ناتوانم باس لە هەستو سۆزم بکەم کە چەند حەز بە بینینت دەکەم، لە تەلەفۆنەکەدا باش گوێم لە دەنگت نەبوو، دەنگت زۆر دووربوو، سوپاس بۆ خوا هوداو مونا باشن، زۆر بزێوو بەجوڵەن، هودا ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی کە نامە دەنووسم دەڵێت ئەوە نامە بۆ بابە دەنووسیت، تەحییە خێزانی عەبدولمنعم ئەفەندی هات بۆ لام، بەڵام چاوی پێمنەکەوت، بە دراوسێکەمانی وتبوو ڕۆژێکی تر دێتەوە بۆ سەردانم، واتە لە ڕۆژی ٥ی یۆنیۆ، منیش چاوەڕێی دەکەم، لە کۆتایدا سڵاوم قبوڵ بکە.

**تەحیە**

جەمال زوو زوو نامەم بۆ بنووسە تاکو شادمان بم، لە بەشی سەرەوەی نامەکەدا سەید یوسف مێردی مونیرەی خوشکی نووسیبووی: هاتم سەردانی تەحییە بکەم، هەمروان باشنو دوعات بۆ دەکەنو سەرکەوتن بۆ هەمووتان، ئینشائەڵڵا بە سەرکەوتنەوە دەگەڕێنەوە، هەمووان سڵاوت لێدەکەن، نامەکەم پێگەیشت، دەیگەیەنمە تەحییە.

**دڵسۆزت سەید یوسف**

هەفتانە تەحییە سەردانی ماڵی عەبدولحەمیدی برای دەکرد، تاکو جەمال عەبدول ناسر تەلەفۆنی بۆ بکات، لە ماڵەوە تەلەفۆنیان نەبوو، لەگەڵ ئەمانەشدا جەمال ڕۆژانە دەهاتەلایو ماوەی عەسری لەلای ئەو بەسەردەبرد، ئەمەش زۆر کاریگەری لە عەبدولحەمید کرد، کەوایکرد تێڕوانینی بۆ مێردی خوشکەکەی بگۆڕدرێت.

عەبدولحەمید خوازیاری ئەوە بوو موعجیزەیەك ڕووبداتو جەمال عەبدول ناسر خوشکەکەی نەهێنێت، شەوی ئاهەنگەکە لەگەڵ مەلاکەدا کردی بە دەنگە دەنگو بە

تووڕەییەوە وتی وەك گەڕی ناو شایی وایە، بەڵام موعجیزە لەو تێکەڵاوبوونەدا بوو، ئەوەی بۆ دەرکەوت لە کاتی نەهامەتیدا جەمال عەبدول ناسر پیاوێکی لێبووردەیەو دەتوانێت پشتی پێبەستێت.

کەتیبەی شەش
ئەلعەریش ژمارە ٣، بەڕێز جەمال عەبدول ناسر ئەفەندی،
١٩ی یۆنیۆ ١٩٤٨

ئازیزم جەمال
سڵاوو ماچم قبوڵ بکە، هیوادارم زۆر باش بیت، ئەو هەواڵە دڵخۆشەم پێگەیشت، چەند شادمانم بەمزووانە دەگەڕێیتەوە بۆ لامان، ئینشائەڵا بەزووترین کات دەتبینم.

ئەمڕۆ ٨ی یۆنیۆ باوکە لێرەیەو تەندروستی زۆر باشە، هەموو بە نزیکبوونەوەی هاتنەوەی تۆ زۆر شادمانین، هوداو مونا باشن، ژنی عەبدولمنعم ئەفەندی لە کاتی خۆیدا نەگەڕایەوەو هیچ ئەدرەسێکی جێنەهێشتبوو تاکو سەردانی بکەمو سوپاسی هاتنەکەی بکەم، کە هاتیتەوە پێکەوە دەچین بۆ لایان، لە کۆتایدا سڵاوم قبوڵ بکە.

تەحییە

لەسەر پشتی زەرفەکە ئەمە نووسرابوو: جیمی، ئازیزم تکایە نامەمان لێمەبڕە.

برات حەمدی عاشوور

٥/٢٨

حەمدی عاشوور ئەو کەسەیە کە دواتر دەبێتە پارێزگاری ئەسکەندەرییەو وەزیری حوکمی خۆجێیەتی .. وا باس دەکرێت بەرپرسی گەیاندنی نامەکان بووە لە نێوان میسرو فەلەستیندا.

لەو کاتەی جەمال عەبدول ناسر لە فەلەستین بوو، تەحییە لە گەڕەکی عەباسە دەژیا، پاش مردنی دایکی ماوەیەك بە تەنها دەژیا، هەر ئەم وای ڕاهێنابوو کە بەرپرسیارێتی لەخۆ بگرێت، لەو کاتەدا کەس لەگەڵیدا نەدەژیا، تەنها یەك دراوسێیان نەبێت، کە دواتر دەبێت بە هاوڕێی، کە ناوی نادیە ئەلمەهدیە، کچی ئەفسەرێکی گەورەی بەناوبانگە لە سەرکردایەتی ئەرکان لەو کاتەدا، ئەویش لیوا عوسمان ئەمەهدی بوو.

هەروەها دراوسێیەکی تری هەبوو بەڵام هاوڕێیەتیان کەمتر بوو، ژنی ئەفسەرێکی گەورە بوو ناوی زینات متوەلی بوو .. بەڵام خاوەن ماڵ ست کوکا، پێچەوانەی تەحییە بوو، هەمیشە ڕەشبین بوو، دڵی بە هەواڵی ناخۆش دەکرایەوە، پاش ئابڵۆقەی فالوجە هەمیشە ئەو ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە "کەس لەوێ ناگەڕێتەوە" .. بەڵام ...

نادیە ئەلەهدی بەردەوام دڵنیای دەکردەوە، باوکی بە حوکمی دەسەڵات و پێگەی سەربازی، هەمیشە ئاگای لە لیستی کوژراوو بریندارەکان بوو، تەحییەش هیچی لەدەست نەدەهات تەنها ئەوە نەبێت خۆی بداتە دەست قەدەر، پاش ئەوەی جەمال گەڕایەوە بڕیاریدا ئەو خانووە جێبهێڵێت و بگوازێتەوە بۆ خانوویەکی تر .. ئەوکات ئەم کارە ئاسان بوو.

بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەبێت بکرێت: چون جەمال چوو بۆ فەلەستین؟ لە گەمارۆی فالوجە چی ڕوویدا؟ چۆن نسکۆی ئەوێ گۆڕدرا بۆ شۆڕشی ئێرە؟.

## شۆڕش

بە گەڕانەوەی جەمال عەبدول ناسر لە فەلەستین ئەهامەتی تەحییە کۆتایی نەهات بەڵکو زیادی کرد، جەمال جیهادی بچوکی لەوێ بەجێهێشت و هاتەوە لێرە جیهادی گەورەی دەست پێکرد .. لە ماڵەکەی لە عەباسیە هەر کەسێك هەوڵی گۆڕانی دەدا پێشوازی لێدەکرد، بەڵام شوقەکە دەرگایەکی تایبەتی هەبوو دەچووە سەر ژووری پێشوازی، وەك نەریتی ئەو کاتە خانوو پارێزکارانە دروست دەکرا، لەو دەرگایەوە ڕابەری گشتی ئیخوان حەسەن بەنا زیاتر لە جارێك لەو ژووری پێشوازییە لەگەڵ جەمال عەبدول ناسر دانیشتووە .. ئەویش بەپێی لێدوانی نادیە کچی خوشکی تەحییە، تاکو ڕۆژی مردنی زۆر لێوەی نزیك بوو، لەگەڵ ئەوەی جەمال عەبدول ناسر باوەڕی بە شێوازی بیرکردنەوەکانی حەسەن بەنا نەبوو، بەڵام خۆبەخشانە مەشقی بە پیاوەکانی دەکرد بۆ کاری خۆکوژی کە لە دژی داگیرکەری بەریتانی بەرێوەدەچوو لە ناوچەی قەنات، پێدەچوو چاوی پۆلیسی سیاسی چاودێری بکات، تاکو بزانن چی دەکات، ئەمەش وای کرد لە کۆتایی ساڵانی چلەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەبەردەم سەرۆکی حکومەتدا بوەستێت کە ئەوکات ئیبراهیم عەبدولهادی بوو، لە ساڵی ١٩٤٩ لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت پرسیاری لێکرا کە ئایا ئەو چ پەیوەندیەکی بە

مەحمود لەبیب سەرکردەی ئیخوانەوە هەیە؟ بەڵام جەمال نکوڵی لەو پەیوەندییە کردو وەڵامیدایەوەو وتی "هەردووکمان لە فەلەستین پێکەوە دەجەنگاین"، پرسیارێکی تری ئاراستە کرد "کێ لەم پەیوەندیەدا ڕۆڵی نێوانگیری دەبینێت"، وەڵامیدایەوەو وتی "یۆزباشی ئەنوەر ئەلسیاجی"، ئیبراهیم عەبدولهادی هەستی کرد دەستی بەسەر نێچیرێکی گەورەدا گرتووە، بە گاڵتەجارییەوە لێی پرسی "ئەنوەر ئەلسیاجی لە کوێ دەژی؟"، جەمال عەبدول ناسر وەڵامیدایەوەو وتی "لە ئاسمان لای خوای گەورە، لە جەنگدا شەهید بوو"، لێکۆڵینەوەکە لە بەیانیەوە تاکو ئێوارە درێژەی کێشا، دواتر جەمال عەبدول ناسر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بینی تەحیە پڕیەتی لە دڵەڕاوکێو ئەو حاڵەتەی بە خۆخەریك کردن بە کاری تریکۆوە دەشارێتەوە، هەروەها بە خوێندنەوەی ڕۆمانی "ئازارچەشتووەکانی سەر زەوی"، کە دکتۆر تەها حسێن نووسیبووی، مێردەکەی توانیبووی دانەیەك لەو کتێبە بە دەستبهێنێت، ئەگەر چی حکومەت بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەی لە بازاڕەکاندا قەدەعە کردبوو دەستی بەسەر هەموو نووسخەکانیدا گرتبوو، ئەم ڕووداوە کاری نەکردە سەر چالاکییە نهێنیەکانی، بەڵکو زیاتر دەرگای ماڵەکەی بۆ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان واڵاکرد، زیاتر چەکو بەیاننامەی لە ژێر پێخەفی نووستنەکەیدا شاردەوە، ئەگەر چی تەحیە دەیزانی چی لە ماڵەکەیدا دەگوزەرێت، هەر کەسێك لەوانە دەهات بۆ ماڵەکەیان ئەو دەیوت جەمال لەگەڵ هاوڕێکانی کۆشش دەکاتو نامەوێت بێزاریان بکەم، هەروەها گوێی لە ئامۆژگاریەکانی مستەفای برای نەدەگرت، کە داوای لێدەکرد چیدی منداڵیان نەبێت، عەبدول ناسر لە کۆتایی چلەکاندا تەحیەی هەر خۆشدەویست، لە شەقامی جەلالی دەژیان، ڕۆژێکیان جەمال لەگەڵ ژنەکەی چوونە دەرەوە لەوانەیە بۆ سینەما بووبێت، وەك نەریتێك پیاو دوو سێ هەنگاو لە پێش ژنکەیەوە دەڕۆیشت، گەنجێك بە سواری پایسکیلەوە بەلایاندا تێدەپەڕێتو توانجێك لە تەحیە دەدات، جەمال هیچ ناڵێت، ئەو تازە لە گەمارۆی فالوجە لەبەرەی جەنگ گەڕابووەوە، گەنجەکە دەگەڕێتەوەو جارێکی تر توانجێکی ناشرین دەدات، جەمال ئەمجارە زۆر بە خێرایی هەڵمەت بۆ گەنجەکە دەباتو دەیگرێتو وانەیەکی باشی دەداو چینێکی باش لێدەدات، تەحیە تاکو ڕۆژی دواتریش ئەو مەسەلەیەی بۆ منداڵەکانی باس دەکرد.

لە هاوینی ١٩٥٣دا، هاوینی شۆڕش، خێزانەکەی جەمال عەبدول ناسر دەچن بۆ ئەسکەندەریە، تاکو مانگەکانی هاوین لەوێ بەسەربەرن، بەڵام تەنها ماوەی چەند ڕۆژێك

لەوێ مانەوە، خێرا گەڕانەوە بۆ قاهیرە، تەحییە بەم شێوەیە بەهانەی بۆ گەڕانەوەکەیان دەهێنایەوە کە "لە خواردنی گەمبەری بێزاربوونو هەستیان بە هیلاکی کردووەو بڕیاریاندا بگەڕێنەوە"، نەیدەویست ئەوە ئاشکرا بکات کە مێردەکەی خەریکی کارێکی گەورەیەو لەوانەیە لەم ماوەیەدا شتێکی گەورە ڕووبدات، لە شەوی شۆڕشەکەدا تووشی کتوپڕی بوو، کاتێك بینی جەمال جلی سەربازی لەبەرکردووەو دەمانچەکەی بەستووە، بەوپەڕی دڵەڕاوکێوە لێی پرسی لەبەر چی ئەو دەمانچەیەی هەڵگرتووەو بەم شێوەیە دەچێتەدەر؟ وەڵامیدایەوەو وتی "لەم ماوەیەدا کوشتن زیادیکردووە، بەڵام ئەم دڵی شتێکی تری پێدەوت، لە ماڵەوە مایەوەو دەستی هەر لەسەر دڵی بوو، لە نزیك ماڵەکەیان لەگەڕەکی کوبرا ئەلقەبە کە سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای لێبوو، تەقە دەستی پێکرد .. دەنگی تەقەکان بە ئاسانی دەگەیشتە لای ئەم، کاتێك بەیانی ڕۆژی دواتر یەکەم بەیانی شۆڕشی ڕاگەیاند، مستەفای برای هاتو وتی ناشێت جەمال یەکێك بێت لەو ئەفسەرە شێتانە کە لە دژی پاشا وەستاون .. پاشا ملیان دەکات بە پەتا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامیدایەوە "نەخێر، جەمال هەقی شتی وای نیە، تەحییە وای دەزانی ئەو کارە نهێنیەی جەمال کاری تێدادەکات لە دژی ئینگلیزەکانە، نەك لە دژی پاشا .. ئەوەی ڕوویدا تەنانەت بۆ ئەمیش چاوەڕوان نەکراوبوو، لەو کاتەی مستەفا بەرەو ناوچەی ئەزهەر بۆ بازرگانی دەچوو لە مەیدانی ئۆپرا، جەمال عەبدول ناسری بینی لە ناو ئۆتۆمبێلێکی سەر بەتاڵ، ئەوو محەمەد نەجیب لە ناو خۆپیشاندانێك زۆر قەرەباڵغ بوو، لە شوێنی خۆی ووشك بوو، مستەفا بەپەلە گەڕایەوە بۆ لای خوشکەکەیو پێی وت "نابینی جەمال عەبدول ناسر چی دەکات"، تەحییە نەیزانی چی بڵێت، مستەفا هەقی بەسەر کاروباری سیاسیەوە نەبوو، خۆی بۆ بازرگانی تەرخان کردبوو، ئەویش بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی عەبدولحەمیدی برای لە بۆرسەدا کردی، هەموو ماوەی حکومڕانی زاواکەی لە سێبەریدا مایەوە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا کۆچی دوایی کرد، ئەوەی زۆر پەرۆشی کارەکانی جەمال عەبدول ناسر بوو، تەنها مێردەکەی مونیرە بوو، سەید یوسف لەو کاتەی شۆڕش بەسەر دەستی شەیتانەوە بوو بە تەحییەی وت "ئەگەر خوانەخواستە جەمال لەم شۆڕشەدا شتێکی لێ بەسەرهات، ئەوا منداڵەکانی دەبن بە منداڵی من، سەید یوسف لەسەردەمی ناسردا بوو بە وەزیری فێرکردن، بەڵام سەرجەم ئەندامانی تەحییە لە ڕۆژنامەوە هەواڵەکەیان بیست وەك هەر کەسێکی تر.

## ژنی سەرۆك

لەو کاتەی شۆڕش هەڵگیرسا، جەمال عەبدول ناسر ڕاستەوخۆ بوو بە سەرۆك، بەم شێوەیە لەو شوقەیەی کە کەوتبووە شەقامی جەلالی لەگەڵ ژنو منداڵەکانی مایەوە، ساڵی ١٩٥٥ ناسر ماڵی گواستیەوە بۆ خانوویەك لە ناوچەی مەنشیەی بەکری لە قاهیرە، ماڵێکی بچوك بوو لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، نهۆمی ژێرەوە ناسر ناوی لێنابوو کەرتی گشتی، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی ئەم شوێنە تایبەتە بە کارو شوێنی چاوپێکەوتنەکانی سەرۆك، نهۆمی دووەم کەرتی تایبەت بوو، واتە بۆ ژیانی خێزانی تایبەتکرابوو.

هەر نهۆمێك چێشتخانەی تایبەتو خواردنی تایبەتو بوودجەی تایبەتی خۆی هەبوو، تەحیە نزیکەی پانزە ساڵ لە تەمەنی لەگەڵ مێردەکەیدا لەم ماڵەدا ژیا، تاکو ئەو ڕۆژەی لە ناکاو لە ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٧٠ کۆچی دوایی کرد، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا شتێکی نەبوو جێگەی سەرنج بێت، جیاواز لە ژنی سەرۆکەکانی تر تەحیە هیچ چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی نیە بگێردرێتەوە، نەکۆبوونەوەی هەبوو نە لە زومی کامێرەکانەوە دەردەکەوت، عەبدول ناسر هەمیشە بە مادام بانگی دەکرد، تەنانەت لەبەردەم میوانەکانیشدا ، بۆ ئەوەی ناوی نەهێنێت.

زۆر لە کاروباری گشتیەوە دووربوو، بەیانیان منداڵەکانی بۆ قوتابخانە ئامادە دەکرد، پاشان دوای ئەوە خواردنی نیوەڕۆی ئامادە دەکرد، ناسر هەمیشە دەیوت کە خواردنەکانی وێنەی نیە، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بوو، پاشان منداڵەکان دەچوون بۆ کۆشش کردن، ئێواران لە نزیك مێردەکەی دادەنیشت، کاتێك کە دەچووە نووسینگەکەی کاری لێتێك نەدەداو کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی نەدەکرد، وەك هەر ژنێکی میسری.

عەبدولحەکیم دەربارەی ئەو ماوەیە دەڵێت: دایکم ژنێکی خاوەن داواکاری سادە بوو لە ژیانیدا، هەموو ژیانی لە دووشتدا کورت کردبووەوە: جەمال عەبدول ناسرو منداڵەکانی، ژیانی سێیەمی نەبوو، ئەو هاوڕێیانەشی کە دەهاتن بۆ لای بریتی بوون لە خوشکو براکانی، نزیکترین ژن لێوەی کچی خوشکەکەی بوو، ژنی محەممەد حسێن ئەلشافعی ڕاوێژکاربوو، کە ناوی خاتوو نادیە غالب بوو، دایکم خۆشیدەویستو حەزی لە ئاخاوتنو گفتوگۆکانی بوو،

دایکم هاوڕێی تری هەبوو بەڵام هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەوانەدا سنوورداربوو، وەك ژنی ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەوانیش وەك ژنی ئەلشافعیو ژنی زەکەریا محێدینو خاتوو ئوم کەلسوم، بە بەردەوامی سەردانیان دەکرد، دایکم هەستی دەکرد ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەویش دروستکردنی ژیانی جەمال عەبدول ناسرە، ئەگەر کەسێك خێزانێکی هێمنو شادمانی بۆ دەستەبەر بکرێت، بە چاوی خۆی ئەوە ببینێت کە لەو ڕۆڵەدا سەرکەوتووبووە، وا هەست دەکات کە لەسەروو هەموو ژنانی کۆمەڵگا یان ژنانی سەرۆك کۆمارەکانەوە بووە، دایکم هەستی دەکرد پێویستی بە ژیانی ئەم دنیایە نییە، پێویستی بە شکۆو ناوو ناوبانگ نییە، بەڵکو شکۆداری مێردەکەی بەسە، خۆی لە چاوی ئەوەوە دەبینی، شکۆی ئەم لە سەرکەوتنو ناوبانگو بوونی ڕۆڵی جەمالدا دەبینی، زۆر بەوە دڵشاد دەبوو کاتێك یەکێك بە خێزانی جەمال عەبدول ناسر بانگی دەکرد.

خاتوو تەحییە دەستی لە کاروباری مێردەکەی وەرنەدەدا، ئەوەی بەلاوە هێڵی سووربوو خۆی بۆ خودی خۆی کێشابووی، ڕێگری لە هیچ کارێکی نەدەکرد تەنها یەکجار نەبێت، لە جەنگی سوێسدا کە لە پایزی ساڵی ١٩٥٦ هەڵگیرسا، پاش ئەوەی کەناڵی سوێس خۆماڵی کرا، یەکێك لە پیاوە نزیکەکانی جەمال پێشنیاری کرد کە بەرپرسە باڵادەستەکان هەر یەکەیان بەنرخترین شتیان ببەخشن .. وەك ئەڵقەی هاوسەرگیری ... ئەمیان قوربانیەکی ڕەمزیە، کە نیشتمان لای ئەمان لە هەموو شتێك خۆشەویستترە. جەمال وەڵامی پێشنیارەکەیدایەوەو یەکسەر ئەڵقەکەی خۆی لە پەنجە داکەندو لە زەرفێکی داخراودا ناردی بۆ بەرپرسی کاروباری مەعنەوی لە هێزە چەکدارەکان کە ناوی وەجیه ئەبازەبوو، تەحییە بەم کارە تووشی سەرسوڕمان بوو، کاتێك بینی مێردەکەی ئەڵقەکەی لە پەنجەدا نییە .. لەگەڵ ئەوەی بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە ئەمیان بۆ ئامانجێکی پیرۆزەو ئەڵقەکەی بەخشیوە، بەڵام نەیتوانی نائارامیو غەمگینی خۆی بشارێتەوەو داوای ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە نەکات، پاشان سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێت ئەڵقەیەکی تر بکرێتەوەو هەمان مێژووی لەسەر بنووسێتەوە، مێژووی ئەو ڕۆژەی داوای تەحییەی کرد، باوکی چوو ئەڵقەیەکی تر بکرێت ئەویش وەك جێبەجێ کردنی خواستی ئەم، کە لەو کاتەدا پڕ بوو لە خۆشەویستی، لێرەدا ڕۆژێك هیچ ڕۆڵێکی نەدەبینی، ئەم خۆشەویستیە لە ڕۆژێكو دوو ڕۆژدا دروست نەبووە، لە هەمان کاتدا بە تێپەڕکردنی ڕۆژگار لاوازی نەکردووە، بەڵکو بەهێزتری کردووە، جەمال

عەبدول ناسری باوکی منداڵەکانی زۆر خۆشویستووە، زۆر لە ژیانی جەمال عەبدول ناسری شۆڕشگێر بە ئاگابووەو خەمی سەرەکی بووە، بەردەوام پشتگیری سەرۆك جەمالی کردووە، زۆر خەفەتی بۆ مردنی خواردووە، بیست ساڵی ڕێك بەرگی ڕەشی لە خەفەتی ئەم دانەکەندو هەر بە تازێباری مایەوە.

## ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٧٠

پێنجی پاش نیوەڕۆ: سەرۆك پاش ئەوەی ماڵئاوایی لە ئەمیری کوێت دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، زۆر هیلاكو غەمبار دیاربوو، پاش ئەوەی ماوەی سێ ڕۆژ لە ئوتێل هیلتۆن لە کۆنگرەدابوو، نسکۆی لەسەر شانی خۆی هەڵگرتووە، غەمی گەڕاندنەوەی زەوی هەیە، ئەو پرۆژەیەی ئەم دایمەزراند ئێستا لە مەترسیدایە، ئەزموونەکە سەرلەبەری لە لێواری مەرگدایە.

بە ماندووی دەگەڕێتەوە، لە هیلاکیدا دەبووریتەوە، دەیبەنە ژوورەکەی خۆی، هەموو بەرپرسان ئامادە دەبن، دکتۆر دێت، دەیەوێت بەزەبری کارەبا چارەسەری بکات، دەوەستێتو پاشان ڕایدەگەیەنێت: تەواو بوو، تەواو بوو، چی تەواو بوو؟

ساڵانی دەزگیرانی، خەباتی هاوبەشی هاوسەرگیری، ساڵانی نەهامەتی لە عەباسیە، ساڵانی چاوەڕوانی لە فەلەستین، ساڵانی شۆڕشو دڵەڕاوکێکانی، ساڵانی مەنشیە ئەلبەکری، زۆر بە شۆڕشو گەلەکەی شادمان بوو، نسکۆ تووشی شکستو شکاندنەوەی کرد، ئەوکاتانە هیچی لەگەڵ نەوت تەنها ئەوەندە نەبێت کاتێك پێی وت کە لە تاڵو شیرینی لەگەڵتدام، پاشان بێدەنگ دەبوو، نەوەك برینداری یان شەرمەزاری بکات.

ئەو نەیدەویست ببێت بە سەرۆك کۆمار، دەیویست تەنیا بۆ خۆی بێت، دەیزانی سیاسەت تاقەت پڕوکێنە، تکای لێدەکرد کە لە پێناو ئەم منداڵەکانیدا بمێنێت، زۆر خۆشیدەویست، پێی دەوت واز لە سەرۆکایەتی دەهێنمو هەموو جیهانت دەگێڕم، بەڵام ئەم دەیزانی کە ئەوە هەرگیز ڕوونادات، ئەو تا لە ژیاندا بێت سەرۆکایەتی بە جێناهێڵێت، دەیزانی ڕاستی لەگەڵدا ناکات، بەڵام باوەڕی پێدەکرد، زۆر بەوە شادمان بوو، خەونی بەوەوە دەبینی لە ژیانیدا کۆنگرەی ترێپكو کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەنو کۆبوونەوەو بڕیارو دۆسیەو پرۆژەی بەنداوی عالیو جەنگو نسکۆی تێدا نەبێت،

ئەم هەلگوشینە، هەلگوشینی مێشکی ئەم بوو، لە ژیانیدا جگە لە مێردەکەی هیچی تری نەزانیوەو ئێستاش تەواو.

بە هەموو هێزی قیژاندی، سادات بەرەورووی چوو، من لە ژێر فەرمانی بەرێزتاندام خانم، پاشان نەیهێشت بۆ دواجار تەرمی مێردەکەی ببینێت، "لەم گەرەکە دووری بخەنەوە، لە مردووەکە دووری بخەنەوە ..

لە هیلتۆن ژوورێکیان بۆ گرت تاکو بتوانێت جەنازەکەو کۆمەلانی خەلك ببینێت چۆن مالئاوایی لە سەرۆکەکەیان دەکەن، تەنانەت خەریك بوو عەبدولحەکیمی کوڕی تێدابچێت، لەم ساتەوە خاتوو تەحیە بوو بە بێوەژنی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدول ناسر.

## بێوەژن

یەکەم تاقیکردنەوەی بێوەژنی لە ڕۆژی ٢ی دیسەمبەری ١٩٧١دا بوو، لەو ڕۆژەدا خالیدی کوڕی دالیای مارە بڕی لە گەڕەکی مەنشیە ئەلبەکری، ئەویش بە ئامادەبوونی سەرۆك کۆماری نوێ ئەنوەر ساداتو ژمارەیەکی زۆر لە وەزیرانو گەورە بەرپرسان، سەرۆك کۆماری نوێ ئەنوەر سادات بوو بە شایەتی ئەم هاوسەرگیریە. هەموو شتێك ئامادە کرابوو، بۆ نائامادەگی ئەو شکۆدارە هەموو ئامادەبووان ڕەش پۆش بوونو هەموو بەو پەڕی بە ئاگابوونەوە هەلسوکەوتیان دەکرد، ئەویش بۆ پاراستنی هەستو سۆزی ئەم خێزانە، تەحیە لە نهۆمی دووەم هاتە خوارێ، سلاوی لە میوانەکان کرد، پیرۆزباییەکانی قبول کرد وەك لە هەر شادییەکی تردا ڕوودەدات، بەلام ئەو لە دنیایەکی تردا بوو لەگەل پیاوێکی تر، لەناکاو تەماشای دەوروبەری کرد وەك ئەوەی بە دوای کەسێکی دیاریکراودا بگەڕێت، ئەم ئاهەنگە بەرێوەبەرێت، پاشان کەوتە پرسیارکردن، جەمال لە کوێیە؟ کوا سەرۆك؟.

بەم شێوەیە پاش مردنی جەمال ئەم هەر وەفای بۆی هەبوو، تەمەنی زۆر نەبوو بەلام ڕووداوەکان وایلێکرد حەزی لە دنیا نەبێت، ئەو پێی وابوو هەموو گەل لە وەفایی ئەفسانەیی بۆ مێردەکەی لەگەلیدا بەشدار دەبن، لەو باوەڕەدا نەبوو ئەوانەی لەگەل سەرۆك بوون، پاشقولگری سەرۆك بوون، کاتێ خۆی وەك نیمچە خواوەندێك تەماشایان دەکرد، بەلام پاشان هەر ئەوان یەکەمین کەس بوون تانەیان لە مێردەکەیدا، مستەفا ئەمین یەکەمین کەس

بوو ووتارێکی هێرش ئامێزی کردە سەر جەمال قەڵەمەکان هاتنە دەرێو کەوتنە ئانەڵێدان ـ
ژیانی جەمال عەبدول ناسر، نووسینەکانی وەك گەڕانەوەی هۆش، قەڵەمەکانی لە جۆری کەرنەك، جوێنو ووشەی ناشرینو گومانکردن لە زیمەت، چوو بۆ لای هەیکەلی هاوڕێی کە بەشداری لەو ئاهەنگەدا نەکردبوو کە دوژمنانی جەمال سازیانکردبوو، بەڵام هەیکەل ڕۆشنبیرێکی گەورەبوو، شیکاری سیاسی لەگەڵ بەکارهێنا، ئەو دەیزانی ئەم کەسێکی سپیو بێگەردە سەبارەت بەم دۆسیە، ئەو سەرزەنشتی خۆی دەکاتو چیرۆکێك دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

لە ئینگلتەرا کاتێك شۆڕشی کرۆمۆیل کۆتایی هاتو شکستیهێناو جارێکی تر سیستەمی پاشایەتی گەڕایەوە، دادگایی کرۆمۆیل کرا، بە شێوەیەك جەستەکەی یان ووردتر بڵێین پەیکەرە ئێسکەکەی کرۆمۆیلیان لە گۆڕەکەی دەرهێنا، حوکم بەسەر ئەو پەیکەرە ئێسکەدادراو هەڵواسرا، بیرمە ڕۆژێکیان خاتوو تەحیە ژنی سەرۆك جەمال عەبدول ناسر هات بۆ لام، بینیم دەگریا، لێم پرسی بۆ دەگریت، وتی بینیوتە چی دەربارەی جەمال نووسراوە، وتم خوێندومەتەوە، کارەکان هەروا دەڕۆنو پاشان ئەو چیرۆکەم بۆ گێڕایەوە، بەدبەختانە نەمتوانی ئەو چیرۆکەی کرۆمۆیلی بە تەواوەتی بۆ بگێڕمەوە، بەڵام وتم ئەوەی لە مێژوودا ڕوویداوە لەوانەیە لای ئێمەش دووبارە ڕووبدەنەوە، بەڵام زۆر بێتاقەت بوو بەو شتەو وتی تۆ بڵێی شتی وا بەرامبەر سەرۆك بکەن، وتم لەوانەیە ئەمانە نەتوانن ئەم کارە بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا قسە دروست کردنو تۆمەت هەڵبەستن بۆ عەبدول ناسر زۆر لەوە خراپترە.

ئەوەی جێگەی داخە مێردەکەی مونا کە ناوی ئەشرەف بوو لەو ئاهەنگەدا بەشداربوو، دواتر موناش دوای کەوت، لەو کاتەوە تەحیە پێی لێبڕینو سەردانی نەکردن.

بەم شێوەیە ئەم بێوەژنە داماوە جگە لە حسێن وەك پێشتر باسمان کرد کەسی تری نەدۆزیەوە هانای بۆ بەرێت.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بە هەزارەها بگرە بە ملیۆنان هاوڵاتی دڵنەوایی ئەمیان دەدایەوە، لەوانەیە بزانن شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٧ وێنەی جەمال عەبدول ناسریان بەرزکردەوە، ئەم بە بینینی ئەو دیمەنە زۆر شادمان بوو، لانی کەم لەوە دڵنیابوو کە مێردەکەی نەمردووە، ئەمە جگە لەوەی زۆرێك لە سەرکردەکان ناسریان خۆشدەویست دەستبەرداری ئەم نەدەبوون، وەك چۆن مستەفا فەقێ دەگێڕێتەوە چۆن ئەندیرا گاندی چاوی

بە بیوەژنەکەی سەرۆکی کۆچکردوو کەوتووەو دەڵێت:

کچەکەی "ئەهرۆ" ئەو سەرکردە هندیە گەورەیە زۆر جەمال عەبدول ناسری خۆشدەویستو وابەستەی بوو، خێزانەکەی هات بۆ قاهیرە، ئەویش لە یادی چلەی ماتەمینی سەرۆکدا، لە فرۆکەخانەوە یەکسەر بۆ ئەو ماڵەچوو. پاشان لە کاتی گەڕانەوەیدا داواتنامەیەکی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٢دا سەردانی وڵاتی هندستان بکات، ئەم کارە سپێردرا بە باڵیۆزی میسر کۆچکردوو هشام عامر لە هندستان.

زۆر لەوە سەرم سوڕما ئەو کاتەی سەردانی هندستانمان کرد سەرەك وەزیران ڕاجێف گاندی کوڕی لەوێ لە پێشوازیمانیدا بوو، کاتێك خاتوو تەحییە کازم هەستی بە ئازاری سەری کرد لە فڕۆکەخانە، ڕاجێف گاندی خۆی بە پەلە ڕۆیشت تاکو دەرمان بۆ میوانەکەی بهێنێت، دایکی ڕاجێف سەرەك وەزیرانی هندستان بوو، بەو پەڕی سۆزو خۆشەویستیەوە پێشوازی لەو میوانەی کرد.

بێوەژنی سەرۆك چەند ڕۆژێك مایەوە، زۆرێك لە عەرەبو هندیەکان سەردانیان کرد، مونای کچی لەگەڵدابوو لەگەڵ کچی خوشکەکەی خاتوو نادیە، ئێوارە خوانێك لەسەر شەرەفی ئەم میوانە سازکرا، داواکاری بۆ داوەتکردنی خاتوو تەحییە ئەوەندە زۆربوو تەنانەت لەسەر ئاستی باڵیۆزە عەرەبەکانیش کە لەگەڵ دەوڵەتی میسردا پەیوەندیان پچڕاندبوو.

جارێکیان مونای کچی داوای لێکرد بچێتە لەندەنو لای ئەو بژیو ئەوەی ڕوویدا لە بیر خۆی بەرێتەوە، بەڵام خاتوو تەحییە ئەو داوایەی مونای ڕەتکردەوە، پاش ئەوەی زۆری لێکرد ئامادە بوو ماوەیەك لە ئیسپانیا پێکەوە بەرنەسەر، بەڵام لە ڕۆژی چوارەمدا زۆر گریا، بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ میسرو بەتایبەتی بۆ مەنشیە ئەلبەکری.

خاتوو تەحییە هاوینی لە مەعمورە بەسەربرد، کە شوێنی پشوودانی سەرۆك بوو، یوسف ئیدریس لە هەشتاکاندا پێشنیازی ئەوەی کرد خاتوو تەحییە دەستبەرداری ئەو شوێنە بێت تاکو قەرزەکانی میسری پێبدەنەوە، بەڵام شوێنەکە گەڕێندرایەوەو قەرزەکانیش نەدرانەوە.

بەم شێوەیە پانتایی ژیانی تەحییە بەرەو بەرتەسکبوونەوە دەچوو، ئەوەی زیاتر ئازاریدەدا کوڕەکەی ناوی لە ناو مەسەلەی ڕێکخستنی شۆڕشی میسریدا هاتوو، چوار ساڵ بۆ یۆگۆسلاڤیا هەڵهات، دواجار گەڕایەوەو لە ٢٥ی مارسی ١٩٩٠دا کۆچی دوایی کردو ژیانی بۆ ئەبەد بەجێهێشت، بەڵام بێ ئەوەی خالیدی کوڕی ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکەی

بینت، لە ڕۆژی مردنەکەیدا ڕەوتێکی سیاسی پێکهات بە ناوی "ڕەوتی ناسری" لەبەر ئەوەی هیچ پارتێکی ناسری نەبوو ڕەوتەکە ئاشکرا کرا، مەراسیمی ناشتنەکەی بووە هۆی زیندووبوونەوەی ژیاننامەی ناسرو شۆڕشی کوڕەکەی، ئەو ڕۆژە جەماوەر هەموویان وتافیان دەکێشا، بە سەرکردایەتی کەمال ئەبو عەتییە هاتبوونە سەر شەقام.

## ژنانی کۆشکی سەرۆکایەتی سوریا
## بێوەژنی سەرۆك ئەسەدی کۆچکردوو
## خاتوو ئەنیسە مەخلوف

کاریگەری هەر یەك لە محەمەد مەخلوف‌و خوشکەکەی ژنی سەرۆك ئەنیسە مەخلوف لەسەر سەرۆك زۆر بەهێزە.

**پاتریك سێل لەو کاتەی ژیانی بەشار ئەسەد یاداشت دەکات**

خاتوو ئەنیسە مەخلوف کچی یەکێك لە خانەوادەکانی سوریایە بە ناوی ئەحمەد مەخلوف، لە گوندی بوستان پاشا، خێزانی مەخلوف، خێزانێکە بە درێژایی چەندین سەدە ناوو ناوبانگی خۆیان هەیە، دایکی ناوی سەعدیە عەلی سلێمان ئەسەدە، کە باپیری سەرۆك حافز ئەسەدە، واتە خاتوو ئەنیسە مەخلوف دەبێتە کچەمامی سەرۆك *حافز ئەسەد، بەڵام ئەمەش لەوە کەم ناکاتەوە کە وابەستە بوونی سەرەکی بۆ خێزانی مەخلوف بێت، وەك لای خۆمان لە خۆرهەڵات واباوە بە بنەچە منداڵ دەچینەوە سەر باوانیان.

## حافزو ئەنیسە

سەرۆك حافز ئەسەد لە قەرداحە لە ١٩٣٠/١٠/٦ لە دایك بووە، باوکی عەلی سلێمان کە لە ساڵی ١٨٧٥ لە دایك بووە دوو ژنی هێناوە، یەکەمیان ناوی سەعدیە بووە، لەم ژنە سێ کوڕو دوو کچی هەبووە، ژنی دووەمی ناوی خاتوو نەعاسەیە کچی عوسمان عەبود، ئەمیش دوو کچو پێنج کوڕی لێی بووە.

براو خوشکەکانی سەرۆك بریتی بوون لە: هالە، ئەحمەد، ئیبراهیم، حەسیبە، ئیسماعیل، بەهیجە، محەمەد، بەهجەت، جەمیل، ڕەفعەت، مامێکی هەیە بە ناوی عەزیز، چوار پوری هەیە بە ناوەکانی: مونیرە، جەنینە، غالیە، سعدیە، کە ئەمەیان شووی بە ئەحمەد مەخلوف کردووە کە دایکی خاتوو ئەنیسەیە.

لە ساڵی ١٩٥٨ هاوسەرگیریان ئەنجامداوەو ئەم منداڵانەیان بووە:

بوشرا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ لە دایك بووەو دەرمانسازی لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردووە، شووی بە عەمید ئاسف شەوکەت کردووە.

باسل کە لە ١٩٦٢/٢/٢٣ لە دایك بووە، ئەندازەی مەدەنی خوێندووە لە زانکۆی دیمەشقو پەیوەندی بە سوپاوە کردووەو تاکو پلەی ڕائید ڕوکن بەرزبووەتەوە، بەهۆی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلەوە لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی دیمەشق کۆچی دوایی کردووە لە ڕۆژی ١٩٩٤/١/٢١.

بەشار لە ١٩٦٥/٩/١١ لە دایك بووەن پزیشکەو ئەفسەری هێزی زرێپۆشە بە پلەی عەقید ڕوکن، ئێستا سەرۆك کۆماری سوریایە.

مەجد لە ١٩٦٦/١٢/١٨ لە دایك بووە، بازرگانیو ئابووری خوێندووە، ماهیر لە ١٩٦٧/١٢/٨ لە دایك بووە ئەندازیاری میكانیكە.

بە پێی ئەوەی پاتریك سێلی نووسەر تۆماری كردووە لەسەر ژیانی ئەسەدو باپیرەی كە ناوی سلێمانە، بە سلێمانی وەحش ناسراوە، ئەویش پاش ئەوەی لە زۆرانبازێكی توركی دەباتەوە، نازانین پێشتر نازناوی تری هەبووە یان نا، بەلأم ئەم نازناوە ئەوانە لێیانا كە لە دەوری شوێنی زۆرانبازییەكە بوون، لەم هەواڵەوە تێدەگەین ئەمان هاتوونەتە ئەم ناوچەیەو لای خەڵك ناسراونەبوون، لەبەر ئەوە نازناوەكەیان نەزانیوە، هەر لەبەر ئەوەش نازناوی وەحشیان پێبەخشیوە، چونكە زۆر بەهێزبووە، تەنانەت توانی لەو پاڵەوانە توركە بباتەوە كە پێشتر كەس لێی نەبردبووەوە.

سلێمانی وەحش لە دەروازەی قەرداحە نیشتەجێ بوو، بەلأم ئەوەی لە بارەیەوە دەوترێت كە ئەوان خەڵكی قەرداحە نەبوون، ماڵەكەیان ناوی "ئەلخوسنە"ی وەرگرت واتە سوالكەر، لەبەر ئەوەی خەڵكی قەرداحە خێریان پێدەكردن، چونكە هەژارترین خەڵكی گوندەكەبوون.

سلێمان پیاوێكی پتەو بەهێزبوو، ئەم دوو سیفەتە وایكرد لە گوندەكەدا پێگەیان بە هێز بێتو بچنە ڕیزی خێزانە بە هێزو دیارەكانەوە، بە تێپەڕبوونی كاتو بە هۆی جەستەی پتەویەوە دەسەڵاتی پەیدا كرد، لەبەر ئەوە بوو بە نێوەنگیری لایەنە ناكۆكەكان.

## عەلی سلێمان ئەسەد

عەلی سلێمانساڵی ١٨٧٥ لە دایك بووە، زوو سیفەتی باوكی وەرگرتو زۆر بەهێزو ئازابوو، ئەو پێگەیەی كە لە ناوەندگیریدا هەیانبوو پاراستی، هاوكاری ئەو ئەرمەنیانەی دەكرد كە كۆچیان بۆ ئەم ناوچەیە دەكرد، لە توركیا هەڵهاتبوونو لە باشوور كۆببوونەوە، لەبەر ئەوەی فەرەنسا شاری ئەسكەندەرونەیدا بە توركیا.

بوو بە خاوەنی كێڵگەی خۆی، ئەویش بە هۆی لەو كاتەدا بڕیارێك دەرچوو ئەوەی هەر پارچە زەویەك چاك بكاتەوەو لە بەرد پاكی بكاتەوەو بیكێڵێت دەبووە موڵكی خۆی، هێزی جەستەی زۆر لەوەدا هاوكاری كرد، لەمە جگە لەوە عەزیزی برای هاوكاری كرد، هەروەها خوشكەكانی جەنینەو غالبەو سەعدیە لەو كارەدا هاوكاریان كرد، ئەوكات لە سوریا لە

گوندەکاندا ژن وەك پیاوان کاریان دەکرد.

عەلی سلێمان دووجار ژنی هێناوە، لە یەکەمیان سێ کوڕو دوو کچی هەبووە، پاشان لە ژنی دووەمیان پێنج کوڕو کچێکی هەبوو، ژنی دووەمی ئاعیسە خاتوون بیست ساڵ لە خۆی منداڵتربوو، عەلی سلێمان توانی لە جوتیارێکی سادەوە ببێتە یەکێك لە خانەوادەکان، وەك پاداشتێکی خەڵکی قەرداحە داوایان لێکرد نازناوی وەحش بگۆڕێت بۆ ئەسەد واتە شێر، لە ساڵی ١٩٢٧دا ئەم نازناوە گۆڕدرا، عەلی سلێمان ئەسەد یەکێك بوو لە خوێندەوارە دەگمەنەکان، لە ڕۆژنامەیەك بەشداری هەبوو کە چەند ڕۆژێك دوای دەرچوونی بە دەستی دەگەیشت، لە قەرداحە تاکە پیاوێك بوو ئاگای لە هەواڵەکانی جەنگی جیهانی دووەم بوو، چۆن هەڵکێش و داکێش دەکات، لەسەر ئەو نەخشەیەی لەسەر دیوارەکەی هەڵیواسیبوو شوێنی جەنگەکانی دەست نیشان دەکرد، ئەویش لەو ژوورەی حافز بە منداڵی لێی دەنووست، عەلی ڕێزی لە خوێندن و فێربوون و نووسین و کتێب دەگرت، بڕیاریدا منداڵەکانی دەرفەتی بە دەستهێنانی ڕۆشنبیریان هەبێت، هەشت منداڵی یەکەمیان هیچیان خوێندنیان نەبینی، ئەویش بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا لە قەرداحە خوێندنگا نەبوو.

## حافز عەلی سلێمان ئەسەد

حافز لە ١٩٣٠/١١/٦ لە دایك بووە، چوارەم کوڕی باوکی بووە، سێهەمی دایکی، باوکی تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو، بەڵام دایکی تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو، حافز لە ناو هەراو زەنای خێزانێکی گەورەدا ژیانی بەسەر دەبرد، ئەم نۆهەمین منداڵی عەلی سلێمان نەبوو بە تەنها، بەڵکو عەزیزی مامی و حەوت منداڵی ئەویش هەر لەو نزیکانە دەژیان، ئەو پێنج براو خوشکەی کە لە دایکی ئەم نەبوون و لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە دایك ببوون وەك پوورو مام تەماشای دەکردن، ئەویش بە هۆی ئەو جیاوازیەی تەمەنی نێوانیان، منداڵەکان زۆر دەبوون و سیمای نوێیان دەهێنایە ناو خێزانی عەلی سلێمان.

حافز بە منداڵی لە گوندەکەی خۆیان کاری دەکرد، یارمەتی ئاودێری باخەکانی دەکردو میوەی لێدەکردەوە، دوو ساڵی خوێندنی لە دەستچوو، لەبەر ئەوەی لە قەرداحە خوێندنگەی لێنەبوو.

له سیەکانی سەدەی بیستدا فەرەنسیەکان خوێندنگایان بۆ گوندە دوورە دەستەکان دروست کردو خوێندنی سەرەتایی لە قەرداحە کرایەوە، عەلی سلێمان توانی حافزو جەمیلو ڕەفعەتو بخاتە بەر خوێندن، ئەویش لەبەر ئەوەی لە خانەوادەکانی گوندبوون، ئەم خوێندنگایە تەنها سێ پۆلی یەکەمی تێدابوو، لەبەر ئەوە حافزیان نارد بۆ لازقیە لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٩ – ١٩٤٠، لەگەڵ خوشکەکەی کە شووی کردبوو سێ مانگ ژیا، پاش ئەوەی مێردی خوشکەکەی فەرمانی گواستنەوەی دەردەچێت، باوکی ژنێکی لە ماڵێکی هەژاردا بۆ بە کرێ دەگرێت، ئەوکات سێ لەسەر چواری خەڵکی لازقیە سونە مەزهەب بوون، ئەوانی تر هەموو مەسیحی بوون، ژمارەی عەلەوییەکان لە چەند سەد کەسێك تێپەڕی نەدەکرد، ئەم ماوەیە وایلێکرد زوو گەورە ببێتو پشت بە خۆی ببەستێت.

حافز گەڕایەوە بۆ گوندەکەیو ساڵی ١٩٤٢ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد، ئەوکات تەنها سێ قەرداحی لەگەڵدا بوو، لە هەموو کەناری سوریا یەك دواناوەندی هەبوو، چوون بۆ ئەوێ شەڕەشەقی دەوێت، تەنها خوێندکاری زیرەك دەگەنە ئەوێ، حافز یەکێك بوو لەو خوێندکارە زیرەکانەو لە خوێندن زۆر سەرکەوتووبوو.

حافز میراتیەکی گرنگی لە باوكو باپیری بۆ مابووەوە، ئەو خێزانە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون دۆخی خۆیان چاك بکەن، ئەگەر چی خێڵەکەیان بچوکترینو هەژارترین خێڵەکان بوو، هەموو دەرفەتێکیان دەقۆستەوە تاکو پێگەی کۆمەڵایەتیو ئابووری خۆیان چاکتر بکەن.

لەو کاتەی حافز تەمەنی دەبێتە ٢٥ ساڵان، باوکی تەمەنی ٨٠ ساڵ بوو، لەبەر ئەوە حافز هەندێك بەپرسیارێتی گرتە ئەستۆی خۆی لەوانە هاوکاریکردنی دایکی تاکو بتوانن منداڵە بچوکەکان بەخێوبکەن "جەمیلو ڕەفعەت"، بەو شێوەیە جەمیلو ڕەفعەت وەك باوکێکی بە زەبرو توند سەیری حافزیان دەکرد، بۆ هەر شتێك دەبوایە ڕەزامەندی ئەو وەربگرن، بەڵام حەزیان دەکرد سەرپێچی فەرمانەکانی بکەن، حافز یەکەم کەس بوو جیهانی قەرداحەی بەجێهێڵێتو بڕیاریدا بخزێتە ناو ژیانی گشتیەوە.

## حافز لە خوێندنگای دواناوەندی

ئەو زوڵمەی لە خوێندنگا هەبوو، هەمان زوڵم کە لە جیهانی دەرەوە دەکرێت، منداڵی دەوڵەمەندەکان دەستیان بەسەر ئەو شوێنەدا گرتبوو لە خوێندنگاکەدا کە شوێنێکی لاچەپەربوون حەزیان لە هەر خوێنکارێك نەبووایە دەیانبردە ئەو شوێنەو زۆر بێبەزەییانە لێیاندەدا، جلو بەرگی خوێنکارە هەژارەکان کۆنوڕزیبوو، هەندێکجار تەنانەت نەیاندەتوانی پارەی کتێب دابین بکەن.

حافز گەنجێکی چواردە ساڵەی بازوو بەهێز بوو، بە دوو ساڵ لە هەموو هاوڕێکانی گەورەتربوو، ئەمەش هەندێکجار جیاکاری دەداتێ، ئەوکات خوێندنگاکان لە ژێر ئاراستەی فکرو کارو گفتوگۆی سیاسیدا بوو، پارتەکانی سوریا وەك پارتی نەتەوەیی سوری، پارتی شیوعیو بەعسیو ئیخوان لەسەر دەستگرتن بەسەر ئەقڵی خوێندکارەکاندا کاریان دەکرد.

حافز حەوت ساڵ لە دواناوەندی لازقیە بوو، ساڵی ١٩٥١ بەکالۆریای وەرگرت، ئەوکات تەمەنی بیست ساڵان بوو، لە تەمەنی شانزە ساڵانەوە چووە ناو حزبی بەعسی سوری، ئەوەی زۆر کاریگەری لەسەر ئەم دانا دکتۆر وەهیب ئەلغانم بوو، حافز کەسێکی عەلەوی نائاسایی بوو، متمانەی بە خۆی هەبوو، بەردەوام لە ئامادەباشیدا بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە، لەوە شەرمی نەدەکرد کە سەر بە چ چینێکە، چونکە خاوەنی بوونیادێکی جەستەیی بەهێزبوو، لەبەر ئەوە دەیتوانی خۆی لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەی پەناکانی خوێندنگاکەدا بگرێت، دکتۆر وەهیب ئەلغانم لە بارەیەوە دەڵێت "یەکێك بوو لە خوێندکارەکانی ئێمە، پێویستمان بە گەنجی ئازاو بەهێزبوو تاکو لە پێناو حزبدا بجەنگن".

ساڵی ١٩٤٩ هەموو خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ لازقیە، بۆ ماوەی ساڵێك تاکو بتوانن سەرپەرشتی بچوکترین منداڵیان ڕەفعەت بکەن، تازە چووبووەبەر خوێندنی دواناوەندی.

حافز دوای تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی حەزی دەکرد ببێت بە دکتۆر، ئەویش وەك سەرسامیەك بە دکتۆر وەهیب غانم، زانکۆی یەسوعی داوای لێکرد بێت بۆ بەیروتو خۆی ناونووس بکاتو چاوپێکەوتن ئەنجام بدات، بەڵام هەژاری ڕێگەی نەدا بگاتە بەیروت، لە ساڵی ١٩٤٦وە ئەو بڕە پارەیە لەسەر کۆلێژی سەربازی لابرا، لەبەر ئەوە خوێندکاری کەمینەکان هەوڵیاندەدا بچنە ئەو کۆلێژە، بەم شێوەیە حافز یەکێك بوو لەو نەوەد

خوێندکارەی پەیوەندیان بەو کۆلێژەوە کرد لە شاری حمس، لە ساڵی ١٩٥٢ لەوێ چاوی بە سادق مستەفا تەلاس کەوت، پاشان لەگەڵ پانزە خوێندکاری تردا نێردران بۆ قوتابخانەی فڕۆکەوانی لە حەلەب، لە ساڵی ١٩٥٣ قوتابخانەی فڕۆکەوانی کرا بە کۆلێژی هێزی ئاسمانی، حافز بە فڕۆکەکەی بەسەر ئاسمانی قەرداحدا فڕیو سلاوی لە هاورێکانی کردو پاشان گەڕایەوە بۆ حەلەب، ئەویش پاش ئەوەی دەچێتە سەر دەریای ناوەڕاست. لە کاتی دەرچوونیدا ساڵی ١٩٥٥ بەشێوەیەکی سەیر لە مەرگ ڕزگاری بوو، ئەویش لە کاتی ئەنجامدانی نمایشی فڕۆکەوانیدا، کاتێك دەچێتە ناو هەورێکەوە لە حەلەب، کە لە هەورەکە دێتەدەرێ دەبینێت ڕاستەوخۆ بەرەو زەوی نزیك دەبێتەوە، لە چەند چرکەیەکدا درکی بە مەترسیەکە کرد، فڕۆکەکەی بەر چڵۆ پۆپی دار زەیتونەکان کەوت ... بەلام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر توانی خۆی دەرباز بکاتو لەمەرگێکی حەتمی خۆی ڕزگار بکات.

## ژن هێنان

ساڵی ١٩٥٨ ئەفسەری فڕۆکەوانی حافز ئەلئەسەد سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێت ئەنیسە مەخلوف ببێتە هاوسەری، کە کچی پورە سەعدیەی بوو، پوری هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە بنەماڵەی ئال مەخلوف ئەنجامدابوو لە بوستان پاشا، ئەنیسە مامۆستا بوو، کچێکی لەسەرخۆو پۆشتە بوو، کچێکی ناوقەد باریك بوو، قژێکی کاڵی هەبوو، تەمەنی لە حافزەوە نزیك بوو لە دێری ڕاهیبەکانی دڵی پیرۆزی فەرەنسی لە بانیاس خوێندبوویو ڕۆشنبیریەکی باشی وەرگرتبوو، بەلام لەمپەرەکانی بەردەم هاوسەرگیریان زۆربوون، لەوانە:

١- جیاوازی گەورەی نێوان ئەم دوو خێزانە، خێزانی ئەم بچوكو هەژارن، بەلام بنەماڵەی ئال مەخلوف ئەم نازناوەیان لەوەوە وەرگرتبوو کە خوادنی هەژارانو برسیەکانیاندەدا لە ماڵی باپیری ئەنیسەی دەوڵەمەند، باوکی ئەنیسە هەمان کاری ئەنجامدەدا، دەرگای ماڵیان بۆ برسیو هەژاران واڵابووە، هەروەها ژووریان هەبووە بۆ داڵدەدانی لیقەوماوان.

٢- جیاوازی سیاسی: بنەماڵەی ئال مەخلوف لە پارتی نەتەوەیی سوری بوون، حافز لەسەدیش لە پارتی بەعسی بوو، ئامۆزای ئەنیسە بکوژی عەدنان ئەلمالکی بوو، ئەویش بە

ڕێنمایی پارتی نەتەوەیی سوری، حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراو خێزانەکەی بە شەهید لە قەڵەمیاندا.

لەبەر ئەوە ئەحمەد مەخلوف باوکی ئەنیسە سووربوو لەسەر ئەوەی ئەم هاوسەرگیریە نابێت ئەنجامبدرێت، بەڵام دایکی ئەنیسە سەرسامی سیفەتەکانی حافز ئەسەدی برازای بوو، گەنجێك بوو زۆر متمانەی بەخۆی بوو، وانەناسرابوو کە سەرکێشی بێسەرەوبەرەی هەبێت، هەروەها نەبیسترابوو هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ کچاندا هەبێت یان سەردانی گازینۆو یانە شەوانەکان بکات، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە میسر بوو زۆر ڕەوشت بەرزانە هەڵسوکەوتی دەکرد، خوێندکارێکی نمونەیی بوو، پێدەچێت زۆر بەلایەوە گرنگ نەبێت ئەزموونی سێکسی هەمەجۆرەی هەبێت، هەر لە تەمەنێکی کەمەوە حەزی بە هاوسەرگیریو ژیانێکی جێگیرکردووە، تاکو بتوانێت سەرقاڵی ئیش‌و کارە تایبەتیەکانی خۆی بێت.

دواجار حافز ئەسەد بردی بۆ دیمەشق‌و لەوێ لای قازی مارەی کرد، لە نزیك ئەلمزە ماڵی هاوسەرێتیان دامەزراند، ئەم هاوسەرگیریە بووە هۆی سوودی زۆری دنیایی، کە جەختی لەبەرەو سەرچوونی چینایەتی ئەم دەکرد، هەندێك خاڵی تری لە ناو کۆمەڵگای عەلەویدا بەدەستهێنا، پاش چەند هەفتەیەك لە هاوسەرێتی ماوەی یانزە مانگ لە یەکتری دابڕان ئەویش پاش ئەوەی نێردرا بۆ ڕوسیا تاکو مەشق لەسەر فڕینی شەو بکات بە فڕۆکەی میگی ١٥و ١٧، ئەنیسەی سکپڕ گەڕایەوە بۆ ماڵی باوانی لە بوستان پاشا.

پاشان هەموو منداڵەکانی تر لە دایك بوون تاکو ئەو کاتەی بوو بە سەرۆك کۆماری سوریا لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ پێکەوە ژیان.

## ژنی سەرۆك

خاتوو ئەنیسە لە زۆر سیفاتیدا لە خاتوو تەحییەی ژنی سەرۆك جەمال عەبدول ناسر نزیك بوو، لە میدیاکاندا دەرنەدەکەوت، چالاکی خاوەن مۆرکی جەماوەری ئەنجامنەدەدا، خوێندنگایەکی بە ناوەوە نەنرا یان گۆڕەپانێك یان شتێك لەو بابەتە، بەڵام هەموو ئەمانەش ئەو ڕاستیە ناشارنەوە کە خاتوو ئەنیسە خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز نەبێت بەسەر مێردەکەیەوە، هەروەها خێزانی ئال مەخلوف لە سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەددا زۆر چوونە پێشەوە،

پاوەکانیان لە بواری بازرگانیو پارەو سیاسەتدا دەرکەوتن، تەنانەت کێبڕکێیان لەگەڵ خێزانی حافز ئەسەد دەکرد، پاتریك سیل دەڵێت: لەو کەسانەی کێبڕکێیان لەگەڵ ڕەفعەت دەکرد عەدنان مەخلوف بوو کە کوڕی مامی ژنی سەرۆك بوو، دە هەزار سەربازی گاردی کۆماری لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون، بەرپرس بوون لە پاراستنی ئەمنیەتی دەووری کۆشکی کۆماری لە گەڕەکی ئەمالکی، کە بنەماڵەکەی هەموو لەوێ دەژیان، لەسەنتەری شاری دیمەشق، مەخلوف خۆی لە بنەڕەتدا لە سریەکانی بەرگری لای ڕەفعەت کاری کردووە، بەڵام پاش دەمەقاڵێیەك، ئەسەد ئەرکی فەرماندەی گاردی کۆماری پێدا، ئەویش لەسەر پێشنیاری خزمێکی بە ناوی محەمەد مەخلوف برای ژنی حافز ئەسەد.

بەم شێوەیە دەبینین کاریگەری محەمەد مەخلوفو خوشکەکەی کە ژنی سەرۆکە زۆر بەهێزە، ئەم کاریگەریە بەهێزەی ئال مەخلوف وەك خۆی مایەوە، بە تایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی ئەسەدی کوڕی لاوازدا، کاریگەری مەملەکەتی ئال مەخلوف هیچی کەمتر نییە لە ڕووی سیاسیو ئابووریەوە لەسەر سوریا لە بەرامبەر ئال ئەسەددا، وەك دەردەکەوێت لەو کاتەی حافز ئەسەد کودەتا بەسەر براکەیدا دەکات، براکەی هێزێکی زۆری لەبەردەستدا بووە، هەمان قسەی سیل دەکەین، یەکێك لە ئامۆزاکانی ئەوەی سەرۆك یەکێك لە براکانی تەمبێ دەکات، ئەویش جەمیلە کە بەوە ناسراوە لە ڕەفعەتەوە نزیکە، لە تەمەنێکدا بوو لە نێوان حافزو ڕەفعەتدا، ڕەوانبێژ بوو، خولیای هەبوو، خاوەن هزرێك بوو لە سیاسەتدا چڕی کردبووەوە، کۆلێژی یاسای تەواوکردبوو، بەڵام هەرگیز کاری پارێزەری نەکردووە، بەو سیفەتەی برای سەرۆکە، بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی گەڵ ئەویش بە ژمارەی دەنگێکی زیاتر لە هەموو پالێوراوەکانی تر، یەکێك لە ئامرازەکانی هێزی ئەم کابرایە کۆمەڵەی ئیمام عەلی مورتەزا بوو کە لە ساڵی ١٩٨١ دایمەزراند، وەك گردبوونەوەیەکی سیاسی، بەڵام لە ژێر پەردەیەکی ئاینیدا، ئەگەر چی جوڵانەوەیەکی پتەو نەبوو، بەڵام جەمیل ویستی کێبڕکێی حزبی بەعسی پێبکات، گومانی تێدانییە کە تۆڕێکی دروست کرد زیاتر لە شارەکەی خۆیان درێژبووەوە، دەیەها پاس لایەنگرانی ئەمانی بۆ لازقیە دەگواستەوە بۆ شوێنێك دواتر لەوێوە بەرەو جزیرە برۆن، ئەو پاسانە لەبەردەم خانووە گەورەکەی ڕیز دەبوون کە باخێکی گەورەی هەبوو، لە ناو باخەکەدا ئەستەبلێکی هەبوو پڕ بوو لە ئەسپی عەرەبی جوان، کە لە بنەڕەتدا دیاری شێخی خێڵەکان بوو.

ئەو بەرخی بۆ میوانەکانی هەڵدەکوڵی، گوتاری بریقەداری بۆ میوانەکانی دەدا، لە ناوەڕاستی دیسەمبەری ١٩٨٣ کاتێک سەرۆک لە نەخۆشیەک چاکبووەوە، بە فەرمانێک کۆمەڵەی مورتەزای داخست.

ئەوەمان بیر نەچێت کاتێک قسە لە بارەی ئال مەخلوفەوە دەکەین، نابێت ڕامی مەخلوفمان بیربچێت کە بووەتە یەکێک لە گەورەترین بزنسمانەکانی سوریا لە هەموو بوارەکانی ئابووریدا.

## بێوەژنی سەرۆک

حافز ئەسەد ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردن لە ماوەی یەک چارەکە کاتژمێردا دەستکاری دەستور کرا تەنها لەبەر ئەوەی بەشار بێتە سەرۆک، ئەو کات تەمەنی سی‌و پێنج ساڵ بوو، دەستوری سوری دەڵێت دەبێت سەرۆک تەمەنی لە چل ساڵ زیاتر بێت، جارێکیتر دەستکاری دەستور کرایەوەو کەمترین تەمەن بۆ بوون سەرۆک کرا بە سی‌و چوار ساڵ.

خاتوو ئەنیسە کوڕەکەی بێ سەرپەرشتیار بە جێنەهێشت، لە کاتی خۆی‌و لە چرکە ساتەکانی کەوتنەوەی شڵۆقی دیتە ناوەوە، هەروەها ڕۆڵی لە چارەسەری قەیرانی نێوان ماهیری کچەزای لەگەڵ مێردی کچەکەی بوشرا، کە ناوی عەقید ئاسف شەوکەتە، هەموو ناکۆکیەکانی کۆتایی پێهێناو ئەرکەکانی سەر لە نوێ دابەشکردەوە، هەستا بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی کوڕی، ڕاستە ئەو بە ئاشکرا لەبەر چاوان نەبوو، بەڵام زۆر لە کوڕەکەیەوە نزیک بوو، بەشێوەیەک لە هەندێک کاتدا دەستی وەردەدایە ناو کاروباری وڵاتەوە، لە کاتی جەنگی زایۆنی لە دژی باشووری لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشار ئەسەد وتارێکی ئاگرینی پێشکەش کردو لەوێدا هەندێک وشەی لە دژی پاشای سعودیە دەربڕی، بەرامبەر شا عەبدوڵا، یەکسەر خاتوو ئەنیسە پەیوەندی کرد بە ژنێکی هاوڕێەوە کە نزیک بوو لە خێزانی شانشینی سعودی داوای لێکرد کە دەیەوێت بچێت بۆ ڕیاز تاکو چاوی بە بەرپرسانی ئەو وڵاتە بکەوێت سەبارەت بە قسەکانی کوڕەکەی بەشار ئەسەد، پاش چەند ڕۆژێک ئەو هاوڕێیەی پەیوەندی پێوەکرد، وتی هەرکات بیەوێت دەتوانێت بێت بۆ ڕیاز لەبەر ئەوەی ئێرە وەک نیشتمانی دووەمی وایە، ئەوکات مەحاڵ بوو بەرپرسێکی گەورە ببینێت

لەبەر ئەوەی هەموویان سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی.

خاتوو ئەنیسە کە زانی ناتوانێت سەردانی شانشینی سعودیە بکاتو کار ئاسانی بکات بۆ پێشوازی لە سەرۆکی کوڕی، لەبەر ئەوە داوای لەو هاوڕێیەی کرد کە هەوڵبدات بەرپرسانی سعودیە بە گەورەیی خۆیان لەو هەڵەو وتە نابەجێیانەی کوڕەکەی ببوورن کە لە وتارێکدا لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٥ دا پێشکەشی کردو ئەویش پاش ئەوەی هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر لوبنان کە ٣٣ ڕۆژی خایاند.

خاتوو ئەنیسە پێش کوڕەکەی دڵی بەرپرسانی سعودیەی دایەوە، بەپێی سەرچاوەکان ڕوونیەتی کوڕەکەی ئامادەیە داوای لێبووردن لە هەموو ئەو ڕستەو وتە نابەجێیانە بکات لەبەرامبەر ئەوان بەکاریهێناوە، ئەگەر چی خۆی زۆر کەسی ناردبوو پێیان بڵێت کە ئامادەیە لە ناو فڕۆکەخانەی ڕیاز سەری خادیمی حەرەمەینی شەریفەین ماچ بکاتو بە هەمان فڕۆکە بگەڕێتەوە.

بەشار ئەسەد بە فڕۆکەیەکی سوری مەدەنی دەگاتە فڕۆکەخانەی شا خالیدی نێودەوڵەتی، لە فڕۆکەکە دادەبەزێتو ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ لای شا عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیزو هەموو ئامێرەکانی وێنەگرتنی لەسەر بوو هەموو جوڵەیەکیان تۆمار دەکرد لە تەوقەو ماچکردن، تەلەفزیۆنی فەرمی سعودی هەموو جوڵەو ئاماژەو تەوقەو ماچەکانی پەخشکرد، تەنها ئەو حاڵەتە نەبێت کە بەشار ئەسەد سەرشانی پاشای ماچکرد، ڕێنمایی فەرمی لە سعودیە دەرچوو کە ئەو وێنانە نابێت پەخش بکرێت، ئەم مەسەلەیە بە هۆی خاتوو ئەنیسەوە کۆتایی پێ هات، تاکو ئێستاش لە سوریا وەك خێزانی خاوەن دەسەڵات دەژی.

# خاتوو ئەسماء ئەسەد

"ئەسماء ئەخرەسی پێشوو"

ژنی سەرۆك بەشار ئەسەد

گواستنەوەیەکی جۆری بوو لە دیمەنی سیاسیدا

**ڕۆژنامەی ئەلحەیات**

ئایا ئەو کچەی ناوی ئەسماء ئەفرەس بوو، لە لەندەن لە دایك بووە، دەیزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێتە خانمی یەکەمی وڵاتەکەی لە سوریا؟

دەتوانین بە نەخێر وەڵامبدەینەوە، کێ دەزانێت چارەنووسی چی بۆ حەشارداوە، ئەسماء لە خێزانی دەسەڵاتەوە نزیك نەبوو، نە لە خێزانی ئەسەدەو نە لە خێزانی ئال مەخلوفەوە نزیك بوو، ئەسماء ئەفرەس لە نەخۆشخانەی ماری قەدیس لە بادینگتون لە بەریتانیا لە ئابی ١٩٧٥ لە دایك بووە، دایك‌و باوکی سورین، باوکی دکتۆر فەواز ئەفرەس پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ لە حمس لە ساڵی ١٩٤٦ لە دایك بووە، بۆ خوێندنی پزیشکی چووە بۆ میسر پاشان بۆ بەریتانیا سەفەری کردووە تاکو زانستی قەستەرەی دڵ بخوێنێت لەگەڵ بەشێك لە نەخۆشیە هەناویەکان، ژمارەیەك توێژینەوەی زانستی هەیە کە بە ناوی خۆیەوە تۆمارکراون، دایکی ناوی سەحەر عەتری لە خێزانێکی دیمەشقی دێرینە، لە بەریتانیا لە باڵیۆزخانەی سوریا کاری دەکرد، سێ منداڵیان هەیە، خاتوو ئەسماء ئەفرەس لە بواری پزیشکیدا دەخوێنێت، ئەیاد زانستی مێژوو لە بەریتانیا دەخوێنێت.ئەسماء پەیوەندی بە قوتابخانە بەریتانیاکانەوە کردو هاوڕێکانی بە ناوی ئایا دەیناسن، لەو کاتەی کچانی نەوجەوانی هاوتەمەنی خۆی لە بەریتانیا خەریکی ژیانی خۆیان بوون، ئەم خەریکی خوێندنەوەو ئەسپسواری بوو، خۆی فێری سەمای باڵێ دەکرد، لە زانستی کۆمپیوتەردا خۆی قاڵکردبوو، خوێندنی سەرەتایی لە چێرچ ئۆف ئینگلاند تەواو کردو ئامادەیی لە تۆبفۆرد لە ئاکتۆن تەواو کرد، پاش دوو ساڵ چوو بۆ قوتابخانەی کچان بە ناوی کوینز کۆلیج لە ناوەڕاستی لەندەن، کە باڵاترین قوتابخانەی بەریتانیە.

ئەسماء ساڵی ١٩٩٣ خوێندنی تەواو کردو چووەتەکۆلێژی کینگز کۆلێج لە لەندەنو لەوێ خوێندنی تەواو کردو دبلۆمی لە زانستی کۆمپیوتەردا بەدەستهێنا، هەروەها خاتوو ئەسماء لە کاتی پشووی خوێندندا سەردانی سوریای وڵاتی خۆی کردەوە، ئەو لە خوێندندا زۆر سەرکەوتوو بوو، حەزی لە زانستی کۆمپیوتەر بوو، ئەم پسپۆڕیە وای لێکرد بڕوانامەی "mbi" وەربگرێت لە شیکردنەوەی دراوی لە زانکۆی هارڤارد، خاتوو ئەسماء لە لەندەن

مايەوە تاكو خوێندنگای كینگز كۆلێج داوای لێكرد ببێتە مامۆستای قوتابخانەكەیان، بەڵام بەرلەوەی دەستبەكار بێت، كارێكی لە "لویچی بانك" دەستكەوت، پاشان وەك شیكەرەوەی سستم لە بانكدا كاری كرد لە بانكی "جی. بی. مۆرگان"، دكتۆر بەشار لەو كاتەی زانستی پزیشكی چاوی لە لەندەن دەخوێند، خاتوو ئەسمائی ناسی، هەروەها لەسەرەتای نەوەدەكاندا لە بانگهێشتێكی جالیەی سوری لە لەندەن پانتایی یەكترناسینیان زیادیكرد، زۆر سیفەتو گرنگیدانیان لە یەكترەوە نزیك بوو، وەك حەزیان دەربارەی زانستو توانای رێكخستن، ئەمە جگە لە كۆمەڵێك سیفەتی تر كەوای لێكرد ببێتە خانمی یەكەمی سوریا.

گەڕایەوە دیمەشقو بە سادەترین شێوە مارەی كرد ئەویش لە رۆژی ٢ی دیسەمبەری ٢٠٠٠ لە ئاهەنگێكدا كە تەنها خزمانو هاوڕێیانی تێدا بەشداربوو، بەبێ ئەو هەراو زەنایەی لەم جۆرە بۆنانەدا دەكرێن، ئەم پرۆسەی هاوسەرگیریە سێ منداڵی بەدوای خۆیدا هێنا، گەورەكەیان حافز لە ٢٠٠٠/١٠/٤ لە دایك بوو كە بە ناوی باپیرەوە ناویان لێنا، منداڵی دووەم زەین لە ئۆكتۆبەری ٢٠٠٢ لە دایك بوو، سێهەم ناوی كەریم بەشارە كە لە ٢٠٠٥/١/٢ لە دایك بوو، خێزانی بەشار ئەسەد لە خانوویەكدا دەژین لە دیمەشق نەك لە كۆشكدا.

چەندین رێكخراوەی ناحكومی دروست كرد لەوانە دامەزراوەی فردەوس بۆ گەشەپێدانو پەرەپێدانی گوندی سوری لە هەموو كەرتەكاندا، سەرەتا هەموو گوندەكانی سوریا بە تیشێرتێكو پانتۆڵێكی جینزەوە گەڕا، خەڵكەكە سەرەتا نەیاندەزانی ئەم ژنە كێیە، خۆی ئەوەی ئاشكرا دەكرد كە گوندی سوری پێویستی بە چی هەیە.

## ژیانێكی پڕ ژاوەژاو

ژیانی خاتوو ئەسمائی ژنی سەرۆكی سوریا بریەتی لە گۆڕانكاری گەورە، ئەو كچە لاوە لە پایتەختی بەریتانیا لە دایك بووەو گەورە بووە، ڕاستە دایكو باوكی سورین "فەواز ئەخرەس - سەحەر ئەلعەتری"، بەڵام پەروەردەو ژیانو خوێندنی بە هەموو تەمەنی لە لەندەن بووە، بەبێ ئەوەی یەكجار سەردانی وڵاتی دایك بكات، ئاكارو هەڵسوكەوتی وەك هاوڕێ بیانیەكانی وایە.

گومانی تێدا نیە کچێکی خاوەن خواستو ڕۆشنبیربوو، زانکۆی خوێندوەو پسپۆڕی لە بواری ئیدارەی بزنسدا هەبوو، لە بانکدا کاری کردووەو سێ زمان دەزانێت "ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی".

بە ڕێکەوت بەشار ئەسەد کوڕی سەرۆك حافز ئەسەد دەناسێت، لە ئاهەنگێکی تایبەتدا لە باڵوێزخانەی سوریا لە لەندەن بە بۆنەی ڕۆژی لە دایك بوونی بەشارەوەکرا، ئەویش بانگهێشتکرا لە ١٧ی نیسانی ١٩٩٢، دایکی بە حوکمی ئەوەی فەرمانبەری باڵیۆزخانە بوو، ئەم کچە سەرنجی دکتۆری گەنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت کە کەسێکی شەرمن بوو، لە سوریاوە هاتووە دەیەوێت خوێندنی پسپۆڕی خۆی تەواو بکات کە لە بواری پزیشکی چاودابوو، سۆز لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ئەگەر چی تەمەنی بچوك بوو، تەمەنی لە نۆزدە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، ئەم چاوپێکەوتنانە چەند بارە بووەوە کە زۆر پاكو بێگەردبوو، ئەویش لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا، بێ ئەوەی چاوپێکەوتن یان چالاکی هاوبەشیان پێکەوە هەبێت.

لە ١٢ی یەنایەری ١٩٩٤ دکتۆر بەشار ئەسەد ناچاربوو بگەڕێتەوە سوریا پاش ئەوەی باسل ئەسەد لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانی لە دەستدا، تاکو خۆی بنیەوە چووەتە ناو سوپا دوور لە پسپۆڕی پزیشکی، شەوو ڕۆژ هەوڵیدەدا تاکو ئامادە بێت بۆ ئەوەی شوێنی براکەی بگرێتەوە لە میراتگری سەرۆکایەتی کۆماردا لە باوکیەوە کە تەندروستی باش نەبوو.

لە میانەی تێکەڵبوونی بە بەرپرسیارێتی گەورەو فشاری کاری قورس، ئەم گەنجە نەیتوانی بەشێوەیەکی بەرچاو درێژە بە پەیوەندیەکانی بدات وەك مرۆڤێك بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری شیاو بێت، پەیوەندی نێوانیان بۆ ماوەی چەند ساڵێك پچڕا، خاتوو ئەسماء وەك هەر کچێکی تری هاوتەمەنی ئەم مەسەلەیەی وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٩٧ پاش ئەوەی بەشار ئەسەد زۆرێك لە خولەکانی تەواو کرد، جارێکی تر خاتوو ئەسمائی بیرکەوتەوە، بە ناردنی سڵاو لە ڕێگەی هاوڕێیانەوە پەیوەندی دروستکردەوە، بۆ بیرخستنەوەو پاراستنی بەردەوامی ئەو پەیوەندیە، هەندێك پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خێزانەکەیاندا ڕوویدا تاکو لە بیریان نەچێتەوە، بەڵام دکتۆری گەنج نەیدەتوانی بچێت بۆ لەندەنو چاوی بە خۆشەویستەکەی بکەوێت، جارێکی تر گەڕایەوە بۆ خولە سەربازیەکانی کە باوکی بەسەریدا سەپاندی، وای دانابوو ساڵی ١٩٩٨ یەکەم سەردانی بۆ لەندەن بکات، لەوێ یەکەم چاوپێکەوتن بەبێ ئامادەبوونی خێزان ئەنجام بدات ئەمەش یارمەتیدا پەیوەندیان

زیاتر پەرەبسێنێتو قوڵتر ببێتەوە، تاکو کار گەیشتە ئەوەی ببێتە پەیوەندیەکی جدیو فەرمی.

یەکەمجار لە هاوینی ١٩٩٩ دا بەشار ئەسەد داوای هاوسەرگیری لە ئەسماء کرد، ئەویش خێرا بڕیارەکەی پەسەندکرد، بە تایبەتی کە دکتۆری لاو ئەوەی لا ڕۆشن بوو کە پێگەیەکی گەورەی لە سوریادا پێبدرێتو ژیانێکی ئاسوودەو هێمن پێکەوە بەرنەسەر، ئەویش بە هۆی ئەوەی باوکی سەرۆکی سوریا بوو ... عەقید بەشار ئەسەد ڕێی خۆشکرد بە تایبەتی لای باوکی کە بتوانێت ئەو بابەتە بورووژێنێت، بە تایبەتی بۆ زانینی کاردانەوەی باوکی لە بەرامبەر هاوسەرگیری ئەم لەگەڵ کچێك کە هەڵگری بیرکردنەوەو بیروباوەڕو ڕەگەزنامەی بەریتانیە، ئەگەر چی دایكو باوکی بەڕەگەز سورین، پاش چەند هەوڵدانو ڕوونکردنەوە، حافز ئەسەد ڕازی بوو لەسەر خواستنی ئەو کچە کە مەراسیمەکەی لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ دا ڕوویدا، بەڵام باوك لە مانگی یۆنیۆ کۆچی دوای کرد، لەبەر ئەوە هاوسەرگیریەك بۆ کۆتای ساڵی ٢٠٠٠ دواخرا.

جیاوازی نێوان تێڕوانینی کچە گەنجێکی وەك ئەسماء لە نێوان ژیانی ئێستایدا بەم شێوەیە:

١- ئەسماء چاوەڕێی دەکرد ماوەی چەند ساڵێك لە ژێر سایەی سەرۆك حافز ئەسەددا بە هێمنی بەسەر بەرێت، بەڵام ئەمە ڕووینەدا، یەکسەر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك کرد کە بەرپرسیارێتی گەورە سەرقاڵی دەکات، ئەوندەی کات بۆ خێزانەکەی نابێت.

٢- ئاماژەکانی هەردوو یەکەم ساڵی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد ئەوەیان دەردەخست دەیەوێت ڕیفۆرم لە هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگای سوریدا ئەنجامبدات، دەوڵەتانی عەرەبی زۆر لە سیاسەتی بەشار ئەسەد ڕازی بوون ... لەم ساتەدا خۆشترین ساڵەکانی ژیانی بەسەربرد، لەگەڵ ژنەکەی لە گەورەترین پایتەختەکانی جیهان پێشوازیان لێدەکرا، وێنەکەی بەرگی گرنگترینو بە ناوبانگترین گۆڤارەکانی جیهانی داگیرکرد، بەڵام کارەکە لە ساڵانی دوایدا تەواو پێچەوانە بووەوە، دەموچاوێکی نوێی مێردەکەی بینی، دەستیکرد بە زیندانی کردنی زۆرێك لەوانەی لە سیمیناری ئابووری ڕۆژی سێ شەممەدا ئامادەی دەبوو، تاکو بانگەشە بۆ ئەو هەڵمەتەی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەستی پێکردو هەر بەهۆی ئەو بەڵێنەوە هاتە سەر کورسی سەرۆك

کۆمار .. هەروەها بینی ڕاوەدووی نزیکترین هاوڕێکانی خۆی دەنێت، ئەویش بە هۆی ڕاپۆرتی هەندێك بوغز لە دڵی ناو دەزگای هەواڵگری .. هەروەها هیچ دەوڵەتێك ئامادە نەبوو پێشوازی لە مێردەکەی بکات، زۆرێك لە دەوڵەتانی ئەورووپاو ئاسیا سەردانەکانیان ڕەتدەکردەوە، خۆی بە گۆشەگیری لە دیمەشقدا بینیەوە.

٣- چاوەڕێی ئەو کێبڕکێ توندەی لەگەڵ خوشکی بەشار ئەسەدا نەدەکرد کە ژنی لیوا مەخلوف بوو، دەستبەرداری ژیانی گشتی ببوو لە لازقیە دادەنیشت، تاکو ئەمڕۆش خاتوو ئەسماء نازناوی خاتوونی یەکەمی سوریای وەرنەگرت، ئەم نازناوە بۆ ژنی سەرۆك حافز ئەسەد بەجێهێڵرا، ئەوەی دەکرێت باسی بکەین ژنەکەی بەشار ئەسەد ئەم مەسەلانە زۆر کاریان تێکرد، تاکو ئەمڕۆش وەك ئەندامێکی خێزانی ئەسەد دانی پێدانەنراوە.

٤- هەوڵیدا پاڵپشتی چەند خزمێکی بکات لە بواری بازرگانیدا ... پاڵپشتی دکتۆر تەریف ئەفرەسی مامی کرد تاکو ببێتە سەرۆکی ژووری پیشەسازی حەمس، هەروەها پاڵپشتی کرد تاکو یاسایەکی نوێ دەربکات ژووری بازرگانی هەموو پارێزگاکان لە یەکتری جیابکاتەوە. بەشێوەیەك یەکێتیەکیان بۆ دروست بکات وەك یەکێتی ژووری پیشەسازی، هەروەها هاوشێوەی دکتۆر راتب شەلاح دکتۆر ئەفرەسی مامی بکاتە سەرۆکی ژووری بازرگانی سوریا .. بەڵام دکتۆرە بوشرا ئەسەد هەموو نەخشەکانی هەڵوەشاندەوە، ئەویش بەوەی داوای لە کوڕی خاڵی کرد کە ناوی ڕامی مەخلوف بوو نەهێڵێت لیستی دکتۆر تەریف ئەفرەس سەربکەوێت، بۆ ئەوەی نەهێڵێ زیاد لە پێویست گەورە ببێت، تاکو خودی خاتوو ئەسماء لە ژێر دەسەڵاتی خێزانی ئەسەددا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە ڕامی مەخلوف بە داواکاری بریکاری کۆمپانیای سیریاتل لە حمس هەستا بە پاڵاوتنی عسام ئەنبونە بۆ هەڵبژاردنی ژووری بازرگانیو پیشەسازی. لەسەروبەندی ئەو کێبڕکێیەدا لەبەرامبەر لیستەکەی تەریف ئەفرەسو پرۆژەکەی ئەمو پرۆژەکەی خاتوو ئەسماء شکست پێبهێنێت، نەکا بروونیادی بنکەیەکی ئیمپراتۆری دارایی بکات وەك

ئیمپراتۆریەتی ئال ئەسەد .. لەگەڵ بوونی ژمارەیەك شایەتو بوونی داوای یاسایی لەسەر ساختەکاری هەڵبژاردن لە حمس، هیچ کەسو لایەنێك نەیوێرا بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچێتو چارەسەری بکات، تاکو بزانن کێ لە پشت ئەو کارەوە بووە.

٥- تاکو ئێستا خێزانی ئەسەد هەموو وتارێکیان لە خاتوو ئەسماء قەدەغە کردووە، تەنانەت رێگەی پێنادەن چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ئەنجام بدات، جا لە کەناڵی تەلەفزیۆنی سوری بێت یان هەر کەناڵێکی بیانی، تاکو نەبێتە خاوەنی ناوو ناوبانگو لایەنگری میللی زۆر پەیدا نەکات لە سوریا، ئەویش بە هۆی ئیرەیی بوشرا ئەسەدەوە، تاکو چالاكو کاریگەر دەرنەکەوێت.

## پاشینەی قەیرانەکە

لەوانەیە یەکەمین شتێك لەم بوارەدا بوترێت گۆڕەپانێکی شاری حەما لە باشترین ناوچەی حەما بە ناوی خاتوو سەحەر عەتری ئەفرەسەوە ناونرا، دایکی خاتوو ئەسماء ئەفرەس، وەك رێزلێنان بۆ هەوڵە مرۆییەکانی، لەگەڵ ئەوەی خاتوو ئەنیسە مەخلوف نەك بوشرا ئەسەد، ناوی هەریەکەیان لە شتێك نراون.

ئەمەش قەیرانێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، قەیرانەکەش ئەوەیە بوشرا ئەسەد خوشکی سەرۆکی سوریاو ژنی ناسیف شەوکەت کە بەرپرسی گەورەی ئیستخباراتی سوریە، داوا لە خاتوو ئەسماء ئەسەد ژنی بەشار ئەسەد بکرێت واز لە بەشداری چالاکی جەماوەری بهێنێتو لە ناو کۆشکدا بمێنێتەوەو خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکانی بێت.

ئەم کارە لای ئەسماء جێگەی قبوڵ نەبوو، کە لە بەریتانیا گەورە بووەو ژیاوە، لەبەر ئەوە دەستبەجێ کۆشکی بەجێهێشتو لە دیمەشق لە ماڵی باوکی مایەوە.

ناکۆکی نێوان ئەسماءو بوشرا نوێ نەبوو، بوشرا بڕوای وابوو کە ئەسمائی تەمەن ٣٣ ساڵ لە بواری جەماوەری لە پشت پەردەوە هەوڵدەدات پێگەی ئەم لاواز بکات لە ناو خێزانی دەسەڵاتدا، بوشرای تەمەن ٥٦ ساڵ کە لە ماڵەوە چێشتخانەی سیاسی بەڕێوەدەبات، گەورە پیاوانی سیاسی لە سوریادا تێدا بانگهێشت دەکات، توانی نەهێڵێت نازناوی خاتوونی یەکەم

بدرێت بە ئەسماء خاتوون، هەروەها ڕێگری لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی سوریا کرد کە چالاکیەکانی ئەسماء بڵاونەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو چالاکیانەی تایبەتە بە ژنانو کەمئەندامانو هەتیوان.

بوشرا ئەم هەموو هەنگاوانەی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە ئەم ژنە لە بەریتانیا گەورە بووەو زمانی عەرەبی نازانێت، بەم زمانەی گەلی سوری تێدەگات ناتونێت گوزارشت لە خۆی بکات، ئەسماء ئەو کچەی بەر لە شەش ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ بەشار ئەنجامدا، زۆر بە وورياییەوە تەماشای لێدوانەکانی بوشرای دەکرد، کە دەیویست لە ناو کۆشکدا زیندانی بکاتو نەهێڵێت لە گەلی سوری نزیك بێتەوە.

دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، لەم دواییەدا کێشمە کێشی نێوان بوشراو ئەسماء سەبارەت بە دامەزراندنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی ژووری بازرگانی لە دیمەشق، ئەسماء کاری بۆ ئەوە کرد کە مامی دکتۆر تەریف ئەفرەسی بزنسمان دابنێت، بەڵام بوشرا دەیویست خزمێکی دایکی دابنێت کە ئەویش ڕامی مەخلوفی بزنسمانە.

لە کۆتایدا بوشرا توانی ئەو کەسە دابنێت، ئەمەش کێبڕکێی نێوان ئەسماءو بوشرای زیاتر کرد، کە بەوپەڕی توورەییەوە کۆشکی بەجێهێشت، چوو لە ماڵی باوانی بژی لە دیمەشق، تاکو کێشەکان چارەسەر کران.

## لە بۆشاییەوە نەهاتووە

بەدڵنیاییەوە خاتوو ئەسماء لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی پێشین لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو لە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی شارەزاییو ئەنجامدانی چالاکییەوە هاتووە، لەوانیە بڕوا نەکەن ئەوەی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەدەستیهێناوە، ئەگەر بەدواداچوون بۆ ڕۆژنامە جیهانییەکان بکەین چیان لە بارەی خاتوو ئەسمائەوە نووسیوە، لەو کۆدەنگیە سەرسام دەبین کە ئەم خاتوونە بەدەستیهێناوە لە تەمەنێکی کورتدا، ئەو بزە پڕ لە سەخاوەتەی سیمای جێناهێڵێت، هەروەها کارە مرۆییەکانی وای لەم خاتوونە کردووە جێگەی سەرنجی زۆربەی لە خەڵك بێت لە دەرەوەو ناوەوەی سوریا، سیاسیەکان میدیاکاران، هاوڵاتیان، خاتوو ئە لە ماوەی ئەم چەند ساڵە کەمەدا ئەوەی سەلماند کە خاوەنی کاری گەورەو قورسی ڕۆڵ

کاری سیاسیو کۆمەڵایەتیە وەك ژنی سەرۆك، لە تەنیشت مێردەکەی سەرۆك بەشار ئەسەدەوە وەستاوە، پاڵپشتی خواستەکانی دەکات بۆ پەرەپێدانی سیمای شارستانیو هاوچەرخانەی ژنی سوری لە دەرەوەی سوریا، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامە عەرەبیو جیهانیەکان ئەمەیان بلاودەکردەوەو زۆریان لە بارەی ئەوەوە نووسیووە.

لەبەر ئەوە جێگەی سەرسوڕمان نیە لە گۆڤاری "ئەلشەهرەم" لە یۆلیۆی ۲۰۰۲ بە مانشێتیکی گەورە دەنووسێتو وەسفی ئەسماء ئەسەد دەکات "ئەسماء ئەسەد دڵێکە بۆ خۆشەویستی خەڵكو نیشتمان لێدەدا، ئامادەییەکی زیرەکانەو پڕ چالاکیەو بزەیەکی هەمیشەیی".

هەروەها باسی لەو پرۆژەیەی کردبوو "سندوقی سوری بۆ پەرەپێدانی گوندی "فیردەوس" دەڵێت: ئەمیان گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەیە لە خودو خولیاو گرنگیدان بە کێشەی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی، ئەو بە ناو گوندەکانی سوریادا دەگەڕێتو گەرمیو ئومێدی نوێیان پێدەبەخشێت، هەروەها برەودان بە باشتر کردنی ژیانی کوڕانی وڵاتەکەیو کارکردن لە پێناو باشترکردنی گوزەرانیان.

لە سەردانەکانی بۆ دەرەوە هەمان گرنگی پێدەدرا لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی خۆرئاواو عەرەبیەوە، هەمیشە جێگەی گفتوگۆو مشتومڕ بووە، لەبەر ئەوەی هەرگیز نەچووەتە خانەی جلو بەرگە جیهانیە بەناوبانگەکان، ئەگەر چی خۆی زۆر ڕێکپۆشو جوانو سەرنجڕاکێش بوو، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ هەر سەردانێکی بۆ دەرەوەی وڵات کۆمەڵێك ئەزموونی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە تاکو لە ناوخۆی سوریادا سوودی لێوەربگیرێت.

لەو کاتەی لە ساڵی ۲۰۰۱دا سەردانی فەرەنسای دەکات، سەرکەوتنێکی گەورەی لە بواری ئابووریو سیاسیو ڕاگەیاندندا بەدەستهێنا، بەشێوەیەك کە بەشار ئەسەد بووە جێگەی سەرنجی زۆرێك لە کەسایەتیە سیاسیەکانی لە فەرەنسا ئەم خاتوونە چاوی پێکەوتن، خاتوو ئەسماء بە هەمان شێوە توانی سەرنجی هەمووان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، یەکێك لە ڕۆژنامە فەرەنسیەکان وێنەی هەفتەی بلاوکردەوە کە وێنەی خاتوو ئەسماء بوو، لە ژێر وێنەکەدا نووسیبووی "خاتوو ئەسماء جێگەی سەرنجی نێوەندی سیاسی فەرەنسی بوو، کە لای فەرەنسیەکان بە کەسایەتیە سەرنجڕاکێشەکەیو جوانیە هێمنەکەیو زیرەکیە ئاشکراکەی، هەروەها لەبەر ڕێکپۆشیەکەی کە لە فەرەنسیەکان ڕێکپۆشتر بوو ناسراوە"، هەروەها یەکێك

لە ڕۆژنامە فەرەنسیەکان دەنووسێت "لەو جلو بەرگەی لەبەریدابوو بۆ ئێوارە خوانەکە، زۆر
لە جلەکانی برنادێت شیراك جوانتر بوو، کە لە خانەیەکی جلو بەرگی جیهانی کڕیبووی.
ڕاگەیاندنی فەرەنسی باس لەوە دەکەن، خاتوو ئەسماء ئەگەر چی ئامادەبوونی لە
ئاهەنگێکی لەو شێوەیە نوێ بوو، بەڵام لە ئاستی ڕووداوەکەدا بوو.

هەروەها هەر یەك لە ڕۆژنامەکانی "الرای العام"و "السفیر"و "المستقبل" بەر لە
سەردانەکەی بۆ پاریس دەربارەی ئەسماءنووسیبوویان "جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم سەردانەی
ژنێکی سوری بۆ فەرەنسا ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە ژێر سایەی ئەو چاکسازییە ئابووریە
سەختەی لە وڵاتدا بەڕێوەیە.

هەروەها گۆڤاری "باری مانش"ی فەرەنسی دەربارەی ئەو بانگهێشتە بۆ ئێوارە خوانی
جاك شیراك بۆ سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد بەم شێوەیە وەسفی دەکات کە وەك یەکێك لە
شەوانی هەزارو یەك شەوە وابێت لە کۆشکی ئەلیزێ، هەروەها گۆڤارەکە وێنەیەکی خاتوو
ئەسمائی بە گەورەیی بڵاوکردووەتەوە، گۆڤاری "باری مانش" دەڵێت "هەموو ئەو گەورە
سیاسیانەی بۆ ئەم خوانە بانگهێشتکرابوون، ئەم خاتوونە کە تەنها تەمەنی بیستو پێنج ساڵە
سەرسامی کردن، هەوڵدەدات بەردەوام قۆڵی لە قۆڵی مێردەکەیدا بێت، بەشێوەیەك وێنای
ژنێکی وڵاتەکەی نیشان بدات"، دواجار گۆڤارەکە بەم شێوەیە دەدوێت: خاتوونی ژنی
سەرۆکی سوریا لەوە دەگات کە ئامادەیی کۆمەڵایەتی ئەو پاڵپشتێکی سیاسیە بۆ مێردەکەی،
لەبەر ئەوە هەوڵیدا لەم سەردانەدا بەووردی چاودێری هەمور دەووروبەر بکات.

ڕۆژنامەی "شرق الاوسط" دەربارەی سەردانەکەی پاریس کە سێ ڕۆژی خایاند دەڵێت
"ئەسماء ئەسەد تاقیکردنەوەکەی پاریس بەسەرکەوتووی دەبڕێت.

هەروەها سەبارەت بەسەردانی بەریتانیا، بە یەکێك لە سەرکەوتووترین سەردانەکان
دادەنرێت کە خاتوو ئەسماء لەگەڵ بەشار ئەسەد ئەنجامیدابێت، ئەم سەردانە مۆرکێکی
سەرنجڕاکێشانەی هەبوو، ئەوان پێشتر لە لەندەن یەکتریان ناسیبوو، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو
ئاژانسەکانی هەواڵ وەك بابەتێکی میدیایی سەرەکی مامەڵەیان لەگەڵدا کرد.

لە "times one line"ی ئەمەریکیدا وتارێك لە ژێر ناونیشانی "ئەسماء ئەسەد تاکو
ئێستا سۆزی بۆ خوێندنگا کۆنەکەی لە لەندەن هەیە"، دەنووسێت "ئەگەر چی خاتوو ئەسماء
مێردەکەی تەنها بیست خولەك لە کۆشکی باکنگهام بوونو دواتر چاویان بە شازادە

چارلس کەوت، خاتوو ئەسماء ئەوەندە ئازایەتی نەبوو تاکو بەسەر پلیکانەی مامۆستاکان لە خوێندنگا کۆنەکەی سەربکەوێت، لەبەر ئەوەی قەدەغە بوو خوێندکار بەو شوێنەدا کە تایبەت بوو بە مامۆستاکان سەربکەون، ئەمەش خاتوو کۆنل بەڕێوەبەری خوێندنگاکە "کۆتیز کۆلێژ ئاماژەی بەوەدا کە خاتوو ئەسماء نەهات بۆ خوێندنگاکە تاکو بلێت من گرنگم.

پاش ئەوەی چەند ساڵێکی لە ئاستێکی بەرزی دەسەڵاتی حکومدا بەسەربرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دڵخۆش بوو ئەگەر چاوێك بە ژوورەکەیو چێشتخانەی خوێندنگا کۆنەکەی بخشێنێتو لەگەڵ مامۆستاو خوێندکارەکان گفتوگۆیەك بکات، لەسەر زمانی خاتوو ئەسماء لەو کاتەی سەردانی خوێندنگا کۆنەکەی دەکات، باس لەوە دەکەن کە وتوویەتی "جێی سۆزو خۆشەویستیە کە دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە، بۆ من ئێرە باشترین شوێنە لە جیهاندا، "obsevver" چاوپێکەوتنێکی بڵاوی کردەوە کە گفتوگۆیەك بوو پیتەر بیونت لەگەڵ خاتوو ئەسماء ئەسەد ئەنجامیدا لە ژێر ناونیشانی " لە کچێکی خوێنکارەوە بۆ ئایکۆنێکی سوری".

ئەگەر چی ڕاگەیاندنی بەریتانی وا باسیان لە خاتوو ئەسماء کردبوو کە ژیانێکی گۆشەگیرو ملکەچانەی دەبێت، لەبەر ئەوەی کچێکی گەنجەو ڕۆشنبیرو سەرنجڕاکێشە، کاتێك بۆ ماوەی چەند مانگێك لە چاوان ونبوو، ڕەشبینەکان وایاندەزانی تەواو بۆچوونەکەیان ڕاست دەرچوو، بەڵام لە ڕاستیدا بە هەڵەدا چووبوون.

ڕۆژنامەیەکی عەرەبی لە ژێر ناونیشانی "تیشکێك لە پایتەختی تەمدا" بەم شێوەیە شیکردنەوەی خۆی دەربارەی ئەو سەردانە دەربڕی، هەروەها ڕۆژنامەی "الشهر" دوو وتاری بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "ئەسماء ئەسەد باشترین باڵیۆزی وڵاتەکەی بوو کە لەندەنی ڕۆشنکردەوە، بەخەندە پڕ شەوقەکانی بوو بە جێگەی خۆشەویستی بەریتانیەکانو ڕێزیان لێگرت، دواتر هەمان ڕۆژنامە دەنووسێت خاتوو ئەسماء ئەسەد مەشخەڵی چالاکیو ژیانە کە توانی ببێتە جێگەی سەرنجی بەریتانیەکان، کە مۆدێلێکی دەگمەنی خانمی یەکەمی جیهانیان ناسی، کە پێشتر پێی ڕانەهاتبوون.

ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی بەر لە هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە وێنەیەکی خاتوو ئەسماء لەفرەسی بڵاوکردەوە، هەروەها وێنەی خانووەکەی باوکیو بە دواچوونی بۆ چالاکیەکانی ئەوان لە بەریتانیا کرد، خوێندنو سەرکەوتنی لەو خوێندنگایەداو خوێندنەوەیان بۆ کەسایەتی

لەگەڵ هاورێ خوێندکارو مامۆستاکانی ئەو ، هەروەها ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاوپێکەوتن لەسەر ئەوە کۆك بوون ئەسماء خاوەنی سەردەمی خوێندی لەو خوێندنگایە، هەروەها باسی لە لیستی هاوپۆلەکانی کرد، لەوێوە کەسایەتییەکی بەهێزەو زیرەك و بوێرە، هەروەها لەگەڵ هاوەڵەکانی سەردەمی خوێندنی نەپچڕاندووە، دەرکەوت کە خاتوو ئەسماء پەیوەندی لەگەڵ هاوەڵەکانی سەردەمی خوێندنی نەپچڕاندووە، زۆربەیان بە گەشتێکی کچانە لە بەریتانیاوە بۆ کۆشکی دیمەشق سەردانیان کردووە.

لە نێو ئەو گەواهیانەی ڕۆژنامەی "the merror" بڵاویکردەوە لە تایمزی بەریتانی وەرگرتبوو، دەڵێت "یەکێك لە مامۆستاکانی ناوی جیم هانشینسون بوو، ئەم مامۆستایە ئاماژە بەوە دەدات کە خاتوو ئەسماء سەرەتا کەسێکی شەرمن بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات چالاك و زیندوو دەرکەوت و پشتی بەخۆی دەبەست، زۆر بە خواست بوو، هەروەها ئەو مامۆستایەی باس لەوە دەکات لەوە دڵنیا بووە کە خوێندکارەکەی پێشووی دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ دەوڵەتی سوری و تەنانەت بۆ خودی سەرۆکیش، هەروەها دەڵێت بەهرەیەکی ڕێکخستنانەی هەبووە، بەبڕوای من بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گونجاوە، هەروەها پرۆفیسۆرێکی تر بەم شێوەیە وەسفی خاتوو ئەسماء دەکات کە کەسێکی زۆر درەوشاوە بووەو زۆر حەزی لە زانست و ڕۆشنبیری و فەلسەفەی ژیانی ڕۆژئاوا بووە.

لە یەکێك لە ڕۆژنامە لۆکاڵەکانی سان فران سیسکۆدا هەواڵێك بڵاوبووەوە، ئەویش لە دەستپێشخەری هاوڵاتیەکی ئەمریکی بوو کە لە سەنتەری ڕاگەیاندنە سەربەخۆکانی ئەو شارە کاردەکات، یانەیەکی بۆ هەواداران لەسەر ئینتەنێت کە باس لە هەواڵی کارە مرۆییەکانی خاتوو ئەسماء دەکات، گۆڤارەکە باس لەوە دەکات یەکەم دەرکەوتنی خاتوو ئەسماء لەگەڵ سەرۆك بەشار ئەسەدا پاش هاوسەرگیری بۆ سەردانی سەرۆکی بولگاریا دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت "خاتوونی سەرۆکی سوریا زۆر ڕەوانبێژە، هەمان هەواڵ لە ڕۆژنامەی "ئەلحەیات" بڵاوبووەوە.

هەنگاوێکی جۆریە لە دیمەنی سیاسی کە سوریەکان دەیخوازن و پێشبینی دەکەن، لەم بارەیەوە دەڵێن "مێژووی نوێی دەوڵەتی سوری دەرکەوتنی ژنێکی لە مەیدانە جیاکاندا وەك خاتوو ئەسمائی بەخۆوە نەبینیووە.

ڕۆژنامە ئینگلیزیەکان ئەوەندە سەرسامن بە کەسایەتی ئەم خاتوونە، بەو هێندە قسەو باسەی لەمەڕ ئەوەوە وازناهێنن کە دەربارەی ئەم کەسایەتیە پڕ چالاکی و ژیانە نووسیویانە،

ئەمە جگە لەوەی لەسەردانەکانیدا هەێندە کات بەفیڕۆ نادات کە نەبێتە هۆی خزمەتی وڵاتەکەی.

ڕاگەیاندنی بەریتانی باس لەسەرنجڕاکێشانی ئەم ژنە دەکات لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی قسەیان لەگەڵ کردووە، خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزەو هەمیشە بزەی لەسەر لێوە، ئەمە جگە لە ڕەوانبێژی لە ئاخاوتندا، هەروەها توانایەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ ئیدارەدانی گفتوگۆ، کەوا لە بەرامبەر دەکات بڕوا بە ڕاستی بۆچوونەکانی بکات.

ژنێك لەوانەی لە بواری بۆنەکاندا کاردەکات "بۆنە بەریتانیەکان" دەڵێت "پێشتر هیچ خاتوونێکی نەبینیووە ئەوەندە گرنگی بە زانستو مۆزەخانەو بانكو گفتوگۆی ڕۆشنبیریو زانستی بدات، گرنگی بە سەردانی ئەو شوێنانە نەدات کە خاتوونی سەرۆکەکانی تر سەردانی دەکەن، وەك خانەی جلو بەرگ، بازاڕەکانو دوکانەکانی ئاڵتونو خۆجوانکردن، هەروەها سروشتی هێمنو سیفەتە باشەکانیو ڕەوشتی بەرزو ڕۆشنبیریو ئاگاییەکانی سەرسامی کردوون.

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەبارەی ئەم خاتوونەوە دەڵێت "لەو کاتەی سەردانی شانشینی دانیمارکی کردووە لە ساڵی ١٩٨٨، ڕۆژنامەیەکی بەریتانیم نەبینیووە ئەوەندە گرنگی بە میوانێك بدات وەك ئەو گرنگیدانەی بە خاتوو ئەسماء ئەسەد دراوە، کەسایەتیەکی لە ڕێسا بەدەرە، لەبەر ئەوە ئیرەیی بە گەلی سوری دەبەین کە خاوەنی کەسایەتیەکی وەك ئەسمائن"، ئیرەیی بەریتانیەکان هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاتوو ئەسماء زۆر گرنگی بە هاونیشتمانیانی خۆی دەداتو جوانترین وێنەیان دەخاتەڕوو.

هەروەها ڕۆژنامەیەکی تری بەریتانی دوای سەردانەکەی خاتوو ئەسماء لەگەڵ سەرۆك بەشار ئەسەد بۆ بەریتانیا باس لەوە دەکات لەبواری ئەو وێنە ڕۆشنەی لەبارەی ژنی عەرەبیەوە پێی بەخشینو توانی خاتوو ئەسماء لەوەرگرتنی قەبارەی ڕۆڵێ بەشداریکردن لەگەڵ سەرۆك کۆماردا لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتو بەشداریکردن لە کاروانی نوێکردنەوەو هاوچەرخیبوون، کە ئەمیان بریتیە لە سیمایەك لە سیماکانی دەوڵەتێك هەوڵی پەرەسەندن بدات، لەو بارەیەوە دەڵێت "لەو کچە جوانەی گەلی بەریتانی بەگەرمی پێشوازیان لێکردو وێنەی لە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەریتانیادا بڵاوکرایەوە، لەم چرکە ساتەدا لەیدی دیانا"م وەبیردەخاتەوە، کە هەموو گەلانی جیهان خۆشیاندەویست، ئومێدەوار بووم

که خاوەنی ڕەگەزنامەی عەرەبی بووایە، ئەویش لەو کاتەی وەسفی مەزنی ئەو ئەرکە مرۆییە دەکات که خاتوو ئەسماء هەڵیگرتووە، که سەرسامی گەلی بەریتانیاو نووسەری ڕۆژنامەکان بە "لەیدی دیانا" چواندوویانە.

ئەم سەردانە سەرکەوتووەی بۆ بەریتانیا ماوەی سێ مانگی خایاند، لەو ماوەیەدا زۆرێك لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە چەند لاپەڕەیەکیان بۆ گفتوگۆو وتوویژو ئاخاوتن لەسەر خاتوو ئەسماء ئەسەد تەرخان کردو سەبارەت بەو سەردانە سەرکەوتووەی بۆ بەریتانیا ئەنجامیدا، ئەویش پاش سەردانەکەی بۆ ئیسپانیا هات، هیچی کەمتر نەبوو لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ سەرۆك بەشار ئەسەددا دەردەکەوت، ببووە جێگەی سەرنجو سەرسامی ئیسپانیەکان، که دەیانوویست هەموو شتێك دەربارەی سوریاو سەرۆکەکەیو بەتایبەتی خاتوو ئەسماء که گەنجێکی پڕ لە ژیان بوو بزانن،

لەو کاتەی بەشار ئەسەدو خاتوو ئەسماء سەردانی میسر دەکەن خاتوو ئەسماء گەشتێکی کرد که نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاند، کاتێك سەردانی شوێنەوارو شوێنە ڕۆشنبیریەکانی قاهیرەی کرد، سەیر نیە که ڕۆژنامەکان لەم بارەیەوە نووسیانو زۆر بە بایەخەوە باسیان لەم گرنگیدانەی خاتوو ئەسماء کرد، لەوانە گرنگی بە ڕۆشنبیریو سەردانی شوێنەوارو مۆزەخانەکانی کردووە، که ئەمیان ببووە جێگەی سەرنجی ڕاگەیاندنی میسریو پانتاییەکی زۆریان بۆ تەرخانکرد.

ڕۆژنامەی "الاسبوع" لە ژمارەی ٢٠٤ی مارسی ٢٠٠٢و "الاهرام" که بەربلاوترین ڕۆژنامەی میسرە، ئەم سەردانەی خاتوو ئەسمائیان بە ووشەو وێنە باس کردو سەرسامی خۆیان بە ئاستی ڕۆشنبیری ئەم خاتوونە دەربڕی، هەروەها باسیان لە سەرسامی خاتوو ئەسمائیش کرد سەبارەت بە شارستانیەتی میسری کۆن.

ڕاگەیاندنەکان تەنها باسیان لەو چالاکیانە نەکرد که خاتوو ئەسماء لەسەر ئاستی دەرەوە ئەنجامیدا، بەڵکو باسیان لەو هەموو ئەو سیفەتو ئامانجە پیرۆزانە کرد لە دەستپێشخەریە مرۆییەکانی لەمەڕ دامەزراوە خێرخوازیو پرۆژە گەشەپێدانەکانی لە سوریا کرد، باسیان لە هەموو ئەو شتانە کرد که لە ژێر چاودێریو سەرپەرشتی ئەمدابوون، سەبارەت بە موتەدای ژنو پەروەردە گۆڤاری "الصیاد" پانتاییەکی گەورەی بۆ خاتوو ئەسماء تەرخانکرد، ئەو ژنە تەنها تەمەنی بیستو پێنج ساڵ بوو، نزیکەی هەموو تەمەنی لە غوربەتدا بەسەر بردووە، بەڵام

بە زمانێکی عەرەبی پاراو قسەی کردووە، کە خاتوو ئەسماء ڕابەرو نموونەیە، هەروەهاتەوە لە درێژەی نووسینەکەدا دەڵێت "ئەمە ڕووداوێکی نائاساییە لە ژنێکی نائاساییەوە".

ڕۆژنامەکان باسیان لەوە کردووە کە خاتوو ئەسماء سەرنجی هەندێك لەوانەی ئامادەی بۆنەداکە بوون بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لەوانە ئەمینە عەلی کە وەك چاودێر لەو کۆنگرەیە بەشداری کردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت "ئامادەبوونی خاتوو ئەسماء بەو جوانی ڕێکپۆشیو کەسایەتیە پڕ متمانە بەخۆبوونەوە سەرنجڕاکێشام کە ئەوەی تێدا دەبینرا دەیەوێت زیاتر بەخشێتو لە پێناو نیشتمانەکەیدا هەوڵەکانی زیاتر چڕبکاتەوە، تاکو ئایندەی ژنی سوریو عەرەبی باشتر بێت لەوەی ئێستا تێیدا دەژی.

هەندێك لەو ڕۆژنامانەی لەو ڕووداوە بەشداریان کرد باس لەوە دەکەن خاتوو ئەسماء بە سەرپەرشتیکردنی ئەو کۆنگرەیە نموونەی ژنێکی عەرەبی پێشکەوتووو شارستانی پێشکەش کرد، کە کارلێك لەگەڵ ڕۆحی خۆرهەڵاتی بە ئەقڵیەتی مرۆیی گشتگیرانە هەڵسوکەوت دەکات.

هەروەها ئاماژەیان بەوەدا کە ئەم خاتوونە توانی وێنەیەکی جوانی سوریا بە ئامادەبووان پێشکەش بکات، هەروەها جوانترینو جیاوازترین وێنەی ژنی عەرەبی هاوچەرخی پێشکەش کرد.

هەروەها هاتووە کە خاتوو ئەسماء زۆر جوانو پڕ ژیان دەرکەوتووە، بەکورتی شازادەی سوریاو شاژنی تاج لەسەر بووە، ئەگەر زیاتر تەماشای ڕۆژنامەکان بکەین، ئەوەی دەربارەی خاتوو ئەسماء وتوویانە، ئەوا دەڵێین وێنەیەکی جیاوازی خاتوونێکی جیاوازیان دەستکەوتووە، کە مرۆیی بوونی خۆی لە کاری خێرخوازیو سەرپەرشتی منداڵانو هەتیوانو پەککەوتووانو گەنجانی کەمئەندامدا تەرخان کردووە.

ئەمەش وای کرد نێوەندەکانی ڕاگەیاندن زۆر پێی سەرسام بنو گەلەکەی زیاتر خۆشیانبوێت، وتارێك کە لە "الکفاح العربی" دادەربارەی خاتوو ئەسماء بڵاوکرایەوە، بەم شێوەیە وەسفی دەکاتو دەڵێت "خاتوو ئەسمائی شۆخو شەنگ پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆی بۆ سەرەوە بەرزنەکردووەتەوە، بەڵکو گەڕایەوە بۆ ناو خەڵك".

لەو وتارەدا هاتووە کە خاتوو ئەسماء لەگەڵ ئەوەی لە کاری سیاسیدا کەسایەتیەکی نوێیە، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو وێنەیەکی جوان دەربارەی ژنی سوری پێشکەش بکات،

هەروەها گۆڤارێك ئەم سەردێرە بلاّودەكاتەوە "ئەو خەلکانی سادەو هەژاری هەلّبژاردووە تاکو یارمەتیان بدات‌و ئومێدیان پێبخەشێت.

هەروەها ڕۆژنامەکانی دەرەوە لە کاتی سەردانی خاتوو ئەسماءو بەشار ئەسەد سەرۆك و کۆماری سوریا، چۆن‌و بە چی شێوەیەك گرنگیان پێداوە، بۆ نمونە لەو سەردانەی سەرۆك و ژنەکەی لە سالّی ٢٠٠٢ بۆ ئیتالّیا ئەنجامیاندا، ئەمیان یەکەم سەردانی بوو بۆ دەرەوەی سوریا، بەلاّم وێنەی بەشارو ئەسماء لە زۆرێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاّوکرایەوە، هەروەها باسیان لە بالاّ ڕێکی‌و بزەکەی خاتوو ئەسماء دەکرد کە هەرگیز لێوەکانی بەرنادەن، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەولیدا پێگەی دەولەتی سوریا بەرزبکاتەوە.

لە کۆتایی سەردانەکەدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەم سەردانەیان بە سەرکەوتوو وەسفکرد، هەروەها باسیان لەو وێنە باشەکرد کە خاتوو ئەسماء لە هزری ئەواندا بەجێیهێشت‌و ئەو وێنەیەی بەخشی بەژنی سوری، هەروەها ئاماژەیان بەوەدابوو کە خاتوو ئەسماء کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرەو گرنگی بەلایەنەکانی زانستی نوێ دەدات.

یەکێك لە ڕۆژنامەکانی ئیتالّیا بەم شێوەیە وەسفی خاتوو ئەسماء دەکات "بەتواناترین ژنەکانی ناو کۆشکی سەرۆکەکانی جیهانی عەرەبیە".

"الشهر" لە چەند وتارێدا، لەوانە لە ژمارە ١١٥ ی سالّی ٢٠٠٤دا باس لەوە دەکات خاتوو ئەسماء لە پاریس شازادەی ولاّتی شام بووە، لە ئیسپانیا شاژنی تاج لەسەری ئەندەلوس بووە، لە ئیتالّیا پرێنسیسە، زۆر بەشێوەیەکی جوان سەرنجڕاکێش بوونی خۆی سەلماند".

لە سیفەتە دیارەکانی خاتوو ئەسماء، گرنگی زۆر بە پیشەسازی نیشتمانی دەدات، کە ڕاگەیاندنەکان وەك بەشێك لە چالاکیەکانی خاتوو ئەسماء باسی لێوە دەکەن، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە یەکەمین ئامادەبووەکانی پێشانگای کاراکردنی ڕۆلّی ژنان بوو لە گەشەپێدانی ئابووری ئیدارەی بزنس، ئەم پێشانگایە بە چاودێری خاتوو ئەسماء کرایەوە، ئەوەی سەرنجی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن‌و ئامادەبووانی ڕاکێشا خاتوو ئەسماء ئەو جلو بەرگەی لەبەریدابوو لە بەرهەمی ناوخۆیی بوو، ئەمەش لە ژمارە ٤٣ی گۆڤاری ئابووریدا لە ژێر ناونیشانی "بە هەلّبژاردنی جلو بەرگی لە بەرهەمی ناوخیی، خاتوو ئەسماء ڕابەری ژنانی سوریاو هاندەری یەکەمی پیشەسازی ناوخۆ، بەم ئامادەبوونەی سەرنجڕاکێشی‌و جیاواز بوونی خۆی سەلماند"

لەو مۆرکەی لە ئامادەبوونی لە پێشانگاکەدا بەجێیهێشت وا وەسفکرا کە زۆر بەهێزەو

ئەفسووناوی بوو، هەر کەس ئەم خاتوونەی ببینێت ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم ژنە هەڵگری کۆمەڵێك سیفەتی جیاوازو تەندروستە.

ئەو لایەنانەی ڕاگەیاندنەکان باسیان لێوەکردووە، کە "کیفاح العربی" هەندێکی بڵاوکردەوە، ئەوەیە لەو کاتەی خاتوو ئەسماء دەچێتە کۆشکی کۆماری کار لە کەسایەتی ناکات، ئەو وەك هەر ژنێکی تر ژیانێکی تایبەت بە خۆی دەژی، لەگەڵ سەرۆك کۆمار دەچێت بۆ شانۆو پێشانگاو چێشتخانە، گرنگی بە منداڵەکانی دەدات بێ ئەوەی پشت بە بەخێوکەر ببەستێت، حەز دەکات لە سەفەرەکانیدا هاوڕێی بن، هەروەها دەتوانین بڵێین بالاڕێکی خاتوو ئەسماء کاریگەری ئەفسووناوی لەسەر دڵی خەڵکی هەبووە، ئەم لایەنە زۆرجار لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا باسی لێوە کراوە، بەتایبەتی کە خاتوو ئەسماء یەکێکە لەو ژنە دەگمەنانەی کە بۆ جلو بەرگ پشت بە پیشەسازی ناوخۆیی دەبەستێت، بەڵام زۆربەی ژنی سەرۆکەکان گرنگی بە جلو بەرگی خانەی جلو بەرگی جیهانی دەدەن، بەڵام ئەم وەك هاندەرێکی پیشەسازی نیشتمانی هەمیشە جلو بەرگی ناوخۆیی بەکاردەهێنێت، ئەمەش وایکرد ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەرجەم ژنی سەرۆکەکانی وڵاتانی خۆرئاواو جیهانی عەرەبی جیایبکەنەوە، لەم بوارەدا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ نەخشەسازی سوری خاتوو حەسیبە ئەلحەسریدا ئەنجامداوەو بەڕاشکاوی باس لە بۆچوونی خۆی لەمەڕ خاتوو ئەسماء ئەسەد دەکات.

بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت "بێ پیاهەڵدان، ئەم ژنە بۆ ئەوە خولقاوە ببێتە ژنی سەرۆك، شت گەلێکی جیاواز لە کەسایەتیدا هەیە، هەستێکی نیشتمانی هەیەو ڕێز لە توانا نیشتمانیەکان دەگرێت، ڕۆژێکیان پێم وت دەتوانم بە منداڵەکانم بڵێم من جلو بەرگی خاتوو ئەسماء دەبڕمو دەیدوورم، وەڵامیدایەوەو وتی حەز دەکەیت بەکێ بڵێت پێی بڵی لەبەر ئەوەی من شانازی دەکەم کە جلو بەرگێك لەبەر دەکەم دەستکردی وڵاتەکەی خۆمە.

ڕۆژنامە بیانیەکان بڵاویانکردەوە، یەکێك لە فەرمانبەرەکانی کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس باسی لە بالاڕێکیو ڕێکپۆشی خاتوو ئەسمائی کردبوو، هێڵی جلەکانی زۆر سادەنو کلاسیکو مۆدرێنەی پێکەوە کۆکردووەتەوەو وتی "ژنی بەشار ئەسەد تاکە خاتوونە لە ناو ژنانی سەرۆکەکانی جیهان کە سەردانی خانەی جلو بەرگی فەرەنسی بەناوبانگی نەکردووە، هەروەها ماوەیەی لە پاریس بووە نەچووەتە ئەو شوێنانە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە بواری

زانیاری‌و زانکۆکانو خوێندنی بالادەدا .. کە ئەمەش کارێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، پێشتر شتی بەو شێوەیەم نەبینیوە، هەروەها سەبارەت بە سەرسامی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بەم خاتوونە، کاتێك لەگەڵ سەرۆك بەشار سەردانی وڵاتی تورکیای کرد، بە سەردانێکی سەرکەوتوو وەسف کرا، وێنەی خاتوو ئەسماء لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی داگیرکرد، بە خۆبەخۆیی‌و سادەیی ئەم خاتوونە سەرسام بوون.

ڕۆژنامە تورکیەکان باسیان لەوە کردبوو ئەم سەردانە جێگەی گرنگیدانی فەرمی‌و میللی‌و میدیایی بوو، هەندێك وێستگەی خۆبەخۆی تێدابوو کە لە دەرەوەی پرۆتۆکۆڵەکان خاتوو ئەسماء پێی هەستاوە کە ئاماژەیەکی مرۆیی جوان‌و گەرمی بەخشیوە، ناونیشانی ڕۆژنامەکان زیاتر گرنگیان بەم لایەنەداوە، هەموو باس لەوە دەکەن ژنێکی پڕ چالاکیە، هەروەها بالاڕێکترین ژنانی سەرۆکی جیهانە، ئەگەر چی دایکی دوو منداڵیشە، هیچ شتێك لە بالاڕێکیەکەی کەم ناکاتەوە.

ڕۆژنامەیەکی تورکیا وەسفی جوانی ئەسمائی بەم شێوەیەکردووە "مرۆڤ ناتوانێت بگاتە کەماڵ، بەڵام خاتوو ئەسماء لە کەماڵی مرۆیی نزیك بووەتەوە، ئەمیان دیانای عەرەبە، لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی جیهانیەکان باس لە خۆبەخۆیی خاتوو ئەسماء دەکەن، لەم کاتەی سواری مێترۆی ئەستەنبوڵ دەبێت ماوەی شەش کیلۆمەتر دەچێتە شوێنی شۆفێرەکە، گەشتەکە خۆی هەشت کیلۆمەتر دەبێت.

هەروەها ڕۆژنامە تورکیەکان باسیان لە سەردانی خاتوو ئەسماء کرد بۆ گوندێکی تورکی‌و بەشداری کاری جوتیاری لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکە کردووە، ڕۆژنامەکان بە سەرسامیەوە باسیان لەوە کردووە کە خاتوو ئەسماء لەگەڵ ژنانی گوندەکە نانی تورکی دروستکردووە، هەروەها لەگەڵ هەندێك لە ژنانی گوندنشینی تورکی کاری ناوماڵی کردووە، باسیان لەو وێنایە کردووە کە دەربارەی ژنی سوری بەخشیویەتی، کە خاتوو ئەسماء باشترین نمونەی ژنی سوریە، بەم شێوەیە ئەم سەردانە بە سەردانێکی مێژووی وەسفکرا، خاتوو ئەسماء لەگەڵ مێردەکەی‌و هەر دوو کوڕەکەی حافزو زەینا وێنەیەکی باشی وڵاتەکەیان لە هەموو بوارەکاندا بەخشی.

بەڵام سەردانەکەی ڕوسیا، جێگەی گرنگیدانی عەرەبی‌و نێودەوڵەتی بووو بەسەرکەتوو وەسفکراو دەرئەنجامەکانی لەسەروو چاوەڕوانکراوەوە بوو، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن چاوەڕێی

پێشوازی ژنی سەرۆکی ڕوسی لۆدمێلا پۆتینیان دەکرد بۆ خاتوو ئەسماء ئەسەد، کە بە سادەییو گەرموگوڕی وەسفکرا.

ئەوەی پەیوەندی بەسەردانی چینەوە هەیە، کاتێك ڕۆژنامەکان بەدواچوونیان بۆ چالاکیەکانی خاتوو ئەسماء کرد، ئاژانسەکانی هەواڵو ناوەندەکانی ڕاگەیاندن وێنەیەکیان بڵاوکردەوە، ئەو وێنەیە، وێنەی خاتوو ئەسماء وەك ژنێکی سوری کاراو کاریگەر لەسەر هەموو ئاستەکانی زانستیو کارگێڕیو مرۆیی، هەروەها ڕۆژنامەکان وتەیەکی خاتوو ئەسمائیان بڵاوکردەوە کە لە بەردەم مامۆستاو خوێندکارەکانی زانکۆدا خوێندییەوە.

لە یەکێك لە وتارەکاندا بە ناونیشانی "ژنێکی مەزن بۆ هەموو دۆخێك" تێیدا هاتووە: وەستان لەبەردەم ئەم ژنە مەزنەدا مانای دەرچوون نییە لە ئامرازەکانی گێڕانەوەی پرۆتۆکۆڵی سەردان. خاتوو ئەسماء ئامانجێکی ڕۆشنی بۆ خۆی داناوە، هێڵە سەرەکیەکانی لە ئاراستەکانی سەرۆك بەشار ئەسەدەوە وەرگرتووە.

هەروەها باس لەوە کرا ئەو ئازارەی بەهۆی نووشتانەوەی قاچەکانیەوە هات، ئەو بزە هەمیشەییەی لەسەر لێوەکانی نەتۆراند، هەرگیز لە لێوەکانی ون نابێت.

لەم دواییەدا لە ڕۆژنامەی "الخليج" لەو ژمارەیەی لە ٢٠٠٥/٦/٩دا بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی دەربارەی خاتوو ئەسماءبڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی "ئەسماء ئەسەد .. شاژنێك لە کۆشکی کۆماریدا"، تێیدا هاتووە کە کۆماری عەرەبی سوری پێشتر ڕۆڵی بەرچاوی خاتوونی یەکەمی بەخۆوە نەبینیوە، ژنی سەرۆکەکانی سوریا لە دەرکەوتن دوورخرابوونەوە یان چالاکیو کاری جەماوەری ئەنجامبدەن، بەڵام هەر ئەوەندەی خاتوو ئەسماء هاتە ناو کۆشك بووە هۆی گەشبینی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار، ڕۆڵی خاتوونی یەکەمی سوریای نوێکردەوە، هاوڵاتیانی سوری خۆیان لەبەردەم خانمێکی سوری بە هەموو دابو نەریتەکانیەوە بینی، لە بیروبۆچوونەکانیدا کراوەبوو، لە کارو ڕۆشنبیریدا بەریەککەوتنی تەواوی لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەیدا هەبوو.

ڕاستە خاتوو بوشرا لەم ساڵدا سوریای بەجێهێشت، ڕاستە هێدە هێدی خاتوو ئەسماء ئەسەد لە کۆشکدا جێگیرتر دەبوو، بەڵام ئەم خاتوونە ئەرکی قورسی زۆر لەبەردەمدا ماوە بەجێیانبهێنێت.

## شێخە مۆزە

## ژنی شێخ حەمەد کوڕی خەلیفە ئال ثانی ..

### دیموکراتیەت

هێرش هەندێکجار لە کەسی ناسەرکەوتووەوە دێت کە سەرکەوتنی
قەتەر ئازاریان دەدات، بەتایبەتی کاتێك خۆیان نەیانتوانی سەرکەوتووبن لەو بوارەدا

**د.سەعەد ئەلدین ئیبراهیم**

**کاتێك باس لە ئەزموونی شێخە مۆزە دەکات**

داب‌و نەریتی
ژنی دووەمی حاکمی قەتەر "حەمەد کوڕی خەلیفە ئال ثانی" بەپێی
خێڵەکی‌و کۆمەڵایەتی ناو کەنداو هاوسەرگیری کردووە، حەمەد کوڕی خەلیفە لە کاتی
دیدارە خێزانیەکاندا بنیویەتی‌و سەرنجی ڕاکێشاوە، ئەمەش بووە هۆی خێراکردنی
هاوسەرگیریەکە، کە دواجار بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان حەمەدو ناسر ئەلمسنەد
باوکی شێخە، ئەو بە حوکمڕانی قەتەر ناڕازی بوو، شووکردنی کچەکەی بە حاکمی قەتەر
وەك گرێبەستێکی سیاسی وابوو، بەم پێیە بەرهەڵستکار دەستبەرداری بەرهەڵستکاری بوو
لەبەرامبەر جۆرێکی تایبەت بە دەسەڵات کە ئال ئەلمەسنەد دەستی بکەوێت.
حەمەد ئال خەلیفە پێشتر مریەمی هێنابوو، دواتر ژنی سێهەمی هێنا بە ناوی نورە، پێنج
کوڕو دوو کچی لێ بوو، گەورەکەیان ناوی تەمیمە بوو.
ناوی شێخە مۆزە کچی ناسر کوڕی عەبدوڵا کوڕی عەلی ئەلمەسنەد، ژنی دووەمی ئەمیری
دەوڵەتی قەتەر شێخ حەمەد کوڕی خەلیفە، زانکۆی قەتەری لە ساڵی ١٩٨٦دا
تەواوکردووە، بەکالۆریۆسی لە کۆمەڵناسیدا بەدەستهێناوەو پلەو پایەو بنەچەیەکی عەرەبی
هەیە.

ئەو پلەو پایانەی هەیەتی بریتین لە:-

- سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی دامەزرانەوەی قەتەرە بۆ پەروەردەو زانست‌و گەشەپێدانی کۆمەڵ.
- سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خێزان.
- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی خوێندن.
- نێردراوی تایبەتە لەلایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆ بۆ خوێندنی بنەڕەتی‌و باڵا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا حەوت منداڵی هەیە، پێنج کوڕو دوو کچ بەم شێوەیە:-

١- شێخ جاسم کوڕی حەمەد خەلیفە ئال ثانی، نوێنەری تایبەتی ئەمیر.

٢- شێخ تەمیم کوڕی حەمەد خەلیفە ئال ثانی، جێنشینی ئێستای دەوڵەتی قەتەر.

٣- شێخە ئەلمەیاسە کچی حەمەد خەلیفە ئال ثانی، سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداری دەستەی مۆزەخانەکانی قەتەرە.

٤- شێخە هند کچی حەمەد خەلیفە ئال ثانی، بەڕێوەبەری نووسینگەی ئەمیر.

٥- شێخ جوعان کوڕی حەمەد خەلیفە ئال ثانی، ئەفسەرە لە هێزە چەکدارەکانو باڵیۆزی مەشخەڵی خولی ئۆلۆمپی زستانەیە.

٦- شێخ محەمەد کوڕی حەمەد خەلیفە ئال ثانی، سەرۆکی تیمی قەتەرە بۆ پێشبڕکێکانی توانا.

٧- شێخ خەلیفە کوڕی حەمەد خەلیفە ئال ثانی.

ئەمە وێنای شێخە موزە کچی ناسر ئەلمەسنەدە، کە کەسایەتیەکی گەورەی ژنانەو ڕۆڵێکی گرنگ لە سیستمی حوکمڕانی قەتەردا دەگێڕێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ڕۆڵێکی ڕوونو ئاشکرای لە جیهانی سیاسی عەرەبیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە.

کاتێك شێخە دەردەکەوێت ڕێگە دەدات وێنەی بگرن، دەڵێن شێخە بەو کارەی دەیەوێت وێنەی نوێی قەتەر نیشان بدات.

بە جیاوازیمان لەگەڵ ئەوەی لە کتێبەکەی ئوسامە فەوزی ئەلتەیر ئەلموهاجردا هاتووە، بەتایبەتی لەسەر پێشنیارەکانی سەبارەت بە کەنداو، بەڵام ئەم هەوڵی توێژینەوە جێگەی سەرنجو تێڕامانە، ئەو کتێبەی ئوسامە کە بۆ ژنانی عەرەبی تەرخان کردووە، بەشێکی گەورەی بۆ شێخە مۆزە تەرخانکردووە، ئەمەش دەبێت مانای خۆی هەبێتو بەڵگەیە بۆ ڕۆڵی شێخە.

لە توێژینەوەکانی ئوسامەدا هاتووە شێخە مۆزە قوربانی گرێبەستێکی داراییو سیاسی نێوان باوکی ناسر ئەلمەسنەدو حاکمی پێشوی قەتەر حەمەد کوڕی خەلیفە بووە، ناسر ئەلمەسنەد گەورەترین بەرهەڵستکاری حاکم بووە، شووکردنی کچەکەی بە حاکم بەهێی بزنۆکۆڵێکی سیاسی بوو، کە بووە هۆی ناسر دەستبەرداری بەرهەڵستکاری خۆی بێت،

یان باشتره بلێین هێورتربووەوە، لەبەرامبەردا دەسەڵاتێکی تایبەت بە ئال مەسنەد بەخشرا، شێخ حەمەد خەلیفە خۆشی لەو باوەڕەدا نەبوو ئەم کارە بەو شێوەیە پەرەبسێنێت، کە زاوا بیێتە قوربانی مۆزە خاتوونی یەکەمی قەتەر.

لەبەر ئەوەی شێخە مۆزە لەگەڵ شووکردنی بە خەلیفە دۆسیەیەکی گەورەی کردەوە، ئەویش ئەوەبوو مێردەکەی حوکمڕانی قەتەری گرتەدەست، هەروەها ڕووداوێکی گەورەی میدیایی ڕوویدا ئەویش کردنەوەی کەناڵی ئەلجەزیرە بوو، لەبەر ئەوە جیاوازی لەسەر قەتەرو مێژووی‌و شێخ‌و ژنەکەیدا دروست بوو.

عادل حەمودە لەو کاتەی جێگری سەرنووسەری ڕۆژیوسف دەبێت، وتارێك دەنووسێت لە ژێر ناونیشانی دۆستێ فجوری سیاسی لە دەوحەو کودەتای خێزانی لە قەتەر، خەلیفە کودەتا بەسەر کوڕی مامەکەیدا دەکات، هەروەها کوڕی خەلیفە کودەتا بەسەر باوکیدا دەکات لەبواری تەلەفزیۆنیدا.

ئەوەی نوێیەو عادل حەمودە ئاشکرای کردووە، کە لە ڕۆژنامەی ئەهالی میسریەوە وەریگرتووە، لە ٣١ی یەنایەری ١٩٧٧دا دەرچووە، قەتەر کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ گروپە تیرۆریستەکان ڕێکخستووە، لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە وەزیری ناوخۆی میسری حەسەن ئەلئەلفی لەبەردەم لیژنەی کاروباری عەرەبی‌و دەرەوەو ئەمنی قەومی ئەوەی ئاشکراکردووە کە وەزیری ناوخۆی قەتەری عەبدولڵای کوڕی خالید، کە پێشتر وەزیری ئەوقاف بووە، لەگەڵ کۆمەڵێك گروپی پەڕگیر نزیك بووە، کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست بۆ هەماهەنگی لە نێوان سەرکردەکانی ئەو گروپە توندڕەوانە، کە هەر یەك لە ئەیمەن زەواهیری‌و شەوقی ئیسلامبولی‌و مستەفا هەمزەو ئوسامەی بن لادن ئامادە بوون، هەروەها ئەوەش هاتووە کە شێخ فەهد کوڕی حاکمی قەتەر لە ژنی یەکەمیەوە ڕێکخەری ئەو کارە بووە.

ئەوەی جێگەی سەرنج‌و جێگەی سەرسوڕمانە کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەر نە لە نزیك‌و نە لە دوور ئاماژەیەکی وایتێدا نییە کە پەیوەندی بە مێژووی شێخەکانەوە هەبێت.

ئەو خێزانەی کە ئێستا حوکمڕانی قەتەر دەکات، خێزانی ئال ثانی‌و خێزانێکە لە شانشینی سعودیەوە هاتوون‌و بە تایبەتی لە شاری نەجدەوە، بە ڕابەرایەتی شێخ حەمەد ئال ثانی گەورە هاتوونەتە قەتەرو ئەنجومەنی شێخانی دروستکرد، جیاواز بوو لە دەسەڵاتی شانشینی سعودی، شێخ براکەی خۆی کرد بەجێنشینی، لەبەر ئەوەی لە کوڕەکەی شیاوتر بوو، بەڵام براکەی

دەسەڵاتەکەی گواستەوە بۆ کوڕەکەی نەك برازاکەی.

کاتێك قەتەر لە ساڵی ١٩٧١دا سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیا وەرگرت ئەنجومەنی شێخان لە ژێر دەسەڵاتی شێخ ئەحمەد کوڕی عەلی ئال ثانیدا بوو، کە بە کودەتایەکی سەربازی کە کوڕی مامەکەی شێخ خەلیفە کوڕی حەمەد ئەنجامیداو هاتە سەر تەختی حوکم، خەلیفە لە ڕێگەی گواستنەوەی کاروباری دەوڵەت بۆ کوڕەکانی هەموو جومگەکانی حوکمی گرتەدەست، بەڵام نەیدەزانی کوڕەکەی حەمەد بە ئاسانی لە ڕەگەوە ئەم مەلدەکێشێت.

حەمەد گەورەترین کوڕەکانی خەلیفە بوو .. وەك نەریتی شێخەکانی کەنداو باوکی ناردی بۆ کۆلێژی "ساند هیر ستی سەربازی" لە بەریتانیا تاکو بە پلەی ژەنەڕاڵەوە بگەڕێتەوە بۆ قەتەرو پاشان ببێتە سەرکردەی سوپاو ساڵی ١٩٧١ بوو بەجێنشین.

کاتێك مۆزە ئەلمەسنەدی هێنا، کودەتایەك لە ژیانی حەمەددا ڕوویدا، لە مێژووی ئەنجومەنی شێخاندا، بە پێچەوانەی ژنەکانی ترەوە، خاتوون درەوشاندنەوەیەکی تایبەتی پێدابوو.

مۆزە هاتە ناو خێزانێکەوە، وەك ژنی شێخی بچوك حەمەد کوڕی خەلیفە، کە ئەوان هەر کچە مامەکانیان دەخوازن، لەبری ئەوەی مۆزە لە پەراوێزدا بژی، خەزوری نەخشەی بۆ کێشاو گەیشتە ترۆپکی ڕۆشنایی، چیرۆکەکە لە ڕۆژی سێ شەممە لە ٢٧ی یۆنیۆی ساڵی ١٩٩٥ دەستی پێکرد، شێخ خەلیفە قەتەری بەجێهێشتو بۆ گەشتو گوزار بەسەردانێك ڕۆیشت بۆ ئەورووپا، شێخ خەلیفە نەیزانی ئەو ئاهەنگیماڵئاواییەی لە فڕۆکەخانە بۆی کرا ماڵئاوااهەنگ دەبێت، کوڕەکەی حەمەد کە دەستی باوکی ماچ کرد، لەبەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکاندا ئەم نەخشەیەی تەواو کرد، بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی باوکیو خۆی دەسەڵاتی گرتەدەست.

لەبەرەبەیانی ڕۆژ سێ شەممە، تەلەفزیۆنی قەتەر پەخشی بڕیو بەیانی ژمارە یەکی خوێندەوە، تەلەفزیۆنەکە وێنەی شێخەکانی نیشاندا کە هەموو بەیعەت بە شێخ حەمەد دەدەن تاکو جێگەی باوکی بگرێتەوە، ئەمەش وای کرد عادل حەمودە وتەکانی لە گەنجینەی فراندنیدا دەرهێناو ئەم کارەی بە کودەتای سەربازی ناوبرد.

پاشان چەندەها ڕووداو بەدوای یەکدا هاتن، لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٦دا جاسم کوڕی

حەمەد کرایە جێنشین، کە کوڕە گەورەی شێخە مۆزەیە، ئەویش وەك باوکی هەموو کوڕی حاکمەکانی کەنداو کۆلێژی "ساند هێرستی" بەناوبانگی بەریتانی تەواوکردبوو.

ئەگەر شێخە مۆزە لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە کوڕە گەورەکەی کردە جێنشین، بەلام ئەمەش ڕێگر نەبوو لەوەی پەرە بە پەیوەندیەکانی خۆی بدات لە ناو خێزانی دەسەلاتدا، تاکو بتوانێت ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کوڕەکانی مسۆگەر بکات، بەتایبەتی کە کوڕە بچوکەکەی ڕکەبەری زۆرە، لەبەر ئەوە شێخە مۆزە پەنجەرەیەکی بەسەر واشنتۆندا کردەوە، کوڕە بچووکەکەی لە یەکەم سەرداندا لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەمریکا، ئەو کات واباس لەمەکرا کە شێخە هەوڵ دەدات خۆی ولاتەکەی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە نیشان بدات.

## شێخەو دیموکراتیەت

شێخە مۆزە ڕۆڵێکی گرنگی لە قەتەردا گێڕا، سەرۆکایەتی چەند دامەزراوەیەکی دەکرد، زۆر بواری فراوان کرد لەوانە بواری خوێندن، ئەمیش وەك زۆرێك لە ژنی دەسەلاتدارە عەرەبیەکان، بەلام ئەم لە فراوانترین دەرگاوە هاتە ناو بواری سیاسەتەوە، بڕیاریدا بە دامەزراندنو پاڵپشتی دامەزراوەی عەرەبی بۆدیموکراتی، لە بەیانی ڕۆژێکی مانگی مایۆی ٢٠٠٧ ڕۆژنامەکان باسیان لە وردەکاری کۆنگرەی دووەم دەکرد، کە ئەمیان بووە هۆی دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە، زۆرێك لە ڕۆژنامەکانی قەتەر باسیان لەم مەسەلەیە کرد، کرۆگی هەواڵەکان ئەمەبوو: بە ئامادەبوونی شێخ حەمەد خەلیفەو خاوەن شکۆ شێخە مۆزە کچی ناسر ئەلمەسنەد ئامادەی دانیشتنی کۆتایی پێکگەیشتنی دووەمی دیموکراتیو چاکسازی سیاسی لە نیشتمانی عەرەبی بوون، کە لە هۆتێل شیراتۆن لە دەوحە پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو، هەروەها عەبدولا کوڕی حەمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیری وزەو پیشەسازیو ژمارەیەك لە شێخەکانو سەرۆکی ئەنجومەنی شورا ئامادەبوون، خاوەن شکۆ شێخە مۆزە کچی ناسر ئەلمەسنەد وتەیەکی پێشکەش کردو باسی لە لەدایکبوونی دامەزراوەی عەرەبی بۆ دیموکراتی کرد، هەروەها باسی لەوە کرد کە لەو باوەڕەدا بوو نیشتمانی عەرەبی زۆر پێویستی بەوە هەیە کە هێزە زیندووەکان کارابکرێنو بەکاربهێنرێن، تاکو هەموو لە گۆڕاکاری بەرەو باشتر بەشداربن، لەسەر هەموان پێویستە ئەمە بهێنێنەدی

میتۆدی گونجاو بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە بەکاربهێنین، هەروەها باسی لەوە کرد لەبەر ئەوەی ئەم کارە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە تاکو داوای چاکسازی بکەین دەبێت لەم کارەدا ئەم ساتە تۆمار بکەین. چرکەساتی لەدایکبوونی دامەزراوەی عەرەبی بۆ دیموکراتی، هەروەها ئاماژەی پەوەداو وتی: بە توانایو لێهاتوویی شارەزایانو بیرمەندان هانی ناوچەی عەرەبی بدەین بۆ ئەوەی رۆشنبیری دیموکراتی بەهێز بکەین وەك فکرو مومارەسە وەریگرین، هەروەها شێخە مۆزە ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ دەوحە شانازی بەوەوە دەکات کە ئەم دامەزراوەیە لە دایکبووە، سوپاسی هەموو ئەو دەستەبژێرانە دەکات کە لەم پێکگەیشتنەدا ئامادەبوون، بەرەو ئایندەیەکی عەرەبی نوێ کە دیموکراتی لە ئامێز بگرێتو چەمکەکانی ئازادی بهێنێتەدی، بەدوور لە میتۆدی دیالۆگی یەك ڕەهەندی، ئەنجومەنی ئەمینداری عەرەبی بۆ دیموکراتی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست لە ئۆتێل شیراتۆن، ئەندامانی ئەنجومەنی ئەمینداری دامەزراوەکە ئەم ئەندامانەی تێدایە:

- شێخە مۆزە کچی ناسر ئەلمسنەد سەرۆکی ئەنجومەنی ئیداری دامەزراوەی قەتەر بۆ پەروەردەو زانستو گەشەپێدانی کۆمەڵگا.
- دکتۆر خالید محەمەد ئەلعەتیە سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ لە دەوڵەتی قەتەر.
- دکتۆر حەسەن ئیبراهیم سەرۆکی ئەنجومەنی ئیداری کۆمەڵەی کویتی بۆ پەرەپێدانی منداڵی عەرەبی.
- دکتۆر عەلی فەخرۆ وەزیری پەروەردەو فێرکردنی پێشووی بەحرەین.
- دکتۆر محەمەد عابد ئەلجابری مامۆستای بەشی فەلسەفە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی پاشای محەمەدی پێنجەم لە مەغریب.
- سەلیم ئەلحەس سەرەك وەزیرانی پێشووی لوبنان.
- عەلی ولد محەمەد فال سەرۆکی پێشووی مۆریتانیا.
- ئیمام سادق ئەلمەهدی سەرۆکی پارتی ئەلئومە لە سودان.
- خاتوو ئیما بۆنینۆ وەزیری بازرگانی نێودەوڵەتیو کاروباری ئەورووپی لە وڵاتی ئیتالیا.
- دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم سەرۆکی سەنتەری ئبن خەلدون لە میسر.

- دکتۆر عەزمی بەشارە توێژەرو نووسەری فەلەستینی.
- خاتوو کیم کانێل سەرەك وەزیرانی پێشووی کەنەدا.
- خاتوو یۆریکا فیشەر وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانیا.
- خاتوو ماری ڕۆبنسن سەرەك وەزیرانی پێشووی ئێرلەندا.

لە کۆبوونەوەی یەکەمدا باس لە زۆر بابەتکرا، گرنگترینیان دیاریکردنی شێخە مۆزە کچی ناسر ئەلمسنەد وەك سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداری عەرەبی بۆ دیموکراتی بە کۆی دەنگ، هەروەها پەیڕەوی گشتی دامەزراوەکە قسەو باسی لەسەرکراو پشت ڕاست کرایەوە، هەروەها دکتۆر عەلی کوڕی سەمیغ ئەلمەری کرا بە ئەمینداری گشتی بۆ دامەزراوەکە، هەروەها ئەندامانی لیژنەی کارگێڕی دیاریکرا، کە پێکهاتبوون لەمانە:

١- دکتۆر خالید کوڕی محەمەد عەتیە.

٢- دکتۆر عەلی فەخرۆ.

٣- دکتۆر حەسەن ئیبراهیم.

٤- دکتۆر عەلی کوڕی کوڕی سەمیغ ئەلمەری ئەمینداری گشتی.

هەروەها لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئەمینداری لە ساڵێکدا دووجار بێت، کۆبوونەوەی لیژنەی جێبەجێکردن چوارجار بێت لە ساڵێکدا، هەروەها شێخ حەمەد کوڕی خەلیفە ئال ثانی دە ملیۆن دۆلاری بەخشی بۆ پاڵپشتی کارەکانی دامەزراوەی عەرەبی بۆ دیموکراتی، پێویستە بڵێین ئەم دامەزراوەیە بارەگاکەی لە دەوڵەتی قەتەر دەبێت، ئامانجی بەشداریکردنە لە پاڵپشتو پەرەپێدانی دیموکراتی لە ناوچەی عەرەبی، لەبواری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دیموکراتیو پاڵپشتکردنی دەستپێشخەریە دیموکراتیەکان لە وڵاتانی عەرەبی لەسەر هەر دوو ئاستی فیکریو موماڕەسە.

لەوانە بوو ئەم دامەزراوەیە وەك زۆرێك لە دامەزراوەکانی تر کە لە ناو جیهانی عەرەبیدا زۆرنو باس لە مافی مرۆڤو دیموکراتی دەکەن لەبار ببرێت، ئەگەر قورسایی سیاسی ئەنجومەنی ئەمینداری نەبووایە کە هەر یەکەیان کێشو قورسایی خۆی هەیە، لە کەسانی وەك کۆچکردوو عەزیز سدقیو دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیمو چەندی تر، لەبەر هەستیاری زۆرێك لەو ناوانە ڕۆژیوسف هەڵمەتێکی هاوشێوەی عادل حەمودەی ئەنجامدا، ڕۆژنامەیەکی دەرکرد، عادل حەمودە ئامادە نەبوو لەو ڕۆژنامەیەدا کاربکاتو دەستی لە کار کێشایەوەو

عەبدوڵا کەمال بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، بەڵام هێرشەکانی هەر گاڵتەجاڕیانە بوو، کە ڕۆژ یوسف ئەم دەقەی بڵاوکردەوە:

باوەڕ دەکەن یان نا .. هەر ئەوەندە ماوە دەوڵەتانی عەرەبی لە ماوەی چەند خولەکێکدا فێری دیموکراتی بن، کە لەلایەن چەند کەسێکەوە دەوترێتەوەو دەوڵەتی قەتەر دەستنیشانیان دەکات .. مەزنەکانی شیلی .. لەوانەیە هندستان .. لە ژێر سایەی ڕێکخراوێکی ئامانج نارۆشندا، کە ژنی ئەمیری قەتەر شێخە مۆزە ڕابەرایەتی دەکات، کە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر دامەزراوەو گەشتی بێهودەو چیرۆکی سەیری تێدایە. ماوەی چەند مانگێکە لە بواری گەمەیەکەوە سەعدەدین ئیبراهیم پێی هەستاوەو ناوی کۆنگرەی لێنراو شێخە مۆزە سەرپەرشتی دەکرد، مێردەکەی ئامادەی ئەو کۆنگرەیە بوو، لیستێکی درێژ لە میسرەوە بانگهێشت کرابوون، بەوە کۆتاییهات ئەمیر ئەو دامەزراوەیەی ڕاگەیاندو ناوی لێنا "دامەزراوەی عەرەبی بۆ دیموکراتی" ئەوکات باس لەوە کرا سەعدەدین ئیبراهیم تێبینی ئەوەی کرد پاڵپشتی دامەزراوە ئەمریکیەکان بۆ پرۆژە نا ڕۆشنەکان کەمی کردووە، بەخشندەیی خۆی بۆ قەتەر گواستەوە، کە بووە ڕاوێژکاری ئەو دامەزراوەیە، پاشان دەرکەوت ئەمیان بە هیچ شێوەیەك لە واشنتۆنەوە دوور نییە، بەو بەڵگەیەی ئەوەی لەم چەند ڕۆژەدا لە قاهیرەو ئۆتێل سەمیر ئەمیس ڕوویدا لەسەر حسابی دەستەی هاریکاری ئەمریکی، ئەم دامەزراوەیە پێنج ڕۆژ لەوێ مانەوە، بەسەرۆکایەتی موحسن عەبدولکەریم مەرزوق، کە کەسێکی تونسیەو دەڵێن ئەمینداری گشتی دامەزراوەکەیە، لە پەراوێزدا سەنتەری ئیبن خەلدون ئێوارە خوانێکی بۆ شاندەکە سازداو چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی ئەمینداری ئەو سەنتەرەی تێدا بانگهێشت کرابوو، کە سەعدەدین لە دەرەوە بەڕێوەی دەبرد، هەروەها نوێنەری هەندێك کۆمەڵەی ئەهلی ئامادەی ببوون، کە بەشداریان لە پرۆژەی چاودێری هەڵبژاردندا کردبوو، مەرزوق تونسی کە لە قەتەرەوە هاتبوو ئەوەی ئاشکراکرد کە دامەزراوەکەی مۆزە دیکۆمێنتێك لە دوانزە بەند ئامادە دەکات، سەبارەت بە چەمکی هاوڵاتی بوون لە جیهانی عەرەبیدا کە هەموو هاوڵاتیانو کەمینەکانی ناوچەکە دەگرێتەوە. ئەویش بە هاوکاری کەناڵی جەزیرە، بەم شێوەیە ئەم پرسیارەی ئاراستەکرد: کێ ئەمانەی کردووە بە نوێنەر تاکو ئەم کارە ئەنجامبدەن؟ ئایا مافی ئەو دامەزراوەی دەوحەیە کە بە ئاراستەکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەجوڵێتەوە ئەو پێوانەیە بۆ هەموو جیهانی عەرەبی دیاری بکات؟ بەبێ لەبەرچاوگرتنی

تایبەتمەندێتیو داب‌و نەریت‌و ڕۆشنبیری هەر وڵاتێکی عەرەبی؟ یان ئایا مەبەست لەوەیە کە کێشەی کەمینەکان لە وڵاتە عەرەبیەکان لە ڕێگەی ئەو گەمانەی کە وڵاتی قەتەر دەیانتەقێنێتەوە، ئاشکرایە کە ئەمریکا کاتێك تێبینی ئەوەی کرد کە گەلان‌و ڕژێمە عەرەبیەکان هاوسۆزو هاوکاری بانگەشە تەمومژاویەکانی نەبوون بۆ بە دیموکراتیزە کردن‌و لە ناوبردنی سەقامگیری لە ژێر دروشمی دیموکراتیدا، کە لە دەرەوەی ناوچەکە هاوردە دەکرێت، بڕیاریدا بە دوای بریکارێکدا بگەڕێت ئەم ڕۆڵەی بۆ بگێرێت، هەڵبژاردنەکەی لەسەر دەوڵەتی قەتەر نیشتەوە .. ئەویش لە ڕێگەی پاڵاوتنی سەعدەدین ئیبراهیم .. کە سەنتەرەکەی لە فەرمانی ئەمینداری گشتی دامەزراوەو نارۆشنیەك بەمەوە دەبینرێت کاتێك دەبینین لەلایەن شێخە مۆزەوە ئەم دامەزراوە بەڕێوەدەبردرێت، بیرۆکەی پرۆژەکە بەو شێوەیە ئاشکراکرا کە ژمارەیەك توێژەرەوەی عەرەبی کە بەو شێوەیە وەسفکراوە گرنگی بە چالاکی کۆمەڵگای مەدەنی دەدەن .. مەرزوق تونسی بەگەشتێك بنێردرێت بۆ وڵاتی شیلیو هند بۆ ماوەی شەش مانگ تاکو لە ئەزمونی دیموکراتی ئەو وڵاتانە تێبگات، کاتێك لەو گەشتە گەڕایەوە پرۆژەیەکی تایبەت لەسەر ئەو ئەزمونە لە وڵاتەکەی خۆی ئەنجامبدات، بەڵام ئەوەی ڕوونەکرایەوە لەلایەن مەرزوق تونسیەوە، بۆ نمونە بۆچی دیموکراتی لە دەوڵەتی قەتەرەوە فێر نەبێن ئەو دەوڵەتە مەزنەی ئەم کارە مەزنە بەڕێوەدەبات؟ ئایا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی نیە .. یان خاوەنی سیستەمی دیموکراتی نییە .. یان بریکارە ئەمریکیەکانی ئەم گەمانە دەیبوێرێت؟ لەم بارەیەوە دەوترێت شاندێکی دامەزراوەکە چاویان بە باڵیۆز موخلیس قوتب ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ مافی مرۆڤ کەوتووە، بۆ قسەوباس کردن لەسەر تواناو هاوکاری نێوان دامەزراوەکەو ئەنجومەنی نەتەوەیی .. بەڵام موخلیس قوتب ئەم هاوکاریەی ڕەتکردووەتەوە، لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەم دامەزراوەیە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی پرۆژەی دیموکراتی لە ناوچەی زۆنگی نیلی عەرەبی بە هاوکاری سەنتەری لبن خەلدون.

لەلای خۆیەوە دەوڵەتی قەتەر ڕاستەوخۆ وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو ڕۆژنامەی "الرایە" گفتوگۆیەکی دوورو درێژی لەگەڵ دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیمدا بڵاوکردەوە، هێرشێکی زۆر بە ژێری کردە سەر ئەوانەی هێرش دەکەنە سەر ئەزمونەکەی شێخە مۆزە بۆ دیموکراتیەت، ئەوانی بە شکستخواردوو وەسفکرد، هەروەها دەڵێت ئەوانە ئیرەیی دەبەن، ئەمەش بەشێکە

لەو گفتوگۆیە:

سی ساڵ تەمەنی لە بانگەشەی دیموکراتیو دادپەروەریدا بەسەربرد، بەبێ ئەوەی بیریارو کۆمەڵناسی عەرەبی دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم هەست بە هیلاکیو ماندوبوون بکات، هەروەها هەموو ئەو ساڵانەی لە زیندان بەسەری برد نەیتۆقاندووە کە بە هۆی بیرو بۆچوونەکانیەوە زیندانی کراوە، داوا تۆمارکراوەکانی نازیە نوێیەکان کە بە خیانەتکار تۆمەنباری دەکەن. هەروەها داوادەکەن ڕەگەزنامەی لێوەربگیرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو لەسەر ئەوە بێدەنگ بێت لە گواستنەوەی ئازادی ساختە کە هەندێك ڕژێمی عەرەبی بانگەشەی بۆ دەکاتو دەیەوێت گەلانی خۆیانی پێهەڵخەڵەتێنن.

پانتایی جیاوازیو ڕێککەوتن لەگەڵ بیرکردنەوەکان هەر چەندێك بێت، ناکرێت وەك یەکێك لە گرنگترین چالاکوانی عەرەب لە بواری بڵاوکردنەوەی دیموکراتیو دادپەروەریو ئازادی تەماشای نەکەین، کە تاکو ئێستاش باجی ئەو کارە دەدات، بە ڕۆحێکی بارەربەخۆبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەو سووربوونو خۆڕاگری لە دژە شەپۆل لە پێناو بەدیهێنانی نامەی دیموکراتی، ئەویش لە ماوەی سی ساڵ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەکی زۆر لە چالاکی نێودەوڵەتی لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی.

"الرایە" چاوی بە دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم کەوت، پاش ئەوەی لە لوتکەی لاوانی عەرەبی بەشداریکرد، کە دەکاتە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی "دامەزراوەی عەرەبی بۆ دیموکراتی"، ئەو ڕووداوانەی کە گۆڕەپانی وڵاتانی عەرەبیو جیهان بەخۆوە بینی وئەو پرسیارە دەسەپێنێت، ئەو لەمپەرانە چین کە ڕێگرن لە کاروانی دیموکراتی لە زۆرێك وڵاتانی عەرەبی؟ ئەو ئاستەنگانە چین کە لاوانی عەرەب بەرەوڕووی دەبنەوە؟.

ئەو ڕۆڵەی دەوڵەتی قەتەر لە ناوچەکەدا دەیگێڕێتو دەستپێشخەری هەیە لە بواری سیاسیو گەشەپێدانو مرۆیداو ئەو ئامانجانەی لەو دامەزراوەیە چاوەڕوان دەکرێت، بەتایبەتی دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەمینداری لە دامەزراوە عەرەبی بۆ دیموکراتی، کە بارەگای سەرەکی لە دەوحەی پایتەختی دەوڵەتی قەتەرە، ئەمە جگە لەوەی ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێك وێستگەی عەرەبی کە گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆیەوە دەبینێت.

سەرەتا پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم کردو لێمان پرسی:

هەرێمەکە و ووڵاتانی عەرەبی و دەوروبەری لە دەوروبەری نوێ لە گەشەپێدانی مرۆیییە؟

- ئایا دەوڵەتی قەتەر چ ڕۆڵێکی نوێ لە دەوروبەری وڵاتانی عەرەبیو هەرێمەکە دەگێڕێت، کە خاوەنی دەستپێشخەری سیاسیو گەشەپێدانی مرۆییە؟
- سەرکردایەتی دەوڵەتی قەتەر بە هەنگاوی جێگیرو خێراو لێکۆڵراو هەوڵی چەسپاندنی پایەکانی دیموکراتی دەدات، تاکو بیکاتە نموونەیەك چاوی لێبکرێت، دیموکراتیەتی ڕاستەقینە ئەوەیە ڕێگە بدرێت بە هەموو گروپەکان لە دروستکردنی بریاردا لە بواری دامەزراوە دەستوریەکانەوە بەشداربن، ئەمیان لە باوەڕێکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە، لای سەرکردایەتی دەوڵەتی قەتەر کە بەرگەی هەموو فشارێکی دەرەکی دەگرێت کە لەم بوارەدا بکرێتە سەری.هەروەها دەڵێت: ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو هەموو دەستپێشخەرییە خاوەن خواستو خولقێنەرانەیە کە قەتەر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە بواری مرۆییو پەرەپێدانو بە دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای عەرەبی پێی هەستاوە، هەمیشە بەزەیم بە توانای بەردەوامبوونیدا دەهاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستپێشخەریو بیرکردنەوە تەندروستانە، کە سەرەتا لە ڕووی جێبەجێکردنەوە قورس دەهاتە پێش چاو، بەڵام منیش وەك کەسانی تر ئەو دەستپێشخەریانەمان نبینی چۆن گۆڕدرا بۆ واقع، دواهەمینیان ئەو هەوڵانەی دەوڵەتی قەتەر بوو تاکو گروپەکانی وڵاتی لوبنان بگەیەنێتە حاڵەتی دڵنیابوون، ئەمەش بووە هۆی ڕێکەوتنێك لە نێوان هەموو لایەنە ناکۆکەکان دروستبوو، کە هەر یەکەیان بەشێك لە قوربانیدا لە پێناو یەکێتیو سەقامگیریو سەربەخۆیی لوبنان، بێگومان ئەمیان دەسکەوتێکی مێژووییە کە هەموو جیهانی سەرسام کرد، دەوڵەتی قەتەر وەك وڵاتێکی عەرەبی ناساندو سنووری خۆی دەزانێتو دەیەوێت تۆوی ئاشتی بچێنێتو سەقامگیری سەرجەم وڵاتانی عەرەبی بگرێتەوە.
- نهێنی دەستپێشخەریو پەیوەندی تۆ لەگەڵ شەش وڵاتی عەرەبیدا چییە؟
- لەو بڕوایەدام دامەزراوەی قەتەر بۆ پەروەردەو فێرکردنو گەشەپێدانی کۆمەڵگا یەکێکە لە گرنگترین دەستپێشخەریەکانی مێژووی ناوچەکە، کە هەوڵی گەورە لە پشت ئەم کارەوەیەو بەسەرپەرشتی خاتوو شێخە مۆزە کچی ناسر ئەلمەسنەد، کە زۆرێك دەستپێشخەری گورەتری هەبووە، بۆ نموونە دەستپێشخەری سلتەك، کە

ئامانجی یەکەمی گەنجانە بە دابینکردنی هەلی کار، هەروەها بونیادنانی پرۆژەی جیاوازو پێشنیاری خولقێنەرانە، فەراهەمکردنی سەرمایەو پاڵپشتی هونەریو مەشق، بە بڕوای من لێکۆڵینەوەی ووردو دیاریکردنی ئامانجی خواستراوو بە دواداچوون بۆ ئامرازەکانی جێبەجێکردن گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو دەستپێشخەریانەی دەوڵەتی قەتەرە لەم بوارەدا.

- لەبەر چی هەندێك دەنگ گومانیان لە سەرکەوتنی ئەم دەستپێشخەریانە هەیە؟
- هێرش زۆرجار لە هەندێك شکستخواردەووەوە دێت، کە سەرکەوتنی قەتەر ئازاریان دەدات لەبەر ئەوەی خۆیان لە بەدەستهێنانی ئەوەدا شکستیانهێناوە، یان بۆ خۆگێلکردن لەوەی دەوڵەتی قەتەر چی تێدایە، ئامانجی گەورەی تێدا هاتووەتەدی، ئەمەش بە دانپێدانانی جیهانی، دەبینن دەوڵەتی قەتەر ڕۆڵێکی گەورەتری لە قەبارەی خۆی هەیە، لە ڕاستیدا دەوڵەتی قەتەر ڕۆڵێك دەگێرێت حیکمەتو ئیرادەی گەلی تێدایە، هەروەها بەرپرسیارێتی بەرامبەر گەل، لەوانەبوو خۆی لەو ڕەخنانە بواردایە ئەگەر دەستبەرداری ڕۆڵی هەرێمایەتیو نێو دەوڵەتی خۆی بێت، وەك چۆن هەندێك لە ولاتانی ناوچە دەیکەن.بەو سیفەتەی کە کۆمەڵناسم، دەبینم دواجار بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێدەکرێت، بەڵام هەندێکجار بەرەوڕووی هێرش دەبێتەوەو ڕەخنەی لێدەگیرێت، دەوڵەتی قەتەر خۆی لەو جۆرە ڕەخنەو هێرشانە لادەداتو خۆی لەوە بەدوور دەگرێت بچێتە ناو سەفسەتە یان ڕەخنەی سیاسیەوە.

بێگومان ئێمە لێرەدا شیکردنەوەی سیاسی ناکەین، لەبەر ئەوە دەتوانین بلێین لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ یوسف باسی کرد هاوڕابین، کە ئێمە قسە لەسەر خاتوونێك دەکەین دارسەرگیری لەگەڵ ئەمیرێك کردووەو ژنی تری هەبووەو داوی ئەمیش ژنی تری هێناوە، ئەگەر چی سەرەتا بەشداری لەوەدا کردووە ئەم پیاوە ببێتە حاکم، هەروەها بەشداری کردووە لەوەی ئەم ولاتە ڕۆڵی لە ناوچەکەدا هەبێت، بە ئاستێك کێبڕکێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بکات کە لە ناوچەکەدا زۆر کۆکنو بچێتە ناو ئەو جەنگەوەو دۆستێ وا بکاتەوە لەنەمانی خۆیو دەوڵەتی قەتەر گەورەتر بێت.

# ساجده تولفاح

## ژنی سەدام حسێن "بێوەژنەکەی"

ئەمرەو لە برایەتی عێراقیەکان تێناگەم، یان لە شێوەی ژیانیان، گەلێکن ڕێزو خۆشەویستیم بۆیان هدیە، بەڵام سەرم لەوە سوڕدەمێنێت، توانایەکی سەیریان هەیە بۆ بەرگەگرتنی دۆخی سەختی ژیان، کەسایەتیەکی عێراقی نیيە ئەگەر بەدوای چیرۆکەکەی بکەویت درامایەکی گەورە لە ژیانیدا نەبێت، لەوانەیە هەر لەبەر ئەم حاڵەتە بێت عێراق سینەمای نییە، لەبەر ئەوەی سینەمای ڕاستەقینە لای عێراقیەکان ژیانی مرۆڤەکانە.

لەبەر ئەوە دەتوانین وا تەماشای ژیانی ساجیدە خەیروڵا تولفاح بکەین بێوەژنی سەرۆک کە هەموو نازناوەکانی سەرۆکی هەڵگرتووە، لە دوو گۆشەوە تەماشای ژیانی دەکەین: گۆشەی یەکەم سۆزو هاوسۆزی لەگەڵ ئەم کەسایەتیەدا، کە زۆری چەشتووە، هەموو جۆرەکانی لەدەستدانی ئازیزانی بینیوە، باوکی لەدەستداوە، برا، مێرد، کوڕەکانی، مێردی کچەکانیو دووری لە کچەکانیەوەو پەرتەوازەبوونی خێزانو وێران بوونی ماڵو حاڵ، بە ناچاری لە نیشتمان دوورکەوتنەوە. بەڵام گۆشەی دووەم کە دەکرێت ساجیدە تەماشای بکات شتێکی ئاسییە لە ژیانی عێراقیەکاندا، لەبەر ئەوە ساجیدە براوەیە چونکە لەو هەموو فەلاکەتباریە ڕزگاری بوو، لە وڵاتێکی دراوسێ دەژیو بەشێوەیەکی باشو سامانێکی باشیشی هەیە.

تۆش لە تێڕوانینتدا ئازادیت، بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ ئەوەی ئەم بێوەژنە دەناسیت ئەوکات بڕیاربدە.

# باوك .. خاڵی سەرۆك

سەدام ناچاربوو گوندەكەیان "عۆجە" بەجێبهێڵێت كە دەكەوێتە باشووری شاری تكریتەوەو لە بەغداد لەماڵی خاڵی بژی، كە ناوی خێروڵا تولفاحەو پشكنەری پەروەردە بوو لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەرخ، پاش جیاوازیو گیروگرفت لەگەڵ مێردی دایكی ئیبراهیم حەسەن، كە زۆر نارەحەتی كردبوو، سەدام حەزی دەكرد لە ئامادەیی تكریت خوێندن تەواو بكاتو نەچێت بۆ پایتەخت كە شارێكی گەورەی پڕ ژاوەژاوبوو، وەك هەمیشە وەسفی دەكات، بەڵام مێردەكەی دایكی كە بە توندوتیژیو سەرسەرێتیو دزی لە نێوەندی جوتیاراندا ناسرابوو، ئامادە نەبوو خەرجی ڕۆژانەی بكێشێت هەر لە خواردنو جلو بەرگ، هەروەها هەمیشە بەوە سەرزەنشتی دەكرد كە دەبێت مامەكانی بەخێوی بكەنو پەروەردەی بكەن، بیووە بارگرانیەكی كۆمەڵایەتیو خێڵەكیانە، دەبوو ئەم گەنجە لە ماڵی مێردی دایكی بژیابە، پیاوەكە باوكی خۆی نەبوو، ئەم نەریتە تاكو ئێستاش لە گوندو ناحیەو بگرە شارە گەورەكانی عێراق هەر هەیە، بەڵام گرفتی گەورەی سەدام ئەوەبوو مامی گەورەی حەسەن ئەلمەجید هەژارترین جوتیاری گوندەكەبوو، خاوەنی منداڵێكی زۆر بوو، لە خانوویەكی قوڕی بەجۆرێك دەژیا، جێگەی خێزانەكەی خۆی تێدانەدەبووەوە، هەروەها توانای ئابووری ڕێگەی نەدەدا منداڵێك بە خێوبكات كە بخوێنێتو حەزی لە تەواوكردنی خوێندنەكەی بێت، چونكە خۆی ڕێگەی نەدەدا كوڕەكانی كاملو هاشمو عەلی خوێندن تەواو بكەن، بەڵكو لە كاری جوتیاریدا هاوكاریان دەكرد، ئەویش لە زەویەكانی حسێن ئەلنەدادا، كە خاوەنی زۆربەی ناوچە كشتوكاڵیەكانی گوندی عۆجە بوو لەگەڵ ناوچەكانی دەوروبەری، سەدام حسێن تەنها ئەوەندەی لەبەردەمدا بوو بڕوات بۆ بەغداد، لە ماڵی خاڵی خەیروڵا تولفاح بژێتەوە كە لە ناوچەی كەرخ بوو، تا لەوێ لە دواناوەندی نزیك ماڵی خاڵی بەردەوام بێت لە خوێندن.

## سەدام لە بەغداد

لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر خێزانی خەیرولا تولفاحدا هات، کاتێك وەزیری مەعاریفی ئەوکات هاوڕێیەکی کۆنی ئەم بوو، ناوی دکتۆر جابر عومەر بوو لەسەر باڵی نەتەوەیی دەژمێردرا، سەردانی ماڵیانی کردو بەم هاوڕێیەی کە کۆنە مامۆستاو پشکنەری پەروەردەیی بوو، ئەمی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەی مەعاریفی پایتەخت. ئەمیان بەپێی پێوەرەکانی ئەو سەردەمە پلەو پایەیەکی بەرزبوو.

سەدام بەم دامەزراندنەی خاڵی زۆر شادمان بوو، لەبەر ئەوەی خاڵی دەسکەوتی باشی دەستدەکەوێت، لە ڕووی مووچەو ئۆتۆمبێلی فەرمی تایبەت بە خۆیو ئەو پێگەیەی دەستی دەکەوێت، ئەویش پاش چەندین ساڵ لە نەهامەتیو هەژاری ژیان، سەدام چاوی بەم دۆخە نوێیەدا هەڵهێنا، درکی بەوەکرد کە خاڵی لەبەر ئەوە هەڵبژێردراوە چونکە هاوڕێیەتی ئەو پیاوە سیاسیانەی کردووە کە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی بوونو شۆڕش لە ناوی برد، ئەوەشی زانی زۆرێك لە ناسیاوەکانی خاڵی پلەی باشیان وەرگرتووە، ناوی هەندێك کەسی بەرگوێ کەوت کە پلەو پایەی زۆر بەرزیان هەیە، زانی کە عەقید ئەحمەد حەسەن بەکر ئەندامی ئەنجومەنی عورفی سەربازیە، هاوڕێی خوێندنو هاوڕێی خاڵی بوو، خاڵی ناسیاوی لەگەڵ چەندین بەرپرسدا هەبوو لە نمونەی محەمەد موهدی بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا، سدیق شەنشەل وەزیری ئاراستەکردن، ئەمە جگە لە جابر عومەر وەزیری مەعاریف، سەدام لەسەر ناوی ئەحمەد حەسەن بەکر وەستا، نەك لەبەر ئەوەی خەڵکی تکریتە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەفسەرێکی گەورەیە، ئەویش ئەمەی بۆ خۆی دەخواست، لەبەر ئەوەی حەزی دەکرد بچێتە کۆلێژی سەربازی، ئەوکات سەدام حسێن قۆناغی ناوەندی بە سیستمی پاڵپێوەنان بڕیبوو، کە شۆڕشی چواردەی تەموز بەخشی بە خوێندکاران، بڕیاردرا هەموو ئەو خوێندکارانەی دەرنەچوون یان ئیکمالبوون لە تاقیکردنەوەکاندا بچنە قۆناغێکی ترەوە، ساڵی ١٩٥٨ کەوتنی خوێنکار لابرا، بەم شێوەیە سەدام قۆناغی ناوەندی بڕی، کە لە نیوەی یەکەمدا لە هەردوو وانەی ئینگلیزیو ماتماتیکدا دەرنەچووبوو، هەروەها ئومێدی لاوازبوو لە تاقیکردنەوەی گشتیدا لەو دوو وانەیەدا دەربچێت، ئەم پاڵپێوەنانە بۆ ئەو نیعمەت بوو، وەك

ی لە هاوینی ئەو ساڵەدا باسی لێوەکردبوو، هەر لەوەندەی لەبەردەمدا مابوو پێشکەشی لیژی سەربازی بکات – خولی ئیعاشەو پێدان کە لە مانگی تەموزدا لەو بانگەوازەی یندەوە، لەو کاتەدا گرفتێك لەنێوان سەدامو خاڵیدا دروست بوو، بەوەی خاڵی حەزی کرد سەدام لە کارێکی خزمەتگوزارانەدا دابمەزرێنێت، هەروەها دەشیتوانی ئەم کارەی لە ڕێوەبەرایەتی مەعاریف بۆ بکات، خاڵی ئەم بیرۆکەیەی بۆ سەدام باس کرد، ببێتە نووسەر اتب" لە یەکێك لە فەرمانگەکان یان خوێندنگایەکی پەروەردە بە مووچەی مانگانە کە یکەی بیست دینار دەبوو، ئەمە مووچەیەکی زۆر بوو بۆ گەنجێکی وەك سەدام لەو وەیەدا، هەروەها دەیتوانی خوێندنی ئامادەیی ئێوارانیش تەواو بکات، بەڵام سەدام لەسەر یاری خۆی سووربوو کە دەیەوێت بچێتە کۆلێژی سەربازیو پێشنیارەکانی خاڵی هەموو نکردەوە، سیستمی کۆلێژی سەربازی بەو شێوەیە بوو کە مووچەی مانگانەی دەدا بەو وێنکارانەی دەچوونە ئەو کۆلێژەوە، ئەمیان وەك خەرجی گیرفان وابوو، ئەمە جگە لە واردنو جلو بەرگو مانەوە لە کاتی ماوەی خوێندندا، خاڵی وەڵامی ئەو داوایەی وشکەزاکەیدایەوە لەوانەیە ئەم هەڵبژاردنەی بەلاوە باشتر بێت، کە لە ماڵەکەش دووری خاتەوەو ئەرکی بەخێوکردنی لەستۆ ناگرێتو ئەو خەرجیەشی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوانەی ەیروڵا تولفاحیان ناسیوە زانیویانە چەند ڕەزیلو پیسکەو زۆر بەتەماع بووە، دەزانن ستبەرداربوونی لەم کارە شادمانی دەکات.

## یەکەم چاوپێکەتنی سەدامو بەکر

لەبەر ئەوەی خاڵی جگە لە ئەحمەد حەسەن بەکر کە پلەیەکی بەرزی هەبێت، کەسی تر ناسێت، سەدامی خوشکەزای برد بۆ ماڵەکەیان، لە گەڕەکێك نزیك لەمانەوە لە ناوچەی ەرخ، ئەویش بەرلەوەی بگوازێتەوە بۆ گەڕەکی عەلی سالح.

بۆ یەکەمجار سەدام چاویکەوت بە ئەحمەد حەسەن بەکر، لە بەرامبەری دانیشتو وەڵامی رسیارەکانی دەداتەوە، سەرەتا لێی پرسی تەمەنی چەندەو نمرەی تاقیکردنەوەکانی چەندە، ەرروەها هەواڵی تەندروستی لێدەپرسێت، لە کۆتایی دانیشتنەکەدا کە ماوەی چەند خولەکێکی ایاند، تێبینیەکانی خۆی لەسەر سەدام دەنووسێتو بەڵێنی پێدەدات لەگەڵ عەقید عەبدول

لەتیف دەراجیدا قسە بکات، کە فەرماندەی کۆلێژی سەربازی بوو تاکو واسیتەی بۆ بکاتو لەو کۆلێژە وەربگیرێت، سەدام زۆر شادمان بوو بۆ یەکەمجار چاوی بە نەفسەرێکی سوپا کەوتو پلەی عەقیدی لەسەر شان هەڵگرتبێت، ئەو پلەیە لەو سەردەمەدا پلەیەکی زۆر بەرزو ترسناك بوو، سەردەمێك بەسەر چاوپێکەوتنەکەی بەکردا تێپەڕی کە زۆر لەسەر دڵی سەدام قورس بوو خواخوای بوو مانگی ئەیلول وەك ڕەشەبا تێپەڕێت، تاکو دۆکۆمێنتەکانی پێشکەشی کۆلێژی سەربازی بکات، سەربەخۆ بێتو لەو کەشو هەوا پڕ ژاوەژاوەی ماڵی خەیروڵای خاڵی ڕزگاری ببێت، بە تایبەتی لەو کاتەدا خاڵی فشاری دەروونی زۆری لەسەربوو لەلایەن فەرمانبەرانو ئەو مامۆستایانەی سەردانی فەرمانگەکەیان دەکرد کە هەموویان مامۆستای سەرەتایی‌و ناوەندی بوون لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگاکان، بە تایبەتی لەلایەن شیوعیەکانەوە کە گاڵتەیان بەوە دەهات خەیروڵا لەو شوێنە دابنرێت، ئەو گومانی تری لەسەربوو، بە نازی‌و کۆنەپەرست ناسرابوو، تۆمەتی نازی لەوێوە هات کاتێك ساڵی ۱۹٤۱ وەك سەربازی یەدەگ لە جوڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانیدا داوادەکرێت، ئەوکات باسی لەوەکردبوو کە سەرسامی ئەدۆلف هیتلەرەو لە سەرکەوتنەکانی بەسەر هاوپەیمانەکاندا ئاگادارە، بەڵام کە جوڵانەوەکە شکستی خواردو پاڵەوانەکانی هەڵهاتن بۆ دەرەوەی عێراق، سوپای بەریتانی سەر لەنوێ وڵاتی داگیرکردەوەو هەموو یەکە سەربازیە یەدەگەکانی ناردە ماڵەوە، کە بۆ خزمەتی حکومەتەکەی گەیلانی بانگهێشت کرابوون، لە نێویاندا خەیروڵا هەبوو، کە باس لەوە دەکات لە سوپا دەرکرا، لەبەر ئەوەی هیتلەری خۆشدەویستو بەدوای هەواڵیدا دەگەڕا، پاش چەندین ساڵو بەدیارکراوی پاش ئەوەی بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی جەنگاوەرە دێرینەکان لە ساڵی ۱۹۷۳دا کتێبێکی دەرکردو ناوی لێنا "ژیانم"، وەك لاسایی کردنەوەی کتێبەکەی سەرکردەی نازی "خەباتم"، بەڵام سیفەتی کۆنەپەرستی بەو هۆیەوە پێوەی لکا بەهۆی ئەو سۆزەی خەلیل کنە بۆی هەبوو، ئەمیش یەکێك بوو لە یارمەتیدەرەکانی نوری سەعیدو وەزیری هاوزەمانی حکومەتەکەی بوو، کاتێك وەزارەتی مەعاریفی وەرگرت لە ساڵی ۱۹٥٤ خەیروڵای لە مامۆستای خوێندنگای سەرەتاییەوە بۆ پلەی بەڕێوەبەر بەرزکردەوەو دواتر کردی بە پشکنەری پەروەردە، هەروەها وا باس لە خەیروڵا دەکرێت کە لایەنگری عەلادین ئەلوەسواسی بوو، کە لە حکومەتی سەردەمی پاشایەتی وەك نوێنەری تکریت دەستنیشانی کردو یەکێك بوو لە کلیلەکانی هەڵبژاردنی، بە تەواوەتی بە هۆی فشاری شیوعیەکانو لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسمەوە توانیان خەیروڵا تولفاح لە کارەکەی وەك بەڕێوەبەری گشتی مەعاریف دووربخەنەوەو گەڕاندیانەوە بۆ

کارە کۆنەکەی وەك پشکنەری پەروەردە لەسەر میلاکی خوێندنی سەرەتایی، گەواهی حاجی سەعدون ئەلناسری یەکێك لە بەرپرسانی حزبی شیوعی لە تکریت، کە لە دژی خەیروڵا تولفاح پشکەشی حکومەتی شۆڕشی کردو هاوکاری پێشووی لەگەڵ خەلیل کنە ئاشکراکرد، چۆن خزمەتی کردووەو بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ کردووە بۆ هەڵبژاردنی ئەلواسواسی، ئەمەش هۆکارێکی گەورە بوو تاکو لەو پلە بەرزە لایەرن لە ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٥٨، کۆلێژی سەربازی دەرگای وەرگرتنی بەڕووی خوێندکاری نوێدا کردەوە، بۆ ئەفسەرو جێگری ئەفسەری ئیعاشە، سەدام بەسەرگەرمی واسیتەی ئەحمەد حەسەن بەکر داواکاری پێشکەش کرد بە فەرماندەی کۆلێژ عەقید عەبدول لەتیف ئەلدەراجی، بەڵام لەبەدبەختی سەدام وەزارەتی بەرگریو سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا ڕێنمایی نوێیان دەرکرد بۆ کۆلێژی سەربازیو نەخۆشخانەی ڕەشیدی سەربازی، کە دەبێت خوێندکاری شیاو وەربگرنو باسیان لە پێویستی پشکنینی جەستەیی کرد، هەموو جۆرە واسیتەو دەستێوەردانێکیان لە وەرگرتندا ڕەتکردەوە تەنانەت سەرچاوەکەی هەر کێیەك بێت، وەزیری بەرگری زەعیم عەبدولکەریم قاسم بوو، سەرۆکی ئەرکانی سوپا زەعیم ئەحمەد سالح ئەلعوبەیدی بوو، کە لە سەرکردەکانی شۆڕش بوونو ئەم ڕێنماییانەیان دەرکرد، ئەویش بۆ وەستاندنی گاڵتەجاڕی وەرگرتنی خوێندکارانی نەشیاو بۆ ئەو کۆلێژە، وەك ئەوەی لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕوویدا، کە بەرپرسان لەگەڵ منداڵی خانەدانو شێخو سەرۆك هۆزەکانو وەزیرو پەرلەمانتارەکانو خاوەنکارو بازرگانەکاندا ئاسانکاریان دەکرد، بەبێ ئەوەی هەڵوێستە لەسەر نمرەکانیان بکەن یەکسەر قبوڵیان دەکردن، یان توانای جەستەییان هەر چۆنێك بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو پشکنینە پزیشکیەی بۆ خوێندکار سەدام حسێن کرا وەك لە دۆسێکەیدا ئاماژەی پێدراوەو لە کۆلێژی سەربازی تاکو ساڵی ١٩٦٨ پارێزرابوو کە ژمارە ٤٢/س/١٩٥٨ی وەرگرتبوو، ئەوە دەردەخات کە جەستەی لاوازە، ئەویش بە هۆی کەم خوێنیو پلەی بینینی چاوی شەش لەسەر نۆیە، کە لە ئیدارەی کۆلێژەوە ئەم زانیاریانە داوادەکرا، لەبەر ئەوە قبوڵ نەکرا، چونکە ناشێت بچێتە ناو ئەو کۆلێژەوە، زۆر بەدەگمەن سەدام حسێن دانیناوە بەم ڕووداوەدا، کە هەمیشە هەوڵیداوە خۆی لێ بدات، کاتێك پێشوازی لە پۆلێك ئەفسەری سەربازی یان سەرکردە سەربازیەکان دەکرد، کە مەدالیای ئازایەتیان پێبەخشیێت لە جەنگی نێوان عێراقو ئێراندا، باسی لەوە کرد کە بوونو ئارەزووی لاوێتی ئەوەبووە بچێتە کۆلێژی سەربازیو بیێتە ئەفسەر بێ ئەوەی ئاماژە بە ... جێگری ئەفسەری ئیعاشە بدات، کە لاوازیو کەم خوێنیو بینی چاوی ڕێگربوون لە وەی

که قبوڵ بکرێت، بەڵام عەدنان خەیروڵای کوڕە خاڵی وەرگیرا، دواتر لەسەردەمی سەدامدا بوو بە وەزیری بەرگری عێراق، ئەویش بە هۆی ئەوەی لە پشکنینی پزیشکی سەرکەوتووبوو.

## بێئومێدیو شکستخواردن

کاتێك بە سەدام دەڵێن تۆ لە پشکنینی پزیشکی دەرنەچوویتو لە کۆلێژی سەربازی وەرنەگیرایت، دنیا لەبەرچاوی تاریك بوو، خەم دایگرت، میدحەت ئیبراهیم جومعە کە هاوڕێیەکی نزیکی بوو، دواتر دەبێتە بەرپرسی حزبی سەدام، بەم شێوەیە ئەو ساتە وەختە دەگێڕێتەوە، ماوەیەك دوای ئەو ڕووداوە سەدام پێی وتووە، ئەویش لەو کاتەی پەناهەندە بوون لە قاهیرە، کە هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە لە کاروبارو چالاکی سیاسیدا کاربکات، تاکو ئەو کاتەی زانیویەتی لە کۆلێژی سەربازی وەرنەگیراوە، لەو ڕۆژەوە قینی لە زەعیم عەبدولکەریم قاسم هەڵگرتووە، کە سەرەك وەزیرانو وەزیری بەرگری بووە، زەعیم عەبدولکەریم قاسم مەرجی توندی بۆ وەرگرتنی خوێنداکار لە کۆلێژی سەربازی داناوە، نابێت خوێندکاری نەشیاو لەو کۆلێژە وەربگیرێت، بەڵکو دەبێت لە هەموو لایەنێکەوە لایەنی خوێندنو تەندروستی باشو جەستەی پتەو بێت، هاوپۆلێکی سەدام لە ئامادەیی کەرخ دەیگێڕێتەوە کە ناوی ئەحمەد دەمام ئەلکەرخی بوو، هەروەها ماڵیان نزیك بوو لە ماڵی خەیروڵا تولفاح، سەدام بەغدادی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ گوندەکەیان، ئەویش بە هۆی ئەوەی لە کۆلێژی سەربازی وەرنەگیرا، زۆر خەمناك بوو چوار ڕۆژ لەوێ مایەوە، دواتر گەڕایەوەو لە پۆلی چوارەم لە ئامادەیی کەرخ ناوی خۆی تۆمارکردو دەستی کرد بە خوێندن، بەڵام ئەو خەمەی هەر پێوە دیاربوو، پاشان وازی لە خوێندن هێناو گەڕایەوە بۆ عۆجە، پاش چەند ڕۆژ لە ئامادەنەبوون لە خوێندن گەڕایەوە بۆ خوێندنگاکەی، پاشان دایکی نەخۆشکەوتو چەند ڕووداوی تری بەسەرهات، پاش ئەوەی هاتەوە بۆ خوێندنگاکەی بۆ ڕۆژی دواتر ئیدارەی ئامادەیی کەرخ لە ناکاو کۆمەڵێك پۆلیسیان بینی چواردەووری خوێندنگاکەیاندا، فەرماندەکەیان لە بەڕێوەبەر نزیکبووەوەو فەرمانی دەستگیرکردنی خوێندکار سەدام حسێنی پێبوو، کە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەغدادەوە دەرچووبوو، ئیدارەی خوێندنگاو مامۆستاکانو خوێندکارەکان لێرەوە زانیان ئەو تۆمەتەی ئاڕاستەی کراوە

ببه له کوشتنی یەکێك لە خزمەکانی خۆی لە تکریت، کە بە بەڵگەو شایەت سەلمێنرا کە
سەدام حسێن شیوعیەکی خزمی خۆی بە ناوی حاجی سەعدون ئەلناسری کوشتووە، لە
ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، لەو کاتەی دەیەن بۆ ئەخۆشخانە لە ڕێگا
دەمرێت، باس لەوە دەکرا کە خەیروڵلا تولفاح کە قینی زۆری لە سەعدون ئەلناسری بوو،
لەبەر ئەوەی لە بەڕێوەبەرێتی مەعاریفی بەغداد لای بردووە، هانی سەدامی خوشکەزایداوە
تۆڵەی لێبکاتەوە، وەك کەسوکاری قوربانیەکە باسی لێوەدەکەن، لە لێکۆڵینەوەکاندا باسیان
کردووە کە تولفاح بەڵێنی بە سەدام داوە کە کچە گەورەکەی کە خوێندکاری خانەی
مامۆستایانە واتە "ساجیدە"ی بداتێ ئەگەر ئەم کارەی بۆ ئەنجامبادت، هەروەها بەڵێنی پێداوە
چەند پارێزەرێکی بۆ بگرێت تاکو بەرگری لێبکەن، بەم شێوەیە بەگەی تۆمەتبارکرن
ئاراستەی خەیروڵلا تولفاح کرا، ئەویش لەگەڵ سەدام دەستگیرکراو برا بۆ سەرای بەغداد،
پاش چەند ڕۆژێك براکەی سەعدون ئەلناسری شکایەتی لە مێردی دایکی سەدام کرد کە
ناوی ئیبراهیم حەسەن بوو، بەوە تۆمەتباری کردبوو پاش لەوەی سەدام تاوانەکەی ئەنجامدابوو
رایکردبووە ماڵەکەی ئەم، هەر چەندە ئیبراهیم حەسەن بەو کارەی زانیەوە ، بەڵام خەبەری
پۆلیسی نەداوە، ئەویش دەستگیرکرا، لە تکریتەوە هێنرا بۆ لای سەدامو خەیروڵلا، هەر
سێکیان دران بە دادگای سزای گەورە.

## یەکەم دادگایی

لەبەر ئەوەی کوژراوەکە لەسەر شیوعیەکان هەژمارکرابوو، بەرپرسی لاوانی دیموکراتی
بوو لە تکریت، ئەمەو سەرەڕای توندبوونەوەی کێشمە کێشی سیاسی لە نێوان بەعسیەکان
لەلایەکو شیوعیەکان لەلایەکی ترەوە، تاوانەکە مۆرکێکی سیاسی وەرگرت.
چوار پارێزەری دیار کە ئەوانیش عەبدولرەحمان ئەلواویو هەزاع عومەر تکریتیو
عەبدولموحسن ئەلدوریو عەبدولوەهاب ئەلخەتیب بەرگریکاری هەر سێ تۆمەتبارەکان بوون،
ئەم چوار پارێزەرە بە دەست تێکەلکردن لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوەو دادگا،
توانیان بێتاوانی ئەم سێ کەسە بسەلمێنن، لەگەر چی شەش شاهید لەو گازینۆیەی تاوانەکەی
تێدا ئەنجامدرا دانیشتبوون، پێنجیان جەختیان لەوە کردەوە کە "خوشکەزاکەی خەیروڵلا

تولفاح" یان بینیوە وا لەسەر زمانی ئەوانەوە هاتووە، ئاماژەیان بۆ سەدام کردووە، کە لە حاجی سەعدون ئەلناسریداوە، بەڵام لە دانیشتنی دووەمدا هەر پێنجیان پەشیمانبوونەوە، وتیان بەباشی تاوانبارەکەیان نەبینیوە چونکە شوێنەکە تاریك بووە، بەڵام شاهیدی شەشەم کە ناوی خزەیر رەحمان بوو جەختی لەوە کردەوە کە بە ڕۆشنی سەدامی بینیووە لە حاجی سەعدون ئەلناسری مامیداوەو ڕایکردووە، هەر سێ تۆمەتبار بەربوون، سەدام حسێنو خەیروڵا تولفاحو ئیبراهیم حەسەن، کە ماوەی چوار مانگ لە گرتنو گواستنەوە مانەوە، برای کوژراوەکە کە ئەفسەرێکی سوپا بوو بە پلەی مولازمی دووەم لەبەردەم دادگای گەل شکاتی تۆمارکرد کە بە سەرۆکایەتی عەقید فازل عەباس ئەلمەهداوی بەڕێوەدەچوو.

داواکاری گشتی موقەدەم ماجد محەمەد ئەمین: شایەت مولازم عامر برای ئەو کەسەی لە تکریت شەهیدکرا، دەتوانیت ڕۆشنای بخەیتە سەر ڕووداوەکە بۆ دادگا، ئەو ڕووداوەی هەموو گەلی عێراق لەبەر دڵیان گرانبوو.

شایەت: براکەم لەم هەڵبژاردنەی دوایدا ..

سەرۆکی دادگا عەقید مەهداوی قسەکانی پێدەبڕێتو دەڵێت براکەت کێیە؟

شایەت: حاجی سەعدون ئەلتکریتی لەو هەڵبژاردنەدا مەبەستی لەو هەڵبژاردنەیە کە بەر لە شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ ئەنجامدراو هێزو لایەنو کەسایەتییە نیشتمانیەکان بایکۆتیان کرد، حاجیو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون داوایان کرد کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکە بکرێت، بەڵام خەیروڵا تولفاح کە لای عەلادین ئەلوەسواسی کاری دەکردو پەروەردەی دەستی خەلیل کنە بوو، لەگەڵ عەلادین ئەلوەسواسی هاتنو داوایان کرد هەڵیبژێرن، ئەوکات بەدحاڵیبوون ڕوویدا، پاش ئەوە خەیروڵا تولفاح کرا بە بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای بەغداد، وابزانم براکەمو عەلی حسێن ڕەشید جێگری بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان لە ئەبوغرێب خەبەریان لێدابوو، باسی کارەکانی خەیروڵایان کردبوو، کە وەختی خۆی چۆن پەیوەندی بە عەلادین ئەلوەسواسیەوە هەبووەو پیاوی خەلیل کنە بووە، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە بەڕێوەبەری مەعاریفەوە بیگوازنەوە بۆ پشکنەری پەروەردەی لەسەر میلاکی خوێندنی سەرەتایی، لە ڕۆژی ١٤/١٠/١٩٥٨ خوشکەزاکەی نارد، کە ئەم دوای مردنی باوکی هەر خاڵی بەخێوکردووە، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پارێزەرێك نەبووە قبوڵی بێت ببێتە وەکیلی خێرەڵا تولفاح، تەنها عەبدولرەحیم ئەلراویو هەزاع عومەر ئەلتکریتیو

عەبدولموحسن ئەلدووری‌و عەبدولوەهاب خەتیب نەبێت.

داواکاری گشتی: کێ خەیروڵای لەم پۆستە نوێیەدا دامەزراند؟

شایەت: جابر عومەری وەزیری مەعاریف.

داواکاری گشتی: بەدەر لەم زانیاریانە، هیچ زانیاریەکی ترت دەستکەوتووە پەیوەندی بەم رووداوەوە هەبێت، ئەم هەواڵە گەیشتووەتە ئەمن‌و لە رێگەی ئەوانەوە گەیشتووەتە خەیروڵاو ئەم کارە قێزەونەی ئەنجامداوەو کەسێکی ناردووە بۆ کوشتنی شەهید.

هەر سێکیان سەدام‌و خەیروڵاو ئیبراهیم بەربوون‌و لەوێوە چوون بۆ ماڵی خەیروڵا لە کەرخ بە شێوەی خۆپێشاندان کە هەندێك لە هاورێیان‌و ناسیاو ژمارەیەك لە بەعسیەکان بەشداربوون تێیدا، کە هەواڵی ئەوەیان پێگەیشت سەدام هاتووەتە ریزی حیزبەوە، هەندێك مامۆستای بەعسی لەگەڵ مامۆستا شیوعیەکان لە سامەرا بەشەر هاتبوون، لەوێ سەدامیان ناسی چۆن شیوعیەکی وەك سەعدونی کوشتووەو خوێنساردانەو ئازایانە لەناوی بردووە، بەم شێوەیە توانیان بە پلەی نەسیر بیهێننە ناو حیزبەوە، لەو چیرۆکە خۆشانەی لەو ماوەیەدا دەگێردرانەوە کە فەیسەڵ حەبیب خەیزەرانی پارێزەر کە کۆنە بەعسیەکە لە هەمان زیندان گیرابوو، دەڵێت پاش ئەوەی بەعسیەکان توانیان سەدام بهێننە ناو حیزبەوە، چوون بۆ لای مێردی دایکی ئیبراهیم حەسەن تاکو ئەویش بهێننە ریزی بەعسەوە، پاش ئەوەی بە زمانێکی سادە ئامانجی حیزبیان بۆ باسکرد، رازی بوو بێتە ناو حیزبەوە، بەڵام پرسیاری کرد کە هاتم چەندێکم دەدەنێ‌و مووچەکەم چەند دەبێت؟ هەموو دایانە قاقای پێکەنین، لەبەر ئەوەی وای هەست دەکرد حیزب وەزارەت یان فەرمانگەیەك بێت یان کۆمپانیایەك کە دەبێت مووچە بدات بە ئەندامانی.

لەم پەیوەندیە بووە هۆی ئەوەی سەدام بتوانێت کچی خاڵەکەی بهێنێت‌و ساجیدە بکاتە خێزانی خۆی لە ساڵی ١٩٦٢، پاشان ببێتە دایکی هەر پێنج منداڵەکەی عودەی‌و قوسەی‌و رەغەدەو رەناو حەلا.

## براكەی یەكەم ونبوو

عەدنان خەیروڵا تولفاح، كوڕی خاڵی سەدام حسێنو برای ژنەكەیەتی كە ناوی ساجیدە خەیروڵا تولفاحە، پەیوەندیەكی توندو تۆڵی لەگەڵ سەدامدا هەبوو، لە منداڵیەوە هەردووكیان لە ماڵێكدا پێكەوە گەورە بوون، عەدنان خەیروڵا چووە كۆلێژی سەربازیو بوو بە گەورە ئەفسەرێك، ئەویش پاش كودەتاكەی حەڤدەی تەموزی ١٩٦٨، لە دژی ڕژێمی عەبدولرەحمان عارف بەرابەرایەتی حزبی بەعس، لە كاتی جەنگی ئێران عێراقدا بوو بە وەزیری بەرگری، پاشان ئەستێرەی ڕوو لە درەوشانەوە بوو، پاش ئەوەی خۆشەویستی سەربازەكانو گەلی عێراقی بەدەستهێنا، ئەویش بە هۆی هەڵوێستە پاكەكانیەوە، ئەمەش گومانی لای سەدام دروستكرد، سەدام ڕووداوێكی فڕۆكەی كۆپتەری بۆ دروستكردو لە چواری ئایاری ١٩٨٩ لەناوی برد، ڕووداوەكە بە مردنی عەدنان خەیروڵا كۆتایی هات، وا باس دەكرا لە باكوری عێراقەوە بۆ بەغداد گەڕابێتەوە، تاكو كودەتا بەسەر سەدامدا بكات، ئەمەش زۆرێك لە كەسە نزیكەكانی جەختیان لێكردووەتەوە.

## بێدەنگ بوو

سروشتی ساجیدە ئەوەیە خۆی دەخواتەوەو بێدەنگە، پەروەردەیەكی خێڵەكی هەیەو ژنی ماڵەوە بە پلەی یەكەم، دەزانێت چۆن نهێنی ناو ماڵەكەی بپارێزێت، كەس نەیدەتوانی پرسیاری ئەو جۆرە شتانەی لێبكات، لە ڕاستیدا ساجیدە پاش هەڵهاتنی حسێن كاملو تەنانەت پاش گەڕانەوەی لە هەموو شتێكدا سلبی بووە، خوشكەكەی خاتوو ئیلهام خەیروڵا وا باسی دەكات، ساجیدە نەهامەتی زۆر چەشتووە ژیانی پڕ بووە لە جەنگ، ساڵانی شەستەكانو حەفتاكانی لە ناو كێشمە كێشی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا بردەسەر تاكو فەرمانی بە سەرۆك بوونی مێردەكەی لە ساڵی ١٩٧٩دا دەرچوو، ئەوەندەی نەبردو پشوویەكی نەدا عێراق چووە ناو یەكەم جەنگەوە لەگەڵ ئێرانی دراوسێی كە ئەو جەنگە هەشت ساڵی خایاند، ئەم جەنگە ئەوەندە نەبوو كۆتایی هاتبوو تاكو بۆ دووەمجار چووە ناو جەنگێكی تر سەدام وڵاتی كوێتی داگیركرد، ئەم جەنگە بە گەمارۆی ئابووری سەر عێراق كۆتایی هات،

ماوەی دە ساڵی خایاند، دوای ئەوە دەسەڵاتی مێردەکەی ڕوخاو ئەمیش چوو بۆ وڵاتی یەتەر.

جەنگ لە دوای جەنگ، سەدام چ لە ماڵو چ لە دەرەوە پڕ قەساوەت بوو، دەسەڵاتی زۆری بەسەر هەموو شتێکدا دەسەپاند، لێرەوە چیرۆکی حسێن کامیل دەردەکەوێت کە ناوی لە گەواهی ئیلهام خەیروڵا تولفاحدا هاتووە، حسێن کامل تاکە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ساجیدە بووە، کە ڕەغدەی کچی کردە هاوسەری، هەروەها ڕەنای کچی دووەمیدا بە برای حسێن کامل، دواتر ئەم دوو برایە بە خۆیانو خێزانەکانیانەوە لە عێراق چوونە دەرەوەو لە وڵاتی ئۆردونەوە هێرشیان کردە سەر ڕژێمەکەی سەدام، ئەمەش وایکرد سەدامو عودەی دەستان بە کوشتنی حسێن کاملو براکەیو هەموو خزمەکانی ، ئەمەش ئەو ڕووداوەیە کە لە کتێبی کۆڕی سەرکردەکاندا باسمان کردووە.

بە مردنی حسێن کامل، ساجیدە لە هەموو شتێك بە سلبی مایەوە، ئەو چاوەڕێی هەموو ئەو شتانەبوو، لەبەر ئەوە دانیشتو بە هێمنی پێشوازی لێکرد.

## پاش ڕووخان

لەگەڵ ئەوەی ساجیدە زۆری چەشت بە دەست سەدام حسێنەوە، بەڵام نەیدەویست لە کاتی نەهامەتیدا دەستبەرداری بێت، ئەویش لەو کاتەی درایە دادگا، واتە بەر لە لەسێدارەدانی.

باسو خواستێکی زۆر لە بارەی ئەوەوە کرا ئەگەر سەدام بگیرێت کێ بەرگری دەکات، هەندێك خۆیان بەخشی کە ساجیدە بەرگری لێدەکردن، لە کۆتاییدا وەکالەت لەلایەوە، بەڵام ناکۆکی لەسەر ئەوە بوو کێ بەرگری لە سەدام دەکات، زیاتر لەلایەنێك لەم بوارەدا دەرکەوتن کە بەناوی سەدامەوە قسەیان دەکردو دەیانوت ئێمە نوێنەرایەتی یاسایی دەکەین، بەڵام تاکە کەسێك بەپێی یاسا بۆ واژووکردنی وەکالەت شیاو بێتو بە ناوی سەدامەوە ئەو کارە بکات ساجیدە خەیروڵا تولفاحە، وەك لە وەکالەتەکەوە دەردەکەوێت واژۆی ساجیدەی لەسەرە، بە سیفەتی ژنی سەدام حسێنو سیفەتی کەسێتی خۆیو بە نوێنەرایەتی هەر سێ کچەکەی ڕەغدەو ڕەناو حەلا، وەك لە ڕۆژنامەی "قودس ئەلعەرەبی لە

۲۰۰٤/٦/۱۷دا بلاوکراوەتەوە بەپێی ئەم دیکۆمێنتە ساجیدە بیست پارێزەر ڕادەسپێرێت کە ناوەکانیان لە لائیحەی وەکالەتەکەدا هاتووە تاکو بەرگری لە مێردەکەی بکەنو بە دوای کێشەکیدا بچن، کە زۆربەیان کوردنین و هەندێك بیانیو عەرەبیشی تێدایە، ئەمە ناوی پارێزەرەکانە: محەمەد ڕەشدان، حسێن مەجلی، عیسام ئەلفەزادی، خالید سەیفانی، زیاد ئەلخەساونە، مەسعود شەلەبی، حاتم ڕەشاد، یەحیا جەمەل ئەمە جگە لە عەبدولا ئەلئەشعەل بەشیر ئەلصەید، زاید ڕەدایدە، سابر عەجاب، سالح حەرموتی، جیهاد کەرەم، سامح عاشوور، محەمەد عەلاقی، هەروەها هەر یەك لە دکتۆر محەمەد حەمودیو ئیمانوێل لودۆنو مارك هنزلن، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە هەندێك لەو پارێزەرانەی ساجیدە دیاریکردبوون لە دەستەی بەرگری کشانەوە، کە بەشێك لەمانە هەستاون بە کۆکردنەوەی دۆکۆمێنتو ئامادەکرنی داتای بەرگریکردن، کە هەندێکیان بەشداری لە کۆبوونەوە خۆ ئامادەکاریەکاندا ناکەن، ساجیدە بە گروپ کردن بە وەکیل کە هەموویان هەقی خۆیان وەردەگرن، ئەویش بەپێی ئەوەی کام داوای سەدام دەبینن، یان لە دەرئەنجامی بوون بە سەرۆك کۆمار یان دەرئەنجامی گرتنی سەدام حسێن لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە ، کە وەك دیلێك لای ئەوان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پاشان بەدواداچوون بۆ چ داوایەك بکەن، هەروەها دەستەکە تەوکیل کرا بۆ بەردەم هەر دادگایەك داوای سەدام ببینێت، هەروەها داوا لەسەر هەموو وڵاتانی جیهان تۆمار بکرێت، هەروەها بەرەوڕووی هەموو ئەوانە ببنەوە کە دەستیان هەبووە لە دەستگیرکردنی سەدام حسێندا، هەموونەو هەڕەشانەی بەرەوڕوویان دەبنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ساجیدە پاش ڕووخانی ڕژێمی مێردەکەی زۆر بلێی نەکرد، ئەم هەلۆیستەی بۆ ناوبانگی خۆی بەکارنەهێنا، تاکو ڕووناکی بخاتە سەر خۆی، بەوەندە ڕازی بوو لە سێبەردا بژی، هەروەها بەوە ڕازی بێت کە سیاسەت بەسەریهێنا، لێرەوە ئەو گفتوگۆیەی ئەحلام سەلمانی ڕۆژنامەوان بۆ ڕۆژنامەی "اخبار الیوم"ی سودانی لەگەڵ ساجیدە تولفاح ئەنجامیدا، کاتێك ئەحلام دەنووسێت:

هیچ کەس وەك ئەو خاتوونە تووشی سەرسوڕمانی نەکردووم، ئەو پێچەوانەی هەموو فەرهەنگەکانی ژنان بوو، بەسەر دامەزراوە ژنانەیەکاندا یاخی بوو، بینیم ئەوەی بەریکەوتم بێدەنگی بوو، بێدەنگیەکی تۆقێنەرو سەبری زیاتر، تەنانەت لەو کاتەی زەمان لە خولی

رسناکی خۆیدا دەیسوڕێنێت، لە خانمی یەکەمی وڵاتێکەوە کە هەموو شتێك لەبەر دەستیدا
ەرجەستەبوو، گۆڕدرا بۆ هاوڵاتیەکی ئاسایی کە لە وڵاتێکی دراوسێ وەك پەناهەندە دەژی،
ەشێکیان لێرەو لەوێن، ئەمیان ساجیدە خەیروڵا تولفاح ژنی سەرۆکی پێشووی ڕژێمی
ێراق سەدام حسێن، ئەم ژنە بە ڕاستی جێگەی ڕێزم بوو، ماوەیەکی کورتە خەون بەوەوە
ەبینم گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجام بدەم، زۆر بە ئاگاییەوە ژمارەی تەلەفونەکەیم لە
زیکترین کەسیانەوە وەرگرت، ڕەغەد ئامادە نەبوو ژمارەکەیم بداتێ، وتی دایکم ناوچەی
ەدەغەکراوەو حەزی لەم شتانە نییە، پاش ماوەیەك لە بێنەو بەردە حەلای کچی ژمارەکەی
یدام، پێشەکی داوای لێبووردنم لە دایکی کرد، وتی ئەو قسە ناکات، پاشان وتی ئەو وەك
اتدراتیەکی قەشەوایە کەس ڕووی تێناکات، بەیەك ڕستە پێی وتم دەتوانیت سڵاوی
ێکەیت، یەکەم پەیوەندیم زۆر کورت بوو، زۆر زوو کۆتایی پێهێناو وتی بە پەیوەندیەکەت
ۆر خۆشحاڵ بووم، تاکو لە سەلامەتی دڵنیابم، تەنانەت وەڵامێنەدامەوە کە دەتوانم هەر
اتێك بمەوێت قسەی لەگەڵدا بکەم یان نا، پەیوەندی دووەم باشتر بوو لە پەیوەندی یەکەم،
ەر ئەوەی باسی دواخستنی دادگایی یەکەمی کرد، لە پەیوەندی سێهەمدا زۆرم لێکرد کە
ۆگۆیەك ئەنجام بدەین، وتی قسە لەگەڵ ڕەغدە بکە، ئەو وتەبێژی ئێمەیە، پێم وت دەبوایە
ورەترین وتەبێژ بوایە، وەڵامیدامەوەو وتی لەبەر هەندێك هۆکاری دیپلۆماسی ئەو
بژێردراوە، وتم خاتوو ساجیدە ئەم بێدەنگیەی تۆ زۆر کەس والێکیدەداتەوە کە تۆ لە
ەکەت تووڕەیت، بە هەڵچوونەوە وتی دەڵێن برا وەزیرەکەمی کوشتووە، وتم بەڵێو
لەمەش هەست دەکەیت ئەم بێدەنگیە بشکێنیت، ئەو بێدەنگیەی تۆ نیشانەی ڕازی
ی، گفتوگۆکەمان دەستپێکردو بە سێ پەیوەندی تەلەفۆنی تەواو بوو، بەڵام کۆتایی
، پێم وت خاتوو ساجیدە هەندێك لە بڵاوکراوە بیانیەکان، تەنانەت هەندێك لە
ە عەرەبیەکانیش بەو شێوەیە وەسفی سەدام حسێن دەکەن کە کەسێکی زۆرداربووە
ت لە ژیانی تایبەتی خۆشیدا زۆرداربووە، لە ناو خێزانەکەی خۆیدا، هەرگیز بڕوای بە
ولی بەرامبەر نییە؟
ە هێمنیو باوەڕبەخۆبوونەوە وتی: خوا ئاگای لێبێت، ئەوەتا لە هەموو لایەکەوە هێرشی
ە سەرو هەر چیەك بە مێشکیاندا بێت دەیکەن، جارێك دەڵێن دیکتاتۆر بووە، جارێك
ۆر بەزەبرو زاڵم، ئەو لەو شوێنەدا ئازار دەچێژێت لە پێناو باوەڕی عەرەبیدا کە

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە با کەمێك بتگەڕێنمەوە بۆ دواوە، بگەڕێرەوە بۆ ئەو ڕۆژەی لەگەڵ بەتەواوەتی بڕوای پێیەتی، بە هیچ ئەلتەرناتیڤێك ڕازی نابێت، سەدامدا هاوسەرگیرم کرد، ئەو شەوە سەدام داوای لێکردم لەبەردەمیدا دانیشمو ئەویش لەبەردەممدا دانیشتو پێی وتم تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ پیاوێکدا کردووە هەموو ژیانی بۆ نەتەوەی عەرەبی تەرخانکردووە، پیاوێکی سەرسەختو پتەو ئامادەیە لە پێناو بیروباوەڕیدا بمرێت، ئەوە منمو تۆش ئەوە باش دەزانیت، ئەم ماڵە مەملەکەتی تۆیەو کەس ناتوانێت ڕکەبەریت بکات، من بۆچوونەکانت بەبێ بیرکردنەوە وەردەگرم لە ئاستی ماقوڵدا، لەو شەوەدا زۆر تووڕەبووم، بوکێکی بچوك بووم، چاوەڕێم نەدەکرد مێردەکەم لەو شەوەدا باسی مردنم بۆ بکاتو باس لە وابەستەبوون بە بیروباوەڕم بۆ بکات، بەڵام پاش تێپەڕبوونی کاتو بیرکردنەوە بۆم دەکەوت چ پیاوێکی مەزنە، لەو ڕۆژەوە ئەوەی پەیوەندی بە ماڵەوە هەبێت خۆم بەڕێوەی دەبەم، ئەو هیچ بڕیارێك نادات، مەگەر لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێت، بە پێچەوانەوە ئەو بڕوای بە بۆچوونی بەرامبەر هەبوو تاکو دوائەندازە، هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بە ئەندامانی خێزانەکەمانەوە هەبوو، ئەنجومەنێکی شوورای تایبەتیمان بۆ دروست دەکرد، ڕای زۆرینە سەردەکەوت، ئەوەی سەیربوو سەدام کەمجار بۆچوونەکەی سەردەکەوت، لە بیروبۆچوونەکانیدا تەنیابوو، تەنها ڕەغدە نەبێت لە هەموو شتێکدا لەو دەچوو.

ئاهێکی هەڵکێشاو وتی بۆ ڕۆژە جوانەکانت گەڕاندمەوە، وتم:ڕۆژانی کۆشكو خزمەتکارو خزمەتگوزار؟

وتی نەخێر ئەو ڕۆژانەی کە هەموومان پێکەوە خێزانێك بووین، کە تەنها کێشە گشتیەکان جێگەی لێ تێکدەداین، تەنانەت لە مەسەلەی کۆشكو خزمەتکارو ئەو شتانەدا زوڵمیان لێکردین.

- چۆن توانیت لەگەڵ پیاوێکی ترسناکی وەك سەدام حسێندا خۆت بگونجێنیت، بەو مانایەی ئەو پیاوێکە هەموو ڕۆژێك کتو پڕی نوێ لە ژیانیدا هەیە، کتو پڕی وا دەوڵەتانو گەلان دەخاتە دڵەڕاوکێوە؟
- ئێمە هەموومان بە ڕۆڵی خۆمان ووشیاربووین، ڕۆڵمان وەك خێزانی سەدام، من وەك خۆم ئاگام لە سنوری خۆمبووە، ئەرکی من بە ڕاستگۆیی ئەوەیە ژنێکی باشبم لە کاتی

خۆشیو ناخۆشیو شلۆقیدا لەگەڵ مێردەکەی دەبێت، لەوە تێگەیشتم دەیەویست هەر کەسێك لە دەوورییەتی بەهێز بێت، بۆی گێڕامەوە کە هێشتا تازە بووك بووم کە دایکی چۆن فێری کردووە لە هیچ نەترسێت، لەوەوە تێگەیشتم نابێت بە ترسانی من تووشی دڵەڕاوکێ بێت، لە ناخەوە ترسی خۆم دەشاردەوە، ئەویش بەسروشتی خۆی حەزی لەمە نیە لەبەر ئەوەی مێردێکی سۆزداربوو، پیاوێکی لەو جۆرە وا لە ژنەکەی دەکات هەست نەکات پێویستی بە شتێکی ترە جگە لەو، بە چرپە پێی وتم زۆر بیری دەکەم، خۆم فێری ئەوە کرد ئەو ژنەبم کە سەدام دەیەوێت، لەبەر ئەوەی ئەویش ئەو مێردەبوو کە من دەمویست، لەبەر ئەوەیە بەرگەی هەموو شتێکم گرت بەرگەی ئەو گەردەلوولەم گرت کە ژیانی خێزانی لە بن هەڵتەکاند، ژنێك نزیکترین کەسی مێردەکەی بوو.

- سەدام چۆن ساتەکانی بەر لە لێدانی عێراقی بردە سەر، لەو ساتەوەی ئەمریکا هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردو پێوەی پەیوەست بوو؟
- ئەگەر ژیانی ئەوت بزانیایە هەرگیز ئەو پرسیارەت نەدەکرد، ژیانی سەدام بریتیە لە کۆمەڵێك مەترسیو سەرکێشی، هەموو هەنگاوەکانی لە ڕێگەی مەرگدا دەهاویشت، هەمیشە بە پێکەنینەوە دەیوت وای لێهاتووە مەرگ لێی دەترسێت، لەبەر ئەوەی لە مردن ناترسێت، سەدام ڕۆژێك پێی وتم ئەو لە سەد هەوڵی کوشتن ڕزگاری بووە کە لە لایەن دوژمنانی عەرەبو ئیسلامەوە دژی ئەنجامدراوە. هەموو جار پێی دەوتم ئەوانەی خاوەنی پەیامن هەمیشە تەمەنیان کورتە، بەڵام پاش مردنیان زۆر زیاتر دەژین .. پاش ئەو هەموو پێشەکیە دوورو درێژە دێمەوەو وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە، ئەو کاتانەی سەدام پێش جەنگ تێیدا دەژیا، زۆر سەخت بوو، زۆر ئازاری دەچێشت، ئازاری ئەوەی نەکا گەلەکەی شکستی بەسەردا بێت، هەموو کات بە جلکی سەربازیەوە دەنووست، نەك لە ترسدا، بەڵکو تاکو ئەوەی بیرنەچێت ئەو جەنگاوەرە، بەرلەو ڕۆژە ڕێك لە لێدانی عێراق لێی پرسیم: ئەگەر خۆم بدەم بەدەستەوە ئەوا چارەنووسی گەلەکەم بە ژێردەستیو ملکەچی بژیو لە مێژوودا بە ترسنۆك ناوبریێم؟ یان بە بیروباوەڕمەوە پەیوەستبمو خۆم نەدەم بەدەستەوەو کوشتنو برسێتیو دەربەدەری بۆ گەلەکەم بهێنم، کە لە بیرکردنەوەی ئەکدا وەك گەلێك کە نموونەی سەربەرزیو خۆڕاگریو خاوەن کەرامەتبن؟ بە ڕاستی پێم وت تۆ گەورەی نەتەوەکەتی ئەوەی بۆ خۆت پێی ڕازی نیت، بۆ نەتەوەکەت پێی

ڕازی مەبە، ئەوە یەکەمجاری بووە لە کارێکدا ڕاوێژم پێکات، کە پەیوەندی بە کاروباری گشتیەوە هەیە، پاش ئەوەی گوێی لە وەڵامەکەم بوو بزەیەك گرتی‌و بە دڵنیایەوە پێی وتم: من ئەگەر بشمرم ئەوا دڵنیام کە منداڵەکانم کەسێکیان لە پشتە وەك دایکم، دەیانکاتە پیاوی ڕاستەقینەو دەتوانن جڵەوی ژیان بگرن، ئەو کات نەیدەزانی عودەی‌و قوسەی بەر لە خۆی دەمرن‌و دڵی من‌و ئەویش ئاوا بسوتێن، تکایە پرسیاری عودەی‌و قوسەیم لێ مەکە ناتوانم بە هیچ شێوەیەك باسیان بکەم، دڵم پشکۆیەکی ئاگری تێدایەو خەنجەرێکی ئاگرین هەلاهەلای کردووە.

تاکو ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو، منیش هیچم نەوت .. بڕیارمدا ئەم بێدەنگیە بشکێنم‌و پێم وت:

– ئەزموونی تاڵی لێدانی عێراقمان بۆ بگێڕەوە، چۆن بوو.

– ئەو ئەزموونە ئەگەر چەندین کتێبی لەبارەوە بنووسیت هێشتا کەمە، بەڵام ئەوەندە بەسە بەسەرکەوتوویی‌و هێزەوە لێی دەچووین، ئەوان ئێمەیان شکست پێهێنا، ئەوان هەموو شتێکیان وێرانکرد، خەڵکیان کوشت‌و سەدامیان دیل کرد، بەڵام ئەواغان خستە ناو ئەزموونێکی تاڵەوە، ئەزمونی عەرەبی ڕاستەقینە، فێرمان کردن ئێمە ناترسین‌و گوێنادەینی‌و بەئاسانی خۆمان نادەین بەدەستەوەو تاکو مردن دەجەنگین، ئەوە هێزە چەکدارەکانمان لە هێزەکانی داگیرکەر دەدەن، ترس‌و تۆقان دەخەنە دڵیانەوە، بەم زووانە لەسەر زەوی لەگەڵیاندا دەجەنگین‌و هەموو هێزە داگیرکەرەکان دەکەینە دەرەوە، ئەوەتا سەدام وەك شێر لە ناو قەفەسدا دەنەڕێنێت‌و لە هەوڵدانداپە.

"ئەم قسەیە بەرلەوەی سەدام لە سێدارەبدرێت وتراوە".

## ژنی دووەم

کاتێك سەدام ڕووخا، پڕوپاکەندە سەریان هەڵداو زانیاری بڵاوکرانەوەو هەواڵی ژیانی تایبەتی دەرکەوت‌و تۆڕی ئەنتەرنێت بوو-بە شوێنی بڵاوکردنەوەو وەرگرتنی ئەو چیرۆکە سەیرانە، بەم شێوەیە قسەیان لەسەر ژنەکانی تری سەدام دەکرد، لەوانە خاتوو "نیزال حمدانی" خاتوو "مەنال هویدە"، بەڵام بەهێزترین چیرۆکیان چیرۆکی سەمیرە شابەندەرە کە

به ناوێکی خوازیارەوە لە لوبنان دەژی، دەڵێن سەدام کوڕێکی شەرعی لەم هەیەو
عەلیە، ئەویش بە ناوێکی خوازراوەوە "حەسەن" دەژی، ئەوەی پاڵپشتی ئەم چیرۆکە
ت ئەوەیە ئیلهام تولفاح خوشکی ساجیدە بە ڕاشکاوی لە یاداشتەکانیدا باس ئەم
ەلەیە دەکات‌و دەڵێت: کەس نەیوێرا بە ڕاشکاوی باسی چیرۆکی سەمیرە شابەندەر بۆ
جیدە بکات، کاتێك بەغداد هەستا هەموو عێراق باسی ژنهێنانی دووەمی سەدامیان دەکرد،
م ئامادەکردو بەسەردان چووم بۆ لای ساجیدە لەماڵەکەی خۆی، بە ڕۆشنی قسەم لەگەڵ
، ئەویش پاش ئەوەی براکانم لەبەر چەند هۆکارێکی خێزانی نەیانتوانی قسەی لەگەڵ
ن، کاتێك بە تەنها پێکەوە دانیشتین پێم وت هەموو عێراق باس لەوە دەکەن سەدام ژنی
ومی هێنابێت‌و سەمیرە شابەندەری بە نهێنی مارەکردبێت، ئەمەش بۆ تۆ جوان نیە، پاشان
جیدە وتی شەرع ڕێگەیداوە پیاو سێ بۆ چوار ژن بهێنێت، بەڵام دەبێت ئەو هاوسەرگیریە
کەینیت، تاکو خراپە بەرامبەر ژنی یەکەمی نەکات، ساجیدە بە بێدەنگی گوێی لێگرتبووم،
م بێ ئەوەی شتێك نیشان بدات کە بابەتەکەی بەلاوە گرنگە، کاتێك گەیشتمە ئەوەی وتم
میرە شابەندەر خۆی هەواڵەکەی لێرەو لەوێ دزە پێکردووە کە شووی بە سەدام حسێن
دووە، بە هێمنیەکی دەستکردەوە وەڵامیدامەوەو وتی: ئەم قسانە هیچی ڕاست نین، ئەگەر
ەوێت لەوە دڵنیا بیت ئێستا تەلەفۆن بۆ سەدام دەکەم‌و پرسیاری ئەم کارەی لێدەکەم،
تێك داوام لێکرد ئەم کارە نەکات، نەکا سەدام وا تێبگات خوشکی ژنەکەی دەیەوێت
ێك لە نێوانیاندا دروست بکات‌و لە دژی ئەو هانی بدات، بە ساجیدەم وت من نامەوێت
هیچ شێوەیەك لایەنێك بم لەم مەسەلەیەداو جەختم لەوە کردەوە ئەو قسەیەی من کردوومە
ەی شەقامی عێراقیە، ئەو قسەیەکە سەمیرە شابەندەر بڵاویکردووەتەوە، پێم وت لەوانەیە
وسەر لای خۆت بێت، یان ئەوەتا یەکێك لە کوڕەکانت بنێرە بۆ لای شابەندەر تاکو
تی کارەکە بزانێت، یان خۆت قسە لەگەڵ مێردەکەت بکەیت‌و پێی بڵێت ئەم
وسەرگیریە ئاشکرا بکات، من ئامۆژگاریم کرد ئەمەی دووەمیان بکات.
ئیلهام تولفاح لە گێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت: لەو کاتەی بەڕاشکاوی باسم
هاوسەرگیری دووەمی سەدام بۆ ساجیدە دەکرد، خۆم لە ژێر فشارێکی دەروونی
ێردابووم، ئەویش بە هۆی هاوسەرگیری بەرزان ئیبراهیم حەسەن بوو لە ژنێك کە
کردنی ئاسان نیە، ئەویش پاش ئەوەی ژنەکەی بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت لە ژنێك،

تووڕەبوونەکە لەبەر ئەوە نەبوو کە بەرزان پاش مردنی ئەحلام خەیروڵا تولفاح ژنی هێناوەتەوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەوەبوو کە بێوەژنەکەی فازیل بەراکی هێناوەتەوە، ئەمە وەك سوکایەتی کردن بە هەموو خێزانەکە وابوو، هەموو عێراق دەزانن فازیل بەراك کێیە، ئەو پیاوێکی ئەخوازراوی ناو خێزان بوو، زۆر خۆپارێزی لەسەر ڕەووشت‌و هەڵسوکەوتی هەبوو، ئەو ڕۆژگارێك بەهێزترین پیاوی ئیستخباراتی عێراقی بوو، خۆپارێزی لە فازیل بەراك کارێکی کەسیەو پەیوەندی بە پلەو پایەوە نییە کە لە ئیدارەی ئەمنی گشتی‌و ئیستخبارات هەیبوو.

باوکم هەمیشە دەیوت: ئەوەی شەرەف‌و ڕەچەڵەکی نەبێت، ئاسان نییە لە دەوڵەتدا پلەو پایەی گرنگی بدرێتێ، ئەمە تێبینی باوکم بوو لەسەر سەدام‌و لەسەر شێوازی دابەشکردنی پلەو پایە بەسەر ئەوانەی مێژوویەکیان نەبوو.

## سەمیرە شابەندەر

چیرۆکی سەمیرە شابەندەر لە دوای کەوتنی بەغدادو ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام سەریهەڵدا، ئاژانسەکانی هەواڵ چەندین لێدوانیان لەسەر زاری ئەم ژنە تەمومژاویەوە بڵاوکردەوە، بە کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە دەتوانین وێنەیەکی ئەم خاتوونە بکێشین، سەمیر شابەندەر جەخت لەوە دەکاتەوە کاتێك سوپای ئەمریکی لە ناوەڕاستی بەغداد بینی تووشی دارمان بووم، چوو بۆ ژوورێکی ترو لەوێ تێر گریا، ئەو دەڵێت سوپام لە هەموو شتێکی تر لە ژیانمدا خۆشتردەویست، سوپا لای من هەموو شتێك بوو لە ژیاندا، لەو باوەڕەدابوو ئەندامانی خێزانەکەی دەبێت یەکەم شت ئەنجامیبدەن ئەوە دەبێت لە سوپادا خزمەت بکەن، شابەندەر دەڵێت یەکجار سەدام قسەی بە قسە نەکردووم، ئەو کات هەوڵمدا واستە بۆ خزمانم بکەم تاکو خزمەتی سەربازی نەکەن، بەمە ڕازی نەبوو، سەمیرە ژنێکی قژزەردبوو لەسەر مێزێکی چێشتخانەیەکی لوبنان بە تەنها دانیشتبوو، جل‌و بەرگێکی کلاسیکی لەبەردا بوو، خشڵی زۆری پێوە نەبوو، ملوانکەیەکی ئاڵتونی جوانی لە ملدا بوو، سەمیرە شابەندەر زۆر سەرنجڕاکێش بوو، بەم سەرنڕاکێشیەوە لە لوبنان ناسراو نەبوو، بەڵام پێگەی لە عێراق لە ئەفسانە نزیك دەبێتەوە، سەدام حسێن ئەوەندە سەرسامی ئەم ژنە بوو، کە مێردەکەی ناچارکرد تەڵاقی بدات‌و پاشان خۆی مارە کردەوە.

له دوای ڕووخاندی سەدامو ڕژێمەکەی، سەمیرە شابەندەر هەڵهات بۆ دەرەوەی عێراق
پێنج ملیۆن دۆلارو سندوقێك ئاڵتونو پاسپۆرتێکی ساختەی پێبوو، ئێستا بە ناوێکی
خوازراوەوە بە هێمنی دەژی، ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن بۆ ڕوسیا هەڵهاتبێت، بەڵام
نامەکان لە لوبنان بەدوای کەوتن کە یەکێك لە خزمەکانی لە بەغداد ئەو نهێنیەی
دابوو، شابەندەر لە ڕێگەی ناوەندێکی گرنگەوە ئامادەبوو قسە بکاتو باس لە ژیانی
لەگەڵ سەدام بکات، تاکو ئەو کاتەش پەیوەندیان هەر بەردەوام بوو، ئەو کاتەی سەدام
... خۆی شاردبووەوە لە دەست هێزەکانی ئەمریکاو هەڵهاتبوو، سمیرە شابەندر دەڵێت:
بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ سەدام حسێندا هەبووە، سەمیرە بەر لە بیست ساڵ لەگەڵ
سەدام بەیەکگەیشتن، ئەو کات سەدام تەنها جوتیارێکی هەژاربوو لە تکریت، ڕێگای خۆی
بۆ دەسەڵات بڕیو کچی خاڵی خۆی هێنا، وەك نەریتێکی عەرەبی پێنج منداڵی لێبوو، بەڵام
سەمیرە کچی خێزانێکی بەغدادی ئۆرۆستکراتیەو زۆر بە سوکیو کەمی سەیری خێزانی
سەدام حسێنیان دەکرد، لەگەڵ فڕۆکەوانێکی عێراقیدا هاوسەرگیری کردبوو، کوڕو
کچێکی لێی هەیە، بەڵام لەگەڵیدا شادمان نەبوو، ڕۆژێکیان سەدام سەردانی خوێندنگایەکی
... کە کچەکەی لەوێ دەیخوێندو سەمیرەی لەوێ بینی، جوانیەکەی سەرسامی کرد،
سەمیرە شابەندەر ئەوە ئاشکرا دەکات سەدام ڕۆژێك لەماڵەوە سەردانی دەکات، ئەویش
دوای ئەوەی دوو هەفتە بوو مێردەکەم سەفەری کردبوو بۆ دەرەوەی عێراق، کاتێك هاتە
ژوورەوە چەپکێك گوڵو پاکەتێك شوکولاتەی پێبوو، نەیدەتوانی قسە بکات، لەو کاتەدا
لە خۆم کردەوە "ئەو پیاوە منی خۆشدەوێت"، بەڵام بە بۆچوونی باوکی خێزانی سەدام
... ەی خێزانی ئەمان نین، بەڵام سەمیرە عاشقی سەدام دەبێتو لەگەڵ مێردەکەی لەیەکتر
... بووەو تەڵاقی لێوەردەگرێت، بەڵام لە بەرواری تەڵاقدانەکەی دڵنیا نیە، دەڵێت
... ی هەشتاکان بوو، ئەویش پاش ئەوەی سەدام دەسەڵاتی گرتەدەست، تەڵاق وەرگرتنی
... دی یەکەمی زۆر ناڕۆشن بوو، سەدام ژنەکەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك فڕاندو بە
... ی وت من ژنەکەی تۆم دەوێت، لەبەر ئەوە مێرد بە ناچاری پاشەکشێی کرد،
... دەیزانی ئەگەر ڕازی نەبێت چ چارەنووسێك لە چاوەڕوانیدایە، ئەگەر چی
... ندیش بوو، بەڵام بێ سوود دەستبەرداری ژنەکەی نەبوو، کرا بە بەڕێوەبەری
... ای هێڵی ئاسمانی عێراق، کە کۆمپانیایەکی گەشەسەندوو بوو لە وڵاتێکی پڕ لە

عێراقدا بسەپێنن، سەمیرە بوو بە ژنی نەوتدا، ئەویش بەر لەوەی سزای ئابووری بەسەر عێراقدا بسەپێنن، سەمیرە بوو بە ژنی دووەمی سەدام، دەڵێت ژنەکەی یەکەمی خۆشدەوێت، بەڵام هیچ کەسێکی هێندەی من خۆشنەدەویست، ئەوانەی سەدام دەناسن‌و بەپێی چیرۆکەکانی سەمیرە شابەندەر، ئەگەر چی سەدام دوو ژنی تری هەبوو، بەڵام سەمیرە لە هەر هەموویان لێی نزیکتر بوو، ساڵانێك بەر لە ڕووخان، پاش ئەوەی هاوسەرگیریان ئەنجامدا، سەمیرە ژیانی بە شێوەی بەدووە کۆچبەرەکان دەژیا، لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر، بەڵام ئەم زیاتر لێی نزیکتر بوو نەك ساجیدە، دەڵێت مێردێکی باش بوو، بەڵام دەیزانی ئەگەر تووڕەی بکات تووشی چ مەترسیەك دەبێتەوە، کە قەدەر هات من لە مردن ناترسم، بەڵام دەمزانی ئەگەر بە سەدام بڵێم نەخێر یەکسەر دەمکوژێت، لە هەشتاکاندا کوڕێکی بوو بە ناوی عەلی، ئەو ئێستا تاکە کوڕیەتی لە ژیاندا مابێت‌و لە لوبنان بە ناوێکی خوازیارەوە دەژی، ئەم ژنهێنانەوەی سەدام، ساجیدە تووڕە دەکات‌و هانی یەکێك لە کوڕەکانی دەدات ئەو کەسەی کارئاسانی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە بیکوژێت، لە ئاهەنگێکدا کە ژنانی بەناوبانگی بەغداد تێیدا ئامادەبوون، سەمیرە دەڵێت قوسەی باشتر کۆنترۆڵی خۆی دەکرد وەك لە عودەی، هاوسەرگیریەکەی قبوڵ کرد، لەبەر ئەوەی بینی باوکی زۆر شادمانە، بەڵام عودەی ئەو پیاوەی کوشت کە ئەم زەماوەندەی ڕێکخستبوو، لە چاوپێکەوتنێکی دوورو درێژدا لەگەڵ خزمێکی لە بەغداد، بە ناوی ئەحمەدەوە وتبووی چۆن عودەی فەرمانی دەرکرد زیندانی بکەن، بەڵام کوڕەکەی شابەندەر بە شێوەیەکی فەرمی دانپێدانەناو خێزانەکەی سەدام زۆر ڕقیان لێی بوو، کار گەیشتە ئەوەی ڕەغدە بە یەکجاری بوونی سڕییەوە، لەوانەیە ئەمە لەو تاڵاوەوە هاتبێت کە سەدام زۆربەی کاتی لەگەڵ سەمیرەدا بەسەردەبرد، وەك ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا بێت، کوڕەکەی لە مێردی یەکەمی وڵاتی بەجێهێشت تاکو خزمەتی سەربازی نەکات، سەدام فەرمانی دەرکرد بۆ هەمیشە نەفی بکات، دەڵێت: ئەمیان ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، کاتێك پێی ڕاگەیاندم کە قەدەغەیە لەگەڵ کوڕەکەم قسە بکەم یان جارێکیتر ببینیت، تا ئەو کاتەی نەگەیشتمە بەیروت نەمدەوێرا قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام عەلی کوڕم کە لە سەدام بوو هەمیشە بەدواوەی بوو، لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتەی عێراق بە هۆی سەدام حسێنەوە بەسەریهات، بەڵام هەگیز داوای لێبووردنی نەکرد، وەك ئەوەی نەزانێت هاوڵاتیەکی ئاسایی عێراقی لە سایەی حوکمڕانی ئەمدا لە چ نەهامەتیەکدا دەژی.

له دوای ڕووخاندی سەدامو ڕژێمەکەی، سەمیرە شابەندەر هەڵهات بۆ دەرەوەی عێراق
پێنج ملیۆن دۆلارو سندوقێك ئاڵتونو پاسپۆرتێکی ساختەی پێبوو، ئێستا بە ناوێکی
زیارەوە بە هێمنی دەژی، ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن بۆ ڕوسیا هەڵهاتبێت، بەڵام
نامەکان لە لوبنان بەدوای کەوتن کە یەکێك لە خزمەکانی لە بەغداد ئەو نهێنیەی
کاندبوو، شابەندەر لە ڕێگەی ناوەندێکی گرنگەوە ئامادەبوو قسە بکاتو باس لە ژیانی
یو سەدام بکات، تاکو ئەو کاتەش پەیوەندیان هەر بەردەوام بوو، ئەو کاتەی سەدام
ێن خۆی شاردبووەوە لە دەست هێزەکانی ئەمریکاو هەڵهاتبوو، سمیرە شابەندر دەڵێت:
ەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ سەدام حسێندا هەبووە، سەمیرە بەر لە بیست ساڵ لەگەڵ
ام بەیەکگەیشتن، ئەو کات سەدام تەنها جوتیارێکی هەژاربوو لە تکریت، ڕێگای خۆی
دەسەڵات بڕیو کچی خاڵی خۆی هێنا، وەك نەریتێکی عەرەبی پێنج منداڵی لێبوو، بەڵام
یرە کچی خێزانێکی بەغدادی ئۆرۆستکراتیەو زۆر بە سوکیو کەمی سەیری خێزانی
ام حسێنیان دەکرد، لەگەڵ فرۆکەوانێکی عێراقیدا هاوسەرگیری کردبوو، کوڕو
ێکی لێی هەیە، بەڵام لەگەڵیدا شادمان نەبوو، ڕۆژێکیان سەدام سەردانی خوێندنگایەکی
کە کچەکەی لەوێ دەیخوێندو سەمیرەی لەوێ بینی، جوانیەکەی سەرسامی کرد،
یرە شابەندەر ئەوە ئاشکرا دەکات سەدام ڕۆژێك لە ماڵەوە سەردانی دەکات، ئەویش
ئەوەی دوو هەفتە بوو مێردەکەم سەفەری کردبوو بۆ دەرەوەی عێراق، کاتێك هاتە
ورەوە چەپکێك گوڵو پاکەتێك شوکولاتەی پێبوو، نەیدەتوانی قسە بکات، لەو کاتەدا
لە خۆم کردەوە "ئەو پیاوە منی خۆشدەوێت"، بەڵام بە بۆچوونی باوکی خێزانی سەدام
ەی خێزانی ئەمان نین، بەڵام سەمیرە عاشقی سەدام دەبێتو لەگەڵ مێردەکەی لەیەکتر
بنەوەو تەڵاقی لێوەردەگرێت، بەڵام لە بەرواری تەڵاقدانەکەی دڵنیا نییە، دەڵێت
ی هەشتاکان بوو، ئەویش پاش ئەوەی سەدام دەسەڵاتی گرتەدەست، تەڵاق وەرگرتنی
دی یەکەمی زۆر نارۆشن بوو، سەدام ژنەکەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك فڕاندو بە
ەکەی وت من ژنەکەی تۆم دەوێت، لەبەر ئەوە مێرد بە ناچاری پاشەکشێی کرد ،
دەیزانی ئەگەر ڕازی نەبێت چ چارەنووسێك لە چاوەڕوانیدایە، ئەگەر چی
ەڵدیش بوو، بەڵام بێ سوود دەستبەرداری ژنەکەی نەبوو، کرا بە بەڕێوەبەری
یای هێڵی ئاسمانی عێراق، کە کۆمپانیایەکی گەشەسەندوو بوو لە وڵاتێکی پڕ لە

ئەوتدا، ئەویش بەر لەوەی سزای ئابووری بەسەر عێراقدا بسەپێنن، سەمیرە بوو بە ژنی دووەمی سەدام، دەڵێت ژنەکەی یەکەمی خۆشدەوێت، بەڵام هیچ کەسێکی هێندەی من خۆشنەدەویست، ئەوانەی سەدام دەناسن‌و بەپێی چیرۆکەکانی سەمیرە شابەندەر، ئەگەر چی سەدام دوو ژنی تری هەبوو، بەڵام سەمیرە لە هەر هەموویان لێی نزیکتر بوو، ساڵانێك بەر لە ڕووخان، پاش ئەوەی هاوسەرگیریان ئەنجامدا، سەمیرە ژیانی بە شێوەی بەدووە کۆچبەرەکان دەژیا، لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر، بەڵام ئەم زیاتر لێی نزیکتر بوو نەك ساجیدە، دەڵێت مێردێکی باش بوو، بەڵام دەیزانی ئەگەر تووڕەی بکات تووشی چ مەترسیەك دەبێتەوە، کە قەدەر هات من لە مردن ناترسم، بەڵام دەمزانی ئەگەر بە سەدام بڵێم نەخێر یەکسەر دەمکوژێت، لە هەشتاکاندا کوڕێکی بوو بە ناوی عەلی، ئەو ئێستا تاکە کوڕیەتی لە ژیاندا ماپێت‌و لە لوبنان بە ناوێکی خوازیارەوە دەژی، ئەم ژنهێنانەوەی سەدام، ساجیدە تووڕە دەکات‌و هانی یەکێك لە کوڕەکانی دەدات ئەو کەسەی کارئاسانی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە بیکوژێت، لە ئاهەنگێکدا کە ژنانی بەناوبانگی بەغداد تێیدا ئامادەبوون، سەمیرە دەڵێت قوسەی باشتر کۆنترۆڵی خۆی دەکرد وەك لە عودەی، هاوسەرگیریەکەی قبوڵ کرد، لەبەر ئەوەی بینی باوکی زۆر شادمانە، بەڵام عودەی ئەو پیاوەی کوشت کە ئەم زەماوەندەی ڕێکخستبوو، لە چاوپێکەوتنێکی دوورو درێژدا لەگەڵ خزمێکی لە بەغداد، بە ناوی ئەحمەدەوە وتبوی چۆن عودەی فەرمانی دەرکرد زیندانی بکەن، بەڵام کوڕەکەی شابەندەر بە شێوەیەکی فەرمی دانپێدانەناو خێزانەکەی سەدام زۆر ڕقیان لێی بوو، کار گەیشتە ئەوەی ڕەغدە بە یەکجاری بوونی سڕییەوە، لەوانەیە ئەمە لەو تاڵاوەوە هاتبێت کە سەدام زۆربەی کاتی لەگەڵ سەمیرەدا بەسەردەبرد، وەك ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا بێت، کوڕەکەی لە مێردی یەکەمی وڵاتی بەجێهێشت تاکو خزمەتی سەربازی نەکات، سەدام فەرمانی دەرکرد بۆ هەمیشە نەفی بکات، دەڵێت: ئەمیان ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، کاتێك پێی ڕاگەیاندم کە قەدەغەیە لەگەڵ کوڕەکەم قسە بکەم یان جارێکیتر ببینیت، تا ئەو کاتەی نەگەیشتمە بەیروت نەمدەوێرا قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام عەلی کوڕم کە لە سەدام بوو هەمیشە بەدواوەی بوو، لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتەی عێراق بە هۆی سەدام حسێنەوە بەسەریهات، بەڵام هەگیز داوای لێبووردنی نەکرد، وەك ئەوەی نەزانێت هاوڵاتیەکی ئاسایی عێراقی لە سایەی حوکمڕانی ئەمدا لە چ نەهامەتیەکدا دەژی.

# شاژن ڕانیا عەبدوڵا...

## بەهێزترین ژن

**ئەمیان وەک زۆرێک لە کاری تری پڕیەتی لە کاری قورس**
**شاژن ڕانیا باس لە کاری شاژنی دەکات**

ئێمە عەبدوڵڵای دووەم کوڕی حسێن پاشای ئۆردنی هاشمی، بە هاوڕێی ڕێگام خاوەن شکۆ شاژن ڕانیا عەبدوڵڵا میدالیای بەرزی حسێن کوڕی عەلی پێدەبەخشم، ئەویش بۆ ڕێز لێنان لەو سیفەتە خانەدانانەی هەیەتی‌و دانان بەو ڕۆڵە گەورەو ڕابەرایەتیەی هەیەتی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای ئۆردنی‌و بەهرە ئەفرینەرەکانی لە پێناو خزمەتکردنی گەلی ئۆردنیمان لە زۆرێك لە بوارە جیاوازەکاندا، هەروەها بەوەی هەڵگری لێبوردەیی‌و هەڵگری نامەیەکی بڵندی ئەم نەتەوەی عەرەبیەیەو وەك دڵسۆزیەك بۆ شکۆمەندیەکانی.

پاشا عەبدوڵڵای کوڕی شا حسێن پاشای پێشووی ئۆردن بەم شێوەیە لە کاتی ڕێزلێنانی ژنەکەی شاژنە ڕانیا عەبدوڵڵادا قسەی کرد، کاتێك ئێمە لێرەدا قسە لەسەر شاژنە ڕانیا دەکەین نەك تەنها وەك ژنی پاشا، بەڵکو وەك هاوبەشی حوکمڕانی، بەپێی سیستمی شاهانە، بەپێی ئەوەی ئۆردن لە سیستمی شاهانەدا جێبەجێی دەکات.

ڕانیای شاژن، تەنها ژنێك نییە ئەم نازناوەی وەرگرتبێت، بەڵکو خاوەنی چالاکی‌و ئامادەیی چڕو بەرفراوانە، سەرکردایەتی دامەزراوەکان دەکات‌و پڕۆژە بەڕێوە دەبات، لەسەر پێگەی یوتوب پەیجێکی تایبەتی هەیە، لەگەڵ جەماوەر لە کارلێکدایە، لەو ماوەیەی پێشوودا ئۆپرا وینفری لە بەرنامە بەناوبانگەکەی خۆیدا بانگهێشتی کردو شاژن باسی لە هەموو شتێك کرد، لەو بابەتانەی قسەی لەسەرکرد بابەتی حیجاب بوو، بەدەر لەوەی چۆن ڕاکەی قبوڵ دەکرێت، بەڵام پێشنیارەکەی بەهێز بوو، گفتوگۆیەکی بەرفراوانی دروست کرد، بە ئاگاییەوە لەگەڵ ڕکەبەرەکانیدا دەجەنگاو ڕاستەوخۆ وەڵامی دەدانەوە.

## ڕانیا شاژن باس لە پەیوەندی خۆی بە مێردەکەیەوە پاشا عەبدولڵا دەکات

ەگەڕێینەوە بۆ ساڵی ۱۹۹۲، کاتێك لەگەڵ عەبدولڵا پاشای ئۆردن بۆ یەکەمجار لەسەر
خوانێك بە یەکتر گەیشتن، لەو بڕوایەدا نەبووم قەدەر چی بۆ هەڵگرتووم، لەو کاتەدا
خوێندنم تەواو کردبوو، لە عەمانی پایتەخت دەژیامو کارم دەکرد، لەو بڕوایەدا نەبووم
بە شازادەیەك بکەم لەنەوەی هاشمی، یان ڕۆژێك لە ڕۆژان ببم بە شاژنی ئۆردن لە
ی مردنی حسێن پاشا، ئێمە وەك شازادە ژیانی ئاسایی خۆمان دەژیاین، بەڵام ئەو ڕۆڵەی
پاشاو شاژن ببینین تاکو ئەو کاتە بۆ ئێمە گەورەبوو، لە ڕاستیدا خۆمان فێردەکرد، من
بڕوایەدام ئێمە هەمیشە لە فێربوون بەردەوام دەبین، زۆرکەس لە نازناوی شاژن دەتۆقێن،
لای من کارێکە زۆر ڕۆڵی تێدایە، ئەرکی یەکەم لە بنەڕەتدا ئەوەیە لەگەڵ پاشا
داری بکەم لەو هەوڵانەی کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هەموو هاوڵاتیانی ئۆردن
ات، لەو کاتەی ڕێز لە نەریتی خۆمان دەگرین، لەسەر ئەوە سوورین کە ئۆردن بکەینە
ڵگایەکی مەدەنی نوێ وەك نمونەیەك بۆ ناوچەکە، ئەویش بە زامنکردنی ئاستێکی
وام لە گەشەی ئابووریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، جگە لەمانە لە چەند بوارێکدا
ەکەم پەیوەندی بە پاراستنی منداڵو ئاسایشی خێزانەوە هەیە، لەگەڵ بە تواناکردنی ژنانو
اندنی دەرفەت بۆ لاوان، لەهەردوو کەرتی ڕۆشنبیریو گەشتوگوزار، ئایا ئەم کارە
رە؟ بەڵێ .. ئایا مەحاڵە؟ نەخێر .. ئەم بەرەنگاربوونەوانە بەرەو ئەو ڕاستیەمان دەبەن کە
کیو ژیان لە دەرووندا دەچێنین، ئەم کارەی من وەك زۆر کاری تر وایە، کە لە زۆر
زۆر قورسە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەمەچەشنو جێگەی گرنگیدانە، دەرفەتێکی باشە بۆ
ندی کردن بە چەندین توێژەوە لە کۆمەڵگادا، وەك دایکێکی ئیشکەر هاوسەنگی لە
پێداویستی کارو پێداویستی چوار منداڵ کارێکی ئاسان نییە، من وەك هەموو دایکێك
ی هاوسەنگیەکی تەندروست دەدەم، چالاکیە فەرمیەکانم کاتی دەوامی فەرمی خوێندنی
ەکانم دەبات، بەڵام ئەو ماوە درێژانەی کە لە دەرەوەی وڵات بەسەر دەبەم دیاریکراوە،

شەوانە دوو کاتژمێر لەگەڵ منداڵەکانم بەسەر دەبەم، کاتێك ئەوان خەریکی بەجێهێنانی ئەرکی خوێندنن یان بەر لەوەی بخەون شتێکیان بۆ دەخوێنمەوە، کە هەستێکی ئامادە بەیەکتری دەبەخشین، من ئێستا چێژ لە سەرپەرشتی کردنی هاشم "کوڕەکەی" دەبینم، هەروەها ئەو کاتە جیاوازانەی لەگەڵ خێزانەکەم لە ماڵ دەیبەینەسەر، کاتێك ئەوان لە دوام بن ئەو شتانەم بیردەخەنەوە کە گرنگن.

## پاشا

شا عەبدوڵای دووەم لە ۳۰ی یەنایەری ۱۹٦۲ لە عەمانی پایتەختی ئۆردون لە دایك بووە، کوڕی گەورەی شا حسێنە، کوری شازادە مونا حسێنە، ئەمیان نازناوێکی عەرەبییە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی بە ڕەچەڵەك بەریتانیە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆلێژی زانستی ئیسلامی لە ساڵی ۱۹٦٦دا تەواو کردووە، پاشان دەچێتە خوێندنگای سانت ئادمۆند لە بەریتانیا، پاشان خوێندنگای ئایگلبرۆگو دواتر دەچێتە ئەکادیمیای دیرفلید لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی، لە چوارچێوەی مەشقەکانی وەك ئەفسەری هێزی چەکداری ئۆردونی شا عەبدوڵای دووەم لە ساڵی ۱۹۸۰دا پەیوەندی بە ئەکادیمیای سانت هیرستی سەربازیەوە کردووە لە بەریتانیا، ئەم ئەکادیمیایە بەوە بەناوبانگە کە شازادە عەرەبیەکان لە ڕەگەزی جیاواز وەردەگرێت، پاش ئەوەی زانستی سەربازی تەواو دەکات لە ساڵی ۱۹۸۱ پلەی ملازمی دوو وەردەگرێت، دواتر دەبێتە سەرکردەی سریەی چاودێری لە کەتیبەی ۸/۱۲ و لە هێزی سوارچاکی مەلەکی بەریتانی

وەردەگیرێت، لەگەڵ ئەم هێزە لە بەریتانیاو ئەڵمانیا خزمەتی کردووە، ساڵی ۱۹۸۲ شا عەبدوڵای دووەم پەیوەندی بە زانکۆی ئۆکسفۆردەوە دەکات بۆ ماوەی ساڵێك کە خوێندنی خێرای لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خوێند.

کاتێك گەڕایەوە بۆ خاکی نیشتمان، پەیوەندی بەهێزە چەکدارەکانی ئۆردونەوە کرد بە پلەی ملازمی یەك، وەك سەرکردەی فەسیلو سەرکردەی سریە لە لیوای چلی زرێپۆش کاری کرد، ساڵی ۱۹۸۵ پەیوەندی بە خولی ئەفسەرانی زرێپۆشەوە کرد لە فۆرت نۆکس لە ولایەتی کەنتاکی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵی ۱۹۸٦ بوو بە سەرکردەی

ی لیوای زرێپۆشی نەوەدو یەك لە هێزی چەكداری ئۆردون بە پلەی نەقیب، هەروەها لە فڕۆكەی جەنگی دژە تانك لە هێزی ئاسمانی شای ئۆردونی خزمەتی كرد، پێش ئەوە ـەن شكۆ لە تاقیكردنەوەی پەڕەشوتەوانی سەركەوت، دواتر لە تاقیكردنەوەی ـەلدانی ئازادو وەك فڕۆكەوانی جەنگاوەر لەسەر فڕۆكەی كۆبرای جەنگی دەرچوو.

ـالّی ١٩٨٧ شا عەبدولّای دووەم پەیوەندی كرد بە كۆلێژی خزمەتی دەرەوە لە ـزی جۆرج تاون لە واشنتۆن، لە ناو بەرنامەی زەمالەی سەركردەكان لە ناوەڕاستی ی كاركردندا، هەروەها بەرنامەی تۆژینەوەو لێكۆڵینەوەی پێشكەش كرد لە كاروباری ـوڵەتی لە چوارچێوەی بەرنامەی ماجستێر لە كاروباری خزمەتگوزاری دەرەوە.

كاروانی سەربازی لە ئۆردونی نیشتمان بەڕێكرد، پاش خوێندن، كە چوو بۆ خزمەتی ـازی لە هێزە چەكدارەكان، چەندین پلەی وەرگرت لەوانە سەركردەی هێزی تایبەتی ـەتی ئۆردونیو سەرۆكی كردە تایبەتەكان، هەروەها وەك یارمەتیدەری سەركردەی ی كەتیبەی تانكی پاشایی لە ماوەی ١٧ی یەنایەری ١٩٨٩ تاكو ئۆكتۆبەری ١٩٨٩، ـها وەك یارمەتیدەری سەركردەی كەتیبە لەهەمان كەتیبە لە ئۆكتۆبەری ١٩٨٩ تاكو ـی ١٩٩١، پاشان بۆ پلەی ڕائید بەرزكرایەوە، شا عەبدولّای دووەم لە سالّی ١٩٩٠ ی خولێكی ئەركان بوو لە كۆلێژی ئەركانی پاشایی بەریتانی لە كەمبریی لە شانشینی ـتوو لە ماوەی دیسەمبەری ١٩٩٠ بۆ سالّی ١٩٩١، پاشان وەك نوێنەری چەكی ـن لە نووسینگەی پشكنەری گشتی لە هێزە چەكدارەكانی ئۆردون خزمەتی كرد.

ـا عەبدولّای دووەم كەتیبەی زرێپۆشی شاهانەی لە سالّی ١٩٩٢ بەڕێوەبرد، لە سالّی ـ پلەی عەقیدی لە لیوای زرێپۆشی چل وەرگرت، پاشان بوو بە یارمەتیدەری ـدەی هێزە تایبەتیەكانی شاهانەی ئۆردون. پاشان لە سالّی ١٩٩٤ بوو بە سەركردەی ـزە بە پلەی عەمید، سالّی ١٩٩٦ دووبارە هێزی تایبەتی ڕێكخستەوە تاكو یەكەی ـدراویان لێدروست بكات تاكو ببێتە سەركردایەتی كردە تایبەتیەكان، پاشان لە سالّی ـ بۆ پلەی لیرا بەرزبووەوە، هەر لەو سالّەدا لە نێوان هەردوو مانگی یۆنیۆو یۆلیۆدا ـ خولێكی كارگێڕی سەچاوە بەرگریەكان بوو لە خوێندنگای مونتیری دەریایی.

ـ لەوەی كە خزمەتی سەربازی كردووە، چەندجارێك ئەركی جێگری پاشای ـوە، ئەویش لەو كاتەی شا حسێن لە ولّات نابێت، ئیدارەی شاهانە لە ٢٤ی

بەپێی ماددەی ٢٨ی دەستوور ئەنجامدرا لە ڕۆژی لە دایکبوونی بەرێزیانەوە لە ٣٠ یەنایەری ١٩٦٢ تاکو ١ی نیسانی ١٩٦٥.

یەنایەری ١٩٩٩دا کردی بە جێگری پاشا، ئەم کارەی بەپێی ئیدارەی پاشایەتی کرد، کە

بەڵام شاژنە ڕانیا خێزانی شا عەبدوڵای دووەم، زۆرترین ئامادەیی لەسەر گۆڕەپانی گشتی هەیە لە چاو ژنی سەرکردە عەرەبیەکانی ترەوە، لە ڕۆژنامە کۆمەڵایەتیو گۆڤارە بەریتانیەکاندا پێگەیەکی جێگیری هەبوو، ئەوەی شاژنە ڕایای پێدەناسرێتەوە زۆر حەزی لە جلو بەرگی گەورە نەخشەسازەکانە، هەروەها باڵا ڕێکترین ژنەکانی جیهانە.

شاژنە ڕانیا بەڕەچەڵەك فەلەستینیە، لەوانەیە ئەمە هۆکارێك بێت کەوای لێبکات ڕەخنەی توندی لێبگرن، لەبەر ئەوەی لەو کاتەی کەرتی غەزەو کەناری خۆرئاوا بەرەوڕووی تۆپباران دەبوونەوە، ئەو ئۆردونی بەجێهێشت.

لە ئایاری ٢٠٠٧ بە گەشتێك چووە دەرەوەی ئۆردون، ئەویش لەو کاتەی فڕۆکەی ئیسرائیلی شوێنی لە دایکبوونی ئەمی لە شاری تولکەرەم بۆردومان دەکرد.

بزنسمانێکی ئۆردونی بە ڕۆژنامەی سەندای تێلەگرافی بەریتانی وت هەڵسوکەوتی شاژن بەو گەشتەی بووە هۆی تووڕەبوونی فەلەستینیەکان لە ناو چادرگەی پەناهەندەییدا دەژیان.

بەڵام لای زۆربەی هاوڵاتیانی ئۆردونی شاژنە ڕانیا واناسراوە کە بەرگریکاری مافی ژنانو منداڵانە، بەتایبەتی ئەو بەخۆی کۆمەڵێك ڕێکخراوی خێرخوازی دروستکردووە.

شاژن زۆر توند بەرەوڕووی تاوانی ناموسپەرستی دەبووەوە، کە قوربانیەکانی ژنانو بە تۆمەتی هەمەجۆر دەکوژرێن.

شاژنە ڕانیا لە وڵاتی کوێت لە دایکبووە لە ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٧٠، باوکی پزیشك بووە.

خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە کوێت تەواو کردووە، پاشان ئیدارەی کاری لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە تەواو کردووە.

دواتر ژیانی کرداری لە بەشی فرۆشیاری لە دامەزراوەی سیتی بانك دەستپێکرد، دواتر لە عەمان پەیوەندی بە کۆمپانیای ئەپڵی کۆمپیوتەرەوە کرد.

لە یەنایەری ساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەمجار چاوی بە مێردی دوارۆژی کەوت، ئەویش لە لێوارەخوانێك، پاش دوو مانگ مارەی کردو لەهەمان ساڵدا گواستیەوە، شا عەبدوڵاو شاژنە

ڕانیا سێ منداڵیان هەیە، لەسەر پێگەی شاژنە ڕانیا نووسراوە کە خولیای خزینی سەر ئاوو ...اکردنو سواربوونی پایسکیلە.

...شا عەبدوڵاو شاژنە ڕانیا لەو کاتەی هاتنە سەر تەختی پاشایەتی سووربوون لەسەر ئەوەی ...ەسانی جەماوەری بن.

هەردووکیان کۆشکیان بەجێهێشتو لە دەوروبەری عەمان خانوویەکی هێمنیان ...ەڵبژارد.

خاتوو ڕانیا گرنگی بەوەدەدا سەردانی گوندە دوورەکانی ئۆردون بکات، بەڵام شا ...بدوڵا ئەوە دەخوازێت لە نێو خەڵکدا خۆی حەشاربدات تاکو لە گیروگرفتەکانیان ...کات، خاتوو ڕانیا پلان بۆ سەردانەکانی ناو ئۆردون دادەنێت، بەڵکو بە ئۆتۆمبێلەکەی ...ەڵ دوو پاسەوان بەرەو ئەو شوێنە دەچن کە دەیەوێت.

## ژیانی

...وەك وتمان ٣١ی ئابی ١٩٧٠ لە دایکبووە لە کوێتو باوکی ناوی فەیسەڵ یاسینو ...کی منداڵانە، دایکی ناوی ئیلهامە، خوشکێکی گەورەی هەیە بە ناوی دونیا لە یەکێك ...خوێندنگاکان کاری کارگێڕی دەکات، برایەکی بچوکی هەیە ناوی مەجدیە، کە ...ایەکی وەبەرهێنانی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری لە پایتەختی ئۆردون بەڕێوەدەبات، ...ی خاتوو ڕانیا لە کەناری خۆرئاوای فەلەستینەوە کۆچیانکردووە بۆ کوێت، ئەویش بەر ...ەنگی ١٩٦٧، ئەم خێزانە جارناجار سەردانی خاکی نیشتمانیان کردووە، ئەمەش ... شاژنیداوە کە تێگەیشتنو تێڕوانینی ڕۆشنی هەبێت لەسەر هەموو ئاستەکانی ...اری ڕەسەنایەتیو هاوچەرخی کاری کردووە، شاژنە ڕانیا خوێندنی دواناوەندی لە ... تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کارگێڕی بزنسدا لە ...ی ئەمریکی لە قاهیرە بەدەستهێنا، پاش ئەوەی خوێندنی تەواوکرد شاژنە ڕانیا گەڕایەوە ...ردون، ماوەیە لە بواری بانکدا کاری کردووە، پاشان بواری کاری گۆڕی بۆ ...لۆژیای زانیاری، پاش ئەوەی پلەی کارگێڕی بزنسی وەرگرت لە بانکی سیستمی بانک ...ی کرد، لەو بانکەی ئاڕاستەی ژیانی گۆڕی لە ساڵی ١٩٩١، کاتێك ئامادەی ئێوارە

خوانێك بوو كە خاتوو عائیشە خوشكی شا عەبدوڵا سازیكردبوو، ئەو كات شا عەبدوڵا ئەفسەری سوپا بوو، پاش پێنج مانگ لەم یەكتربینینەوە خاتوو ڕانیا هاوسەرگیری لەگەڵ شا عەبدوڵا ئەنجامدا، ئەوكات شازادە بوو، وەك خۆی دەڵێت خۆسەیستی بوو لە یەكەمین بینینەوە، چوار منداڵیان هەیە بە ناوەكانی هەر یەك لە شازادە حسێن و هاشم و كچە شازادە ئیمان و سەلما، شاژنە ڕانیا بچوكترین شاژنی جیهانە، كە تەمەنی سی و هەشت ساڵەو دایكی چوار منداڵە، شاژن خۆی خواردن بۆ منداڵەكانی ئامادە دەكات و شازادە ئیمان هاوكاری دەكات، زۆر گرنگی بە كاروباری ناو ماڵ دەدات، هەمیشە هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان كاری خۆی و ئەركی خێزانیدا دروست بكات، تاكو وایان لێبكات هەست بە ئامان بكەن، ئەوەی جێگەی سەرنجە شا عەبدوڵا ژنەكەی دەبرد بۆ ڕێستۆرانت، یان بۆ بینینی فلیم لە هۆڵی سینەما، هەروەها خۆی دەچێت منداڵەكانی لە خوێندنگا دەهێنێتەوە، شاژنە ڕانیا وا وەسفی مێردەكەی دەكات كە زۆر سەرنجڕاكێش و كراوەیە، خاوەنی ئەقلێكی گەورەیە، هەروەها لە چێشتلێناندا زۆر شارەزایە.

## باخی شاژنە ڕانیا

پاركی شاژنە ڕانیا دەكەوێتە ناوچەی ئوم ئەوارە لە نێوان ناوچەی نەسرو ناوچەی قەویسمەو پانتاییەكەی بیست و شەش دۆنمە، ئەم پاركە ئامانجی پەرەپێدانی توانا هزریەكانی منداڵان و مەشقپێكردنیان لە ڕووی جەستەیی و پەروەردەیی و تەندروستی و بەرەودان بە بەهرەكانیان و هەروەها پەرەپێدانی تواناى ژنان و مەشقپێكردنیان بە ئامانجی خولقاندنی دەرفەتی كارو هۆشیاركردنەوەو ڕۆشنبیركردنیان لە ڕووی تەندروستی و كۆمەڵایەتی، ئەم دەسكەوتە وەك دۆزینەوەی هەناسەیەكە بۆ دانیشتوانی ناوچەكەو پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری ڕۆشنبیری و فێربوون، تاكو ئومێدیان بە گرنگیدان بە بەكارهێنانی كۆمپیوتەر لە نووسینگەی منداڵان لە سەردەمی تەكنۆلۆژیای زانیاری، تاكو منداڵ ئامادەبكەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرەنگاریەكانی ئایندە.

# بەهێزترین ژنەکان

گۆڤاری فۆربزی عەرەبی کە لە دوبەی دەردەچێت پەنجا ژنی عەرەبی هەڵبژارد لە بەهێزترین ئەو ژنانەی کە لە بەواری کاری گشتیو سیاسیدا کاردەکەن، وەك ئەوەی لە پێگەی ئیلافدا هاتووە، شاژنە ڕانیا عەبدولا لەسەرەوەی لیستی بەهێزترین ژنان لە جیهانی عەرەبیدا دەرچوو، کە لە نۆ ژن پێکهاتبوون، گۆڤارەکە دەڵێت ئەو بنەمایانەی بۆ ئەم کردارە پیادەکرابوو، بریتی بوو لە قوورسایی دارایی بۆ پێگەی هەر خاتوونێكو یاداشتنامەی ژیانیو بڕی ئەو پارەیەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەکاریدەهێنێت، قەبارە ژمارەی ناوهێنانیان لە ڕۆژنامە جیهانیو هەرێمایەتیەکان، ئەم خاتوونانەی ئێستا کێشیان لەوانی تر زیاتر بوو، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاوێژ بە تیمێك کراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسیە، کە گۆڤارەکە لە ژمارە نوێیەکەیدا بڵاویکردووەتەوە، لەو لایەنانە ڕێکخراوی عەرەبی بۆ گەشەپێدانی ئیداری، کە لە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی دەردەچێت، بەرپرسیارێتی گەشەپێدانی ئیداری لە ناوچەی عەرەبی بەڕێوەدەبات، بەرنامەکانی پێشکەش بە حکومەتی دەوڵەتانی ئەندام دەکات، هەروەها بۆ دامەزراوە گشتیو تایبەتیەکانو سەرکردەو ئاستە کارگێڕیەکان، بەپێی ئەوەی گۆڤاری فۆربزی عەرەبی، شاژنە ڕانیا توانی یەکەمی ڕیزبەندی لیستەکە بگرێت لە هەڵبژاردنی بەهێزترین ژنی عەرەبی، لەبەر ئەوەی شاژنێکی گەنجە، هەروەها لەبەر ئەوەی توانی لە ماوەیەکی کورتدا چەندین دەستپێشخەری بۆ ژنانو منداڵان ئەنجامبداتو بەهێزکردنی پێگەی ژنانی ئوردونی، بە هاوکاری سۆزان موبارەك خانمی یەکەمی میسر، کە توانی زۆرترین چاکسازی لە یاساکانی میسر بە خزمەتی ژنان بکات، بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی، کە ئەم دوانە پەیوەندیەکی پتەویان پێکەوە هەیە، شاژنە ڕانیا ئەوەی سەپاند بەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوردوندا، کە دەبێت مافی زیاتر بە ژنان بدەن، هەروەها چاکسازی لە یاساکاندا کرد، بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی ئوردونیو وەستاندنی توندوتیژی لە دژی ژنانو دانانی یاسای "خولع" کە بووە هۆی جێگەی گفتوگۆیەکی قوڵ لە وڵاتی ئوردون، لە ساڵی ٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانی کاروباری خێزانی دروستکرد، بە هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتیو تایبەتیدا کار دەکات بۆ پاڵپشتی سیاسیو ستراتیژیەتەکانو پاڵپشتی کاروباری خێزانی ئوردونی ، ساڵی ٢٠٠٠ خانەی ئامانی دروستکرد، کە یەکەم سەنتەری

عەرەبیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی مامەڵەی خراپ لە دژی منداڵان، ساڵی ٢٠٠٣ شاژنە ڕانیا چووە ئەنجومەنی ئەمینداری مونتەدای ئابووری جیهانی، کە ئەم تاکە کەسایەتی عەرەبیە لەو ئەنجومەنەدا.

## حەسەنەین

ئەگەر چی شاژنە ڕانیا لەسەر کورسی دارایی‌و هێز دانیشت، بەڵام توانی دوو نازناو بەدەستبهێنێت، کاتێك تاجی ڕێکپۆشی‌و جوانی وەرگرت، ئەویش لەو کاتەی شاژنە ڕانیا ژنی شا عەبدوڵای دووەم ناوناوی باشترین ژنی جیهانی لە بواری ڕێکپۆشی وەرگرت، ئەویش بەپێی ڕاپرسیەك گۆڤاری "هاللو" ئەنجامیدا ئەویش لەسەر پێگەی ئەنتەرنێتی گۆڤارەکە، شاژنە ڕانیا بەرزترین ڕێژەی دەنگدەرانی بەدەستهێنا کە ٣٢,٣٪، بەمەش توانی نازناوی ڕێکپۆشترین ژنی ساڵی ٢٠٠٣ وەربگرێت‌و بەسەر ئەستێرەکانی سینەماو نمایشتکارەکانی جلو بەرگدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەکتەری بەناوبانگی بەریتانی "کاترین زیتا جۆنز" بە پلەی دووەم هات، هەروەها پلەی سێهەم بۆ ئەکتەری ئوسترالی "نیکۆل کیدمان" بوو، پاشان پاڵەوانی زنجیرەی هاوڕێیانی ئەستێرە دێت کە ناوی "جنیڤەر ئانیستۆنە"، هەروەها لیستەکە ئەم ناوانەی تێدابوو هال بێری، ڤیکتۆریا بێکام، ئەلیزابێت هێرلی‌و شازادە کارۆلین شازادەی مۆناکۆ.

## باڵاڕێکی شاژنە ڕانیا

خاتوو ڕانیا خۆشی خۆی بەرامبەر ئەم نازناوە دەربڕی، بەو ڕاپرسیەی کە گۆڤاری هاللو ئەنجامیدا تووشی سەرسوڕمان بوو، شاژنە ڕانیا وتی کارێکی جوانە ئەگەر مرۆڤ خەڵاتێکی لەو شێوەیە وەربگرێت، وەك شنە بایەکی خۆش وایە، لە نێوەندی شاهانەدا هیچ شاژنێك لەکێبڕکێی باڵاڕێکیدا شان لە شانی شاژنە ڕانیا نادات، بەو شێوەیە ناو ناوبانگێکی میللی لە ناوخۆو دەرەوەی نیشتمانی عەرەبی بۆ دروستکرد، خاوەنی زەوقێکی نایابەو دەزانێت چۆن جلو بەرگەکانی هەڵدەبژێرێت، جا ئەگەر جلو بەرگی عەرەبی لەبەر بکات یان بۆ خوانێکی فەرمی

ی بگۆڕێت یان پانتۆڵی جینز لەبەربکات یان بۆ جەژنی لە دایکبوونی منداڵەکانی، ئەمە جگە ی شاژنە ڕانیا باڵایەکی ڕێكو دەمو چاوێکی جوانی هەیەو پارێزگاری لە تەندروستیو ێکی خۆی دەکات، ئەویش بەوەی وەرزشی ڕاکردن ئەنجام دەدات بە شێوەیەکی ڕێكو نە بەردەوام ڕاکردن ئەنجام دەدات، شاژنە ڕانیا حەزی لەو جلو بەرگانەیە کە ئیلی سەعبی ێیو جۆرجیۆ ئارمانی ئیتالی نەخشەسازی بۆ دەکەن، کە ئەمیان ئاماژەی بەوەدا کە کەسێکی جوانەو خاوەنی باڵایەکی نموونەییو مۆرکێکی شاهانەی هەیە.

## لەگەڵ ئۆپرا

خۆشترین ساتەکانی ژیانی شاژنە ڕانیا ئەو چاوپێکەوتنەی بوو لەگەڵ ئۆپرا وینفری ری بەناوبانگی جیهانی، ئاشکرایە ئۆپرا ژنێکی ئەمریکیەو بەڕەچەڵەك ئەفریقیە، ژنانو ڵانی کردووە بە مەسەلەی یەکەم لە ژیانیداو کێشەکانیان باس دەکات هەر لە کردنو چەوساندنەوەو خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

ئۆپرا لە منداڵیدا لەلایەن خزمێکیەوە لاقەکراوە، باوکی کەسێکی پارێزگارەو زۆر رشتی دەکردو هاوکاری ئۆپرای دەکرد، ئەو هاندانەی باوکی هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی لە ی پراکتیکدا سەرکەوتوو بێت، یەکەم ژنی ئەمریکی بە ڕەچەڵەك ئەفریقی بێتو ئازناوی ێژ وەربگرێت، لەبەر ئەوەی لە منداڵیدا ئازاری زۆری چەشتووە، ئێستاش لە هزریدا ماوە، سەلاندنی ئەو ڕاستیەی کە "ئەفراندن تەنها لە ئەنجامی موعاناتەوە دەردەچێت" هەستا بە سۆرکردنی هەڵمەتێك بۆ هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە مافی مرۆڤ، لەو ئەڵقانەی مەکەیدا باسی لە ڕۆڵی دایكو باوك دەکرد لە بوونیادنانی خێزاندا، کە خێزان کرۆکی ڵگایە.

ەڵقەیەکی بەرنامەکەی تێنەدەپەڕی ئەگەر بێتوو باس لەوە بۆ بینەران نەکات کە ئەویش وەك ێك ئازاری چەشتووەو نەهامەتی بینیوە، هەر لەبەر ئەوەشە پشتی ئەو ژنو منداڵانە دەگرێت قەکراونو تووشی چەوساندنەوەو توندوتیژی بوونەتەوە، لە یەکێك لە ئەڵقەکانیدا میوانی نەکەی شاژنە ڕانیا بوو، پاش ئەوەی ئۆپرا شاژنی پێشکەش کرد، میوان کەوتە قسەکردن، کانی سەبارەت بە ژنی عەرەبی بوو، ڕۆشنبیریو توانای شاژن ئۆپراو ئامادەبوانی سامکردو ئۆپرا بەوپەڕی سەرنجەوە گوێی لە قسەکانی دەگرتو پاش هەموو وەڵامێك ت .. جوانە .. زۆر جوانە ... باسی لە ژنی موسڵمان کردو دەربارەی ئاینەکەی خۆی بۆ

ئامادەبووان قسەی کرد کە چەندێك شانازی پێوەدەکاتو چۆن دوای ئامۆژگاریەکانی دەکەوێت، هەروەها باسی نوێژکردنی لای موسڵمانان کردو چۆنو بە چ شێوەیەك ئەنجامدەدرێت، ئۆپرا لێی پرسی تۆ ڕۆژی پێنج جار نوێژ دەکەیت؟ وتی بەڵێ، هەر نوێژێك لە پێنج خولەك تێپەڕ ناکات کە ئەمە کەمترین ئەرکە لە پێناو خودادا دەیکەین، پاشان ئۆپرا فلیمێکی دەربارەی ژنی ئوردونی نمایش کرد، کە باس لەوە کرابوو ژن لە ماڵەوە کار دەکاتو لە دەرەوەش کاردەکات، لە گرتەیەکی تردا لەگەڵ منداڵەکانی نان دەخوات، هەروەها لەو کاتەی نوێژ دەکاتو باڵاپۆشە، هەروەها ئەو ژنانەی لە گرتە ڤیدیۆیەکەدا دەردەکەون هەموو باڵاپۆش بوون، کاتێك ئۆپرا لە بارەی باڵاپۆشەوە پرسیاری لێکرد، وتی زۆربەی ژنانی عەرەب باڵاپۆشن، ئەوەی تێبینیمان کرد ئۆپرا زۆر بە خاتوو ڕانیا سەرسام بوو، هەموو ئەوانەی دەربارەی ژنی عەرەبی دەیووتن، سەرنجی ئۆپرای ڕادەکێشا، پاشان ئۆپرا پرسیاری دەربارەی پیاوی عەرەبی لە شاژنە ڕانیا کردو چۆن مامەڵەی ژنان دەکەنو دەربارەی توندوتیژیو چەوساندنەوە لە بەرامبەر ژنی عەرەبی دەکرێت، وەڵامیدایەوە کە پیاوی عەرەبی دابو نەریتی کۆمەڵایەتی بەڕێوەی دەبات، بەڵام ڕێزی ژن دەگرێتو بە مافەکانی ژن ئاشنایەو بڕوای بە تواناکانی هەیە، بەڵام پەیامی یەکەمی ژن ماڵو خێزانەکەیەتی، هەروەها ژنی عەرەبی ئەوە دەزانێت کە ئەو بەبێ پیاو یەکسانە بە هیچ، هەروەها متمانەی بە خۆیو ئاینەکەی هەیە، کە مافەکانی پاراستووە، بە وڵاتانی عەرەبی بە هاندانو ڕێنوی پیاوان ژن گەیشتووەتە بەرزترین پلە، وەزیرمان هەیە، باڵیۆزو دادوەرو میدیاکارو مامۆستای زانکۆی ژنمان هەیە، ئۆپرا بەسەرسوڕمانەوە وەڵامیدەدایەوەو ئەیووت ئەمە زۆر باشە ، زۆر جوانە، هەروەها باسی ڕۆڵی خۆی کرد وەك دایکی چوار منداڵ چۆن سەرپەرشتیان دەکاتو گرنگیان پێدەدات، کە منداڵەکانو مێردەکەی لە پلەی یەکەمدان، ئەگەر خۆی سەرپەرشتیان نەکاتو نەیانبات بۆ خوێندنگاو هیچ کارێکی تر ناکات، هەروەها باسی لەوە کرد ئاینی ئیسلام هانمان دەدات بۆ ئەوەی گرنگی بە ماڵو منداڵەکانمان بدەین، وتی هیچ شتێك نیە لە دنیادا قەرەبووی دایکایەتیم بکاتەوە، کە هەوڵ دەدات بەهای پیرۆزی ئیسلام لە ناخی منداڵەکانیدا بچێنێت، بەڵام زۆرێك لە خەڵك تەنها یەك ڕستەی شاژنە ڕانیایان وەرگرت کە دەڵێت باڵاپۆش پەیوەندیان بە دابو نەریتەوە هەیە، وا باسیان کرد کە ئەم دیاردەیە دابو نەریتە نەك سەپێنراوێکی ئاینی، کە شاژنە ڕانیا زۆر بە ووردی وەڵامی ئەو هێرشانەی دایەوە کە کرانە سەریو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە بە ناهەق کردیانە سەری.

# خاتوو سۆزان موبارەك..

## "دایە سۆزان"

ـەرۆك داواكاری نییە .. كەسێكی هێمنە .. منیش داواكاریم نییە، كە
ـیە بە سێ ڕۆژ لە ماڵەوە پێكەوە دابنیشین و لێم بپرسێت هیچت ناوێت،
دەڵێم نەخێر، ئەویش وەڵامدەداتەوەو دەڵێت منیش، زەڵاتەو پارچەیەك
ـیان شتێكی سادە وەك هەندێك میوەو هێلكەوڕۆن ئەمانە ئەو خواردنانەن
ـە دەیانخۆین."

**خاتوو سۆزان موبارەك لە چاوپێكەوتنێكی**

**ڕۆژنامەوان سەناء ئەلبیسی**

ئەگەر چی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر سعێدی بوو لە گوندی بەنی مورڕ لە پارێزگای ئەسویت، بەڵام ژنەکەی خاتوو تەحییە کازم سعێدی نەبوو، نە خاتوو تەحییەو نە ژنەکەی ئەنوەر سادات سعێدی نەبوون، بەڵام سۆزان موبارەك بنەچەی سعێدیە.

خاتوو سۆزان ساڵح سابت لە پارێزگای ئەلمنیا لە میسر لە ساڵی ١٩٢٧ لەدایك بووە، بەڵام بە مەبەستی خوێندن زوو هاتە قاهیرە، لە منداڵیدا چووە خوێندنگەی سانت کلێر لە میسری تازە، ئەوەیش هەمان خوێندنگایە منداڵەکانی خۆی لێی دەخوێنن، پاشان بڕوانامەی ئامادەیی لە قاهیرە وەرگرت، کاتێك حوسنی موبارەك بوو بە جێگری سەرۆك پەیوەندی بە زانکۆی ئەمریکیەوە کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسیدا لە ساڵی ١٩٧٧دا بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٨٢ خوێندنی باڵای لە کۆمەڵناسی وەرگرت.

باوکی ناوی دکتۆر ساڵح سابتە، پزیشکێکی میسریە، دایکی ناوی لەیلا پالمەرو ستەرێکی ئینگلیزیە لە ویلز، لەم خاڵەدا لە خاتوو جیهان دەچێت، هەروەها بە دیاریکراوی لە شاری مەتای سەر بە ئەلمنیا وڵاتی میسر لە بەرواری ٢٧ی فێبرایەری ١٩٣٧ لە دایکبووە، خاتوو سۆزان سەرۆکی سەنتەری نەتەوەیی منداڵو دایکایەتی بووە، هەروەها سەرۆکی لیژنەی نەتەوەیی بۆ ژنی میسریە، هەروەها دامەزرێنەرو سەرۆکی کۆمەڵەی سەرپەرشتی کە ساڵی ١٩٧٧ بە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەمەچەشنە لە بواری کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو تەندروستیەکان بۆ منداڵانی خوێندنگاکان دامەزراوە، هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی مانگی سوری میسریە.

ساڵی ١٩٩٢ پرۆژەی کتێبخانەی خێزانی دامەزراند، ئەویش لە نێوەندی ڤیستڤاڵی خوێندنەوە بۆ هەمووان، ئەم پرۆژەیە بە هاوکاری دەستەی میسری بۆ کتێب بەڕێوەدەچێت، لەویش بە ئامانجی چاپکردنی کتێب لە هەموو بوارەکانی زانستو ئەدەبو فرۆشتنی بە نرخێکی هەرزان، کە نرخەکەی یەك جونەی میسریە، هەموو ساڵێك ڤیستڤاڵی خوێندنەوە بۆ هەمووان وەرزی هاوین دەست پێدەکات، ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە.

سۆزان موبارەك سەرۆکی فەخری یانەکانی ڕۆتاری میسری بوو، زەماڵەی پۆل هاریسی

له ڕۆتاری بۆ چەند جارێك وەرگرت، ئەویش لە بەرامبەر ئەو هەوڵو پاڵپشتیانەی بی ڕۆتاری بەخشی، ساڵی ٢٠٠١ ئەندامێتی فەخری لە یانەکانی ڕۆتاری وەرگرت.

ئەگەر چی خاتوو سۆزان چالاکی بەرفراوانی هەبوو لە بواری گشتیدا، بەڵام لە ئامۆکارەکانی ڕاگەیاندندا زۆر کەم دەردەکەوت، ڕۆژنامەکان هەواڵەکانی بڵاوناکەنەوە، هەروەها خۆشی زۆرکەم لێدوانو چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەکان ئەنجامدەدات، لێرەدا باس لە دوو چاوپێکەتنی گرنگی دەکەین یەکەمیان لەگەڵ ڕەندە ئەبو عەزمی بێژەر ئەنجامیدا، دووەمیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی داهێنەر سەناء ئەلبیسی ئەنجامیدا، کە زۆر پرۆفیشناڵانە گفتوگۆکەی ئەنجامدا، سەناء ئەلبیسی ئەم گفتوگۆیەی لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجامدا، ئەویش لەو کاتەی سەرنووسەری گۆڤاری " نصف الدنيا" واتە نیوەی دنیا بوو، گفتوگۆکەش بەم شێوەیەبوو:

لەوکاتەی دەرگای کۆشکی سەرۆکایەتیم بەزاند، هەستم بە قەبارەی گەورەیی ئەو بەرپرسیاریەتیە کرد کە دەمەوێت ئەنجامی بدەم، بە تەواوی شۆڕو شەوقەوە چووم .. من ئەندامی هیچ یەك لە ئەنجومەنی گەلو شورا نەبووم، لە هیچ بازنەیەکی هەڵبژاردن نەبووم، لە [illegible]ەکو شەقام ئەوەندەم لایەنگر نەبوو، بەڵام کاتێك دەرگام لەسەر واڵا کرایەوە، بەنێو [illegible]ژنەکاندا تێپەڕیم تاکو چاوپێکەوتنێك بکەم.

هەستم کرد بە خێراییو لە کاتی خۆیدا هاتەلام، ئەو هەستەم لادروست بوو من نوێنەری [illegible]ەری بەرفراوانی میسرم، وەك ئەوەی بیرکردنەوەم سەر لەنوێ بژێتەوەو مامەڵەی [illegible]ندا بکەمو لەگەڵیدا کاربکەمو لە ڕێگەو گوندو شاری ئەوەوە تێپەڕمو نامەیەکم پێ بێت [illegible] دێڕی یەکەمی سڵاو سوپاسگوزاریو دوعاو پرسیارکردنو ئومێدو سکاڵاو گازندە [illegible]ەیان.

وەك نوێنەری ژنانی سادەی میسر چووم بۆ لای، کە بەر لە دەستهاتووەکانی سۆزان تەنها [illegible]، لەم ژیانە بە هۆی ئەم هەستانەوە بووە بۆ ژیان، ژیانێك ترپەی لێدانی دڵی تێدایەو [illegible]ورەو هەڵچوونو داچوونی تێدایە، دەستکەوتی تێدایە .. ڕۆشناییو کاریگەری تێدایە، [illegible]ی ئارامو ئایندەی گەشاوەی تێدایە، چووم وەك نوێنەری ئەو میسریە سادەیەی کە تەنها [illegible] بووە بە ڕستە، وەك میوانێکی ڕاڕا لەبەردەم دەرگای خاوەنماڵێکدا .. سۆزان [illegible]ەك کە سیاسەتی نیوە بە نیوە قبوڵ کردووە، دارەکەی لە ناوەڕاستەوە نەگرتووەو بە

نیوه زمان قسەناکاتو بە نیوە ئەقڵەوە بیرناکاتەوەو بە یەك چاو تەماشای شتەکان ناکاتو بە نیوە ڕۆح کارناکات، هەستم بە قەبارەی ئەو غەدر لێکردنەم کرد کە لەسەر زەوی مەزن وەستاوەو داوای فڕینی زیاتری لێدەکەن وەك لە ڕۆیشتن، کاتێك زەوی لە دەست دەدەیت باڵەکان بە باشتر دەزانیت وەك لە پێیەکان .. کێ خۆبەسەردادانو بڕینی بینیووە وەك تیشکی لێزەری سێ ڕەهەندی تاکو هەموو شتە شاراوەکانی ناوەوە ئاشکرا بکات .. خاتوونی یەکەم لە دوورەوە هەست بە پەیوەستبوون دەکەم، لە نزیکەوە دڵم هیچ خۆشەویستیەکی بۆ ئەو تێدا نییە، خرۆشانی چالاکیم دەهەروژێنێت، کارەکانی خەمەکانم بە ئاگا دەهێنێت، بزەکەی دڵەڕاوکێکانم لە ناو دەبات، پیرۆزی ئامانجەکانی دەبێتە مەبەستمو کێشەو چرێ گەڕانم .. ڕەونەقو وقیارو ئامادەییو شکۆو سادەییو ڕەوانبێژیو ڕاشکاوێتیو گوێگرتنی جوانی، وەڵامی گشتگیری، وابەستەبوونی پیرۆزی، ڕەخنەی چوونە ناو قوڵایی، ڕۆشنبیری بەرفراوانی .. تێڕوانینی ووردو قوڵی .. بەردەوامیو هیلاك نەبوونی، سەرکردایەتی هۆشیارانەی، گەڕانی بە دوای بەهرەدا، تۆمارکردنی گۆڕانکاریەکانو بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ هەقیقەتدا، دایکایەتیە باڵادەستەکەی، زایەڵەی کارەکانی، بیرکردنەوەی واقعیانەی، پڕکردنەوەی ووزەکانی، ڕەتکردنەوەی ساختەکاری، شەفافیەتی خۆی، ئەفسونی تایبەتی، هەموو ئەمانە وا لە من دەکات لە چاوانمدا ئەم جیاواز بێت، لە تێڕامانمدا ئومێدی منداڵیو دایکایەتیو ژنو گەنجو پیر لەسەر زەوی میسر هەیە.

خاتوونی بەڕێز .. وێنەی فەرمی لە هزردایە، لەو کاتەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدات، پرۆژەیەك دەکاتەوە، نەخۆشخانە یان خوێندنگایەك یان ئۆپێرایەك بێت بارەگایەك یان پەیمانگایەك بێت، لە پشت سەحنەوە دەوەستیت، لەبەر منداڵێکدا دەنووشتێیتەوە لەو کاتەی کتێبێك دەخوێنیتەوە یان لەگەڵ سەرۆك سواری فڕۆکە دەبیت، لە ڕیزی پێشەوەی ئاهەنگێکی نیشتمانی دادەنیشیت، گوێ لە شیکردنەوەی تابلۆیەکی هونەری دەگریت، یان پارچەیەکی شوێنەوار یان ئامێرێکی پزیشکی .. لەم چاوپێکەوتنەمدا ویستم زووم بخەمە سەری تاکو سیمای مرۆیی بخەمەڕوو، ویستم لە ڕۆتین دووربکەومەوەو لە نەریتی خۆم ڕزگار بکەم، یان ناونیشانی تەقلیدی دانەنێمو کارەکان لە قاڵب نەدەم لە ناو جلو بەرگی فەرمیدا ... زۆرم شت دەویست، بەڵام کاتێك چووم پێشوازیەکی سادەم بینی، لەمەش وایلێکردم لە گفتوگۆدا دەست بۆ زۆر شت بەرمو کارلێکی لەگەڵ بکەم

پرسیارەکان گەشە بکەن‌و تەوەرەکان هەمەچەشنەبن، بە سادەیی تابلۆیەك بە بۆیەی باستیل بکێشیت، کە خاوەنەکەی بخاتە ناو چوارچێوەی هارمۆنیەوە کە ڕەنگە سەرەتاییەکانی تێدا بێت‌و لە ناوەڕاستیدا ملوانکەیەکی هونەری میللی تێدا بێت.

بەرپرسیارێتی سەر شانم هەر هێندە زیادی کرد، بە تایبەتی لەبەردەم ئەو هەموو سادەیی‌و ڕاشکاوییەدا، تەنانەت لەو کاتەی دانیشتبووم وەڵامەکانم دەنووسیەوە، هەندێکجار خەریکبوو هەناسەم سواردەبوو، ئەو مێردەی کە خاتوو سۆزان بەو سادەییەوە باسی دەکات بریتیە لە جەنابی سەرۆك کۆمار، باسی لە ڕووداوەکانی ڕابردوو کرد، زۆر بە سادەیی باسی لە ژیانی منداڵی‌و گەنجێتی خۆی کرد، بەو پەڕی متمانەوە شتەکانم تۆماردەکرد، قاچەکانم لەسەر یەك دانا تاکو پرسیاری لێبکەم‌و گوێی لێبگرم چی بۆ جەماوەر تۆمارکردووە، کە خۆی باڵیۆزی بووراو قسەو وەڵام‌و سادەیی بوو لای خوێنەر، بە ئەمانەتەوە ئەوەی هەمبوو پێم وت، ئەویش لە بەرامبەردا زۆر قسەی بۆ کردم، چەپکە گوڵ‌و گوڵەگەنم‌و دیاریەکان کە لە ڕێگەی ئەم دیالۆگەدا چاندی چەند زۆر بوون.

–ئەو ڕاستیەی هەموومان ئاگامان لێیەتی، ئامادەیی‌و چوونت بۆ کۆبوونەوەیەك یان کردنەوەی پرۆژەیەك یان کۆنگرەیەك یان ئاهەنگێك یان پێشانگایەك، ئەگەر لە ژێر چاودێری بەڕێزتاندا بێت جیاوازییەکی گەورەی هەیە وەك ئەوەی لە ژێر چاودێری کەسێکی تردا بێت، ئایا ئەمە نابێتە هیلاکی‌و ماندووبوونی بەڕێزتان ؟ ئایا بارەکەت قورستر ناکات ؟ ئەی چ کاتێك پشوو دەدەیت ؟

–سەناء خۆت وەڵامی خۆتتدایەوە، بەڵام ئەو هەستەم لادروست بکەیت کە ئامادەبوون‌و ئامادەنەبوونی من ئەمە دروست بکات کارێکە پێم خۆش نیە، من لە ئامادەبووم دواناکەوم .. چوونی من بۆ چاوپێکەوتن یان کۆنگرەیەك هەر لەوەدا کورت نابێتەوە کە وتەیەك پێشکەش بکەم، ئەم وتەیە پێش وەخت لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەو نوێژینەوەی کەسی دەوێت، لانی کەم ماوەی هەفتەیەك کات دەبات، پاشان دوای کۆنگرەکە ئەرکی دانانی ڕاسپاردەکان، پاشان بەدواداچوون، کە زۆر بە توندی سوورم لەسەر ئەم خاڵە .. وەك ویژدان ئەگەر من نەچم ئەوا ژمارەی بەرپرس‌و نابەرپرس کەم دەبێتەوە لەمیان جێگەی داخە، یان هەندێکجار بە هۆی سەرقاڵیمەوە کاتێك وتەیەك دەدەم‌و دێمە دەرەوەو دەڕۆم، دوای من نیوەی هۆڵەکە چۆڵ دەبێت .. لێرەدا ئەو

هەستەم لادروست دەبێت کە قەبارەی ئەو بەرپرسیاریەتیە چەندە لەسەر شانمەو ناچارم دەکات بمێنمەوە، جا ئەگەر ئەرکو کاری ترم هەبێت، کە ئەمیان خەریکە وەك مۆرکێکی جیهانی و هەرێمایەتی لێدێت، ئەویش لە پێناو سەرکەوتنی کۆنگرەیەك تاکو هەقی خۆی وەربگرێت، هەر چالاکیەك پاڵپشتی ژنان بکات یان یەکێك لە پێداویستیەکانی منداڵان پربکاتەوە، هەست بە ئەرکو وابەستەبوون دەکەم بەرامبەری‌و دەیکەمە بەشێك لە کاری ڕۆژانەم، بەڵام ئەگەر هەست بکەم مانەوەم پێویست نییە، ئەوا دەڕۆم.

-لێرەدا پرسیارێکم هەیە، چەند ژمارەی تایبەت لە ناو مۆبایلەکەتدا هەیە ؟

-من لە هەموو میسردا تاکە کەسم مۆبایلم نییە، منداڵەکانم داوام لێدەکەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی پەیوەندیم پێوە بکەن ئامێرێك بکڕم، چۆن من لە کاتی کارکردندا مۆبایل بەکاربهێنم، حەز ناکەم ئەو زەنگە لە هەموو شوێنێك بەدوامەوە بێت، شتێکی جارسکەرە، نازانم خەڵك چۆن بەرگەی بەکارهێنانی دەگرن، شتێکی زۆر ناخۆشەو زۆریش قورسە.

-چۆن هەست لە ترپەی دڵی ژنان ڕادەگریت؟ چۆن گوێت لە دەنگی ئازاو سکاڵایان دەبێت؟ چۆن دەنگی هاوڵاتیەکی سادە کە گرفتی هەیە دەگاتە گوێیەکانت ؟ ئایا بە تەلەگرافێکی سادە کە لە هەموو پارێزگاکان هەیە ئەمانەت پێدەگات ؟ چۆن دەستت بە کەسێك دەگات لە دوورترین ناوچەی میسر ؟

-هەر تەلەگرافێك یان نامەیەك لە هەر کەسێکەوە نەك هەر لە میسر بەڵکو لە دەرەوەی میسریش بگاتە دەستم، نامە بە لێشاو دەگاتە دەستم‌و لە ناو سکرتاریەت فەرز دەکرێت‌و گرفتەکان یان داواکاریەکان کورت دەکرێنەوە تاکو منیش بەپێی توانا جێبەجێیان بکەم .. هەست دەکەم ئەمە ئەرکی منە .. خەڵکی هانا بۆ من بەرن جا ئەو کەسە پیاو بێت یاخود ژن، منداڵێکی نەخۆش بێت یان باوکێك پێویستی بە نەشتەرگەریەك بێت یان ئامێرێك یان شوقەیەك یان خوێندنگایەك، لێکۆڵینەوە لە حاڵەتەکەی دەکەین‌و دواتر هەموو سکاڵاو داواکاریەکان دەنێرین بۆ لای ئەو بەرپرسەی دەتوانێت بەشداری لە خزمەتگوزاری مرۆیدا بکات، نەك بە هۆی واسیتەوە، بۆ نمونە داوا لە وەزیرێك دەکەم بگەڕێت بە دوای ئەوەی ئەم کەسە چەندێك لە کێشەکەیدا ڕاستگۆیە، ئایا بە ڕاستی زوڵمی لێکراوە ؟ لێرەدا دەبێت چارەسەرێکی دادپەروەرانە بدۆزینەوە، نەك واستەکاری تێکەوێت.

-ئەو دایکانەی هاوسەرگیریان لەگەڵ کەسی بیانیدا کردووە، لەبەر ئەوەی منداڵەکانیان کاری یاسایان بۆ نەکراوە، ئازاری زۆریان چەشتووە، ئەوانە دوعات بۆ دەکەن کاریگەری لەسەر دەرکردنی یاسای ڕەگەزنامە هەبێت .. دەمەوێت بزانم هەستت چۆنە کاتێك نامەی دایکێك دەخوێنیتەوە منداڵەکەی ڕەگەزنامەی نییە، لەگەڵ ئەوەی جگە لە سنووری ئەم وڵاتەی تێیدا دەژی شوێنێکی تر ناناسێت ؟

-ئەوە من نیم ئەو یاسایەم دەرکردووە، بێگومان کارم کرد بۆ پشتگیری ئەو بابەتە، ئەم مەسەلەیە چەنددها ساڵە لە ئەنجومەنی گەل گفتوگۆی لە بارەیەوە دەکرێت، بەر لە ماوەیەك لیژنەی ژنان گفتوگۆیان لەبارەوە کردبوو، ئەویش پێش دامەزراندنی ئەنجومەنی نەتەوەیی منداڵو دایکایەتی .. هەر پێشنیار بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە تەواوکردنی، تاکو چارەسەر بۆ هۆکاری زۆر دابنرێت لەبەردەم بەرپرساندا، کاتی گونجاو هاتو سەرۆك بڕوای پێهێناو وتی ئەمەیان تەواوەو یاساکە دەرچوو، لە خودا بەزیاد بێت ئێمە ڕۆژانە هەست بە دەسکەوتەکانمان لە هەموو بوارەکاندا دەکەین.

-پڕۆژەی نوێی سۆزان، کە دەبێت دایە سۆزان پڕۆژەکانت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەم نازناوەت بەلاوە چۆنە .. هەڵوێستی کوڕەکانت محەمەدو عومەر چۆنە سەبارەت بە تۆ ؟

-ژیانمان قەڵب بووە ... گۆڕا .. ئەوەندە بەسە کە ئێوە هاتنە لام.

-تێبینیەکی گشتی، سەقامگیری ماددیو خێزانی زۆرجار دەبێتە لەمپەر لەبەردەم تەواوکردنی ڕێڕەوی خوێندن، بەڵام تۆ پاش ئەوەی هاوسەرگیرت ئەنجامداو منداڵت بوو، لەو کات گەڕایتەوە بۆ خوێندن، ئایا تەنها بۆ ئەوە بوو بڕوانامەیەك بەدەستبهێنیت یان کاتی خۆی لە ناختدا خولیاو پێشبینیت هەبوو کە ئەم دۆخە دێتە پێشێ ؟

-نەخێر بڕوانامە ئامانجی تەواوم نەبوو، بەڵکو هەستم بە بەتاڵی کات دەکرد، هەستێکم هەبوو کە توانایەکی ناوەکیم هەیەو دەمەوێت دەریبکەم، هێزێکی هزری .. توانام هەیە بخوێنمو کۆشش بکەمو بخوێنمەوەو فێربمو زانیاری زیاترم دەست بکەوێت، ئەو هەستە لە ناخدا چەکەرەی کردبوو کە دەتوانمو لە توانامدا هەیە ئەم کارە بکەم، ئەو هەستە تاکو ئێستا لەگەڵمدا بەردەوامە، لە دە ساڵی یەکەمی هاوسەریمدا تەنها ژنێكو دایکێك بووم، مێردەکەشم زۆرجار لێرە نەبوو.

-شوقەکەت لە ئاپارتمانی سپی بوو لە بەردەم یانەی سپۆرتینگ.

-لەپشتی یانەکەوە نەك لەبەردەمی، منداڵەکانم دەبرد بۆ وەرزشو مەلەکردن، یەك چرکە بەجێمنەدەهێشتن، کاتێك عەلاو جەمال چوون بۆ خوێندنگاو سەرۆك لەوێ نەبوو، وەك هەموو ڕۆژێك لە کار بوو، منیش هەستم بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد، من ژنێکی کۆمەڵایەتی نەبوومو سەردانی هاوڕێیانم نەدەکردو بە تەنها نەدەچومە دەرەوەی ماڵو هیچ جۆرە دانیشتنێکی کۆمەڵایەتیم نەبوو، لەو ڕۆژگارەدا ئەو شتانە نەبوو، خەمو کێشە زۆربوو، بارودۆخی سەختو قورس هەبوو، جەنگ لە دوای جەنگ.

ڕۆژانە لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکان دەبووم، هیچ گۆڕانکاریەك لە ژیانمدا ڕوونەدەدا، پاش ئەوەی منداڵەکان لە خوێندنگا دەگەڕانەوە، دادەنیشتمو لە وانەکاندا کۆششم پێ دەکردنو خواردنم بۆ ئامادە دەکردنو پاشان دەچوون دەنووستن، بەیانیان دووبارە دەمناردن بۆ خوێندنگا، ئەوان تاکو چواری پاش نیوەڕۆ لە خوێندنگا دەمانەوەو هەستم دەکرد شتێکم لێوون بووە، لە ناخدا هەستم دەکرد دەبێت خوێندن تەواو بکەم، لێرەدا بە جدی بیرم لەوە کردەوە دەبێت بچم بۆ زانکۆ، پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەم ، هەر ئارەزووم دەکرد خوێندن تەواو بکەم، ئەوکات داواکاری لەسەر مامۆستای زمانی ئینگلیزی زۆربوو، لەبەر ئەوەی مامۆستا بیانیەکان وازیانهێناو خوێندن خۆماڵی کرا، لەبەر ئەوە ئەوان بەدوای مامۆستای زمانی بیانیدا دەگەڕان، بیرم کردەوە هەندێك هاوڕێم هەیەو دەتوانم ئەم دەرفەتە بقۆزمەوەو لەڕێی ئەوانەوە بتوانم کاری مامۆستایو وانە وتنەوە بکەم، هەروەها لەوانەوە فێری تایپ ببم بە ئامێری تایپکردن، بەڵام من کاتی ئەمانەم نەبوو، سەرۆك فرسەتی ئەوەی نەدام.

-ئایا هاوسەرگیریەکەتان بە شێوەیەکی تەقلیدی بوو ؟

-نەخێر، تەقلیدی نەبوو .. سەرۆك مامۆستای براکەم بوو، فرۆکەوانی هێزی ئاسمانی بوو،کاتێك خوێندنی تەواو کرد بانگهێشتی مامۆستاکەی کرد بۆ ئێوارە خوانێك لە ماڵەوە، هەمیشە پەیوەندی پتەو لە نێوان فرۆکەوانو خوێندکارەکەیدا هەیە، بەتایبەتی فرۆکە هەر دووکیان بەرەو بۆشایی ئاسمان دەبات، ئەم بانگهێشتە چەندینجار دووبارەبووەوەو یەکترناسینی خێزانی دروست بوو نەك هاوسەرگیری سالۆنەکان، بەم شێوەیە بوو.

–بەڕای بەڕێزتان لەسەر ڕێژەی ژن لە ئەنجومەنی گەلو شورا، تاکو ئێستا ژمارەو چالاکیو بەشداری ژنان پەخش ناکاتەوە، ئێمە لەوە سەرمان سوڕماوە پارتی زۆرینە زۆربەی پاڵێوراوەکانی لە ژن پێکهاتووە، بەڵام هەندێکجار ئەوەندە پەراوێزن کە ناتوانین بارەیانەوە هیچ بڵێین، دەبوایە لەم بوارەدا ڕابەربوونایە، پاڵێوراوەکانی پارتی نیشتمانی بە مساوەتی پشتیان لە ژنان کردووە، کە دەکرێت لەم بارەیەوە لۆمەی ئاراستە بکرێت لەبەر ئەوەی لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە، دەبێت ئەو هێڵە سوورە ببەزێنێتو دەبێت ژنان خۆیان ئەو کارە ئەنجامبدەن ؟

–تۆ هۆکارەکە دەزانیت .. زۆر بەڕاشکاوی، لەبەر ئەوەی بە ڕاستی ژن پێگەی جەماوەری نییە، ئەمەش ناچێتە بەرژەوەندی ئەوەوە، ئێمە کە ئێستا باس لە هەڵبژاردن دەکەین باس لە دیموکراتیو ژمارەی دەنگەکان دەکەین، کێ دەنگ بە ژن دەدات، ئەگەر خۆی توانیبێتی خۆی بسەلمێنێت، چۆن داوا لە حیزب بکەم ژنێك بپاڵێوێت کە کەس نایناسێت، هیچ بنکەیەکی جەماوەری نییەو چالاكو کارامە نییە، ئەمیان زۆر حالوڵانەیە، ئێمە ئومێدەوارین لە پەروەردەدا لە کادرانی خوارەوەو لەو هەڵبژاردنانەی سەندیکاو کۆمەڵەکان دەکرێت، ئەمە ئەنجامبدەین، کار بکاتو خزمەت بکات، ئەی ژن بتوانێت دەنگ بەدەستبهێنێت، ئاسانە داوا لە حیزب بکەین ژنان بپاڵێوێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا حیزب کورسیەك لە پەرلەمان لەدەستدەدات.

–ئەی سەبارەت بە دامەزراندن ؟

–هەوڵدەدەین، ئەگەر چی ڕێژەکەش کەم بێت، دەبێت هاوسەنگیەك هەبێت، گرووپی ...ەن جگە لە ژنان، بەڵام دەبێت هەوڵبدات تاکو پشتگیری بکەین، هەندێك دەوڵەت ...ەکی بۆ دامەزراندن دیاری کردووە، وەك کاتی خۆی لای ئێمەش هەبوو، ئەمیان ...ووری بوو، بەڵام مەسەلەیەکی نارۆشن ڕوویداو تاکو ئەم ساڵەش نیشانەی پرسیاری ...رە، ئەمە وادەکات ئێمە بە تەنها قسە لەسەر ئەنجومەنی گەلو شورا نەکەین، بەڵکو ... قسە لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژەکان بکەین، کە بەبۆچوونی ...مان بریتیە، لە پەرلەمانی ژنان، کە ژمارەی ئەندامانی زۆر زۆرەو چالاکانە کار ...ەنو کۆبوونەوە دەکەنو سیمینار دەگرن، هەموو ئەو مەسەلانەی لە ئەنجومەن لە ... لەم سێ ساڵەدا وەرمانگرت بەسەرکەوتووی کۆتایی هات.

-کاتێك ڕۆژنامە دەچێتە دەست خاتوونی یەکەمی میسر ، چی دەخوێنێتەوە، ئایا یەکەمجار چاوت دەچێتە سەر هەواڵی ژنانو منداڵان ؟

-لە هەموو بوارەکاندا دەخوێنمەوە، دەچمە سەر مانشێتی سەرنجڕاکێش، تاکو بابەتەکە بخوێنمەوە، بەڵام ئەوەی شتی نوێی تێدا نەبێت خۆمی پێوە خەریك ناکەم.

-ئەی ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن ؟

-جار جار دەیخوێنمەوە .. هەندێکیان شتی زۆر ناواقعی تێدایە، پێچەوانەی ئەوەیە من لەسەر ئەرزی واقع دەیبینم، لە ڕاستیدا دەبێت هەموومان یەك دەست بین، پێویستە هەموومان بەشداری ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو تاوتوێکردنی مەسەلە گرنگەکان بکەین، ئایا میسر هیچی باشی تێدا نییە، گوناهە سەناء بابێن سەردانی میسر بکەن، جا عەرەب بن یان بیانی، کە دێن ئەو جوانی پەرەسەندنە دەبینن، تووشی سەرسامی دەبنو دەڵێن ئەم کارانە چونو بە چ شێوەیەك ئەنجامدراون، بە تایبەتی لەم کاتو بارودۆخە زۆر ناسکەدا، ڕاستە گرفتمان هەیە، دەکرێت زۆر لەمە باشتربین، بەڵێ ئێمە دانبەوەدا دەنێین، ڕاستە زۆر لە کارەکان بە سستیو لەسەرخۆ دەچنە پێشەوە، بەڵام ناکرێت نکوڵی لەو هەموو دەستکەوتانە بکەین کە لەسەر ئەرزی واقع بەدیهاتوون، هەموو کاتژمێرێك لە بوارێکدا دەستکەوتێك بەدی دێت، ئێمە لەکوێ بووینو ئێستا لە کوێین، تەنانەت هەندێك ڕۆژنامەی نەتەوەیی نازانم ئەم ناوەی لە کوێوە هێناوە، وەرە چاوێك بە لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیەدا بگێڕە، باس لە یەك دەسکەوت ناکات .. لاپەڕەیەك بۆ ڕووداوو تاوان، لاپەڕەیەك بۆ وەرزش، بەڵام هەواڵ شیکردنەوە زۆر کەمە .. ئێمە شیکردنەوەی هەواڵمان لە ئاستی پێویستدا نییە ..

-کاروانی ئاشتی .. بۆ کوێ دەچێتو چۆن کۆتایی دێت ؟

-وێنەیەکی تەواو تەمومژاویە، من هیچ ڕۆشنایەك یان دەروازەیەك لە کۆتایی ئەم تونێلە درێژە تاریکە بەدی ناکەم .. گرفتەکە بەرەو هەڵکشانە.

-ڕەمەکی لای سۆزان موبارەك چ مانایەکی هەیە، پەرەپێدانی ڕەمەکی دەخاتە سەرەوەی ئەخشەی کارەکانی بۆ کاری مرۆیی، وەك ڕەمەکیەتی زێنهم .. بەڵام پاش دارمانی ئاپارتمانی شاری نەسر، چەمکی ڕەمەکی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە ؟

-ڕەمەکی بە تێڕوانینی من دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان بۆ ئەوانەی ناتوانن لە ژورێکدا

بژین پریەتی لە شت وەك زێڕهم، کە بەداخێکی زۆرەوە ئەمانە بە سەدانن، ناوی لێدەنێم مۆلگەی فراوانبوون، بێ نەخشەدانان بلاودەبێتەوە یان ڕێکناخرێت، پاشان دەولەت خۆی لەبەردەم کەلەکەبوونی کێشەکەدا دەبینێتەوە تاکو ڕێو شوێنێکی بۆ دابین بکات، بەلام دارمانی ئاپارتمانێك بە هۆی نەبوونی ئەمانەتی بیناکردنەوە، ئەم ڕەمەکیە چاوچنۆکیو نەبوونی ویژدانو پەیداکردنی پارە بە خێراییو بەهەر شێوەیەك، ئەو کەسەی بناغەی چوار نهۆمی دروست دەکاتو پاشان حەوت هەشت نهۆمی لێدەنێت ئەمیان نەبوونی ویژدانە لای ئەو کەسە .. لێرەدا شتێکی هەلە هەیە .. دەبێت یەکێك هەبێت بەرپرسی ئەم دیاردەیە بێت.. شارەوانی دەلێن ئەم کارە نابێت بکرێت، ئەو دەچێت مۆلەت لە فلان وەردەگرێت، لێرەدا پەرشو بلاوەیەك لەلایەنە بەرپرسەکاندا هەیە، دەبێت یەك لایەن مۆلەت بداتو هەر ئەویش بەرپرسیار بێت.. ئەم کارە پێویستی بەوەیە بە یاسایەکی بنەبڕ ڕووبەڕووی ببینەوە.

-پار ئاهەنگمان بۆ دامەزراندنی یەکەم دادوەری ژن گێڕا، بۆ ئەم کارە هەولی زۆردراو ڕێگایەکی زۆرمان بڕی لە ماوەی ئەم پانزە سالەدا، ئایا سەرکەوتنی نوێ لە ئاسۆدا بۆ ژنان دیارە ؟

-کاتێك دادەنیشین دەلێین بۆ سەرۆکێکی زانکۆی ژنمان نیە، ژن دەگاتە پلەی عەمیدی کۆلێژی پزیشکیو جێگری بەرێوەبەرو لێرەدا دەوەستێت، دکتۆرە مەدیحە خەتاب لە پلەی عەمیدی کۆلێژی پزیشکیە لە زانکۆی کۆشکی چاو، ئەمیان سەرکەوتنێکی گەورەیە، بەلام سەرۆکی زانکۆ نیە، لە جێگری کارگێڕیدا ژن گەیشتە بەرزترین پلە، سەرۆکی یەکەیەکی ئیداری لە پارێزگایەك وەرگرتووە، ئەی بۆ نابێتە پارێزگار، ئەم بوارە پێویستی بە کارو ئەرکە، لە ئەنجومەنی نەتەوەیی ژنان داتای زۆرمان دەربارەی کاری ژنان هەیە، کە خاوەنی چ پلەو پایەیەکن.

-وەرزش بووە بە نانو ئاوی میسریەکان، ڕۆلی لە ژیانی سۆزان موبارەکدا چییە، ئایا مالدەری چ تیپێکیت .. کوڕو کوڕەزاکانت کامیان ئارەزوی یاری سکواش دەکەن وەك سەرۆك ؟

-ئیمە خێزانێکی وەرزشین، لە سەرەتاوە سەرۆك ڕابەری ئێمە بووە لە بواری وەرزشدا، کوڕەکان عەلاو جەمال وەرزشەوانن و یاری سکواشو مەلە دەکەنو بەردەوام

دەچن بۆ مەلەوانگەی لەیلا بۆ ماوەی درێژ مەشق و مەلە دەکەن.

-واناسراویت زۆر ئارەزووی وەرزشی ڕۆیشتن دەکەیت ؟

-بەڵێ ئارەزووی مەلەش دەکەم.

-سەرۆك ؟

-سەرۆك پاڵەوانی سکواشە، ئێستا یاری ڕۆیشتن و مەلەو سوێدی دەکات.

-دۆلابێك ویسام و نیشانە، لەوانەیە ئێستا ماڵەکەتان پڕ بێت، کاریگەری ئەمانە لەسەر تۆ، گرنگترین مەدالیا لای تۆ کامەیە ؟

-ناتوانم دیاری بکەم هەر مەدالیایەك یادەوەری خۆی هەیە، لەوانەیە مەدالیای لیوەوردەیی لە هەموویان زیاتر لە دڵمەوە نزیك بێت.

-ڕووبەڕووبوونەوەی خود لەسەر کاغەز کارێکی ئاڵۆزەو زۆر ئەستەمە، ئایا یاداشتەکانی خۆتان نووسیوەتەوە، سەرۆك لە کوێی ئەو یادەوەریانەدایەو قەبارەی ڕاشکاوی تێیدا چەندە، ئایا خۆت یاداشتەکان دەنووسیتەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو وزەیەی تێدایە، یان هەوڵدەدەیت بۆ نەوەکانتی بخوێنیتەوە؟

- هێشتا نەمنووسیوەتەوە .. ماددەی پێویستم ئامادەکردووە، کەمێکم نووسیوەتەوە، بەڵام کاتێك دادەنیشم بۆ نووسینەوەی سەبرم نامێنێت، حەز دەکەم دەست بە نووسینی بکەم.

-سۆزان موبارەك خەسووە، پەیوەندیت لەگەڵ هایدی هاوسەری عەلای کوڕت چۆنە؟

-خۆزگە هەموو خەسووەکان وەك من دەبوون، لە جێگەی کچمە، من کچم نییەو خوشکیشم نییە، خۆشە کەسێك کچێکی خۆی لە تەنیشتیەوە بێت، قسەی لەگەڵ بکات و دڵی خۆی بۆ بکاتەوە، وەك کچێك نەك وەك بوکێك، هایدی کە هاتە ناو خێزان بوو بە ئەندامێکی ئێمە.

-ئەی جەمال کاتی ئەوە نەهاتووە کە دڵی دایك و باوکی خۆش بکات ؟

-خۆزگە، هەموو ڕۆژێك دوعای بۆ دەکەین، بەڵام خۆی خستووەتە ناو گێژاوی ئیش و کارەوە، لە باوکی دەچێت، ئیش و کار دوای ئیش و کار، هەستی بەرپرسیارێتی هەیە، خۆشەویستی بۆ میسر هەیەو تاکو دوائەندازە کار دەکات "ئەم گفتوگۆیە بەر لە ژنهێنانی

مال نووسراوە" هەروەها دەكەوێتە پێش ڕوخاندنی ڕژێمەكەی موبارەك بە ماوەیەكی

...ن.

-هەستت چۆنە كاتێك لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە مێردو كوڕەكەت لە ناو هۆڵی ومەنی گەل دەبینیت، كاتێك سەرۆك تووشی نەخۆشی سەرمابردەڵەیی بوو .. دەكاری ئەمانەت لەبیرماوە ؟

-ئەو ڕۆژە هەر لەسەرەتاوە سەیر بوو .. بە هەڵە هەژماركرابوو پلەی گەرمام چل پالكەوتبووم، ئەنفلۆنزا هاتبووە ماڵمان، پێشتر سەرۆك تووشی ببوو، من تووش م بەڵام زوو چاكبوومەوە، بەڵام بۆ جاری دووەم تووشبوومەوە، سەرۆك لە ژوورێك ەوتبوو، منیش لە ژوورێكی تر، تاكو نەخۆشیەكە نەگوازینەوە بۆ یەكتری، بەڵام ود بوو .. پلەی گەمام چل بوو، گوێم لێبوو منداڵەكان وتیان باوكمان ڕۆیشت، هەڵەیە، وتی دەچم بۆ ئەنجومەن، وتم بۆ ئەنجومەنی چی تۆ نەخۆشیت، هەندێك ەسەرمان وەرگرتبوو، وتی نیوكاتژمێرم پێدەچێت، لەبەر ئەوەی خەڵك لە ڕگاكانەوە هاتبوون بە بۆنەی جەژنەوە، وتم سەرۆك ئەمە باش نییە تۆ دەیكەیت، وتی ەرە ژوورەوەو ئاگات لە خۆت بێت، چونكە پلەی گەرمات بەرزە، پاش ئەوەی لە ناو ەلەكەدا ڕاكشامو تەلەفزیۆنەكەم كردبووەوە بە دەنگێكی نزم، تەماشای تەلەفزیۆنەكەم كرد، بەڵكو چاوەڕێی وتەی سەرۆك بووم، بەڵام خەوبردمیەوە، كاتێك بە ئاگاهاتم ەلزیۆنەكە كوژابووەوە، هەوڵمدا دایگرسێنمەوە، بەڵام نەمتوانیو دانیشتمو كردەوە، زەنگی تەلەفون هات، جەمالی كوڕم بوو، تەلەفونی كردبوو بۆ ئەوەی پێم سەرۆك باشە بەڵام كەمێك هیلاكەو لە دەرەوەی هۆڵی ئەنجومەن دانیشتووەو شتێك والەوەو پاشان دەگەڕێتەوەو قسەكانی تەواو دەكات، لەبەر ئەوە تووشی دڵەڕاوكێ روم، چونكە جەمال دڵنیای كردمەوە ... پاشان پێم وت سەرۆك حەزم نەدەكرد ئەمەت ەربێت .. سوپاس بۆ خوا.

-ئەمرو چەند خولەكێك بوو، هەستمان بە پێگەی سەرۆك كرد، كە چەند جیهانو تمان بۆی بە پەرۆشبوون.

-پەیوەندیت لەگەڵ خاتوو جیهان چۆنە ؟

-دە ساڵی ڕێكە پێكەوەین، لەوەوە فێری زۆر شت فێربووم، ئەمە قسەی ناوێت، ئەو

چالاکی خۆی هەبوو .. دەرگای داخراوی بۆ ژنانی ئێمەو جیهان کردەوە، سەردانی یەکتردەکەین، منداڵەکانیم خۆشدەوێت، کچەکانی ماشەڵایان لێبێت، جوانی منداڵەکانی خۆمم بیردەخەنەوە، ڕەوشتو پەروەردەو سۆزیان، سیفەتی جەمالو عەلایان هەیە، لە ڕاستیدا جەمالیان کوڕی خۆوە.

-چۆن ڕۆژی شەشی ئوکتۆبەرت لێڕۆیشت، ئەو ڕۆژەی جەنگ بوو مێردەکەت سەرکردەی هێزی ئاسمانی بوو ؟

-هیچ زانیاریەکم نەبوو، نەمدەزانی چۆن سەرکردایەتی ئەو سریەیەی کردووە، لە ڕاستیدا ئەمیان شتێکی سەیر بوو، بە مێردەکانمان دەوت یان ئەوەتا بجەنگێنو ڕزگارمان بکەن یان ئەم ژیانەمان بۆ چارەسەر بکەن، جەنگێکی دوورو درێژ، ئێمە نەماندەبینینو کارەکانیان زۆر گەورەبوو، ئەمڕۆ لێرەنو بەیانی لەوێن.

-نامەوێت یادەوەریەکانت بووروژێنم، بەڵام خۆ دەبێت ئەم کارە ووردەکاری تێدا بێتو بە تەنها تێیدا ژیابیت، هەوڵی دەستدرێژی کردنە سەر سەرۆك لە ئەدس ئەبابا ؟

-ئەو ڕۆژە ئەو هەستەم هەبوو کە واملێکات نا ئارامبم .. ئەو ڕۆژە پشتم ئازارێکی زۆری هەبوو، پێیان وتم بچم بۆ سەنتەری چارەسەری پشت لە براج، سەرۆك دوو ڕۆژ لە سەفەربوو، ئەوە یەکەمجار بوو سەفەر بکەمبەڵام هاوڕێەکی منداڵیم سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵمدا بێت، چونکە دەیزانی ئازارم زۆرە، چارەسەرەکە بۆ چوار پێنج ڕۆچی دەخایاند، هەر کە گەیشتمە شوێنەکە هەستم بە خەمۆکی کرد، ڕەتم کردەوە لەو شوێنە بمێنمەوە لەبەر ئەوەی بۆنی زۆر ناخۆش بوو، بۆنی کلۆرو فسفۆڕی لێدەهات، کە لە شوێنی چارەسەرەکە دەهاتەدەرێ .. بڕیارمدا بگەڕێمەوە هێشتا جانتاکەم نەکردبووەوە، دکتۆرەکە هات تاکو پشکنینم بۆ ئەنجام بدات، لەگەڵ مەساژو کارەباو وەرزش، بەڵام بڕیارمنەدا، وتم ڕۆژێکی تر دەگەڕێمەوە، پاش نیوەڕۆ تەلەفۆنێك کرا، جەمالی کوڕم بوو هەواڵی تەندروستی پرسیم، پێم وت لەو شوێنە نامێنمەوە لەبەر ئەوەی بێتاقەتم دەکات، وتی دایکە دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم بەڵام نابێت دڵت بێشێتو حەز ناکەم لە هەواڵەکانەوە بیبیستیت، وتم چی ڕوویداوە، وتی باوکم لە ئەدیس ئەبابا گەڕاوەتەوەو لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەکەم، لەبەر خۆمەوە وتم "بۆ ئەو گەیشت تاکو لە ئەدیس ئەبابا بگەڕێتەوە"، شتێك ڕوویداوەو کەسێك لە سەرۆکیداوە، جەمال مەسەلەکەی زۆر بچوك

کردەوەو دڵنیای کردمو وتی تەماشای هەواڵەکان مەکە، وتم من هەستیارمو هەر لەسەرەتاوە دەمزانی، نەمدەویست ئەم گەشتە بکاتو بچێت بۆ ئەو شوێنە، تەنها یەك ئەمو لەوێ بووینو بۆ بەیانی گەڕاینەوە، ئەوەی زۆر سەیربوو من زۆر بەهێمنی گەڕامەوەو کەسم لەگەڵ نەبوو، پاسەوانم لەگەڵ نەبوو، هیچ شتێك، بەڵام بەیانی ئەو ڕۆژەی ئەوێم بەجێهێشت سەرم لە هەموو نەخۆشەکاندا، هەموو وەستابوونو هەواڵەکەیان بیستبوو، هەموویان پەنجەی سەرکەوتنیان بەرزکردبووەوە بە مانای پیرۆزبایی، کاریگەریەکی زۆری لەسەردانام .. گەڕامەوە بۆ میسر.

-کتێبخانەی منداڵان لە هەموو شوێنێك بەرچاو دەکەوێت، کاروانی ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەقڵیەتی منداڵی میسری بەڕێوەدەچێت ... ئایا وێنای خواستراوی خۆی تەواو کردووە ؟

-نەگەیشتووینەتە ئەوەی دەمانەوێت، ئەوەی دەمانەوێت زیاترەو چاپەمەنی باشترو ناوەڕۆکی گرنگتر، بەڵام وێنەکە لە پانزە ساڵ بەر لە ئێستا جیاوازترە، ئەوکات کە دەمانەویست کتێبخانەیەك دروست بکەین، چەند ژمارەیەکی کەم سەرچاوەمان دەستدەکەوت، ئەویش بە زمانی بیانی بوو، بەڵام ئێستا کاتێك کتێبخانەیەکی منداڵان دروست دەکرێت بە هەزارەها کتێبی میسری نەوەك عەرەبیمان هەیە هەر لە ئەنسکلۆپیدیاو وەرگێڕانی گرنگترین کتێبی زانستی کە بەهەزارەها چونەی میسری تێدا چەرجکراوە، ئێستا کتێبخانەی تەواومان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، وەزارەتی ڕۆشنبیری لە گوندەکاندا کتێبخانەی زۆر نایاب بۆ منداڵان دروست دەکات، ڕۆشنبیری جەماوەری پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، سوپاس بۆ خوا ئێستا سیستمێکی نوێو زمانێکی نوێو فکرێکی نوێمان هەیە، ئەو چالاکیەی هەیە کاری بەردەوامی نەپساوەی بۆ کراوە.

-ژمارەیەکی زۆر پێشانگاو مۆزەخانەو خانەی ئۆپێراو هۆڵی موزیكو چالاکی ئالەریت کردووەتەوە، ئایا ئەمە داوایەکی تۆیە بۆ گەڕانەوە بۆ ویژدانی میسریو ئەسەنایەتی کە عاشقی شیعرو مۆزیکە ؟

-ئەمە ڕاستە، بانگەشەکردن بۆ جوانی پیرۆزترین شتە مرۆڤ هەنگاوی بۆ بنێت، بەداخەوە کاتێك ئێستا ئەندێشەمان پڕە لە ڤیدۆکلیپ، دەبینیت تێکەڵەیەکی خۆرئاواییە لەسەر ڕۆژهەڵاتیەکدا سەپێنراوە، ئەمیان ویژدان تووشی شڵەژان دەکات، بەداخەوە ئێمە

لە دەرەوەی وڵات کلیپیان بۆ دەکەین.
بەو گۆرانیبێژو دەنگە گەنجانە دەچین کە
تەندروستی هونەرمەند ئەحمەد زەکی بوو،
-سەرۆك موبارەك بۆ خۆی زۆر پەرۆشی
ئەمە جوانترین هەستی لای جەماوەر
هەروەها کورەکان لە نەخۆشخانە سەردانیان دەکرد،
دروستکردو لای هونەرمەندانیش کە ئەوەیان بینی چۆن ڕێز لە ڕۆڵی هونەر لە ناو
کۆمەڵگادا دەگیرێت ؟
دوعای چاکبوونەوەی بۆ دەکەین
-ئەحمەد زەکی هونەرمەندێکی بەڕێزی ناسراوە،
لە ڕاستیدا سەرۆك
"ئەم چاوپێکەوتنە بەر لە کۆچی دوایی ئەحمەد زەکی ئەنجامدراوە"،
پرسیاری تەندروستی
زۆر دڵی گەورەیە، زۆر بەسۆزە، هەرگیز لەوە دواناکەوێت
کەسێکی ناسراوەو گەنجێکی
هونەرمەند ئەحمەد زەکی بکات، لەبەر ئەوەی ئەحمەد زەکی
هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە،
٥٦ ساڵەیەو تووشی نەخۆشی بووە، هەروەها میدیاکان
هەواڵی نەخۆشکەوتنی
لێرەوە سەرۆك بەردەوام هەواڵی دەپرسێت، هەروەها کاتێك
لەوانەیە نزیکەی سی ساڵ بێت نەیبینیبێت،
هاورێیەکی سەردەمی خوێندنی دەبیستێت،
خێرا بە تەلەفۆن داوای دەکاتو هیوای لەش ساغی بۆ دەخوازێت، زۆر بە حاڵەتی
نەخۆشی کاریگەر دەبێت، ئیتر چۆن لە کەسێکی وەك ئەحمەد زەکی بەو هەموو بەهاو
ناسراویەیەوە هەواڵی ناپرسێت.

-چاوت بە ئوم کەلسوم کەوتووە ؟

-نەخێر.

-عەبدولحەلیم حافزیش ؟

-لە زۆر بۆنەدا وەك بە بیرم بێت لە ئاهەنگی جەمال ساداتدا هات لە تەنیشتمانەوە دانیشت.

-گوێ لە کام دەنگ دەگریت.

-ئەوەندەم کات نییە گوێ لە گۆرانی بگرم، کاتێك دەنووسم یان دەخوێنمەوە گوێ لە گۆرانی ناگرم، بەڵکو گوێ لە موزیکی کلاسیکی دەگرم ئەویش بە هێواشی.

-هەواڵەکانو فلمو زنجیرە دراماکان ؟

-تەنانەت هەواڵەکان ئێستا بێزارم دەکەنو لە هەموو کەناڵەکان لێدەدرێنەوە، ئەوکاتانەی بە فلمو زنجیرە دراماکان بەفیڕۆی دەدەم، دەچم لەگەڵ نەوەکانمدا

بەسەریدەبەم.

-لێرەدا مۆڵەتت لێوەردەگرم‌و دەچینە ناوچەیەکی ترەوە، دەمانەوێت بزانین چۆن تەماشای سەرۆك وەك مێردو باوك‌و باپیر دەکەیت ..

-کەسایەتیەکی بەهێزەو دەزانێت چی دەوێت .. مێردێکی نمونەییە .. مرۆڤێکی نمونەییە وەك مێرد یان وەك سەرۆك کۆمار یان وەك کەسێکی ئاسایی، ڕەوشتی زۆر بەرزە، مرۆڤێکە بە هەموو تەمەنی قسەیەکی بەرزو نزمی نەکردووەو نایزانێت، مرۆڤێکە ڕاشکاوانەیە، بەهێزو هیچ لە دڵی خۆیدا ناهێڵێتەوە، باسی دەکات، هەر گرفتێك کە چارەسەری دەکات بە دوای چارەسەرکردنی گرفتێکی تردا دەگەڕێت، ئێستا هەر شتێکی گرنگ بکات بۆسبەی دوای ناخات، تەنانەت لە ماڵەوەش هەر وایە، دەڵێت چاوەڕێی سبەینی مەکەو تەلەفونەکە هەڵگرەو داوای بکە "لە گفتوگۆیەکی تردا ئەوەمان بەرچاوکەوت، دەڵێت کاتێك هیلاك دەبم‌و دەمەوێت نەچم بۆ کۆنگرەیەك، سەرۆك هیچ گرنگیم پێنادات‌و بوون‌و نەبوونم وەك یەکە، دواتر بەگوێی ئامۆژگاریەکەی دەکەم، دەبینم ڕاسگۆیە".

-باوك.

-لەگەڵ ئەوەی زۆر بەسۆزە، لە هەمان کاتدا زۆر توندەو ڕێگای ڕاست‌و هەڵەیان نیشاندەدات، بواری نازکردنی نییە، ناز نادەین بە منداڵەکانمان، تەنانەت بە کوڕەزاکانیشمان.

-کوڕەزاکانیش ؟ باشە .. ئەو شوێنەی کە سەرۆك لە ناو ماڵەکەدا زۆر حەزی لێدەکات ؟

-ژووری میوانە گەورەکە، لەوێ کورسیەکی تایبەتی هەیەو لە تەنیشتیەوە تەلەفونەکان هەن‌و دادەنیشێت‌و دۆسیەکان دەخوێنێتەوەو تەماشای هەواڵی تەلەفزیۆن دەکات، تەنها تەماشای هەواڵەکان دەکات.

-سەرۆك بە چی تووڕە دەبێت‌و هەڵدەچێت ؟

-زۆر هەڵناچێت، کاتێك قسە دەکات بەهەر هۆکارێك قسەکەی بە دڵ نابێت ناڕەت بە گرفتێکی دیاریکراو، کە چارەسەری نەبێت یان بە خێرایی چارەسەری ... زۆر بەسەبرە، تاکو دوا ئاست پەتی بۆ شل دەکات، زوڵم لە کەس ناکات،

مەگەر خۆی زولمی لێکرابێت، فرسەتێکو دوان دەدات بە خەڵك، کاتێك بڕوا بەوە دێنێت کەسێك هەڵەی کردووە، ئەوا ئەوکات قسەی لەگەڵ دەبڕێت، ئەو کەسەلای ئەو دەسڕێتەوە، وەك ئەوەی هەر بوونی نەبێت.

-چی وایلێدەکات ئەو دابڕانە لەگەڵ کەسێك دروست بکات.

-ئەگەر هەست بکات کەسێك لەگەڵیدا ئەمین نییە یان گرفتێکی هەبێت یان شتێکی وەك پێویست پێ ڕانەگەیاندبێت یان لە کاروباردا کەموکورتی هەبێت .. هەموو ئەو کارانەی پەیوەندی بە کاروباری دەوڵەتەوە هەبێت.

-داواکاریەکانی لەسەر مێزی نانخواردن.

-داواکاری نییە .. کەسێکی خۆشڕەوە، منیش داواکاریم نییە، لەوانەیە منو سەرۆك بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ماڵەوە دابنیشین، ئەو بڵێت من هیچم ناوێت، منیش دەڵێم هیچم ناوێت، زەڵاتەیەكو پارچەیەك پەنیری سپیو کەمێك شۆرباو شتی سوك دەخۆین .. هەندێك میوە، هێلکەوڕۆن، ئەمانە خۆشن دەیانخۆین.

-بەدەستی خۆت دروستی دەکەیت.

-لەم ڕۆژانەدا، بە ڕاستی نەء.

-کاتی پشوودانی.

-پاش نیوەڕۆ، بەڵام ناخەوێت، شەو زوو دەخەوێت، کاتژمێر دەو نیوی شەو دەخەوێت، شەشو نیوی بەیانی بەئاگادێتو کاری ڕۆژانەی لە هەشت دەست پێدەکات، سێ بۆ پێنجی پاش نیوەڕۆ کاتی وەرزشکردنیەتی.

-سەرۆك جەمال عەبدولناسر ڕاپۆرتو نامەی دەخوێندەوە تاکو ئاستی ماندووبوون، سادات خۆی بە دۆسیەو دۆکۆمێنتەوە خەریك دەکرد، ئایا سەرۆك موبارەك لە نووسینگەی ڕاوێژکارەکەی هەڵوێستێکی ناوەندی هەیە، ڕاپۆرتو ڕۆژنامەکان پێش ئەوەی بگاتە دەست سەرۆك بە چەند فلتەردا تێدەپەڕێت ؟

-سەرۆك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە .. بێگومان نووسینگەی تایبەتی خۆی هەیە، سەرۆك زانیاریەکانی لە سەرچاوەی هەمەجۆرەوە وەردەگرێت، نەك لە یەك کەناڵەوە، شتێك نییە پێی بڵێن ڕاوێژکار، هەروەها نووسینگەی ڕاوێژکاری نییە، بەڵام کاتێك پێویستی بە زانیاریەك دەبێت تەلەفونەکە بەرزدەکاتەوە پەیوەندی بە وەزارەتێك یان

دەرەوەی وەزارەتەکان یان دکتۆرێك یان مامۆستایەکی زانکۆوە دەکات، هەر زانیاریەگی پێویست بێت بەوەندە وازناهێنێت کە لە دەزگا فەرمیەکانەوە دەگاتە دەستی وەك دەزگای ئەمنی بۆ نمونە، بەڵکو خۆی پەیوەندی بە پێنج شەش لایەنەوە دەکات تاکو بە تەواوەتی لە بابەتەکە بگات.. کاتێك سەرۆك دەیەوێت بریارێك دەربکات، لە پێشدا دەیەوێت تێروانینی تەواوو گشتگیری لە بارەیەوە وەربگرێت، لەوانەیە لەوە سەرت سوورِبمێنێت هەندێکجار ئەو تێروانینە لە کەسانێك وەردەگرێت تۆ هەر بە مێشکتدا نایەت.

-ئایا لەو بوارانەی خۆت کاری تێدادەکەیت، زانیاری بۆ دەگوازیتەوە ؟

-بێگومان، لەبەر ئەوەی من زیاتر دەچم بۆ شوێنی جیاجیا، دەجولێمو خەڵك دەبینم، لەگەڵ گرووپی جیاجیا کۆدەبمەوە لە خوێندنگاو گەرەکەکان، لەگەڵ ژنانو کچانی لادێرگاکان، کاردەکەم، قسە دەکەم، هەندێك شتی بۆ دەگوازمەوە.

-ئایا وەك ژنی سەرۆك، دەیبینیت وەڵامدانەوەی بۆت هەبێت کاتێك داواکاریەکی ژنانی پێرادەگەیەنیت، پێشوازی لێدەکات، یان وا هەست دەکات ژنانی میسر زیاتر لە مافی خۆیان وەرگرتووە ؟

-هەرگیز .. دەڵێت زۆر باشە ئەم بابەتە لێتوێژینەوەی بۆ بکەنو لە دەرئەنجامەکەی ئاگادارم بکەرەوە، دەڵێم کۆبوونەوەمان کردووەو لەبارەیەوە کارمان کردووە، دەڵێت زۆر باشە .. هەرگیز پێم نالێت چی دەکات، دەستبەجێ دەستدەکات بە پەیوەندی تاکو دەگاتە دەرئەنجامێك، ئەمەش شێوازی کارکردنیەتی ...

بە بەخێرایی لەسەر هەندێك هەڵوێست لەگەڵ خاتوو سۆزان موبارەك دەوەستینو بۆچوونو تێروانینی لەسەر ئەم شتانە چۆنە:-

-دوعاکردن ؟

-تەندروستیو پاراستنە، خوا سەرۆكو منداڵەکان بپارێزێت، هەمیشە خێزانێکی بەیەکەوە گرێدراوین .. لەم دونیایە هیچمان ناوێت تەنها تەندروستیو پاراستنو خۆشەویستی خەڵك.

-ڕەونەقی دەسەڵات ؟

-هەست ناکەم ڕەونەق بێت، ئەویان بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە، لەوانەیە ڕەونەقو

درەوشانەوە بێت، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسان وەریبگریت، شتگەلێك ئەنجامبدەو خۆت بگۆڕەو برۆ بۆ ئێوارەخوانێك .. هەموو ئەوانی دەیکەین نامانەوێت تەنها رووکەش‌و بریقەدار بێت، بەڵکو دەمانەوێت بەشێوەیەکی پراکتیکی بێت، هەمیشە سەرۆك داوادەکات هێمن بین، بارودۆخ ڕێگە نادات، ئیتر چۆن ڕووکەشنەبین...

- لە هەندێك گرتەی خێزانی دەسەڵاتدارەکاندا دیاردەی زیادەڕۆیی‌و دەبینین ئاهەنگەکانیان زیاد لە پێویست خەرجی تێدادەکرێت ؟
- ئێمە ڕێگەی سەختمان هەڵبژاردووە.
- لەگەڵ ئەو پلەی بەرزەی هەتانە زۆر سادەن، کە لەسەر عەرشی وڵات دانیشتوویت .. لێرەدا قسەی سەرکردەیەکی ڕۆمانیم دێتەوە یاد هەمیشە بە پاشای وڵاتی دەوت نەگاتە هەڵچوونی دەسەڵات‌و هەست نەکات لەسەرووی مرۆڤەوەیە، دەبێت ئەوەت لەبیر بێت تۆ مرۆڤی، خاتوون ڕۆژێك لە ڕۆژان لوت بەرزی تۆمان نەبینیووە، ئەگەر چی ئەم پێگەیەشت هەیە ؟
- دەزانم سەناء ئەمیان ئەرك‌و فەرمانە خودا پێیداوین، هەوڵمان بۆ نەداوەو بەدوایدا ڕامان نەکردووە، کەس لە ئێمە خەونی پێوە نەدەبینی .. کاتێك دەستمان پێکرد نەماندەزانی تاکو چەندی تر- دەمێنینەوە، کەس نازانێت، ئەمیان بەرپرسیاریەتییەو هەڵمانگرتووە، ئەوەش دەزانین ڕۆژێك دێت‌و کۆتایی دێت، لەبەر ئەوە پاش تەواوبوونی نامانەوێت هەست بکەین کەسێك کەوتووەو تێکشکاوە، ئەوەی لەسەر کورسی خۆی بیربچێتەوە بەفەلاکەت دەچێت، لەبەر ئەوەی کورسی بەرپرسیارێتیە، کورسی گرنگ نییە، بەڵام چۆن سوودی لێوەردەگریت‌و بۆ خزمەتی نیشتمان بەکاریدەهێنیت، من بەکاریدەهێنم‌و لە خزمەتی هاوڵاتیاندا کاری پێدەکەم، مادام دەرفەتم هەیە، هەندێکجار بە وەزیرێك دەڵێم وەرە با ئەم کارە بۆ خزمەتی هاوڵاتیان بکەین، من تواناو کۆمەڵەو ڕێکخراوم هەیەو دەتوانم پارە کۆبکەمەوە لە پێناو بەشداریکردن لەو چالاکیەدا، کاتێك سەفەری دەرەوە دەکەم‌و ئەو کاتەی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتان‌و خانمەکانیاندام، ئەو دەرفەتە بەکاردەهێنم تاکو بتوانین پێکەوە کارێکی مرۆیی ئەنجامبدەین، بەم شێوەیە کورسی بەکاردەهێنم، جگە لەمە کورسی بۆ کاری خۆشگوزەرانی‌و بەختەوەری یان بۆ گەشتوگوزار بە کارناهێنم، شتێکم

نیە ناوی مۆڵەت بێت، سەرۆك هەرگیز بەوەرگرتنی مۆڵەت بۆ پشوودان سەفەری بۆ دەرەوەی وڵاتو تەنانەت ئەسکەندەریەش نەکردووە، بەڵام پاشاو سەرکردەکانی تر مانگو دوو مانگ مۆڵەتی پشوو وەردەگرن.

- لە دوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لە کاتی کردنەوەی پێشانگای کتێبدا، باسی لەوەکرد نەیدەویست سەفەر بۆ دافۆس بکات لەبەر ئەوەی مانەوەی لەوێ زۆر گران دەکەوێتو زۆری تێدەچێت، هەروەها ئەم سەردانەشم بە پێویست نەدەزانی ؟ ..
- ئەوە هەقیقەتو لۆژیکی ئەوە.
- هەرگیز ئەو توونديەم لە وەڵامەکانی سۆزان موبارەکدا نەبینیوە، تەنها پاش ئەوە نەبێت کە باسمان لە خانەنشینی سەرۆکو یەکێك لە کوڕەکانی ئەرکی سەرۆکایەتی وەربگرێت، واتە بە میرات وەریبگرێت.
- چۆن باسی میراتگری دەکەیت، ئەمیان دژی سیستمی حوکمڕانی میسریە .. ئەوانەی باس لەم شتە دەکەن هیچ لە چەمکی ڕژێم یان دەستوور نازانن، بەهۆی ئەوەی جەمال هاتووەتە بواری کاری گشتیەو، ئەو لێرەدا دەیەوێت بەشداری بکات، کاری ڕاستەقینەی خۆی بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی خۆی بۆ کاری گشتی تەرخان بکات، خۆزگە سەدان گەنجی وەك جەمال دەبوون بۆ ئەوەی یارمەتی وڵات بدەنو بەرزی بکەنەوە، ئێمە پێویستمان بەم نەوە کارکەرە نیشتمانپەروەرە هەیە، ئەم قسانە تەنگەتاومان دەکاتو تووشی بێئومێدیمان دەکات .. ڕژێمی ئێمە جیاوازە، خۆ پاشایەتی نییە، دەستورمان هەیەو ڕژێممان هەیەو هەموو شت ڕۆشنە.
- وشەی گەل لای سۆزان موبارەك چی دەگەیەنێت ؟
- شەوو ڕۆژ خەمی ئەوانم هەڵگرتووە، کاتێك دێمو دەچمو تەماشای خانووە مەرمەڕیەکانی کوبرا دەکەم، لە دارێك یان نەخۆشخانەیەك یان خوێندنگایەك یان چاڵو تاسەیەکی سەر شەقامەکان خەم دامدەگرێت .. گرفتو خەمی وڵاتەکەمان زۆرن ...
- ژن ؟
- ئاگە ئامانجمە، بەجدی کاری بۆ دەکەم، بەڵام هێشتا پێگەی نێگەتیڤە، دەبێت

خەمخۆری خۆی بێت، داکۆکیکەری داواکاریەکانی بێتو یارمەتی خۆی بدات تاکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێت یارمەتی کۆمەڵگا بدات.

- منداڵ ؟
- ئایندەیە، ئومێدەوارم خوێندنو تەندروستیو ڕۆشنبیریو ژینگەی پاکو هەموو پێداویستیەکانی تری بۆ دابین بکرێت، تاکو منداڵیەتی خۆی بە شادمانیو هێمنانە بەسەر بەرێت.
- قسەی هەق بەهەر کەسێك بڵێیت ؟
- بۆ کەسێکی دیاریکراو نا، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی بە ویژدانەوە کار بۆ ئەم وڵاتە دەکەن.
- سکاڵایەکت هەبێت دژی کێ بەرزی دەکەیتەوە ؟
- لەخودا بەزیاد بێت دژی کەس.
- خواستێکی تایبەتی خۆت ؟
- خواستم زۆرن، جەمال ژن بهێنێتو شادمانمان بکات.
- ئەو ماوە مێژوویەی حەزت دەکرد تێیدا بژیتایە ؟
- لە ڕابردوودا نا، لەبەر ئەوەی من هەمیشە تەماشای بەردەمی خۆم دەکەم، تەماشای یەکێك دەکەم خوا تەمەنی بداتێ پێکەوە ماوەیەك ببینین وڵات لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدا بژیو ئاشتیمان لە ناوچەکە بەرقەرارکردبێتو توانیبێتمان گرفتی گەورە چارەسەر بکەین، کە لە ئێستادا پێی ناوێرین .. ئەمیان بریتیە لە ئایندە.
- گەشتێك لە خەیاڵتدا بێت ؟
- زۆرن، لەوانە گەشتێك بۆ وڵاتی چینو کۆریا.
- پاسەوانەکان لای تۆ ئامان بەخشن یان هەناسەسواری ؟
- ئەگەر چی کەممانکردوونەتەوە، بەڵام هەر هەست بە خنکان دەکەم.
- نوکتەیەك، ئایا سەرۆك گوێ لە نوکتە دەگرێت ؟
- بێگومان کێ هەیە حەزی لە نوکتە نەبێت.
- سەرۆك دووبارەی دەکاتەوە؟
- سەرۆك زۆر خۆش مەشرەبە.

- هەرگیز باسی دایكو باوكت ناكەیت ؟
- هەموجار بەخۆم دەڵێم كاتێك یاداشتەكانی ژیانم دەنووسمەوە، لە ناو ئەم خێزانە شادمانەدا، بەشێكی زۆری بۆ باوكە پزیشكەكەم تەرخان دەكەم، كە زۆر بەجوانی پەروەردەی كردین، ئازادی پێدەبەخشینو وای دەكرد پشت بە خۆمان ببەستین، لەهەمان كاتدا سانسۆرێكی توندمان لەسەر بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە لە یانەی سپۆرتینگ دەژیاینو ئەندامی تیمی مەلەوانیو باڵێو گروپی ئارەزوومەندان بووم، هەموو ڕۆژێكی پێنج شەممە نمایشتێك دەكرا، دایكم لە نۆی بەیانیەوە لەگەڵمدا دەهات بۆ یانە تاكو بەشداری لە مەشقی مەلەدا بكەم .. باوكم هانی دەدامو ئازایی پێدەبەخشیم، ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو تیمی مەلەوانی بچۆ .. ئەگەر حەزت لە باڵێیە بچۆ .. هانی دەدامو دەهات بۆ سەیری نمایشتەكانم، كاتێك هاوڕێ كچەكانم دەهاتن بۆ سەردانم لە ماڵەوە بەخێرهاتنی دەكردن، ساڵانێكی زۆر خۆشی تەمەنم بوو، جوانترین ساڵانی تەمەنم بوو ..
- بێگومان كاری پزیشكی كاتێكی زۆری ڕۆژانەی دەبرد ؟
- بێگومان.
- بیرت لەوەنەكردەوە وەك ئەو ببیت بە پزیشك ؟
- بۆ فریاكەوتم .. یەكسەر سەرۆك منی ڕفاند، هەموجارێك دەڵێت من تۆم ڕفاندووە ؟ فریانەكەوتم ببم بە پزیشك یان هەر شتێكی تر.

[...]و گفتوگۆیەی خاتوو ڕەندە ئەبو عەزم لەگەڵ خاتوو سۆزان موبارەك ئەنجامیدا دەڵێت [...]ازگای ئەلمنیا لە ناوچەی سعێد لە دایك بووەو كچی دكتۆرێكە كە پزیشكی لە بەریتانیا [...]ووە، لە تەمەنێكی كەمدا شووی بە سەرۆك حوسنی موبارە كردووە، خاتوو سۆزان [...] ٢٠٠٥ لە كاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا باسی لە چۆنیەتی یەكترناسینی لە نێوان خۆیو [...]ك كرد، بەر لەوەی بە سێ ساڵ شوو بە حوسنی موبارەك بكەم ناوی حوسنیم بیستبوو، [...] لەوەی مامۆستای فڕۆكەوانی براكەم بوو، هەروەها شێوەی ڕووخساری سەرنجی هەموو [...]ێكی بۆ لای خۆی ڕادەكێشا، لەوەی یەكەمجار سەرنجی منی ڕاكێشا ئەو كەشخەیەی بوو، [...] لە جلە فڕۆكەوانیەكەی هەموو شتەكانی تری تەواو بوون، قۆز بوو، قسەكانی سەنگی [...]بوو، مرۆڤێك بوو متمانەی بە خۆی بوو، نەفس بەرزبوو، سەرۆكو مەزنی هەر ئاوا دەبێت،

چاوەکانمان کەوتنە کارکردن، واتە تەماشایەك لێرەو تەماشایەك لەوێ، وەك جۆرێك لە سۆزداری دەردەکەوت، دەتوانیت بڵێیت سۆزێکی دوو لایەنە بوو، لەبەر ئەوە هەمیشە پێی دەڵێم تۆ منت ڕفاند نەك من، بەڵام نازانین کامان ئەویتری ڕفاند.

خاتوو ڕەندە ئەبو عەزم: خاتوو سۆزان چووە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە، ئەویش پاش ئەوەی دبلۆمی ئامادەیی بەدەستهێنا، لە خوێندنگای سان کیلر ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسیدا وەرگرتو لە ساڵی ١٩٨٢ بڕوانامەی ماستێری لە کۆمەڵناسیدا بەدەستهێنا لە زانکۆی ئەمریکی، خاتوو سۆزان دوو کوڕی هەیە بە ناوی عەلاو جەمال، دوو کوڕەزای هەیە لە عەلای کوڕی، بەڵام جەمال کە ئێستا پلەی ئەمینداری گشتی لیژنەی سیاسیەکانی حیزبی نیشتمانی دەسەڵاتدارە، لەم ماوەیەدا ئاهەنگی ژنهێنانی گێڕا، ماوەی ساڵانێکی زۆرە خاتوو سۆزان موبارەك بەشداریەکی بەرچاوی لە بواری کۆمەڵایەتیو ئەهلیدا هەیە، ئەویش بەهۆی دامەزراندنی زۆرێك لە کۆمەڵەو دێکخراوەو دامەزراوەکان، کە خزمەتگوزاری گرنگ پێشکەشی کۆمەڵگا دەکەن، ئەم چالاکیانە هەمەجۆرەن لەوانە ڕۆشنبیری وەك هەڵمەتی خوێندنەوە بۆ هەمووان، یەکێکی تر لەو چالاکیانە گرنگیدان بە منداڵانو دایکایەتی، گرنگیدان بە تەندروستیو لایەنە کۆمەڵایەتیەکان، وەك پەرەپێدانی ناوچە ڕەمەکیەکانو دروستکردنی خوێندنگا، خاتوو سۆزان چەندین مەدالیای وەرگرتووە، لەگەڵ چەندین بڕوانامەی جیهانی، ئەویش وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەرکو ماندووبوونی لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی میسریدا، ساڵی ٢٠٠٤ بزووتنەوەی سۆزان موبارەکی بۆ ئاشتی دامەزراند کە ڕەهەندێکی هەرێمایەتی لەخۆگرت، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاشتی لە ڕێگەی مونتەداکانەوە، هەروەها هاندانی ڕۆشنبیری دایالۆگی نێوان گەلان .. خەریکی ڕێکخستنی مونتەدایەکی جیهانییە لە پێناو لاواندا لە ژێر ناونیشانی لاوان لە پێناو ئاشتیدا، تۆ دەپەیڤیتو ئێمە گوێ دەگرین، ئەمیان نوێترین مونتەدایە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاشتی دامەزرابێت، پاشان لە خاتوو سۆزانم پرسی :-

- لەو ناونیشانەی دەڵێت تۆ دەپەیڤیتو ئێمە گوێ دەگرینو ئاشتی، هەندێك دەپرسن مەسەلەی ئاشتی زۆر ئاڵۆزەو ئاسان بەدەستنایەت، بۆ ئەم بابەتانەت هەڵبژارد ؟
- بێگومان بابەتی ئاشتی سەختو قورسە بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستا جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ ناوچەکەی خۆمان، بەڵام پەیامێکی پیرۆزە، ئێمە لە بواری

بزووتنەوەی ژنان لە پێناو ئاشتیدا ئەم چالاکیەمان لە ئەستۆگرتووە، لەگەڵ پەرەسەندی جوڵاندنەوەکەو فراوانبوونی چالاکیەکان، هەستمان کرد لاوان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، دەبێت لەم گەشتەدا لەگەڵماندا بن و ئەونیش ئەو پەیامەیان پێ بێت، ئێمە هەمیشە لە هەموو دانیشتن و سیمینارەکانماندا باس لە ئاشتی دەکەین، لە ناو خێزان و کۆمەڵگاو تەنانەت لە نێوان دەوڵەتەکاندا، ئەو پەیامەی ئێمە دەمانەوێت بڵاویبکەینەوە بریتیە لە ئاشتی بە مانا بەرفراوانەکەی، ئاشتی بە مانا گشتگیریەکەی، نەك بەو مانایەی کە جەنگ نەبێت، واتە چۆبیەتی پاڵپشتیکردنی کۆمەڵگا، بە تایبەتی گەنجان، واتە دروستکردنی ئاشتی لە نێوان خودی کۆمەڵگا خۆی، کە ئەمەش دەبێتە سەرەتای دروستبوونی ئاشتیەکی هەمیشەیی.

- هەمەچەشنەییەکی زۆر هەیە لەو بابەتانەی لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا لەسەر ئەنتەرنێتی بۆرسە باسی لێوەکراوە، ئایا باشتر نەبوو لە بری ئەم هەمە چەشنە سەرنجمان لەسەر یەك بابەت چڕکردایەتەوە، لەبری ئەم هەموو بابەتە ؟ یان بەڕێزتان وای دابنێن هەموو ئەمانە پەیوەندی بەمەسەلەی ئاشتیەوە هەیە ؟
- ئێمە ئەم بابەتانەمان هەڵنەبژاردوون، گەنجەکان هەڵیانبژاردوون، ئێمەش ساڵێکمان لەبەردەستدایە تاکو پەیوەندیان پێوە بکەین بەو مەبەستەی گەنجانمان بگەنە ئاستی گەنجانی جیهان، قسەمان لەگەڵ زۆر لە کۆمەڵەی گەنجان کردووە، دانیشتن و کۆبوونەوەو دیدارمان ئەنجامداوە، واتە لەگەڵ گەنجانی پارێزگاکانی میسرو گەنجانی زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکان، لێمان پرسیوون ئێمە کۆنگرەیەك سازدەکەین، ئێوە چ بابەتێکتان پێ باشە قسەی لە بارەوە بکەین، بەو مەبەستەی ئێوە قسەی تێدا بکەن و ئێمە گوێتان لێبگرین، ئەوان خۆیان ئەو بابەتەیان هەڵبژارد، لە ڕاستیدا کاتێك ناونیشانی بابەتی بەرنامەی کارەکە دەخوێنیتەوە، بیروڕای هەمەجۆری تێدایە، بەڵام هەموویان یەك هێڵ بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەویش ڕۆڵی ئاشتیە .. ڕۆڵی گەنجانەو پەیوەندیان بە بوونیادنانی ئاشتیەوە، کاتێك باس لە بەژداری دەکەین، باس لە هاوڵاتیبوون دەکەین، باس لە بەتوانابوونی گەنجان دەکەین تاکو گوزارشت لەبیروبۆچوونی خۆیان بکەن و مومارەسەی مافەکانی خۆی بکات و بەشداری بکات لەبڕیاردان، کاتێك باس لە تەندروستی دەکەین و لای گروپێکی تەمەنی دیاریکراو

گرنگە، ئەمەش مانای وایە گەنجان بڕیاری گرنگ لەو بارەیەوە ئەدەن، کاتێك دەست بە جگەرەکێشان دەکات یان پەنا بۆ مادده هۆشبەرەکان دەبات یان .. یان .. یان .. ئەم بڕیارانە کاریگەری لەسەر ژیانی ئاییندەی دادەنێت، هەموو ئەو مەسەلانەی باسمان لێوەکرد، هەمووی خۆ ئامادەکردنە بۆ چۆنیەتی پاراستنی گەنجانو منداڵانو مێردمنداڵان لە هەندێك لەو کارە دزێوانە، ئەمەش هەمور لە دواجاردا مانای وایە ئێمە قسە لە ئاشتی دەکەینو گرنگی ئاشتی لە ژیانی ڕۆژانەماندا، هەروەها کاریگەری ئاشتی لەسەر ئەو بڕیارانەی بۆ پاراستنی ژیانی ڕۆژانەمان دەریدەکەین.

- زیاتر لە هەزارو سەد گەنجی کوڕو کچ لەم مونتەدایەدا بەشداری دەکەن، لەسەر چ بنەمایەك ئەو گەنجانە هەڵبژێردراون ؟ ئایا بەڕاستی نوێنەرایەتی هەموو جیهان دەکەن ؟ هەندێك دەپرسن مۆڵگەی کێشمە کێشەکە لە نێوان ئیسرائیلو فەلەستینو عێراقدایە، واتە مۆڵگەکان زیاددەبن، ئایا نوێنەری هەموو ئەو دەوڵەتانەی تێدایە ؟
- سەرەتا کە دەستمان پێکرد، ماوەی ساڵێکە بیر لەم مونتەدایە دەکەینەوە، بانگهێشتمان لەسەر ئەنتەرنێت دانا، ئەمیان ئەو هۆکارەیە کە ئێستا گەنجان بەکاری دەهێنن، لە ڕاستیدا داوەتنامەکانمان خستە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت، ئەو وەڵامانەی بۆمان هاتووە لەسەرو تێڕوانینی ئێمە بوو، سەرەتا دامانابوو لە سنووری چوار سەد بۆ پێنج سەد بەشداربوو ئامادە بێت لە گەنجانی خۆبەخش، بەڵام ئەوەتا زیاتر لە هەزارو دوو سەد گەنج بەشدارییان کردووە، هەشت سەد گەنجیان لەسەرتاسەری جیهانەوە هاتوونو لە سەد دەوڵەتی جیاوازەوە، ئەمڕۆ سەد دەوڵەت نوێنەری لێرە هەیە، ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئەو بنەمایە. بوو کە پێوەری دیاریکراوی تێدا بەکارهاتبوو، ئەوان داوایان کرد باسی کۆنگرەیان بۆ بکەین، واتە گفتوگۆی بابەتەکان کراو داوامان لێکردن بەشداری لە داڕشتنەوەیدا بکەنو کار بۆ ئامادەکردنی بکەن، لە ڕاستیدا وەڵامی باشمان بۆ ئەم کارە دەستکەوت، لەسەروو تێڕوانینی ئێمەوە بوو، ئەمڕۆ هەموو دەوڵەتان لێوە بەشدارن.
- هیچ وڵاتێك نەبوو ڕازی نەبێت بەشدار بێت، بۆ نموونە ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی ئێمە باس لە ئاشتی لە ناوچەکە دەکەین ؟

- ئێمه قسه لەسەر ئەوە دەكەین گەنجان لە هەموو جیهانەوە هاتوون بۆ شەرەم شێخ‌و باس لە ڕۆڵی خۆیان دەكەن‌و تواناكانیان بۆ بوونیادنانی ئاشتی، ناتوانین هیچ گەنجێك دوور بخەینەوە جا ئەو گەنجە لە هەر دەوڵەتێكەوە هاتبێت‌و بەمەستی قسه كردن لەبارەی ئاشتیوە، هەڵبژاردنەكە تەنها لەسەر دوو بنەمای سەرەكی بوو، گەنجێك بێت شارەزایی هەبێت‌و ڕۆڵی كاریگەری لە ناو ڕێكخراوە گەنجانەكاندا هەبوو بێت، یان ئەزموونێكی هەبێت‌و باسی بكات، هەروەها ئەمڕۆ دەبینیت هەموو ئەوانەی لێرەن گەنجانی هەژدە بۆ نۆزدە ساڵن‌و چیرۆكی سەرنجڕاكێشیان هەیەو دەیگێڕنەوە، ئەمەش مانای وایە بە دوای شتێكدا دەگەڕێت، ئەمڕۆ كە قسەم دەكرد هەستم بە خرۆشان دەكردو هەستم بە شادمانیەكی گەورە دەكرد، من دەزانم گەنجان توانای گەورەیان هەیەو بەخشینیان هەیەو پێویستیان بە دەرفەتە، گەنجانی ئەفریقاو ئەوروپاو ئەمریكای لاتین واتە هەموو جیهان لێرە ئامادەیە، هەموویان گەنجی بە پەرۆشن‌و ئەزموونیان هەیەو بەشداری دەكەن، بۆ ئەوەی بتوانن دابمەزرێنن‌و دروستبكەن‌و بەرگری لە بنەماكانی ئاشتی بكەن.
- سەبارەت بەو گەنجە میسریانەی لەم مونتەدایەدا بەشداریان كردووە، ئایا نوێنەری هەموو چین‌و توێژەكانن‌و تەنها یەك چینی دیاریكراوی تێدانییە، بۆ نمونە زانكۆیەكی دیاریكراو، یان لە هەموو چین‌و توێژەكان پێكهاتوون ؟
- سەرەتا ئێمە ئەمە یەكەمجارمان نییە لەم بوارەدا كاربكەین یان لەگەڵ گەنجانی میسردا كۆببینەوە، ساڵ پار لە سەربازگەكانی گەنجاندا دیداری باشمان لەگەڵ گەنجاندا هەبوو، هەموو وەرزی هاوینی ئەو ساڵە پێكەوە بیروڕای ڕۆشنبیری ئاشتیمان دەگۆڕیەوە، ئێمە گروپێكمان هەیە وەك دەڵێن ناومان لێناون هاوڕێیانی بزووتنەوە لە هەمو پارێزگاكانەوە هاتوون، دەتوانین بڵێین نوێنەری هەموو میسرن، بڕۆ تەماشابكە نوێنەری هەموو پارێزگاكان دەبینیت، نوێنەری زانكۆ تایبەتیەكانیشی تێدایە، وەك زانكۆی ئەمریكی‌و زانكۆی بەریتانی‌و زانكۆی میسری‌و هەروەها لە خوێندنگا تایبەتەكان‌و حكومییەكانیش نوێنەریان ئامادەیە، بەڵام نوێنەری هەموو پارێزگاكانی تێدایە، كە لەمیان مەرجی سەرەكی بوو، ئەگەر نا نەماندەتوانی مونتەدایەكی لەم شێوەیە ڕێكبخەین، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ ئەوانە، دەرفەت بە گەنجی

میسریش دەدەین تاکو گوێبیستی شارەزایی‌و لێهاتووی گەنجانی جیهان بێت.

- ئاشکرایە جیاوازی لە پێگەیشتنی سیاسی ئەو گەنجانەدا هەیە جا ئەگەر لە میسر بێت یان هەر دەوڵەتێکی تری بەشداربوو، ئایا ئەم جیاوازیە نابێتە هۆکارێکی نێگەتیڤ لە مونتەداکەدا ؟
- نەخێر، بڕواناکەم. تەمەنیان لەیەکەوە نزیکە کە هەژدە بۆ بیست‌و چوار ساڵانن، ڕاستە لەسەر ئاستی شارەزایی جیاوازی بەدیدەکرێت، ئاستی خوێندنی جیاواز، هەندێك گەنجان دەرفەتی باشتریان بۆ ڕەخساوە لە بواری سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، ئەمیان بە پێچەوانەوە دایالۆگەکە دەوڵەمەندتر دەکات، بە واتایەکی تر لەیەکترەوە فێر دەبن‌و فێری شتی نوێ‌و مومارەسەی نوێ دەبن، پاش تەواوبوونی ئەم مونتەدایە ئومێدمان ئەوەیە کە هەمئاهەنگی‌و بەردەوامیمان پێکەوە هەبێت.
- جوڵانەوەی سۆزان موبارەك لە پێناو ئاشتیدا ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا، ئایا بەڕێزتان لە ناوخۆدا لێکۆڵینەوەتان کرد تاکو بچنە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، واتە چۆن ئەم جوڵانەوەیەتان گەیاندە ئاستی نێودەوڵەتی ؟
- ئەی چۆن، ناتوانم بڵێم ئێمە لە ناو میسردا ئەجندایەکی گەورەمان هەبوو، واتە ماوەی چەندین ساڵە لە بواری گەشەپێدان بە گشتی کاردەکەم، بە هەموو لقەکانیەوە، جا لە بواری خوێندن یان تەندروستی یان ژنان یان منداڵان یان لەگەڵ گەنجاندا، بە پێچەوانەوە دەرچووین لە ناوخۆ، من هەموو کارەکانی ناوخۆم دەچێتە بواری نێودەوڵەتییەوە، لە چوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکاندا کار دەکەین، بەڵام بەرنامەکانمان ناوخۆیین، واتە گرنگیدانی جیهانی بە تەندروستی منداڵان‌و تەندروستی ژنان، لە هەموو ئەمانەدا ئێمە لە چوار چێوەی جیهانیدا کار دەکەین، ئەمەش بەپێی ئەجندایەکی نیشتمانی ناوخۆیی بەڕێوەیدەبەین، دەرچوون بەرەو ئاسۆی نێودەوڵەتی یارمەتیمان دەدات ئاسۆمان فراوانتر بێت‌و شارەزاییمان زیاتر بێت، ئەویش لە پێناو جێبەجێکردنی ئەجندایەکی ناوخۆیی بەسەر چوارچێوە جیهانیەکەدا.
- بەشدارییەکی چاوەڕوان نەکراو لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە هەبوو لەگەڵ کەرتی تایبەت، لەم کۆنگرەیەدا سێ سەدو دوانزە ڕێکخراو بەشداریکرد،

ئایا ئەم بەشداریە گەورەیە بۆ ئامادەبوونی بەرێزت ناگەڕێتەوە، گرنگی تایبەت بەم مونتەدایە دەدەیت، یان ئەوەتا ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بەرفراوان بووە ؟

- هەر دوو لایەنەکە ڕاستە، یەکەم با باس لە ئاستی ناوخۆ بکەین، لێرە لە ناو میسردا متمانە هەیە هەوڵ بۆ پەرەپێدانی دەدرێتو منیش لەو هەوڵانەدا بەشدارم، واتە من کار لەسەر ئەو کۆمەڵانە دەکەم کە دایاندەمەزرێنم، واتە لە هەر بوارێکی کۆمەڵایەتیدا بێت من پشتگیری دەکەم، وەك ژنانو منداڵانو ئەو گروپانەی چەنسیان کەمترە، ئێمە لەگەڵ ئەم گروپانە کاردەکەین، کاتێك خەڵکەکە ڕاستیەکە دەبینێت کە ئەمیان بەرنامەیەکی کار لەسەرکراوەو لەسەر بنەمایەکی زانستی دارێژراوەو دەرئەنجامەکانیش دەبینن، منیش لە خوا بەزیاد بێت پاڵپشتی باشم هەیە، لە ناو کەرتی تایبەتو لە ناو بزنسمانەکانو هەموو ئەو کەسانەی کاری باشە بۆ میسر دەکەنو پاڵپشتی پرۆژەکانم دەکەن، کە پرۆژەکانم هەر هەموو لە پێناو خەڵکدایە، من لەسەر بنەمای ئەمانەتو چالاکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاردەکەم، لەبەر ئەوە کاتێك بانگەوازمان بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە کرد، لە دەرەوە هاوبەشکارو پاڵپشتمان بینی، لەسەر ئەوەی من چاوەڕێم دەکرد پاڵپشتیمان بۆ دروست بوو، لەبەر ئەوەی ئامانجەکە پیرۆز بوو، چونکە کاتێك گەنج لەسەر ئاشتی قسە دەکات شتێکی زۆر گرنگو گەورەیە، پەیامی ئاشتی ئەمڕۆ بە هەموو لایەکدا ڕێ دەکات، ئێستا هەموو باس لە ئاشتی دەکەن، نەك تەنها قسە لەسەر جەنگ بکەن یان قسە لەسەر کێشە چەکداریەکان، بیرۆکەکەش ئەوە بوو ئێمە چۆن بتوانین گەنجان لەگەڵ خۆمان بەشداری پێبکەین، کە توێژێکی زۆر گرنگی کۆمەڵگان، ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان ڕۆڵی گرنگ هەیە، کە خواستێکی گەورەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەرگرت، کە وەڵامدانەوەو پاڵپشتیەکمان وەرگرت خۆمان چاوەڕوانمان نەدەکرد.

- ئایا حکومەت هیچ خەرجیەکی ئەم مونتەدایەی لە ئەستۆگرت ؟
- بە هیچ شێوەیەك، ئەمیان ڕێکخراوێکی ئەهلیە، وەك دەڵێن ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە، لەبەر ئەوە پاڵپشتی دەوڵەتیمان بەدەستهێنا، با نمونەیەکی سادەت بدەمێ، خوێندنگایەکی تایبەت بیست پاسیان بۆ ئەم کۆنگرەیە ئامادەکربوو لە

قاهیرەوە هاتبوون بۆ ئێرە، چاپەمەنیەکانی چاپخانەیەکی تایبەت کاری چاپو بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتو خەجی چاپەمەنیەکانی هەموو خستە ئەستۆی خۆی، تاکە وەزارەت لەم مونتەدایەدا کارمان لەگەڵیدا کرد وەزارەتی گەیاندن بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە بە ڕۆژ بەو شێوەیە کار دەکەینو بە شەویش پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ دەستە نێودەوڵەتیەکانی وەك مایکرۆسۆفتو سسکۆو ئەنتەر ناسیۆنال بۆ پەیوەندیگرتن کاردەکەین، کە ئەمیان دەستپێشخەرییەکی باش بوو، لەگەڵ ڕێکخراوێکی ناحکومی کار بکەین، هەروەها چۆن لەگەڵ دەستە نێودەوڵەتیەکان لە پێناو ئاشتیدا کارمان کرد لە بواری تەکنەلۆژیای نوێدا.

- بەڕێزت لە وتەیەکدا وتت ئەگەر ئەم گەنجانە ڕۆڵیان نەبێت لە بڕیارەکانی جەنگدا، ئەوا لە بانگەوازی ئاشتیشدا ڕۆڵیان نابێت، واتە مەسەلەی ئاشتی سیاسەت بە تەواوەتی کاری تێدا دەکات، حکومەتو وڵاتانیش کاری تێدا دەکەن، ئایا ئەمە تەنها بانگەوازێکە ؟ یان پێدانی تێڕوانینێکی جیاوازە لەسەر گەنجانی ناوچەکە، لەبری ئەو بانگەوازەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دەرەوە دەچەسپێت، لەبەر چی سیاسەتتان دوورخستەوەو هیچ سیاسیەکمان نەبینی لەم کۆنگرەیەدا بەشداری بکات ؟

- ئێمە بانگەوازمان بۆ ئاشتی بوو، واتە ئێمە وەك ڕێکخراوەکانو گەنجان ڕۆڵمان نیە لە بانگەوازی جەنگی دەوڵەتیدا، هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەقینەمان لەمەدا نیە، شەڕی چەکداری زۆر لە دەوروبەرمان هەیە، لەو جەنگانەی ئێمە سەرپەرشتی دەکەین، ئێمە دەنگێکمان تێیدا نیە، بڕیار وەردەگیرێت، جەنگ هەڵدەگیرسێت، بەڵام ئێمە بڕوامان وایە دەبێت دەنگێکی تر هەبێت ئەم هەموو توندوتیژیە لە ناوبەرێت کە ڕۆژانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێنو ڕۆژانە لەگەڵیدا دەژین، پەیامی ئێمە زۆر لەوە دوورترە تەنها باسی جەنگی تێدا بکەین، ئێمە باس لە ئاشتی دەکەین، ئاشتی کۆمەڵایەتی وەك بنەمایەك بۆ هەستانەوەی کۆمەڵگاو ئەو وڵاتانەی لەم ناوچەیەدا دەژین.

- واتە لێرەدا باس لە ڕۆشنبیری ئاشتیو هۆکارەکانی توندڕەوی دەکرێت، وەك هەژاریو بێکاریو هەستکردن بە زوڵم، نەمانبینی یەکێك لەم بابەتانە لە ناو

تەوەرەکاندا باس بکرێن ؟

- بێگومان تێیدایەو لە بنەماکاندا هەیە، کاتێك باس لە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکەین، ئێمە لەم مونتەدایەدا باس لەوە دەکەین لەبەر چی لە ناو کۆمەڵگادا توندوتیژی هەیە، بۆچی لە خوێندنگاکاندا توندوتیژی هەیە، ئەمیان لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، بەدوایدا دەگەڕێین، سیمینارێکمان هەیە باس لەوە دەکەین چۆن ڕۆڵی زیاتر بدەین بە گەنجان تاکو بەشداری کاری سیاسی بکەن.
- لە ژێر سایەی ئەو بەشداریە سیاسیە لاوازەی لەلایەن گەلی میسریەوە دەکرێت، بە گشتی باس لە گەورەکان دەکەین، ئەم مونتەدایە چۆن دەتوانێت هاوکاری گەنجان بکات‌و دەرفەتی باشترینیان دەداتێ تاکو زیاتر مومارەسەی سیاسەت بکەن ؟
- بەشداری سیاسی ئەویان وشەیەکی زۆر گەورەیە، نەخێر، ئەمیان بەشداری سیاسی نییە، بە پێچەوانەوە بە بۆچوونی من بەشداری سیاسی هەر لە منداڵیەوە دەست پێدەکات، ئێمە زۆر منداڵمان لایە ئێستا خاوەنی ڕۆشنبیری خۆبەخشیە، دەست دەکات بە دروستکردنی گرووپی بچوك‌و لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆی کار دەکات، سەرەتا وەك خوێندکاری خوێندنگاو زانکۆ کار دەکات، ئەمیان سەرەتای ڕۆشنبیرکردنی سیاسیەو سەرەتای مومارەسەی سیاسەتە.

## یاداشتی ژیانێکی پڕ چالاکی

خاتوو ڕەندە ئەبو عەزام بەردەوام بوو لەسەر پرسیارەکانو بە شێوەیەکی هێمنو لەسەرخۆ وتی:-

-خاتوو سۆزان موبارەك ناتوانم هەموو یاداشتی ژیانتان بخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی یاداشتەکانتان زۆرنو گەورەن پڕیەتی لە چالاکیو فێربوون، واتە ئەوەندەی شت تێدایە کاتی بەرنامەکە ڕێمان نادات باس لە هەموو شتێك بکەین، بەڕێزتان بەر لەوەی سەرۆك دەسەڵاتی سەرۆکایەتی وەربگرێت کاری خۆبەخشانەتان ئەنجامداو زیاتر لە بیستو شەش ساڵە بەم شێوەیە کار دەکەن، لە چ بوارێکدا هەست دەکەیت ئەوەی وویستووتە بەدەستتهێناوە ؟ لە چ بوارێکیشدا ئەوەی دەتخوازیت بەدەستتنەهێناوەو لەبەر چی ؟

-ئاسان نییە مرۆڤ بڵێت لەو بوارەدا ئەوەی ویستوومە بەدەستمهێناوە، لەبەر ئەوەی ئەمیان کاری بەردەوامی دەوێت، هەموو ڕۆژێك حەزو ئارەزوی مرۆڤ زیاد دەکات، تەنانەت ئەو گروپەی تۆ خزمەتی دەکەیت ڕۆژانە داخوازییەکانیان زیاد دەکات، سەرەتا بە پرۆژەی خوێندن بۆ هەمووان دەستمان پێکردو گرنگی خوێندنەوە لای منداڵی میسری، کە دەبێت کتێب لە دەرەوەی خوێندنگاو ناو خێزاندا هەبێت، بیرمان لە دروستکردنی کتێبخانەی خوێندنگا کردەوە پاشان کتێبخانە لە گەڕەکەکانداو دواتر کتێبخانەی گشتی، من هەست دەکەم ئەم هەموو هەوڵانە بوونە هۆی دووبارە بوونیادنانەوەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، ئەمیان خولیاو خەونە، بە بچوکی دەست پێدەکاتو هێدە هێدی گەورە دەبێت، ئەمڕۆئەو خەونە هاتەدیو کتێبخانەی ئەسکەندەرییە دروستکرا.

-بەڕێز جەمال موبارەك بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا دەکات، وابزانم لە ڕۆژی سێیەمدا تۆ داوات لێکرد بەشداری بکات ؟

-نەخێر من داوا لە کەس ناکەم بەشداری بکات، ڕێکخراوەکەم خۆیان حەز دەکەنو بانگهێشتیان کردووە تاکو گوێیان لێ بێت، ئەزموونێکی باشی هەیە، دەیانەوێت گوێبیستی بن، ئەویش وەك سەرۆکی ڕێکخراوی ئایندە ئامادە دەبێت، ئەویش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە مەشقو بە تواناکردنی لاوان، تاکو کارێکی دەستبکەوێت کە خۆی

دەیخوازێت، ئەو ڕۆڵی ئەمەیە، وابزانم ئەو یەك دانیشتن ئامادە دەبێت وەك هەر قسەکەرێکی تر.

-تۆ دوو کوڕەزات هەیە، لە خودا داواکارم کوڕەزای تریشت هەبێت، ئایندەی کوڕەزاکانت چۆن دەبینیت؟

-ئاییندەیان دەبنە گەنج، کاتێك گەورە دەبن لەمپەر زۆر دێتە ڕێگەیان، دەرفەت ئەمڕۆ زۆرن کە لەوانەیە بۆ کوڕەکانی من ئەو دەرفەتانە نەبووبێت، بەڵام بەرەنگاربوونەوەکان گەورەتر دەبن، زەمەن خێرا تێپەڕ دەبێت، پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاو زانست زۆر بە خێرایی پێش دەکەون، واتە کاتێك ئێمە ئەمڕۆ لێرە دانیشتووین نازانین پێنج ساڵی تر چی ڕوودەدات سەبارەت بەم پێشکەوتنە ترسناکە.

## سەرۆك تەندروستی زۆر باشە

-دەکرێت پرسیارێك لە بەرێزتان بکەم، لەم ماوەیەی دوایدا پڕوپاگەندە بڵاوبووەوە لەسەر تەندروستی سەرۆك، دەمانەوێت لە تەندروستی سەرۆك دڵنیامان بکەیتەوە.

-سەرم سوڕماوە، لەبەر چیو ئەمە لە بەرژەوەندی کێیە ؟ ئەم پڕوپاگەندانە سوود بە کێ دەگەیەنێت، لە خوا بەزیاد بێت تەندروستی زۆر باشە، ئەوەتا چالاکیەکانی هیچی نەوەستاون، هەفتەی ڕابردوو چەندین شوێنی کردووەتەوەو کۆبوونەوەی هەبووەو دیداری ئەنجامداوە.

-ئایا وەك خێزان، ئەم پڕوپاگەندانە بێزارتان ناکەن ؟

-ئەم پڕوپاگەندانە لە بەرژەوەندی کێیە ؟ کێ سوودی لێوەردەگرێت ؟ ناسەقامگیری دەخەنە ناو خەڵکەوە، هەندێکجار تەلەفونێك دێتو دەڵێت خێرە سەرۆك چۆنە خۆ هیچی نییە، نەخێر، هیچ نییە سەرۆك زۆرباشە، تەنانەت لەماڵەوە نییە بەڵکو لە کۆبوونەوەیە، دیداری هەیە تووشی بێتاقەتی دەبیتو سەرت سووڕدەمێنێت، باشە لەبەر چی، من ئەوەی دەیلێم وەك هاوڵاتیەکی ئاساییە نەك وەك ژنی سەرۆك کۆمار، دەبێت لێپرسینەوە هەبێت، ئەگەر ڕۆژنامەیەك، گۆڤارێك، بەنامەیەکی تەلەفزیۆنی پڕوپاگەندەیەکی خراپ بڵاوبکاتەوە دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

–سەرچاوەی ئەم پروپاگەندانەتان نەدۆزیوەتەوە، هەموو هەفتەیەك ئەمە دووبارە دەبێتەوە ؟

–بەڕشکاوی، سەرچاوەکەی نازانین، بەڵام ئەگەر سەرچاوەیەکی هەبێت بە دڵنیای ئێمە دەیزانین، ئەگەر سەرچاوەکە زانرا دەبێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، نەك لەسەر پروپاگەندەیەك تایبەت ببێت بە سەرۆك، بەڵکو هەر پروپاگەندەیەك کار لەسەر بەرژەوەندی وڵاتو نیشتمان بکات، ئەمەیان لەبەرژەوەندی کێیە، بە ڕاستی نازانم بڵێم چی.

## للا سەلما .. ژنی شا محەمەدی شەشەم...

## پاشای مەغریب

شازادەیەکە لە کتێبی هەزارو یەك شەوە هاتووەتە دەرێ

ژنی کۆمەڵێك بەرپرسی جیهانی

**دەربارەی شازادە سەلما وتوویانە**

## ژنێکی لە ڕێسابەدەر

شازادە لـلا سەلما بە هەموو پێوەرەکان کاتێك هاتە ناو ژیانی گشتی مەغریبیەکانەوە، شۆڕشێکی گەورەی لە ناو خێزانی عەلەوی دەسەڵاتدا دروست کرد، بەشێکی زۆر لە مەغریبیەکان لەگەڵ ئەم ڕووداوە کارلێکیان کرد، بە تایبەتی کە پێشتر ژنی پاشاو میرەکان هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە یان لە ژیانی گشتیدا دەرنەکەوتوون، لەبەر ئەوە خەڵك خێرا بەرەورووی ئەم دیاردەیەچوون کە بووە هۆی تێکشکاندنی بنەمای پارێزگارکاری خێزانی دەسەڵاتی شاهانە، هەموو هوڵیاندەدا وێنەی ئەو شازادەیان دەستبکەوێت، کە لە نێوەندێکی میللی ئاساییەوە هاتبوو.

ژنی محەمەدی شەشەمە، پاشای مەغریب، پاشا محەمەدی شەشەم کوڕی شا حسێنی دووەم لە ٢١ی ئابی ١٩٦٣ لە دایك بووە لە ڕیباتی پایتەختی وڵات، بیست‌و سێهەم پاشای دەوڵەتی عەلەویە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوە لەسەر عەرشی پاشایەتی مەغریب دانیشتوون.

بەپێی مێژوونووسان خێزانی عەلەوی لە پێغەمبەرەوە داکەوتوون، لە شاری "سجلماسە" لە ناوچەی "تاف یلالت" جێگیربوون، لە ناوەڕاستی سەدەی سیانزەهەمەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، باوکی لە تەمەنی چوار ساڵیەوە خستوویەتە خوێندنگای قورئان خوێندن کە پاشکۆی کۆشکی پاشایەتیە، خوێندنی سەرەتایی‌و دواناوەندی لە پەیمانگای مەولەوی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨١ بەکالۆریای بەدەستهێناوە.

لە خوێندنی باڵا بەردەوام بوو لە کۆلێژی زانستی یاسایی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لە زانکۆی محەمەدی پێنجەم لە ڕیبات، ساڵی ١٩٨٥ مۆڵەتی لە بابەتی یەکێتی عەرەبی ئەفریقی‌و ستراتیژیەتی شانشین لە بواری پەیوەندی نێودەوڵەتید وەرگرتووە، ساڵی ١٩٨٥و ١٩٨٨ دوو بڕوانامەی بەدەستهێنا لە بواری خوێندنی باڵادا، بڕوانامەی لێکۆڵینەوە قوڵەکان

ﻪ زانستی سیاسیو یاسای گشتی به پلەی نایاب، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨و ١٩٨٩ سفیکی بۆ ماوەی شەش مانگ وەرگرت لە دیوانی بەڕێز جاك دۆلۆز سەرۆکی لیژنەی ۆمەڵەی ئابووری ئەورووپی ئەوکات، لە ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی کتۆرای لە بواری مافدا بەدەستهێنا، ئەویش لە زانکۆی "نیس سۆفیا ئەنتیپۆلیس"ی ەرەنسی، ئەویش بە هۆی گفتوگۆکردن لەسەر نامەیەك بە ناونیشانی "هاوکاری نێوان بازاڕی ئەورووپای هاوبەشو یەکێتی خۆرئاوای عەرەبی" هەروەها زانکۆی جۆرج واشنتۆن پلەی دکتۆرای فەخری لە ٢٢ی یۆنیۆی ٢٠٠٠دا پێبەخشی، لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانەکانی فەرەنسیو ئیسپانیو ئینگلیزیش دەزانێت.

بەڵام للاسەلما بە هەتیووی گەورەبوو، ئەویش پاش ئەوەی ئەم تەمەنی سێو شەش مانگ دەبێت دایکی دەمرێت، لە شوقەیەکی ئاسایی لەگەڵ نەنکی دەژی کە کرێی شوقەکە هەشتا دۆلار بوو لە گەڕەکی "ئەلقەبیبات"، کە خەڵکی خاوەن داهاتی دیاریکراو تێیدا دەژیان، للاسەلما وەك هەمرو چینە خاوەن داهاتە کەمەکان بە سواری پاسو تەکسی دەچێت بۆ خوێندنگا، خوێندنی سەرەتاییو دواناوەندی بەو شێوەیە تەواوکردو دواتر دەچێتە خوێندنگایەکی نمونەیی لە وەزارەتی پەروەردە.

ساڵی ١٩٩٥ للاسەلما بڕوانامەی بەکالۆریا بەدەستدەهێنێت، ئەویش لە لقی زانستی بیرکاریی لە دواناوەندی حەسەنی دووەم.

پاش دوو ساڵ للاسەلما پەیوەندی بە خوێندنگای نیشتمانی باڵاوە دەکات بۆ زانستەکانو بکردنەوەی سیستم "لە مەغریب بەم شێوەیە ناویان لێناوە"، سێ ساڵ لەوێ دەخوێنێتو ملزم لە ئەندازیاری ددوڵەت لە زانستەکان بەدەست دەهێنێت کە بە پلەی یەکەم دەرچوو، ئەم نمرانەی ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێنێت لە گرووپی "ئەومنیۆم شال ئەفریقیا" کە سەر بە هۆڵدینگی "ئاونا"یە مەشق وەربگرێت، کە کۆشکی شاهانە خاوەنی لە سەدا چواردەی پشکەکانیەتی، پاش ماوەیەکی دیاریکراو لە مەشق، پلەیەکی لە ناو ئەو گروپەدا وەرگرت بە مووچەیەکی مانگانە کە نزیکەی ١٤٠٠ دۆلارە لە مانگێکدا، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەرگاکانی کۆشکی شاهانەی بەڕوودا کرایەوە، ئەوکات شازادە محەمەدی شەشەم پێشوازی کرد، کە لەگەڵ دوو یەکەمەکەدا بە مەبەستی خەڵات وەرگرتن هاتبوون، تاکو ئەوەی ساڵی ١٩٩٩ بە خۆی دەیناسێتو وەك هاوسەری هەڵیدەبژێرێت تاکو لە ڕۆژی هەینی

۲۲ی مارسی ۲۰۰۳ ببێته خاوەن شکۆ شاژنه لـلاسەلماو دایکی پاشای داهاتووی مەغریب، وەك ئەوەی لە دەستووری مەغریبدا هاتووە، لە ۸ی مایۆی ۲۰۰۳ شا محەمەدی شەشەم و هاوسەرەکەی لـلاسەلما دەبن بە خاوەنی یەکەم منداڵ، منداڵەکەی ناوی مەولای ئەلحەسەنی لێدەنرێت، کە زۆرێك لە سیفەتەکانی باپیری هەڵگرتووە، کە هەڵگری ناوی پاشای کۆچکردوو حەسەنی دووەمە.

لـلاسەلماو شا محەمەدی شەشەم بە خۆیان ئاگایان لە بەخێوکردنی منداڵەکەیان دەبێت، لە کەشێکی خێزانیداو دوور لە هەموو پرۆتۆکۆلێك کە لە سەردەمی باوکیدا هەبوو، کاتێکی زۆر بەم منداڵە دەدات، تاکو بۆ ئاییندە ئامادەی بکات.

پاشان منداڵی دووەمی بوو، لـلاسەلما پاش تێپەڕبوونی شۆڕشی "پاشاو گەل" لە ۲۰ی ئەیلولی ۲۰۰۷ سەفەر دەکات بۆ فەرەنسا، تاکو بچێت پشکنین بۆ خۆی بکات، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کۆرپەکەی تەندروستی باشە، دکتۆرە فەرەنسیەکان هەمان شتیان پێ ووت کە سەرپەرشتی سکبوونی شازادە دەکەن، پاشان بە تەلەفونێك شا محەمەدی شەشەمیان دڵنیاکردەوە، کە کۆرپەکەی تەندروستی زۆر باشە، لـلاسەلما خاتوونی یەکەمی مەغریب ..

خاوەنی جەماوەریەتیەکی گەورەیە لە نێو کۆمەڵگای مەغریبیدا، بە تایبەتی لای ژنان، زۆر بەگرنگیەکی لە ڕادەبەدەر بە دوای هەواڵەکانیدا دەچوون، زۆر ئارەزوو دەکەن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەربکەوێت، تاکو بەووردی تەماشای بکەن و لە هەڵسوکەوتەکانی بروانن و تەماشای چۆنیەتی ڕێکخستنی قژی بکەن، لەبەر ئەوەی بووە بە سەرچاوەیەك بۆ مۆدێل، بەتایبەتی هەموو مارکە جیهانیەکانی جلو بەرگ لە مەغریب هەن و لق و دوکانی خۆیان هەیە، وەك شانێل و دیۆرو ڤالنتینۆو گۆتچی و دۆلنچی کابانا، ئەگەر چی شازادە ئاگای لەوەیە چۆن جلەکانی هەمەچەشن بن لە نێوان تەقلیدی مەغریبی و لەگەڵ نەریتی کۆشکی شاهانە بگونجێت، کە پێشتر شا حەسەنی دووەم خۆی جلو بەرگی بۆ کچەکانی دیاری دەکرد، کەدەبوایە تەنوورەی "ئەلجیبات"یان لەبەر نەکردایەو تەنوورەکان درێژبوایەو تاکو سەر پێیان، یان دەبوایە پشتیان بە جلو بەرگی تەقلیدی مەغریبی بەستایە لە دووربنی جلو بەگر فەرمیدا.

لە نەریتی پاشایەتی مەغریبیدا، هەموو شازادەیەك لە یەکەم ڕۆژی هاوسەرێتیەوە تاجێك دەکرێتە سەری، هەموویان ئەم نەریتەیان پاراستووە تەنانەت لـلاسەلما، کە تاجێکی کرایەسەر بە

ئەلماس ڕازێنرابووەوە، شا محەمەدی شەشەم بە ووریایی پێی بەخشی، پسپۆڕانی بواری خشڵ دەڵێن ئەو ئەلماسەی بە تاجەکەی للاسەلماوەیە جۆرە ئەلماسێکە بە ئەلماسی گرێگی ناسراوەو ناوی "میاندەر"ە، ئەم ناوەش لە ناوی ڕووباری "میاندرۆس"وە هاتووە، هەروەها شازادە کاتێك کوڕی یەکەمی بوو بە ناوی مەولای حەسەنەوە دیاری زۆری بۆ هات کە هەندێکیان گرانبەهابوون، هەروەها شاژن زۆر گرنگی بە جلو بەرگی منداڵەکەی دەداتو مارکە گەورە جیهانیەکانی بۆ بەکاردەهێنێت وەك کۆمپانیای "wishers Will" کە ئەم کۆمپانیایە زۆر گرنگی بە جلو بەرگی شازادە دەدات، زۆر هەوڵ دەدات گرێبەستێکی بۆ ئامادەکردنی جلو پێداویستی شازادە دەست بکەوێت، بۆ ئەم مەبەستە دوا مۆدێلی خۆی پێشکەش بە کۆشك کردووە تاکو ڕای وەمانی لە بارەوە بزانێت.

شاژنە للاسەلما گرنگیدانی زۆر، بە تایبەتی بە کۆمەڵەی "هاریکاری ژنان" کە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بە دایکان دروست بووە، بە تەنها دەژین یان بارودۆخی ژیانیان سەختە، هەروەها شاژن خۆی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی للاسەلما دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە، ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێت کە شاژن خۆی لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا ئامادە دەبێتو چاودێری چالاکیەکانی دەکات، هەر ئەمەش وایکرد ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان للا سەلما بکاتە باڵیۆزی خۆی لە بواری چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەداو چۆنیەتی خۆپاراستن لێی، کە لە ناو کۆشکی شاهانە پێشوازی لە دکتۆر حسێن عەبدولڕەزاق ئەلجەزیری کرد کە بەڕێوەبەری هەرێمایەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ڕێکخراوی ناوبراو، سوپاسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بێ ڕاگەیاند سەبارە بەو هەوڵو تەقەلایانەی لەم بوارەدا داویەتیو هەروەها ئەم ئەرکە مرۆییەشی قبوڵ کردووە.

هەمور ئەمانە وایکرد هیلاری کلینتۆنو ژنی جۆرج بۆشو ژنی کوفی ئەنان باس لەو بەشداریانە بکەن کە شاژنە للاسەلما بۆ هۆشیارکردنەوەی گشتیو گرنگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان داویەتی، بەو شێوەیە وەسفی شاژن دەکەن وەك ئەوەی لە کتێبی هەزارو یەك شەوەدا هاتبێتەدەرێ.

## هاوسەرگیری هاوسەنگیەکان سەرو ژێر دەکات

کاتێك محەممەدی شەشەم بریاریدا لـلاسەلما بنانی بکاتە هاوسەری خۆی بەم هاوسەرگیریە نیوەکەی تری ئاینی تەواوکرد، بەڵام هاوسەرگیریەکەی ویستی ڕووداوێك بێت گەلە هەزارەکەی بەشداری تێدا بکەن، ئەویش بەپێی نەریتێك لە دێر زەمانەوە لە ناو مەغریبیدا ناسراوە، دایکی جێنشین محەممەدی شەشەم تاکو ئێستا لەبەردەم خەڵکدا دەرنەکەوتووە، لەبەر ئەوەی ژنێکە لەوانی تر جیاوازترە، شا حەسەنی دووەم حەزی دەکرد دوای نەریتی وڵاتەکەی بکەوێت، کە ئەمەیان دەبێت وەك نهێنیەکی تایبەتی خۆی بێت، بەڵام میراتگرەکەی جۆرێك لە گۆڕانکاری دروستکرد، نوێگەری هەڵبژارد کە ڕەگ‌و ڕیشەی لە داب‌و نەریتەوە هاتبێت، پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕابردووی‌و ئێستادا نەپچڕاند، هەموو نەریتەکانی کۆشکی پاراست، لـلاسەلما بەنانی هەڵبژارد کە لە خێزانێکی مامناوەندبوو.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لـلاسەلما سەر بە چینی کۆمەڵایەتی مامناوەندە، لە شاری فاس لە دایك بووە، باوکی ناوی عەبدولحەمید بەنانیە، کاری مامۆستایی دەکرد، بەڵام دایکی ئەم لە تەمەنی سێ ساڵیدا بووە مردووە، لەبەر ئەوە نەنکی بەخێوی کردووە، لـلاسەلما خوێندنی سەرتایی لە خوێندنگایەکی تایبەت لە فاس تەواوکرد، پاشان چوو بۆ خوێندنگایەکی ئامادەیی حکومی، پاشان بەکالۆریای وەرگرت، لە بواری زانست‌و ماتماتیك بە پلەی باشە لە ئامادەیی حەسەنی دووەم ساڵی ١٩٩٥، ئەوکات تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، پاشان لـلاسەلما چوو بۆ خوێندن ماوەی دوو ساڵ خوێندنی خۆئامادەکردنی خوێند لە بواری ماتماتیکدا لەگەڵ شیکردنەوەی سیستەم، کە ئەمیان پەیمانگایەکی زۆر بەناوبانگە لە وڵاتی مەغریب، لەم بوارەدا دووەم پەیمانگایە لە مەغریب، کە لەم پەیمانگایەدا ئەندازیاری پسپۆڕ لە زانیاری دەردەچن ٦٠٪ی کاری گونجاویان لە دەرەوەی مەغریب دەستدەکەوێت، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپاو کەنەدا، لەو پەیمانگایە سەلما پاش سێ ساڵ بڕوانامەی وەرگرت، یەکەمی ئەو گروپەی خۆی بوو، لە ساڵی سێهەمدا ئەوەی هەڵبژارد کە پسپۆڕی لە بواری ڕژێمی کارگێڕی‌و یارمەتیدان بۆ وەرگرتنی بڕیار بهێنێت.

مامۆستاکانی دەڵێن خوێندکارێکی جیاواز بووەو زۆر چالاك بووەو زیرەکیەکەی پێوانە

ناکرێت، هەروەها خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێزەو بە توندی بەرگری لە بیرکردنەوەکانی دەکات، هەرگیز لە وانەکانیدا دواناکەوێت، هەموو شوێنێك باسی لالاسەلما بەنانی دەکرا، بەرێزو سەرسامیەوە، وەك ئەوەی ئەفسانەیەکی نوێ لە دایك بووبێت.

کاتێك لە پەیمانگا لالاسەلما لە پۆلی سێ دەبێت، لە ماوەی هەر دوو مانگی فێبرایەرو مایۆدا لە سالّی ۲۰۰۰ سەردانی شاری دارولبەیزاء دەکات تاکو لای "ئاونا" مەشق وەربگرێت، کە کۆمەڵێك کۆمپانیای تایبەتن لە مەغریب، گرنگی بە کشتوکاڵو خواردنو کانەکانو بانكو دڵنیایی دەدەن، کە بیستو نۆ هەزار فەرمانبەری لە بوارە جیاواز جیاوازەکانی پسپۆڕی زانستیدا هەیە، لە قۆناغی مەشقدا لالاسەلما بەنانی سیستمێکی نوێی زانیاری داهێنا، کە تایبەت بوو بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری، لە ڕووی داراییو مرۆییەوە، بۆ کۆمپانیاکەو هەر سەد لقەکەی، لەبەر ئەوە دوو دەرفەت لەبەردەم لالاسەلمادا هەبوو تاکو کار لە زانیاریو چاودێری کارگێڕیدا بکات، بوو بە ئەندامێکی جێبەجێکارو بەڕێوەبەری مەرکەزی لە کۆمپانیا، لالاسەلما دایالۆگی لە نێوان خاوەن زانیاریو بەرپرسانی داراییو کۆمپانیادا کردووە.

لالاسەلما گرووپی کۆمپانیاکانی "ئاونا"ی بەجێهێشت تاکو بچێت تاقیکردنەوەی کۆتایی پەیمانگا بدات، بەڵام ئەوانی تر لەو وەرشەی کارکردنەدا لەسەر ئەو بنەمایە کاریان دەکرد کە ئەم دایهێنا، لالاسەلما بڕوانامەی لە دەستی وەزیری زانست لەو وڵاتە وەرگرت، لە مانگی ئەیلولی ۲۰۰۰ دا بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونی محەممەدی شەشەم، لالاسەلما بۆ کۆشکی شاهانە بانگهێشتکرا، کە پێشوازی لە خوێندکارە یەکەمەکان دەکرا لە خوێندنی بالاّی وڵات، ئەوەی لە پشت ئەم داوەتەوە بوو بەڕێوەبەری ئەو پەیمانگایەوە بوو، کە ئەم لێوەی بەرجەوبوو، لالاسەلماش داوەتەکەی قبوڵ کرد.

لە کۆتای سالّی ۲۰۰۰دا، لالاسەلما کارێکی لە گرووپی کۆمپانیای "ئاونا" دەستکەوت، گەڕایەوە بۆ نووسینگەکەی تاکو ئەو کارە تەواو بکات کە لە کاتی مەشقدا دەستی پێکرد، لەوێ بە مووچەی ۱۷۰۰۰۰ درهەمی مەغریبی لە ساڵێکدا دامەزرا، بەڕێوەبەری پەیمانگاکە دەڵێت لالاسەلما هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تاکو هەشتی ئێوارە دەمایەوە، لە ڕۆژی دواتر کە لە پاشا مارەبڕا لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا، لالاسەلما هەموو هاوڕێکانی کۆمەڵەی "ئاونا"ی بانگهێشتکرد، ئەوانیش زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد، لالاسەلما بۆ

دواجار لەگەڵ بەرپرسانی کۆمپانیا کۆبووەوە تاکو باسی پرۆژەکەی خۆیان بۆ بکات، دوا دەستکاری کردبوو، هەروەها باسی لەو خاڵانە کرد کە دەبێت جێبەجێ بکرێت.

پاش ئەوەی هەمووان خۆیان بۆ بۆنەی گواستنەوەی ئەفسانەیی ئامادەکرد، لە ژێر چاودێری شا محەمەدی شەشەمو ژنی ئایندەی، قۆناغی یەکەم لە ڕۆژی ٢١ی مارت بە مارەبڕین کۆتای هات، نەریتی وڵاتی مەغریب وایە، کە پاشا بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەی دەچێتە سەر تەختی پاشایی ژنەکەی بگوازێتەوەو نابێت کەس پێی بزانێت، محەمەدی شەشەم ئارەزووی کرد کاتی خۆی وەربگرێت، بەگەلەکەی وت دەیەوێت ژن بهێنێت، ئایا ئەم هەڵسوکەوتەی شازادە جۆرێك لە سیاسەتی تێدابوو ؟ محەمەدی شەشەم دەیویست لەگەڵ خۆیدا هاوگونجاو بێت، ئەو خۆی داوای دیموکراتیو پەرەسەندنو ڕێزگرتن لە مافی تاك دەکات، ئەو خۆی دەیەوێت ببێتە پێشەنگو نمونەی ژیانی تایبەتی خۆی، پاشا دەیویست نمونەیەك بێت لە ناو گەلەکەی خۆی کە لاسایی بکەنەوە.

تۆ بڵێی شاژنی ئایندە چ ڕۆڵێك بگێڕێت ؟ ئەو بەر لە هەموو شتێك جێگرەوەیەك پێشکەشی پاشا دەکات، لەوانەیە لە بۆنەکاندا ڕۆڵ بگێڕێتو وەك خوشکەکانی مێردەکەی لیبێت، بەڵام لـلاسەلما پارێزگاری لە نەریتی وڵاتەکەی دەکات، کە لەوانەیە ئەستەم بێت لە بۆنەی نافەرمیدا دەربکەوێت، ڕاستە پاشای نوێ ویستی هەندێك شت بگۆڕێت، بەڵام بەپێی ڕیتمێكو بەپێی ئیرادەی خۆی، کاتێك لـلاسەلما بەو جوانیەی خۆیەوە دەرکەوت، هەموو ژنانی مەغریب لە سێبەر هاتنەدەرێ، دەرکەوتنی بە وێنەی ئومێد بوو کە ئاسۆیەکی نوێی لە مێژووی وڵاتی مەغریبدا دەکاتەوە.

دواتر لـلاسەلما بەنانی کچی مامۆستایەکی زانکۆ لە فاس، ئەوەندەی جوانیو زیرەکی هەیە تاکو ببێتە شازادەیەکی هەزارو یەك شەوە لەسەر عەرشی دڵی پاشا دانیشت، وەك هاوسەری خۆی هەڵبژاردو کردیە سەرکردەی ئەو شۆڕشە پەمەییەی کە بەهێمنی ئەنجامیدا، کە ژنی پاشا پێشتر لەبەرچاو وندەبوو، تاکو ئەو ڕۆژەی پاشای مەغریب بڕیاریدا وێنەکەی بڵاوبکەنەوە، ئەم نەریتەی تێکشکاند، ئەو ئاهەنگەی لە ٢١ ی مارتدا کرا واتە لەسەرەتای وەرزی بەهار، دواتر بڕیاردرا ئاهەنگی فەرمی تر لە مەراکیش بۆ تەواوکردنی هاوسەرگیری لە ١٢ی نیسان تەواو بکرێت، بەم بۆنەیەوە سێ ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕا، هەروەها ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بە کۆمەڵیش بەڕێوەچوو.

بێگومان ئەم ڕووداوە وەك لای چاودێران باس دەکرێت بریتیە لە لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی وڵاتی مەغریب، ئاهەنگی فەرمی لە کەناڵی تەلەفزیۆنەوە بەخشکرا بۆ هەموو جیهان، هەروەها شا محەمەدی شەشەم بەپێی نەریتی وڵاتی مەغریبی ئاهەنگی گێڕا، ئەویش لە چوارچێوەی هاوسەرگیریەکی بە کۆمەڵدا، کە دوو سەد مێرد لە سەرتاسەری وڵاتەوە هەڵبژێردران لە هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان تاکو بەشداری لە ئاهەنگو خۆشی پاشادا بکەن.

ئەوەی پێویستە باسی لێوە بکەین باوکی شا محەمەدی شەشەم، شا حەسەنی دووەم لە ڕۆژی ٢٦ی فێبرایەری ساڵی ١٩٦٠دا ژنی هێناو بە نهێنی، ئەویش پاش مردنی پاشای باوك بە چەند کاتژمێرێك ژنی گواستەوە، نەریتی وڵاتی مەغریب وایە، پاشا لەو ڕۆژەی دەچێتە سەر تەختی پاشایەتی دەبێت ژن بهێنێت، تاکو ئەوە بۆ ڕەعیەتەکەی دووپات بکاتەوە کە ئەوەی ئەوان بەردەوام دەبێت، بەڵام شا محەمەدی شەشەم بڕیاریدا هەندێك شت لەو نەریتە بگۆڕێت، تەنانەت کە دەسەڵاتی وەرگرت هەر سەڵت بوو، ئەمیان دەلالەتێکی سیاسی هەیە، لە یەکەم ووتاریدا بە ڕاشکاوی وتی:-

چۆن بگەینە پەرەسەندنو گەشەکردن، ئەو ژنانەی کە نیوەی کۆمەڵگان مافیان نەبێتو مافو بەرژەوەندیان پێشێل بکرێت ؟

شا محەمەد شەشەم، خانمی یەکەمی پاشایەتی وا هەڵبژارد، کە دەبێت شتێکی جیاوازی تێدابێت، بۆ یەکەمجار پاشا لـلاسەلمای لە ساڵی ١٩٩٩دا بینی، محەمەدی شەشەم لەو کاتەدا جێنشین بوو تەزوویەکی حەزلێکردن لە نێوانیاندا بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی دروست بوو، کە هیچ نەخشەیەکی پێش وەخت بۆ ئەم کارە نەکرابوو، وەك کەسێکی نزیکیان باسی لێوەدەکات.

پێویستە ئەوە بڵێم کە ئاهەنگی هاوسەرگیری بەپێی نەریتی مەغریبی ئەنجامدرا، چەند نەریتێك دەخایەنێت، ڕۆژی یەکەم پاشا خزمەتکارێك دەنێرێت بۆ ماڵی بوکێ تاکو هونگوینو خورماو شیرو میوەی وشكو چەند شتێکی تر بۆ بوکێ بنێرێت، بەڵام بوکێ لای هاوڕێکانی دەبێت، بە خەنە قاچو دەستی دەنەخشێنن کە خەنەکە بە ئاوی لیمۆ دەگرنەوە، ڕۆژی دووەم زاوا دێت تاکو سوپاسی زاوا بکات، چەند قاپێك خواردنی بۆ دەنێرێتو دواتر بە بەتاڵی دەنێرێتەوە لەگەڵ چەندین دیاری، ڕۆژی سێهەم .. بوکێ خۆی دەشوات، بەپێی نەریت

حەوت جار خۆی دەشوات پێش ئەوەی بچێت بۆ ماڵی زاوا، هەروەها شاندێك لە خزمانی زاوا لەگەڵیدا دەڕۆن.

للاسەلما دەموچاوی خۆی دەرخستو هەموان جوانیەکەیان بینی، بەڵام ئایا بیروبۆچوونی خۆی ئاشکرا دەکاتو نەخشەکانی خۆی دەردەخات ؟

بە دڵنیایی شاژن هەوڵ دەدات هاوسەنگیەك لە نێوان نەریتی کۆنی وڵاتەکەیو داواکاریەکانی سەردەمدا دروست بکات، هەندێك دەبینن للاسەلما وەك ژنە بەناوبانگەکان نابێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەقڵیەتێکی دوالیزمەیە کە لە بواری کارکردن لە زانیاریدا بەدەستی هێناوە.

## فلاش باگ .. یەکەم دیدار

شا محەمەدی شەشەم هاوڵاتیەکی مەغریبی دەناسێتو دڵی داگیردەکات لە پایزی ساڵی ١٩٩٩، ئەوکات جێنشینی پاشابوو.. ئەویش بەر لە چەند مانگێك لە مردنی باوکی شا حەسەنی دووەم، پایز ناسیو هەمان ساڵ چووە سەر تەختی پاشایەتی.

للاسەلما ئەوکات هێشتا خوێندنی باڵای تەواو نەکردبوو، ماوەی مەشقی مەیدانی لە گروپی "ئاونا" لە دوای دبلۆمی ئەندازیاری دەوڵەت تەواو نەکردبوو لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠، ئەوکاتەی للاسەلمای ناسی تەمەنی بیستو یەکی تێپەڕ نەکردبوو، بارودۆخ لە ئاهەنگێکی داخراودا کۆیکردنەوە کە پەیوەست بوو بە بەشداربووانی گروپی شاهانە لە "ئاونا"و ئەوانەی کاریان تێدا دەکرد، ئەمیان لە ماوەی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٩دا ڕوویدا، واتە چوار مانگ پێش مردنی باوکی شا حەسەنی دووەم، ئەوکات پاشا، شاژنی بینیو سەرنجی ڕاکێشا، پاش قسەکردنو پەیوەندی تەلەفۆنی پەیوەندیەکەیان توندبوو، نەخشەیان بۆ ئاییندە کێشا، بەپێی ئەو بارودۆخەی وڵات پێیدا تێپەڕی ئەو پەیوەندیە ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا خۆشەویستی نێوانیان ژیایەوەو گەشەی کرد، خۆشەویستیەکە دڵنیابوو، هاوڵاتی للاسەلما بەنانی چووە ناو مێژووەوە، کاتێك توانی دڵی پاشا بۆ خۆی ببات، بەپێی دابو نەریتی وڵاتی مەغریبی چووە داوایو داوای دەستی کرد.

ئەو چیرۆکەی باسی یەکترناسینی پاشا بۆ خانمی یەکەم دەکات، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم

هاوسەرگیریە لە ئەنجامی خۆشەویستیەوە بووە، کە ئەم دیاردەیە زۆر لە ناو پاشاو شازادەکاندا دەگمەن بووە، یان بەو شێوە ئاشکرایە ڕوونەداوە، هەر لە سەرەتاوە هاولآتیان لە هەوالّی پاشاو هاولآتیەکە کە لـلاسەلما بوو بەشداربوون، دلّی بۆی لێدا وەك ژنو ببێتە دایکی جێنشینو خاتوونی یەکەمی شانشین.

ئاشکراکردنی چیرۆکی چاوپێکەوتنی پاشاو ئەو کچەی دلّی داگیرکرد، ڕەهەندێکی تەواو مرۆیی بێ وێنەی بەخشی بە کەسایەتی پاشا، کە پێشتر لە مێژووی مەغریبدا شتی وا ڕووینەداوە، لە ناو یادەوەری کۆمەلّگاو جەماوەری مەغریبی، هەنگاوێکی گەورەبوو لە گۆڕانەوەی مرۆڤبوونی پیرۆزی کەسایەتی پاشا، کە کۆمەلێك ڕووداوو مەسەلە بە درێژایی قۆناغی پێشوو شاردبرویەوە، لەگەلّ وەرگرتنەوەی ئەم مرۆڤ بوونە، جەماوەریەتی پاشا بە شێوەیەکی تر ڕەگی داکوتا، لەسەر ئاستێکی بەرفراوانو گشتگیرتر، بە گۆڕانکاری ڕاسنگۆیانە وەك لەوانەی پێشترو زیاتر خۆبەخۆیانە، لەوانەشی کە پیاوانی دەسەلآت دەستی تێوەردەدەن، بەم دەست تێوەردانەیان ئەو دەرفەتەیان لە هاولآتی دەسەندەوە تاکو گوزارشت لە خۆشەویستی خۆی بۆ پاشا بکات، بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیخوازن، نەك بەسەریاندا بسەپێندرێت، بە گشتی شا محەمەدی شەشەم، لـلاسەلمای کردە هاوسەری خۆی ئەم چیرۆکی یەکترناسینە وای لە یەکێك لە کەسانی نزیك پاشا کرد بلێت "ژنهێنانی شاهانە وەك هەرژنهێنانێکی تری مەغریبیە" قۆناغی یەکترناسین، پاشان خۆشەویستیو دواتر نیشانەکردنو پاشان گواستنەوە، لەم بارەیەوە شا محەمەدی شەشەم لەگەلّ ڕۆژنامەی "ئان سانکلێر"ی فەرەنسیدا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا گفتوگۆیەکی ئەنجامداوەو دەلێت: سەبارەت بە داخوازیم بۆ لـلاسەلما بەنانیو نیشانەکردنی، ئێمە بەر لە دوو سالّە یەکتر دەناسین، ئەو ئەندازیاری زانیاریەکانە، نەك کچی کەسێکی بانکی بێت وەك باسی دەکەن، بەلّکو کچی مامۆستایەکەو لە شاری فاس دەژین، لەبەر ئەوە ڕێککەوتین کە گەلی مەغریب دەبێت لە ئاهەنگی گواستنەوەدا بەشداربێت، وەك هەر ژنو مێردێکی مەغریبی لە کەشێکی خۆشیو شادمانیدا زەماوەند بەڕێوەبەرین.

# شاژنی دڵی پاشا

پاشای مەغریب کچێکی مەغریبی هێنا کە توانی ڕێگای دڵی بدۆزێتەوە پێدەچێت هەر لە سەرەتاوە تواناو بەهای بەردەوامیەتی ژنەکەی لـلاسەلما بزانێت، چەند ئاماژەیەك لەم بارەیەوە دەرکەوتن، بەم بۆنەیەوە گۆڤاری "باری مانش" لێکۆڵینەوەیەکی ووردی لە بارەی خێزانی شاهانەوە ئەنجامدا.

کە پاشا لە یەکێك لە وەڵامەکانیدا ئاماژەی بەڕابەرێتی ژنەکەی داوە، کە لە هاوڵاتیەکی ئاساییەوە بووەتە شاژنو دایکی پاشا، بەڵام شاژن هەر هێندەی وتووە: هەوڵمداوە ڕێگا دیاری بکەین تاکو دوا ئەندازە بۆ وڵاتەکەمان بەسوود بێت، کاتێك شاژن لـلاسەلما هەستی بەسۆزی پاشا کرد ئەمە زیاتر سەنگینی کردو خۆشەویستی بۆی زیاتر بوو.

یەکێك لە هاوڕێکانی شاژن باس لەوە دەکات هەر کات پاشا هەستی بە تێکچوون بکردایە، ئەم بەبزەیەك متمانەی بۆ دەگێڕایەوە، یەکێك لەوانەی لوت دەژەنە زۆر شت دەڵێت: لە چ بارێکدا پیاو بەسەر ژندا زاڵدەبێت ؟

ئەوانەی دەربارەی ژیانی شاژن شارەزابوون وا وەڵامیدایەوە کاتێك بە ڕاستی پێی دەڵێت بە هەموو شتەکانتەوە خۆشمدەوێیت، پرسیارکەر ئەم جارە پرسیەوە ؟ باشترین دۆخ بۆ ژن لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا کامەیە، ئەگەر دڵی نەك ئەقڵی پیاو داگیربکات ؟

بەم پێیە زۆر کەس وادەڵێن کە شاژن لـلاسەلما دڵی پاشای داگیرکردووە، هەندێکی تر زیاتر دەڵێن: ئەگەر خۆشەویستی قەدەر بێت، ئەوا شاژنە لـلاسەلما چارەنووسی پاشایەو خۆشەویستیش هەڵبژاردەی خۆیەتی.

پاشا عەرشی وڵاتی گرت بەدەستەوەو لـلاسەلماش عەرشی دڵی پاشا.

# ئەو شاژنەی پاشا خۆشیویست

پاشا یەکێك لە کچەکانی گەلی خۆشویست، هاوڵاتیەکی ئاسایی خۆشویست، بەڵام بێ ئەوەی پەنا بۆ نەریتو پرۆتۆکۆلاتی خۆیان بەرێت، وا خۆشیویست کە هەمو لەمپەرو جاوازیەکانی تێکشکاند، ئەو خۆشەویستیەی ئومێدی مەغریبیەکانی ژیانەوە، ئەو دارمانە بزماوەییەی بۆ ئومێد بە ئایندە گۆڕی.

پاشا بە خۆشەویستی ژنی هێنا، ئەمیان گوزارەیەك بوو مەغریبیەکان نەیاندەزانی بەکاربهێنن، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی شا محەمەدی شەشەم ئەو قسەیەی خستە سەر هەموو زمانێك.

پاشا کچێکی مەغریبی خۆشویستو هێنای، گوزارشتێکی سادەیە، بەڵام دەلالەتەکانی پشتەوەی گەورەنو کاریگەری زۆر لەسەر مەغریبیەکانو کەشی گشتی مەغریبی بەجێهێشت، خۆشەویستی شا محەمەدی شەشەم بۆ لـلاسەلمای کچی گەل، میتۆدێکی نوێی بنیابە ناو ژیانەوەو تێڕوانینی بۆ سبەی گۆڕی، کە دەبێت مەغریبی ئایندە چۆن بێت، پاشا کچێکی خۆشویست، کە تاکو ئێستا وابەستەی بنەچەی میللی خۆیەتی، لەسەر سەردانی ...نو خزمەکانی بەردەوامەو وەك ئەوەی هیچ نەگۆڕابێت، خێزانەکەی لەسەر هەمان حاڵەتی خۆیان مانەوە، خۆشەویستی پاشا ڕێڕەوی ژیانی خزمەکانی نەگۆڕی، یەکێك لە ...ەکانی لە "قنیتەرە" دەژیو پزیشکی منداڵانە، دوێنێ چۆن بووە ئەمڕۆش هەر وا ماوەتەوە، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، نە ژیانی نە شوێنی ژیانی نەگۆڕی، تەنانەت بیروباوەڕی ...باسیشی نەگۆڕی.

ئەوساو ئێستاش ئەندامە لە پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبی سەر بە گروپی شارنشینە لە ... گروپی ئۆپۆزسیۆن، لەو کاتەوەی پاشای ناسیوە شاژنە لـلاسەلما بە خۆشەویستیو سۆز ...ۆری پاشای داوە، بۆنەیەك تێناپەڕێت جا ڕۆژی لە دایك بوون بێت یان بۆنەیەك دیاریەکی ...نەبێتو خۆی نەیداتە دەستی، یەکێك لە نزیکەکانی دەڵێت لەو کاتەی باسی ئەوە ...کات یەکەم جار مێردەکەی بینیوە، هەست بە شانازی دەکات، کۆمەڵێك یادەوەریيان ...ە، جا لە دەرەوە یان لە ناوەوە بێت.

کەواتە کاتێك پاشا هاوڵاتیەکی مەغریبی خۆشویست ئەمە بووە هۆی بەرهەمهێنانی خێزانێکی هاوچەرخ، هەر لایەنێکیان بە تیواری بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، هەر لە یەکەم دەرکەوتنیەوە، ئەو ژنەیان بینی کە دڵی پاشای داگیرکردبوو، هەست دەکات لە چ پێگەیەکدایە، تەنها لە دڵی مێردەکەیدا نییە، بەڵکو لە دڵی هەموو مەغریبیەکدایە، کە نازناوی شاژنی دڵانیان پێبەخشیوە.

بە تێڕوانینی هاوڕێکانی لە بواری خوێندندا، لالاسەلما قسە خۆش و خۆش مەشرەب بووە، لە کارەکانیدا هەڵیداوە، زۆرجار خۆی زۆر مانوو دەکرد تاکو یارمەتی کەسانی تر بدات، لە کارکردندا لەگەڵ خۆی زۆر توندبووە، هیچ بوارێك بۆ دالغە ڕۆیشتن ناهێڵێتەوە، بەتایبەتی لەو هەوڵانەی خۆی دەیدات و درك بە بەهای خۆی و خەڵکانی تریش دەکات، ئەمەش لەلای بەرامبەر ڕێزێکی تایبەتی پێدەبەخشێت، زوو دەیتوانی بچێتە دڵی هاوڕێکانیەوە، لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی دڵسۆز بووە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، هەندێکجار سروشتێکی گێرەشێوێنی هەراوزەنایی هەیە، بەڵام زۆر هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام هاوڕێیانی لە گرووپی "ئاونا" کە ئەم وەك ئەندازیاری کۆمپیوتەر و زانیاری کاری تێدا دەکرد، وایدەبینن ئەو فەرمانبەرەیە دەکرێت پشتی پێببەستین، دڵێکی گەرمی هەیە، زۆر پێداگرو سوورە، هێمنە هەمیشە حەزی لە دڵنیابوونە لە کارەکانی، لە چاوی ئەوانەی هاوکاریان دەکرد، لەو کارانەی کە پێی دەسپێردرێت شاژنە لالاسەلما وەك ڕابەرو سەرکردە کاردەکات، دەتوانێت بە ووردی و خێرایی کەم و کورتیەکان دەست نیشان بکات و دەخوازێت تێیانپەڕێنێت، هەرچیەك پەیوەست نەبێت بە کارەکەیەوە ڕەتی دەکاتەوە، لە بواری کارکردندا زۆر پێداگرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی ئەقڵانی، زۆر ڕقی لەوەیە ئیشی خراپ تێپەڕێنێت، ئەو هەمیشە دەیوت کاری خراپ لەگەڵ پلانی ئەقڵانی ناگونجێت، شاژن زۆر گرنگی بە دەستپێکی کارکردن دەدات، دواتر چۆنیەتی ئەنجامدانی و پاشان گرنگیدان بە دەرئەنجامەکان، بەڵام زۆر سەر سەختە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکان، کە زۆر بەووردی دیاری دەکات.

ئەگەر وشەیەك هەبێت شاژنی پێ وەسف بکەیت ئەوە بە توانایە، کە بە هەموو تەمەنی خوێندنی ئەمەی سەلماندووە و لە ژیانی کرداریدا پەیڕەوی کردووە، توانایەکی گەورەی هەیە بۆ سەبرگرتن و ئەمەش بووە هۆی لەوەی سەرنجی مەغریبیەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت، زۆر هێمنە کە ئەم سیفەتە لە کەم کەسدا هەیە، ئەوانەی لە دەووروبەری شاژنە لالاسەلمان نهێنی

ـەرکەوتنی ئەم ژنە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە زۆر بەسەبرەو توانای بەرگەگرتنی هەیە،
ـەرکات ئامانجێکی بەدیدەهێنێت، ئەمە زیاتر وایلێدەکات لە خەڵك نزیکبێتەوەو لە خولیاو
ـەمیان بکات.

## یەکەم گفتوگۆی پاشا دەربارەی ئەو هاوڵاتیەی دڵی داگیرکرد

ـەغریبیەکان ئەو هاوڵاتیەیان باش دەناسی کە دڵی پاشای داگیرکردبوو،
ـەوەی خۆی باس لەو حاڵەتە بکات، کە شا محەمەدی شەشەم قسەی لەگەڵ لـلاسەلما
ـردووە، ئەویش لە گفتوگۆی ڕۆژنامەی "ئان سانکلێر"و گۆڤاری "باری مانش" دا هاتووە
ـە ساڵی ۲۰۰۲، ئەوەیان لێپرسی ئایا هاوسەرگیری باری ئەقڵی خاوەن شکۆ دەگۆڕێتو
ـۆڕانکاری لە دامەزراوەکاندا ڕوویدات، شا محەمەدی شەشەم وا وەڵامیدایەوە، کە ئاهەنگی
ـۆاستەوە ئەنجامدەدرێت، ئەویش پاش تەواوبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێمان کە لەگەڵ
ـەکەی خاتوو لـلاسەلما بەنانی لەوێ دەژین، خاوەن شکۆ هەروەها باسی لەوە کرد کە ئەوان
ـە دوو ساڵ واتە ساڵی ۱۹۹۹ یەکتریان بینیوە، هەروەها وتی ئەو کچی کەسێك نییە
ـاوەن بانك بێت، بەڵکو ئەو کچی مامۆستایەکە لە شاری فاس دەژی، هەروەها جەختی
ـە کردەوە کە هاوسەرگیری هیچ کاریگەری بۆ سەر گۆڕینی نەریتەکانی نابێت، ئاهەنگی
ـێنان کارێکی ئاساییە، ئەمیان ئەو کارەیە کە لەگەڵ ژنەکەیدا خۆیان هەڵیانبژاردووە.
ـاکو ئاهەنگی هاوسەرگیری بگێڕن وەك هەر ژنو مێردێکی مەغریبی، ئەمە یەکەمجار بوو
ـحەمەدی شەشەم قسە لەسەر ئەو هاوڵاتیە بکات کە دڵی داگیر کردووەو بوو بە شاژنو
ـی جێنشینی پاشایەتیو خاتوونی یەکەمی شانشین، هەموو ئەمانە بۆ یەکەم جار
ـبیەکان بینیان، مەغریبیەکان لەو بڕوایەدان کە پاشا قسە لەسەر هاوڕێی ژیانی دەکات
ـێوە ئاشکرایە، ئەمیان هەنگاوێکی کرداریە بۆ چەسپاندنی دیموکراتی بۆ وڵات، دەمێکە
ـەڵی دەکەنو نرخی زۆریشیان لەو پێناوەداداوە.

# پاشا بە خۆشەویستی ژن دەهێنێت

پێشتر ڕۆژنامەنووس ستیڤانی برفین "پەیامنێری بی بی سی" لە چاوپێکەوتنێکدا باسی لەوە کرد .. پاشای مەغریب بە خۆشەویستی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، ئەمیان ڕستەیەکە سادە دێتە بەرچاو .. لەوانەیە زۆر بێمانا بێت لای هەندێك کەس، بەڵام ماناکەی زۆر لەوە گەورەترە کە تۆ دەیبینیت، بەتایبەتی بۆ پاشا، کە ئەرکی زۆری لەسەر شانەو دەبێت جۆرێك لە جۆرەکانی خۆشەویستی هەڵبژێرێت، خۆشەویستی نیشتمان، خۆشەویستی گەل یان خۆشەویستی ئەو کەسەی دڵی داگیرکردووە.

لەو کاتەی پاشا جێگری شانشین بوو هاوبەشی ژیانی خۆی ناسی، بەر لەوەی شا حەسەنی دووەمی باوکی کۆچی دوایی بکاتو لە کۆتایی یۆلیۆی ١٩٩٩ بچێتە سەر تەختی پاشایەتی، مەغریبیەکان دەربارەی هاوسەرگیری پاشا پرسیاریان دەکرد، بەتایبەتی کە باوەڕێك لە ناو مەغریبیەکاندا هەبوو، پاشا بەر لەوەی بچێتە سەر تەختی شاهانە ژن دەهێنێت.

ڕاگەیاندنی نیشانەکردن لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١و گواستنەوەی لە ٢١ی ماتی ٢٠٠٢، ئاستێکی بۆ ئەو دابو نەرتە دانا کە چەندین سەدەیە باوە، بەم شێوەیە پاشا بە خۆشەویستی ژن دەهێنێت.

# ژنەکانی محەمەد نەجیب...

## ژنهێنان لە ژێر چاودێریدا

دواجار پیاوەکە بە بیجامەو ڕۆبێکی کورتەوە دەرکەوت کە سەری هێشتا تەڕە، بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە بچوك بکاتەوە پایپێکی داگیرساندو دەرگای قسەکردنی کردەوە، پاشان خۆی ئامادەکرد تاکو بگەڕێتەوە بۆ بەندیخانە

**یەکێك لە پاسەوانەکانی نەجیب باس لە چاوپێکەوتنی سەرۆك بۆ یەکێك لە ژنەکانی دەکات، کە ئەوکات لە ژێر چاوەدێریدا بووە.**

## سەرۆکی یەکەم

تەمەنم دوانزە ساڵان بوو، کەمێك گەورەبووم، ئەوەندە دەبووم کە ئەلفوبێی مێژووی وڵاتەکەم لە یەك جیادەکردەوە، کە دەڵێم تەمەنم دوانزە ساڵان بوو زانیم یان باشترە بڵێم تووشی شۆك بووم کەزانیم یەکەم سەرۆك کۆماری وڵاتم، جەمال عەبدولناسر، کە وێنەکەی لە ژووری دانیشتن بە گەورەیی دانرابوو، پیاوێکی تر هەبوو کە ناوی محەمەد نەجیبو نازناوی سەرۆکی میسری عەرەبی وەرگرت.

چیرۆکی دوورو درێژ هەنو پرسیاری زۆر لە بارەی محەمەد نەجیبەوە دەکرێت،، ئایا تەنها ڕووکارێك بوو بۆ ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز، ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبوو، کە ڕۆڵەکەی تەواو بوو، بوونی ئەمیش کۆتایی دێت، چۆن دکتۆر دەستکێش بۆ نەشتەرگەری بەکاردەهێنێت، پاش نەشتەرگەری دەیخاتە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە، بێگومان پزیشکەکە لێرەدا جەمال عەبدولناسرە، ئەمیان تێڕوانینی ناسریەکانە کە چۆن ڕۆڵی ئەو پیاوە پەراوێزخراوە، هەندێکیان خوازیاری ئەوە بوون کە هەر ناویان نەبیستایە.

یان ئەو سەرکردەیەك بوو، ڕۆحی خۆی لە ناو لەپی دەستی دانابوو، بە هەرچیەك بە نرخە لە ژیانیدا قوربانیداوە، تاکو ئەو ڕۆژەی شۆڕش دەکرێتو گەل لە ستەم ڕزگاری دەبێت، داوای ئازادی بۆ گەل دەکردو داوای لە سوپا دەکرد بگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکانی خۆیانو ژیانێکی دیموکراتیو پڕ ئاشتی دێتە کایەوە، ئەمیان بنەمای شەشەمی بنەماکانی شۆڕش بوو، کاتێك زیاتر پێداگری کرد هاوڕێکانی غەدریان لێکردو زیندانیان کردو خۆیو منداڵەکانیان سەرەونگوم کرد ؟ ئەمیان قسەی لایەنگرەکانیەتی، گومانم هەیە لایەنگری هەبێت، ئەوانەی خۆیان بە لایەنگری ئەم دەزانن ئەوانەن کە ڕقیان لە جەمال عەبدولناسرە، زۆرترینیان ئەوانەن کە دوژمنی شۆڕشی یۆلیۆن، ئەوان بەرگریکاری سەختی ئەو نەخشەیەن کە ئەم کێشایو ڕابەرایەتی کرد، بە تێڕوانینی ئەمان، بە بۆچوونی من هەر دوو تێڕوانینەکە کەمو کورتی

تێدایە، کە بارێك لە محەمەد نەجیب دەنێن باری ئەو نییە.

بە بڕوای من ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە بەم کارە هەستان، ئەندامەکانی تێڕوانینێکی ڕۆشنیان نەبوو کە چی ڕوودەدات، تێکەڵەیەکی ناهاوسەنگ بوون لە تێڕوانینی ئایدۆلۆژیو ئاڕاستەو بارگراوندی فکری، لە مارکسەوە لەو پەڕی چەپو بۆ ئیخوانیەکانی ئەم پەڕی ڕاست، لەوانەی ژیانی سەربازیان لا پیرۆز بوو، کە زۆر پێوەی وابەستەن، دەخوازن هەمو وڵات یەك شار بێت.

وەك میسریەکان دەڵێن "ماسی بە ماستو تەمەرهندی" ئەم تێکەڵەیە گەدەیەك نییە بتوانێت هەرسی بکات، دەبوایە جیاکردنەوەو کێشمەکێش ڕوویدابە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە لەسەر کەناری دەسەڵات خوێن هەڵنەستا، کارەکان تاکو ئاستێك بە هێمنی بە ڕێوەچوون، بەتایبەتی گەل لە دەرەوەی هاوکێشەکە بوون، جا ئەگەر ناچاربێت یان خۆی هەڵبژاردبێت یان چاوەڕوان بێت ئەو کێشمە کێشەی ڕوویدا قوربانی لێکەوتەوە، یەکەمیان خودی یەکەم سەرۆك کۆمار محەمەد نەجیب بوو، کە پیاوێکی دڵساف بوو کەمێك بە تەمەندا چووبوو، خاوەنی هزرو توانای جەستەیی ئەفسەرەکانی نەبوو، کە لە سەرەتای تەمەنیاندا بوون، هەروەها بەو پێکهاتەیەی ئەوان نامۆبوو، واتە لایەنگری نەبوو، زوو لە پاکتاوکردنەکانی شۆڕش چووە دەرەوە.

## ئەو کێیە

یوسف نەجیبی باوکی زوو هەتیوکەوت، واگەورە بوو کە پشتی بە خۆی ببەستێت، تاکو کار لە کشتوکاڵدا بکات، زۆر زەحمەت توانی بچێتەبەر خوێندن تاکو توانی بچێتە قوتابخانەی جەنگیو ساڵی ١٨٩٦ تەواوی کرد، تاکو لە کەتیبەی حەڤدەی پیادە لە سودان خزمەت بکات، لەگەڵ زوهرە هاوسەرگیری کرد، کە یەکێك بوو لە خانەدانەکانی ئوم دورمان، ساڵی ١٨٩٦ یەکەم منداڵیان بوو بە ناوی محەمەد نەجیب، تەمەنی سیانزە ساڵان بوو یوسفی باوکی کۆچی دوایی کرد، ئەویش لەو تەمەنەدا هەتیووی چەشت.

بەپێی ئەو دەرخستەیەی نادر شوکری نووسەر باسی دەکات، محەمەد لەو کاتەدا لە کۆلێژی گۆردن دەیخوێند، ماوەی خوێندن تیایدا چوار ساڵ بوو، زۆر ئازاری بەدەست ئەو

لوت بەرزیەی مامۆستا ئینگلیزەکانەوە چەشت کە لەو کاتەدا بەو شێوەیە مامەڵەی میسریەکانیان دەکرد، سمبسۆن مامۆستای زمانی ئینگلیزی، ئەو دارشتنەی بەسەردا دەسەپاندن کە نووسرابوو: میسر بەریتالیەکان حوکمی دەکەن، محەمەد نەجیب لە نووسین وەستاو بەرووی مامۆستادا هەڵشاخاو وتی: میسر تەنها لەلایەن بەریتانیەکانەوە داگیرکراوە، بەڵام لەناوخۆدا سەربەخۆیەو سەر بە تورکیایە، مامۆستا تووڕەبوو، بڕیاریدا سزای ئەم خوێندکارە میسریە سودانیە بداتو دارکاری بکات، دواتر ئەم حوکمە سەیرەی بەسەردا جێبەجێ کرد ..

پاش مردنی باوکی ناچاربوو وەك فەرمانبەرێکی بچوك بە مانگانەی سێ جونەی میسری کاربکات، پاشان بڕیاریدا بچێتە خوێندنگای جەنگی، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو لە یەك شت دەترسا، باڵای یەك سانتیمەتر لە ئاستی داواکراو کەمتربوو، بەڵام کاتێك باسی ئەم خواستەی بۆ هاورێی ئیبراهیم ئەحمەد عورابی کرد، ئیبراهیم هەوڵیدا داواکارییەکەی جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی ئەفسەرەکانی لە وڵاتێکی داگیرکراودا بەو شێوەیە دەبینی کە تەنها چاڵ هەڵدەکەنن‌و کاری سکەی شەمەندەفەر دەکەن، بەڵام محەمەد نەجیب ئەم کارەی قبوڵ کردو بڕیاریدا ئەم ئەزموونە بکات.

هەموو ئەو پارەیەی پێی بوو تەنها نۆ جونەی میسری بوو، شەش جونەی بۆ دایکی بەجێهێشت‌و سێ جونەیشی بۆ گەشتەکەی خۆی هەڵگرت، جلە میللیە سودانیەکانی لەبەرکرد، تاکو دەرفەتی ئەوەی هەبێت بە پارەیەکی کەمتر سواری شەمەندەفەر بێت،پاش گەشتێکی شەشە ڕۆژە گەیشتە قاهیرە، بەڵام لەوێ بۆی دەرکەوت یانزە ڕۆژ دواکەوتووە، ئەو گروپە دەستیان بە خوێندن کردووە، بەمە تووشی شۆکێکی گەورەبوو، بەڵام خۆی نەدایەدەست نائومێدی، پاش هەوڵو ماندوبوونێکی زۆر توانی پەیوەندی بکات بە سوڵتان حسێن کامل‌و سەرداری سوپای بەریتانی لەبەردەم لیژنەی تایبەت‌و لە ژێر داری کافورێکدا تاقیکردنەوەی بۆ کرا، چووە خوێندنگاو تەواوی کردو لە هەمان کەتیبەی باوکی، کەتیبەی حەڤدەی پیادە دامەزراو گەڕایەوە بۆ سودان بۆ ڕێکخستنی کاروباری، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك هەستی کرد قسەکەی ئیبراهیم عورابی ڕاست دەرچوو، تەنها لە بەڵێندەرێك دەچێت، هەر هێندەی لەبەردەمدا بوو خوێندن تەواو بکات‌و باروددۆخی خۆی چاك بکات، جارێکی تر دەستی بە کۆشش کردەوە لە وانەکاندا تاکو توانی بڕوانامەی بەکالۆریا

بەدەستبهێنێت.

هەوڵیدا خۆی لە کاروباری سوپا ڕزگاربکات، لەبەر ئەوەی کوێرانە پاشکۆی ئینگلتەرابوو، چووە خوێندنگای پۆلیس بۆ خوێندنی یاسای کارگێڕی، تاکو کارێکی لە بەشەکانی پۆلیس لە قاهیرە دەستبکەوێت، ئەم ماوەیە سوودی لەوە وەرگرت کە قوڵایی ژیانی ئەوێی ناسی، لەگەڵ چینە چەوساوەکان بەریەککەوتنیان هەبوو، هەستی بە ئازارەکانیان کرد، هێندەی نەبرد بڕیایدا بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی سوپا، پاشان گەڕایەوە بۆ سودان، بەڵام ئەمجارە لە پەیوەندی میسرو سودان لەگەڵ بەریتانیای ڕووانی، کتێبێکی بڵاوکردەوە گرنگترین گرفتەکانی سودانی خستەڕوو، هەروەها باسی لەو مەترسیانەش کرد کە هەڕەشە لە دۆڵی نیل دەکات، پاش ماوەیەکی کورت گواستڕایەوە بۆ پاسەوانی پاشایەتی، ساڵی ١٩٢٧ لیسانسی مافی بەدەستهێناو بۆ یەکەمجار ژنی هێنا.. هەر لەو ساڵەدا بوو کە مەلیک فاروق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دەرکرد، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی سەر بە پارتی وەفد بوون، ئەمانیش هەمیشە لەگەڵ پاشادا لە بەریەککەوتندابوون ... محەمەد نەجیب خۆی لە جلو بەرگی سودانیدا شاردەوە، لە دیواری ماڵی موستەفا نوحاس پاشا خۆی هەڵدایە ژوورەوەو ئەوەی پێشنیارکرد، سوپا دەست لەم کارەوەربدات‌و مەلیک فاروق ناچار بکات ڕێز لە بڕیاری گەل بگرێت، بەڵام نوحاس ئەمەی بەتووندی ڕەتکردەوەو وتی با سوپا لە ژیانی سیاسی بەدووربێت‌و پێویستە ئەم کارە بۆ پارتە سیاسیەکان بەجێبهێڵدرێت، خۆشەویستانی نەجیب دەڵێن ئەمە وانەیەکی گرنگ بوو کە محەمەد نەجیب فێری ئەوە بوو پێویستە دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیابکرێنەوەو ڕێز لە ژیانی نوێنەرایەتی دیموکراتی بگیرێت، کە لەوانەیە ئەم وانەیە وایکردبێت، بیەوێت ساڵی ١٩٥٤ جێبەجێی بکات، بەڵام کارەکان بە پێچەوانەی خواستی ئەوەوە ڕوویاندا، دڵنیا نییە لەوەی مرۆڤ بەم شێوەیە وانەکانی ژیانیان فێربگرن، کە وەك دزێك بچێتە سەر ماڵانو ببینێ خاوەن ماڵ قورئان دەخوێنێت‌و پاشان بێت بە یەکێك لە سۆفیە گەورەکان، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێکهێنانی بیرکردنەوە بەو شێوەیە دەبێتە هۆکاری دۆڕاندنی جەنگەکە.

لەو کاتەی مەلیک فاروق عەرشی پاشایەتی گرت، وڵاتی میسر دەستێوەردانی ئینگلیزی زۆر بەخۆوە بینی، جەنگی ساڵی ١٩٤٨و ئەوەی بەسەر سوپا عەرەبیەکاندا هات، بریتیە لە هاشێك لەوانەی پشتی حوشترەکەی چەماندووەتەوە، زۆرێك لەو ئەفسەرانەی تاڵی ئەو

شکستەیان چەشت، خولیایەکی بەهێزیان بۆ دروست بوو، کە بەرەو گۆڕان پاڵی پێوەدەنان، چاویان بە لیوای ئەرکانی جەنگ محەمەد نەجیب کەوت، ئەوەی دەیانویست پێیان ڕاگەیاند، ئەمیش ڕەزامەندی دەربڕی‌و بڕوای بە شێوازی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانیان هێنا.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە: لەو کاتەدا قەبارەی دەسەڵاتی نەجیب محەمەد چەندێك بووە ؟ پێگەی ئەو لە کوێی هاوکێشە سیاسیەکاندا بووە ؟

با بە ئینسافەوە قسە بکەین ئەوکات نەجیب بار نەبووە، بەڵکو ئەستێرەیەکی سەربازی بووە، دووجار ئەستێرەی فوادی یەکەمی وەرگرت، هەروەها لە جەنگە ١٩٤٨ بەشداریکردو سێجار بریندارکرا، دواتر پلەی فەریقی وەرگرت.

ئەمە جگە لەوەی ئەم پیاوە پێگەیەکی زانستی بەرزی هەبوو، کە دانەری کۆمەڵێك کتێبی بەنرخە، هەروەها ساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئابووریدا بەدەستهێنا.

یەکەم بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆشکدا لە کاتی هەڵبژاردنی یانەی ئەفسەراندا بوو، کە لیستی ئەفسەرانی ئازادیخواز بە سەرکردایەتی محەمەد نەجیب توانی ٩٥٪ی دەنگەکان بە دەستبهێنێت لە بەرامبەر لیستی کۆشکدا، لەو کاتەدا پاشا هەستی بە پێگەی نەجیب کرد لە ناو ڕیزی ئەفسەراندا، بەر لە چەند ڕۆژێك لە شۆڕش بۆ وەزیری جەنگ پالاوتی، ئەویش بۆ کەمکردنەوەی تووڕەیی ئەفسەرەکان، بەڵام پێدەچێت ئەم هەوڵە دەرەنگ وەخت بووبێت، کە شۆڕش تەنها بانگەوازکردنی مابوو، ئەویش لە بەرەبەیانی ٢٢ی یۆلیۆی ١٩٥٢ سوپا گەمارۆی کۆشکی "عابدینی" دا.

چەند ڕۆژێکی نەبرد فاروقیان ناچارکرد میسر جێبهێڵێت، هەموویان لە دەوری محەمەد نەجیب کۆبوونەوە، کە بانگەوازی ئەوەی کرد سوپا ئەوەی لەسەر شانیەتی ئەنجامیداو دەگەڕێتەوە بۆ ناو سەربازگەکانو دەسەڵات بۆ ئەوانە جێدەهێڵێت کە خاوەنی مەسەلەکەن.

چۆن بیهێنیتە پێش چاوی خۆت هەر لەوەی دوای ئەنجامدانی شۆڕش تووشی شۆك دەبیت، کە هاوسۆزی لیوا محەمەد نەجیب دەبیت، لەوکاتەی تووشی شۆکی دەکەن، لە ناکاو وەك سەرۆك بتبەنە ناو کۆشکی عابدین، کە پێشتر ئەفسەرێکی جەنگی بووبیت، دواتر دەیبەن بۆ ڤێلایەکی کۆن لە نزیك گەڕەکی مەرجی گەورە لە خۆرهەڵاتی قاهیرە، کە پاش چەند ڕۆژێکی تر بیگێڕنەوە، بەڵام لەو ڤێلایە زیندانی بکرێت تاکو ساڵی ١٩٨٢، پاشان بیگوازنەوە بۆ شوقەیەکی بچوکتر تاکو ساڵی ١٩٨٤ کە کۆچی دوایی دەکات.

# ژنەکانی

یەکەم سەرۆکی میسر محەمەد نەجیب چوار ژنی هێناوە .. یەکەمیان خاتوو زەینەب، ساڵی ۱۹۲۷ هێناویەتی، کە هەر زوو تووشی نەخۆشی لۆکیمیا "شێرپەنجەی خوێن" دەبێت، دوو کچی دەبێت، ئەوانیش هەر زوو دەمرن کە یەکێکیان ناوی سەمیحەیە.

خاتوو زەینەب زۆر قەڵەو بوو، تەنانەت وای لێهاتبوو نەیدەتوانی بە تەنها لە پێخەفەکەیەوە بۆ سەر قەنەفەکە بڕوات، بەڵکو دواتر نەیدەتوانی لەسەر پێخەفەکەی ئەمدیو ئەودیو بکات، مەگەر نەجیبو کارەکەرەکەیان یارمەتیان بدایە، ئەم خاتوونە برا بۆ سەنتەری ئامادەکردنەوە لە عەجوزە تاوای لێهات بتوانێت بڕوات، بەڵام قاچەکانی نەیاندەتوانی قورسایی جەستەی هەڵبگرن تا ساڵی ۱۹۵۰ کرچی دوایی کرد، لیوا محەمەد نەجیب لەو ساڵەدا چوو بۆ حەجو دوعای پشوودانی بۆ کرد، ژنێکی داماوبوو، ژیانێکی پڕ ئازاری بەسەربردو هەر زوو ژیانی بەجێهێشت.

ژنی دووەم خاتوو عائیشە حەبیب، چیرۆکێکی هەیە زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە، کە فاڵچیەکی هندی پێی وتووە دەبێت بە ژنی بەناوبانگترین پیاوی میسر، لەپی دەستی داوەتێ تاکو بیخوێنێتەوەو بەختی خۆیو مێردەکەی دیاری بکات، کە ئەفسەرێکی لاو بووە، لێی پرسیوە دەبێت بە وەزیر، فاڵچیەکە وتوویەتی لەوە گەورەتر .. سەرۆك وەزیران ؟ زۆر لەوەش گەورەتر، خاتوو عائیشە بە پێکەنینەوە دەڵێت دەبێت بە پاشا، فاڵچیەکە دەڵێت پارێکی گەورەی لێدەردەچێتو ناوی دەگاتە ئاسۆی ناوبانگ، هەموو جیهان دەیناسن، ڕۆژنامەنووس حلمی سەلام باسی لەم مەسەلەیە کردووە لە ووتارێکدا لە گۆڤاری "المصور"، لە کاتی شۆڕشدا باسی محەمەد نەجیبی کردووە، کە سەرکردایەتی شۆڕشی ۲۳ی یۆلیۆی ۱۹۵۲ی کردووەو بووە بە یەکەم سەرۆك کۆماری میسر، لە ۱۸ی یۆنیۆی ۱۹۵۳ خاتوون لە قسەی فاڵچیە هندیەکە دڵنیابوو کە ئەم قسەیە سنووری ماقوڵی تێپەڕاندووە.

بنەچەی لادێی مێردەکەی دەزانی، هەروەها ڕژێمی پاشایی لە محەمەد عەلی پاشاوە لە ساڵی ۱۸۰۵ وە بە میراتی وەرگیراوە، کە هەموو ئەوانەی فاڵچیەکە لە مێشکیدا تۆماری کردبوو، تاکو تاقیبکاتەوە، تاکو بە تێپەڕینی ڕۆژو مانگو ساڵ لە قسەکانی دڵنیا بێت، ساڵی

١٩٣٨ یەکەم کوڕی بوو ناوی لێنا فاروق. گەڕایەوە بۆ یاداشتەکانی بینی هەمان ڕۆژە کە فالچیەکە دیاری کردووە .. جارێکی تر لە خۆی پرسی: ئەم پیاوە باشەو سادەو هێمنە دەگاتە ئەو پلە بەرزە وەك فالچیەکە دیاری کردبوو ؟ هەمان شت لەگەڵ کوڕی دووەم "عەلی" دووبارەبووەوە، هەروەها لەگەڵ کوڕی سێهەم بە ناوی یوسف، هەروەها قسەی فالچیەکە بۆ جاری چوارەم ڕاست دەرچوو کە وتبووی کە محەمەد نەجیب بەسەردانی کار دەچێت بۆ ئەوروپا، ئەوە بوو سالی ١٩٣٩ ئەو سەفەرەی کرد، بەلام بە هۆی هەلگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەمەوە "١٩٣٩ بۆ ١٩٤٥" گەڕایەوە بۆ ولات، چەند ڕۆژێك تێپەڕی بوو بە یوزباشی، سالی ١٩٤٨ بۆ یەکەمجار وێنەکەی لەسەر بەرگی گۆڤاری "المصور" بلاوکردەوە.

وەك دەبینین لەوە دەچێت ئەم پێشبینیانە ڕاست بێت، کە لە هونەری ئەندێشەو درۆی جادووبازەکان دەچێت، جا ئەگەر ئەم پێشبینیانە ڕاست بن، ئەوا ئەو فالچیە هندیە، شکستترین فالچی دنیایە، کە تەواوی چیرۆکەکەی بۆ باس نەکردووە، کە چارەنووسی لە ناو ڤیلایەکدایەو لەگەڵ مێردەکەی لێرە دەژی.

سەرەتا محەمەد نەجیب لە ڤیلاکەی زەینەب ئەلوەکیلدا دەستبەسەر بوو نەیاندەهێشت ژنەکەی لەگەلیدا بژی، بەلام دواتر ڕێگەیان پێدا تاکو لەگەلیدا بژی، دەبێت باس لەوە بکەین محەمەد نەجیب سالی ١٩٣٢ خاتوو عائیشەی هێناوەو لەگەلیدا مایەوەو سێ کوڕی لێ بوو، بە ناوەکانی فاروق لەسەر ناوی پاشا، پاش شۆڕش ناوەکەی بە فەرمی گۆڕی بۆ سەلاح و دوو کوڕەکەی تری بە ناوەکانی عەلی و یوسف، یەکێك لەو ڕۆژە ناخۆشەکانی ئەو ڤیلایە کە تێدا ژیانیان بەسەردەبرد، کۆچی دوایی کوڕە گەورەکەی بوو لە سالی ١٩٦٩، نەیتوانی بەرگەی ئەو شۆکە بگرێت، ئەوە بوو لە سالی ١٩٧٠ ئەمیش کۆچی دوایی کرد.

بەلام ژنی سێهەم ناوی نەفیسە بوو کە کچی پوری خۆی بوو، وەك ڕۆژنامەنووس سەنا لەلبیسی باسی لێوەدەکات، ئەو لە شوقەی گاردن ستی دەژیا، لە ئاپارتمانێك بەرامبەر بالیۆزخانەی بەریتانیا بوو، خاتوونێکی بە ویقاربوو لە ڕووی تەمەنەوە لەیەکەوە نزیکبوون، کەمدووبوو، کاردانەوەی نەبوو، ئەو نازەی هەیبوو مانای بوونی سۆزێکی قوڵی نێوانیان بوو، هەر چەندە بە تەمەن منداڵ نەبوون بەلام هەندێکجار پێی دەووت نەجیب یان خوبیە، کاتێك سۆزیان بۆ یەك دەجولا قسەکانیان تامێکی خۆشتری هەبوو، ئەم هاوڕێیەتیان دارمانی دنیای

هەبوو، بەلام ئەو پێی دەوت، نەجیب هێشتا برۆکانت ڕەشن و ئەگەر قژت بۆیاخ بکەیت
بیست ساڵ گەنج دەبیتەوە، ئەویش دەڵێت پشت بەخوا ژنێك دێنم، ژنی چوارەم هات"
ئەمانە هەمووی سەنا دەیانگێڕێتەوە"، کە لە تەلاری ئەهرام چاوی پێکەوت، ئەوکات سەرۆك
نەبوو، ژنی چوارەمی ناوی عەزیزە محەمەد تەها شەریف بوو، لە مەیدانی تریانف لە میسری
تازە دەژیا، ئەوێ پەناگەو شوێنێکی خۆشی سەوزایی و گۆماوی بوو، کە نەجیب لە بیاباتی
مەرەج دەستبەسەر بوو هیچ سەوزاییەکی تێدا نەبوو دەکەوێتە نزیك مەیدانی کریە لە میسری
تازە، شۆفێرەکە خێرایی ئۆتۆمبێلەکە کەم دەکاتەوە، تاکو ئەو پیاوە نیمچە زیندانیە لەبەردەم
بەقالی خواجە بوەستێنێ، کە هەر کەس بگاتە ئەم شوێنە دەبێت کاتژمێرەکەی لەسەر
کاتژمێری خواجە کۆل بکات، ئەویش پێی دەڵێت سەرۆك بەخێربێیت، هەر سێکیان لە
ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزن، نەجیب و چاودێرو پاسەوانە نوێکەی ، کە تاکو ئێستا سنووری کاری
خۆی نازانێت، کاتێك لە خوارەوە لەگەڵ چاودێر دەمێنێتەوە، تاکو نەجیب سەردانی ژنە
گەنجەکەی بکات، ئەمان لە خوارەوە لە بەردەرگا دەمێننەوە .. نەجیب باس لەوە دەکات،
ئەو دادوەرەی یەکەمجار کرا بە پاسەوانی دەڵێت هەر پلەیەك بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت
ئاورێکی دەدایەوە، دەیبینی هێشتا لە خوارەوەیە، هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، کاتێك دەگەیشتە
بەر دەرگاکەو زەنگێکی لێدەداو شەراعە دەرگای لێدەکردەوەو بزەیەك لەسەر لێوانی بوو،
کاتێك نەجیب ئاوڕیدەدایەوە شەراعە دەرگاکەی داخستبوو لەچاوان ونببوو، پاشان
دەرگاکەی دەکردەوەو بە ڕۆب و جلی ماڵەوە دەردەکەوت، دواتر دەهات و شوشەیەك
گوڵاوو کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤاری دەدامێ، لە سالۆنەکە دایدەنیشاندم و بە بزەیەکەوە جێی
دەهێشتم، جاری واهەبوو چەند کاتژمێرێك لەوێدا. دەمامەوەو هەموو ڕۆژنامەکانم بە
ڕیکلامەکانیشەوە دەخوێندەوە، ناونیشان و ستوون و لاپەڕەی مردووان، پاشان گوێم
لەبەرنامەی بێتامی ڕادیۆ دەگرت، دەمخوێندەوەو شەرمەزار دەبووم، دەمخوێندەوەو زیاتر
شەرمەزارم دەبووم، دەمخوێندەوەو دەچووم بەناخی کورسیەکاندا لەبەر شەرمەزاری و بێتامی
چاوەڕوانی خۆم .. دواجار پیاوەکە بە بیجامەو ڕۆبێکەوە دەردەکەوت و هێشتا قژی تەڕە، بۆ
کەمکردنەوەی ئەو دۆخە پاپیێك دادەگیرسێنێت و دەگای قسەکردن دەکاتەوە، پاشان خۆی
ئامادە دەکات تاکو بۆ گرتووخانە بگەڕێنەوە، پاسەوانەکانی محەمەد نەجیب جلی مەدەنیان
لەبەردابوو، ئەو سێ ڕۆژەی ڕێگای دەدرابچێتە دەرێ ئەمانی لەگەڵدابوو، ڕۆژانی شەممەو

دووشەممەو چوارشەممە، بەڵام ڕۆژانی پێنجشەممان بە جلی سەربازیەوە دەچوون بۆ نووسینگەی شەمس بەدران بۆ سەرکردایەتی تاکو ڕاپۆرتی هەفتانە پێشکەش بکەن لەسەر جوڵەی محەمەد نەجیب، سات بەسات‌و چرکە بە چرکە، ڕۆژانی شەممە یان بۆ لای سەرکردایەتی یان بۆ لای ژنەکەی لە گاردن ستی دەچوون، ئەگەر بیویستایە بچێت بۆ شوێنێکی تر پێویستی بە فەرمان بوو کە ڕێ‌و شوێنی دوورو درێژی دەویست، هەروەها فەرمانێکی تر دەردەچوو کە ئاساییە لە کاتی ڕۆیشتندا سەر لە سێ شوێن بدەن، ئەوانیش کتێبخانەی ئەنگڵۆ مەدبولی‌و خانەی مەعاریف بوو، کە دەیزانی ئەم پیاوە حەزی لە خوێندنەوەیە.

# سوها عەرەفات

نهێنی سەرۆك عەرەفات لەگەڵ خۆیدا نێژرا

خاتوو سوها عەرەفات

سەرۆکی فەلەستینی یاسر عەرەفات بۆ ماوەیەکی درێژ بەناوبانگترین زگورتی جیهانی عەرەبی بوو، هەمیشە دەیوت هێشتا ژنم نەهێناوە، ئەو خۆی تەرخانکردووە بۆ مەسەلەی گەلەکەی، بەڵام ڕۆژگار کتوپڕی لەگەڵ خۆیداهێناوە، لەو ماوەیەدا سەرۆك ژنی هێناو خاتوو سوها بوو بە خێزانی.

بۆ یەکەمجار سەرۆکی فەلەستینی دڵی بۆ خۆشەویستی لێدەدات کاتێك ساڵی ١٩٨٩ لە فەرەنسا چاوی بە سوها دەکەوێت.

سوها زۆر جوان بوو، قژی بەسەر شانیدا هاتبووە خوارێو وەرگێڕانی خێرا بۆ عەرەفات دەکات لەگەڵ حکومەتی فەرەنسیدا، لەو کاتەی داوای لێدەکات لەگەڵی بچێت بۆ تونس خۆشەویستی سوها دەچێتە دڵیەوە، سەرەتا عەرەفات داوای لە سوها کرد پەیوەندییە گشتیەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەڕێوەبەرێت، هێندەی نەبرد بوو بە ڕاوێژکاری کاروباری ئابووری، بەڵام ساڵی ١٩٩٠ عەرەفات بەنهێنی کردی بە هاوسەری خۆی، پاش دوو ساڵ ئەم هاوسەرگیرییەیان ئاشکراکرد، ئەوکات سوها تەمەنی بیستو حەوت ساڵان بوو، بەر لەوەی شوو بە یاسر عەرەفات بکات وەك ڕێزێك بۆ ئایینی مێردەکەی بوو بە موسڵمان، کە هەموو ئینجیلی لەبەربوو، بەڵام سەبارەت بەباری ئابووری سوها دەڵێت من لەماڵێکی دەوڵەمەند لە دایك بووم، لەبەر ئەوە بۆ ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ ئەبو عەمار پێویستی بە پارە نەبووە.

لەم هاوسەرگیریەدا سوها کچێکی بوو بەناوی زەهوە، بەم شێوەیە وەسفی ئەو هاوسەرگیریە دەکات کە بەختەوەرترین کەسو سەرکەوتووترین هاوسەرگیری بووە، جارێك وتی ئەو شووی بە ئەفسانەیەك کردووە، بەڵام مەها شەلەبی کە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی فەلەستینیە دەڵێت فەلەستینیەکان هەرگیز سوهایان خۆشنەویستووە، زۆربەیان بە ژنێکی خۆپەرستو هەڵپەرستی لەقەڵەم دەدەن، ئەویش بەپێی ڕاپرسیەك کە مەها خۆی ئەنجامیداوە.

ئەو کچەی ناوی "سوها طویل"و کچی ڕۆژنامەنووس "ریمۆندا طویل"و لە شاری ڕامەڵا گەورە بووە، نەیدەزانی چارەنووس چی بۆ پەنهانداوە، کە ئەمیان لە خەونی سوهادا نەبووە،

که لەلایەن دایکیو خزمەکانیەوە بە کچێکی گێل تەماشاکراوە، ڕۆژێك دێتو ئەم گێلە دەبێتە هاوسەری بەناوبانگترین زگورتی فەلەستین، لەوانەیە لە ناو سیاسیە عەرەبیەکاندا، کە خۆی وتبووی ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ کێشەی فەلەستیندا کردووە، دوای مردنی عەرەفات سوها لە ڕاگەیاندنەکاندا دەرکەوت، ئەو بابەتەی زۆر وروژێنرا، وەك ئەوەی حەجی کردووە، کە لەسەر ئایینی مەسیحیەوە هاتووەتە سەر ئایینی مێردەکەی، یان پێشتر هاوسەرگیری لەگەڵ بلحەسەن تەرابلسی کردبێت کە برای خێزانی سەرۆکی تونسە، پاشان ڕەگەزنامەی تونسی لێوەردەگیرێتەوە، ئەو کاتەی سەرۆکی تونس لە دوای کۆچی دوایی یاسر عەرەفات ئاماژەی بەوەدا کە ئامادەیە ئاگاداری خاتوو سوهاو منداڵەکەی بێت، بەڵام وەك عەرەب دەڵێت نهێنی کچ لای دایکیەتی، لەوانەیە بە باشترین شێوە بەسەر سوهادا بچەسپێت، وەك چۆن کەسایەتی سوها گێلانە دەردەکەوێت، بەڵام دایکی خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێزەو توانایەکی گەورەی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەورەو بچوکدا، لەگەڵ ئەو هێزو توانایەی کەهەیەتی زۆر جوانو سەرنجڕاکێشە، لە یەکێك لە ساڵەکاندا هەڵبژێراوە بۆ وەرگتنی خەڵاتی شای جوانان، ئەویش بەرلەوەی فەلەستین کارەساتی تری بەسەردابێت، بەپێی ڕۆژنامەی بابل "ریمۆندا طویل" خاوەنی نووسینگەیەکە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕۆژنامەوانی لە شەقامی سەلاحەدین لە شاری قودس، هێندەی نەبرد ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین پشتگیری کرد، پاشان بە ماوەیەکی کەم ریمۆند لەسەر بالی میانڕەوی ڕێکخراوەکە هەژماردکرا، بەپێی بەهرەی خۆی توانی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانو ڕەمزەکانی فەلەستین دروست بکات، یەکێك لە کچەکانی خۆیدا بە ئیبراهیم ئەلصوص، نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە پاریس، کە بەپێی هەواڵەکان لە سەرچاوەیەکی نادیاردا دەستی لە کارکێشایەوە، تاکو دەست بەتاڵ بێت بۆ ئیدارەدانی موڵکەکانی خێزانەکەی، لە هەمان کاتدا ریمۆندا پێگەی خۆی پتەو دەکات لە ناو ڕێکخراوەکەو لای خودی یاسر عەرەفات، کە ئەمیان جێگەی ڕەخنەی چالاکوانە چەپە ڕادیکاڵەکانە لە قودس، کە بە یەکێك لە ڕەمزەکانی گەندەڵی باسی دەکەن، شاعیرێکی فەلەستینی شیعرێکی هەبوو دەنووسێت بۆ ئەو سەرکردانەی کە پاڵپشتی ئەم دەکەن بەتایبەتی لە ماوەی ڕاپەڕینی یەکەمدا ریمۆندا چوو بۆ واشنتۆن، لەوێ نووسینگەیەکی خزمەتگوزاری ڕۆژنامەوانی کردەوە، لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازەوە پاڵپشتی دارایی دەکرا،

نووسینگەکەی قودسی بەسەر کەسێکی تردا بەجێهێشت، ئەم دەرفەتی چوونە دەرەوەی قزستەوە بۆ جوڵانەوەی خۆیو دروستکردنی پەیوەندی نوێ، کە ئەمە وایکرد بتوانێت سوها لە نووسینگەی عەرەفات دابمەزرێت لە پایتەختی تونس، کەس جۆری ئەو پەیوەندیە نازانێت کە لە نێوان سوهاو عەرەفاتدا هەبوو، کە وایلێیکات دەستبەرداری زگورتیەتی خۆی بێتو ئەو بهێنێت، چاودێرەکان دەڵێن دایکی سوها دەستی لەم کارەدا هەبووە، بەڵام بەهۆی هەندێك هۆکار عەرەفات داوای کرد ئەم کارە بە نهێنی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە بوو فەلەستینیەکانو جیهان لەبەرامبەر ئەم کارەدا تووشی شۆك بوون، بەتایبەتی لە ناو ڕێکخراوی فەتحو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی، لای زۆرێك لە ڕۆژنامەکان ئەم کارە بەهەڵە لێکدرایەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەواڵەکە لەلایەن ئیسرائیلیەکانەوە بڵاوکرایەوە، هەروەها کاتێك ڕادیۆی ئیسرائیل ئەم هەواڵە بڵاودەکاتەوە، گوایە سەرچاوەکەی کەسانی نزیکی عەرەفات ئەم هەواڵەیان دزە پێکردووە، کە کەناڵە ئیسرائیلیەکە وەك بەشێك لە جەنگی دەروونی عەرەفاتی کردە ئامانج، بەڵام بێدەنگی عەرەفاتو ڕەتنەکردنەوەی هەواڵەکە بەشێوەیەکی فەرمی ئەم هاوسەرگیریەی ڕەتنەکردەوە، کارەکە لای خەڵك بە ڕاست وەرگیرا، دواتر هەموو پرسیارەکان لەسەر ئەوە بوو لەبەر چی یاسر عەرەفات سوهای هێناوە، کێ خاوەنی بەرژەوەندیە لە ئاشکرا کردنی ئەم هاوسەرگیریە، کە عەرەفات دەیویست بە شێوەیەکی نهێنی بێت، وەڵامی هەموو پرسیارەکان لای دایکی سوهایە، کە پاش ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ گەڕایەوە بۆ فەلەستین، ئەمجارەیان وەك خەسووی تاکە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیەکەی فەلەستین، ئەگەر چی خاتوو سوها بوو بە خانمی یەکەمی ناو دەسەڵاتی فەلەستینی، کە هیچ چالاکیەکی سیاسی لە ڕادەبەدەری لێوە بەدەرنەکەوتووە، یان لە بواری گشتیدا، بەڵام ئەمەش ڕێگری لەوە نەکرد کە ناوی لە هەندێك مەسەلەی گەندەڵیدا بێت، کە ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکان بڵاویان دەکردەوە، وەك پەیوەندی ئەم بە کۆمپانیای "دەریا" کە بازرگانی بە هەموو شتێکەوە دەکات، هەروەها باوکی ڕیمۆندا دەستیکردەوە بە دەرکردنەوەی گۆڤاری "گەڕانەوە" کە لە نووسینگەکەیەوە دەردەچوو، بۆ ئەم مەبەستە بوودجەی لە عەرەفاتەوە بۆ دابین دەکرا، خۆی ووتاری گۆڤارەکەی دەنووسی، بەڵام لەلایەن ڕۆژنامەوانێکی بەتواناوە دادەڕێژرایەوە، پاش کۆچی دوایی عەرەفات، هەروەها زۆر بەوە تێکدەچوو کە لەو ماوەیەدا ڕیمۆندا هەڵەی زۆری دەکرد، کە نەیدەزانی بنووسێت،

به پێچەوانەی ئەوەی لە بواری هونەری پەیوەندی گشتیدا هەیبوو، ناکۆکی گەورە کەوتە نێوان ریمۆنداو یاسر عەرەفاتەوە، دیار نییە هۆکارەکەی چییە، بەڵام ریمۆندا ئەو پروپاگەندەیەی بڵاوکردەوە کە گوایە ئەم ناکۆکیە لەسەر ئەوە بوو هەندێك زانیاری لە رۆژنامە بیانیەکاندا بڵاوکردووەتەوە دەربارەی گەندەڵیو گەندەڵکاران لە ناو دەسەڵاتی فەلەستینیدا، کە کەس بڕوای بەم قسەیەی نەدەکرد، ریمۆندا بە دۆخێکی سەختدا گوزەری دەکرد، سوها غەزەی بەجێهێشتو چوو بۆ پاریس، ئەویش پاش هەڵگیرساندنەوەی ڕاپەڕینی دووەم، کە ڕۆژنامە بیانیەکان قسەیان لەوە دەکرد کە ملیۆنان دۆلاری لەسەر حسابی ڕێکخراوەکەوە گواستووەتە سەر حسابی تایبەتی خۆی، لەو کاتەدا ریمۆندا توانی لەگەڵ عەرەفات ئاشت ببێتەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە پێگەی ئیلافدا بڵاوکراوەتەوە، بزنسمتێکی فەلەستینی بە ناوی حەسیب صەباغ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەم ئاشتکردنەوەیەداو داوای لە عەرەفات کرد بۆ ئێوارەخوانێکی مانگی ڕەمەزان بانگهێشتی بکات، ریمۆندا لەم رێکەوتنەدا بڕاوە دەرچوو، کە عەرەفات پارەی زۆری بۆ نارد، تاکو ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بە ناوی فەلەستینەوە دەربکات، بەڵام وەك گۆڤاری "گەڕانەوە" خوێنەری نەبوو، ریمۆندا درێژەی بە کارەکانی لە نووسینگەیەکی نوێدا لە ئاپارتمانێکی نوێدا لە ناوەڕاستی ڕامەڵا دەست پێکردەوە، پەنای بۆ ئەو گروپە بردەوە کە پێشتر کاری لەگەڵ کردوون، بەڵام کارەکە بە دڵی ئەم نەچووەپێشێ، کە عەرەفات پارەی تەواوی پێنەدەدا، هەروەها بە ئاسانی ئەو پارانەی ڕۆژانە نەدەکرد، تاکو بابەتەکە بەمەرگی عەرەفات لە پاریس کۆتایی هات.

بەدەرکەوتنی ڕۆڵی سوها کە نارۆشن بوو، وەك پزیشکە تایبەتەکەی یاسر عەرەفات ئەشرەف کوردی بە ڕاشکاوانە وتی سوها عەرەفات ئەوەی ڕەتکردەوە سەفەر بۆ پاریس بکات، تاکو چاوی بە دۆستی پزیشکی سەرۆك عەرەفات بکەوێت، کە زۆرێك لە فەلەستینیەکان بۆچوونیان وایە ژەهر خوارد کراوە، سوها لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانی عەرەفات لە نزیکیەوە دەردەکەوێتو ڕای گشتی فەلەستینی دەورووژێنێت، تاکو ئەو ئاستەی هەواداری ڕامەڵا خەڵك بە خۆپیشاندان دەڕژێنە سەر شەقامو دژی ئەو دروشم دەدەنو داوای دەکەن فەلەستین جێبهێڵێتو لە پاریس بژی وەك چۆن لە کاتی ڕاپەڕیندا لە ترسی ژیانی ئەم هەمان هەڵوێستی نواند، لێرەوە پەیوەندی نێوان سوهاو هاوڕێیانی عەرەفات گرژی کەوێت، کاتێك عەرەفات بە مردوویی تەرمەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ڕامەڵا سوها تاکو

قاهیره لەگەڵیدا دێت‌و ڕێگای ڕامەڵا تەواو ناکات لە ترسی ئەوەی نەکا دەستدرێژی بکەنە سەر، بەڵام دایکی یەکێك بوو لەوانەی لە پرسەکەدا بەشداری کرد، لەگەڵ هەندێك لەوانەی پێشتر کاریان لەگەڵدا دەکرد ئامادەی پرسەکە بوون، کە پلەو پۆستی هەموویانی لە دەسەڵاتی فەلەستینیدا بەرزکردبووەوە، وەك زۆربەی بەشداربووەکان کونجێکی گرتبوو.

## لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە

لە ساڵی ۲۰۰۷ بەبێ هیچ پێشەکیەك حکومەتی تونسی بڕیاریدا ڕەگەزنامەی تونسی لە سوها ڕیمۆند بسێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزنامە لە دایکی وەرگیرایەوە، بەڵام زەهوەی کچی یاسر عەرەفات هەر ڕەگەزنامەی تونسی دەبێت، ئەمیش پسپۆڕێکی یاسایی جەختی لێکردەوە، ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی لەسەر زاری ئەو پسپۆڕەوە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بڕیاری دەسەڵاتی تونسی بە لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لە بێوەژنی یاسر عەرەفات، کچەکەی ناگرێتەوە، ئێستا سوهاو کچەکەی‌و دایکی لە ماڵتا دەژین، چوونەتە لای براکەی بە ناوی غابی ڕیمۆند.

لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە وەك لە ڕۆژنامە فەرمیەکانی تونسدا بڵاوکراوەتەوە، تەنها لە سوها ڕەگەزنامە وەرنەگیراوەتەوە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ زەهوە تێدا نییە لەو ڕۆژنامەیەدا هاتووە، بەپێی فەرمانی ژمارە ۱۹۷٦ لە ساڵی ۲۰۰۷ ڕەگەزنامەی تونسی لە خاتوو سوها کچی داود جەبران وەردەگیرێتەوە، کە لە قودس لە ۱۷ی تەممووزی ۱۹٦۳ لە دایك بووەو ڕەگەزنامەی تونسی پێبەخشراوە، مەرسومەکە باسی لە هۆکارەکان نەکردووە، بەڵام سەرچاوە فەلەستینیەکان دەڵێن سوها عەرەفات پەنای بۆ سەرکردەیەکی عەرەبی بردووە تاکو یارمەتی بدات لە ناکۆکیە دارایی‌و کارەبازرگانیەکانی، لەوانەیە ئەم مەسەلەیە لە پشت ئەو بڕیارەوە بێت، بەپێی سەرچاوەکان ئەم پەنابردنەی سوها بووەتە هۆی تووڕەکردنی سەرۆکی تونس زەین عابدین بن عەلی، لەبەر ئەوەی بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی بۆ دەرکردووە، ساڵی ۱۹۹۵ خۆی‌و کچەکەی کە لە پاریس لە دایك بووە ئەو ڕەگەزنامەیەیان بەدەستهێناوە، بەم شێوەیە سوها عەرەفات مافی ماددی‌و مەعنەوی چل‌و پێنج ساڵی وەك هاوڵاتیەکی تونسی لەدەست دەدات، نووسینگەکەی لە تونس بە دواداچوونی بۆ هەواڵەکە

دەکرد، هەر ئەوەندەی بە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی وت ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان لەسەر بابەتەکە نییە، هەروەها فەزل سەلمان ئەطرفی بالیۆزی فەلەستین لە تونس هیچ لێدوانێکی نەدا، سوها ماوەی دە ساڵ لە تونس دەژیاو لە خانوویەکدا کە دەسەڵاتدارانی تونس بە یاسر عەرەفاتیان بەخشیبوو لە کەناری قەسرەت لە باکوری تونسی پایتەخت، پاش ئەوەی سوها ڕەگەزنامەی تونسی وەرگرت، سوها پەیمانگایەکی تایبەتی لەگەڵ هاوبەشەکانیدا کردەوە بۆ خوێندنی میتۆدی زمانی فەرەنسی، پێدانی مۆڵەت بەم پەیمانگایە بووە هۆی بێزاری بۆ عەبدەلی خاوەنی بەناوبانگترین پەیمانگای تایبەت لە قەرتاج لە باکوری پایتەختی تونس، دەسەڵاتی بەوە تۆمەتبارکرد کە لەبەر خاتری سوها پەیمانگاکەی ئەمیان بە داخستندا لە ساڵی ۲۰۰۶، سوها عەرەفات ئەوەی ڕەتکردەوە کە گوایا پڕوپاگەندەی ئەوە کراوە ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ بلحەسەن تەرابولسی کردبێت، ئەمە دوورە لە ڕاستیەوە، من لە تونس بە هێمنی ژیان بەسەر دەبەمو خەریکی پەروەردەکردنی کچەکەممو پڕۆژەی شووکردنەوەم نیە، یاسر عەرەفات تاکە پیاوی ژیانم بووەو هەرواش دەمێنێتەوە..

سەرچاوەی دیپلۆماسی عەرەبی هەندێك نهێنی ئەو ئاستەنگیەی دەسەڵاتی تونسی ڕابلێکرد بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە دەربکات، ئەو دیپلۆماتارە عەرەبیە وتی کە نەیویست ناوی خۆی بلاوبکاتەوە کە سوها عەرەفات پاش ئەوەی دەرکەوت دەستی هەبووە لە پێدانی زانیاری بۆ لایەنی بیانی لەسەر تەنسو هەندێك وڵاتی عەرەبی تر، بەپێی لێدوانی ئەو دیپلۆماتارە، دەسەڵاتی تونسیو هەندێك وڵاتی ناوچەکە چاو لەم کارەی سوها بپۆشن، کە بە بەردەوامیو بێ هۆکار بووە، ئەو بێدەنگیەی دەسەڵاتی تونسی لەبارەی بڕیارەکەیەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکو وێنەی یاسر عەرەفات بپارێزن، کە جێگەی ڕێزە، ئەویش بەدەر لەو هەڵسوکەوتانەی سوها عەرەفات کە لای زۆرێك لە نێوەندە دیپلۆماتیەکان شاراوە نەبوو، سەرچاوە فەلەستینیەکان ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە، پێشتر دەسەڵاتی تونسی بە سوها عەرەفاتی ڕاگەیاندووە کە واز لەو کارانە بهێنێت، هەروەها ئاگاداری کردووەتەوە، بەڵام ئەو هیچ هەڵسوکەوتی، خۆی نەگۆڕی، سەرچاوە فەلەستینیەکان ئەوەیان بەدوور نەزانی کە تونسی تووشی خەجاڵەتی کردبێت ئەویش بە هۆی ئەو هەموو خەرجیە گەورانەی لە ئاهەنگی پێشوازیو خوانی تایبەت خەرجی دەکرد، کە لەم بارەدا حکومەتی تونسی ئەو خەجیانەی دەکەوتە ئەستۆ، ئەمە جگە لەوەی هەموو خەرجی سوها عەرەفاتی لە ئەستۆی

خۆی گرتبوو، پاش مردنی عەرەفات تونسی هەڵبژاردبوو تێیدا بژی، سەرچاوە فەلەستینیەکان ئەو شەرمەزاریەی خۆیان ناسرنەوە کە سوها عەرەفات بەسەر تونسی هێنابوو، ئەویش بە خراپ بەکارهێنانی ئەو چانسەی لەم دواییەدا بە هۆی پێگەی یاسر عەرەفاتەوە لە تونس بە دەستیهێنابوو، لە ویژدانی تونسیەکاندا تەنانەت دوای مردنی عەرەفات هەر هەبوو، چاودێران دەڵێن هەرگیز تونس کەمتەرخەمی نەکردووە لە پاڵپشت کردنی فەلەستین و لە هەموو قۆناغەکاندا پشتگیریان کردوون، ئەم بڕیارە زەهوەی کچی عەرەفاتی نەگرتەوە، ئێستاش خاوەنی ڕەگەزنامەی تونسیە، بزنسمانێکی تونسی باس لەوە دەکات سوها لەو کاتەی لە تونس بوو دەیویست خۆی وەك نێوەندکار بسەپێنێت لای ئیدارەی تونسی لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە، ئەو سنگ فراوانی و بەرز ڕاگرتنەی سەرۆکی تونسی بەو شێوەیە بەکارهێنا، ئەمە یەکەمجاری نییە سوها عەرەفات سەرئێشە بۆ سەرکردەکانی فەلەستین دروست بکات، هەروەها زۆرجار هەڵای ڕاگەیاندنی دەنایەوەو خۆی تووشی ڕەخنەو گازندە دەکرد بە هۆی ئەوەی لە دەرەوەی خاکی فەلەستین دەژی، هەروەها بە هۆی ئەو جۆرە ژیانە خۆشەی بەسەریدەبرد، کە پێچەوانەی ئەو ژیانەیە مێردەکەی هەڵیبژاردبوو، تەنها جلێکی سەربازی لەبەردابووەو خەریکی کاری سیاسی بووە، تەنانەت جارێکیان لە ڕۆژنامەیەکی میسری گلەیی ئەوەی کردبوو سەرۆك بە هەموو ژیانی خشلی بە دیاری بۆ نەهێناوە، وەك زگورتیەك ژیان بەسەردەبات، جارێکیان ناکۆکیەکی توندی خستە نێو سەرکردایەتی فەلەستینیەوە، بەوەی سێ لە ئەندامانی بەوە تۆمەتبار کردبوو ئەوانیش مەحمود عەباس و ئەحمەد عرەیع و نەبیل شەعس کە دەیانویست سەردانی یاسر عەرەفات بکەن، ئەویش لەو کاتەی لە نەخۆشخانە لە پاریس کەوتبوو، دەیانەوێت بەزیندووی بینێژن، پێشتر بووە هۆی شەرمەزارکردنی هیلاری کلینتۆنی ژنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بیل کلینتۆن، ئەویش لەو کاتەی بەسەردانێك گەیشتبووە کەناری خۆرئاوا، دواتر سەرکردایەتی فەلەستینی ناچاربوو بە فەرمی داوای لێبووردن لە واشنتۆن بکات، باس لەوە دەکرێت سوها عەرەفات ڕەگەزنامەی فەرەنسی هەیەو هەندێك گرفتی لەگەڵ دەسەڵاتی فەرەنسیشدا هەیە،ساڵی پار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجامدا لە بەرامبەر کاری گواستنەوەی بڕێك پارە لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە بۆ سەر حسابی سوها عەرەفات لە بانکەکانی فەرەنسا، سوها بە هەموو شێوەیەك ئەوەی ڕەتکردەوە پەیوەندی بەو بڕە پارانەوە هەبێت، هەروەها سەرەك وەزیرانی ئیسرائیلی ئەو کات

ئاریێل شارۆنی بەوە تۆمەتبارکرد کە ئەو لە پشت ئەو زانیاریانەوە بێت کە ڕۆژنامەکان بڵاویان کردووەتەوە.

لە یادکردنەوەی سێ ساڵەی یاسر عەرەفاتدا، بێوەژنەکەی بێدەنگی شکاند، گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی ئەنجامدا، پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە ماڵتا سەردانی کردبوو، باسی لەوە کردبوو کە نهێنی مردنی عەرەفات لەگەڵ خۆیدا نێژرا، هەروەها وتی هیچ وەسیەتێکی نووسراوی جێنەهێشت، بەڵکو وەسیەتێکی سەرزارەکی ئەومیش وابەستەبوونە بەبنەما جێگیرەکانەوە، وتی ئومێدم ئەوەیە لە قودس بنێژرێم‌و بە هەموو ژیانم هەوڵدەدەم ئەوئاواتەم بهێنمەدی.

ئەم قسانەی سوها لەو کاتەدا هات کە مەحمود عەباس گلکۆیەکی بۆ عەرەفات لە بارەگای کەرتی سەرۆکایەتی لە ڕامەڵا کردەوە، پاشان عەباس وتی: دڵنیاتان دەکەمەوە لە کاروان بەردەوام دەبین، بەو ئاواتەی بتوانین لە داهاتوودا تەرمەکەی بگوازینەوە بۆ قودس‌و لەوێ بینێژین، چونکە هەر لەوێ لە دایك بووەو هەر لەوێش خەباتی دەستپێکردووە، هەموو گەلان لەگەڵدایە تاکو ئەو ڕۆژەی قودس دەکەینە پایتەختی فەلەستین، ئەمرۆ ڤیستڤاڵێکی پڕ شکۆ لە دەووری ئەو گلکۆیە ئەنجامدەدەین.

سوها عەرەفات باسی لەو ماوەیە کرد، کە یاسر عەرەفات نەخۆش بوو، ئەوەی لە نەخۆشخانەیەکی سەربازی فەرەنسی چارەسەری وەردەگرت، هەروەها وتی "کەس نەیدەتوانی هۆکاری شەهیدکردنی ئەبو عەمار ئاشکرا بکات، ڕاپۆرتە پزیشکیەکان هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆیان تێدا نەبوو دەستنیشانی حاڵەتەکە بکات، نهێنیەکانی لەگەڵ خۆیدا نێژران، باسی لەوەکرد چۆن لەو ماوەیەی ئەبو عەمار چووە قۆناغی لە هۆشچوونەوە، بە ئامۆژگاری پزیشکەکانی کرد، کە وتیان هەندێك نەخۆش لە کاتی بیستنی موزیکدا بە ئاگادێنەوە، یان گوێبیستی چیرۆکێك بێت کە حەزی لێ دەکات، لەبەر ئەوە ڕیکۆردەرێکیان لە ژووری چاودێری وورد داناو بەشەو ڕۆژ قورئانیان بۆ لێدەدا، بە تایبەتی سورەتی مریەم کە زۆر حەزی لێدەکرد، منیش باسی منداڵی خۆی‌و دایکی‌و گەڕانەوەی بۆ شاری قودس شوێنی لە دایك بوونیم بۆ دەکرد، ئەمانە دوا گفتوگۆی ئەبو عەمار بوون بەر لەوەی بچێتە قۆناغی لەهۆشچوونی هەمیشەیی‌و پاشان مردنی.

جەختی لەوە کردەوە عەرەفات وەسیەتێکی نووسراوی جێنەهێشت، بەڵکو وەسیەتێکی

مەعنەوی بۆ زەهوەی کچی بەجێهێشت، هەروەها بۆ گەلی فەلەستینی ئەویش وابەستەبوونە بەبنەما جێگیرەکان، هەمووجارێك ئەبو عەمار وەسیەتی بۆ دەکردم کە لە قودس بینێژن، شاری دایکی، داواکارم لە دەسەڵاتی فەلەستینی ئەو گڵکۆیەی ئەمڕۆ لە ڕامەڵا دایدەنێن لەسەری بنووسن کاتیە، هەموو ژیانم تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی تەرمەکەی بگوازمەوە بۆ قودس و لەوێ بینێژم وەك چۆن وەسیەتی بۆ کردم، باسی لەوە کرد ئەگەر ئەبو عەمار لە ژیاندا بووایە ئەوە شەڕی ناوخۆی فەلەستینی هەرگیز ڕوونەدەدا، دوای خۆی ئەم کارە لەگەڵ خێزانەکەشی کرا، تاکو ئێستا بەردەوامە، ئەویش پاش شەهیدکردنی و کەمکردنەوەی پێگەی ڕەمزی و مێژووی ئەو.

هەروەها ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە دەسەڵاتی فەلەستینی چەردەیەك پارەی زۆر کە بە ملیۆنان دولار مەزەندە دەکرێت پێدابێت و وتی: هەموو ئەوەی دەسەڵاتی فەلەستینی داویانە بە من مووچەیەکی مانگانەیە لە بری خانەنشینکردنی مێردەکەم، ئەو پارەیەش لای هەمووان ئاشکرایە کە دە هەزار دۆلارە، ئەویش بۆ خوێندنی زەهوە و دابینکردنی ژیانێکی باشە بۆ هەردووکمان.

هەروەها وتی تووشی سەرسامی بووم کە زەین ئەلعابدین بن عەلی سەرۆکی تونس ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی لێسەندمەوە، ئەگەر چی من لەگەڵ ژنەکەی و خێزانەکەی هاوڕێیەتیەکی کۆنم هەبوو، تاکو ئێستا هیچ شیکردنەوەیەکم لەلایەن سەرۆکی تونسەوە پێنەگەیشتووە، بەداخەوە نە من و نە دایکم و تەنانەت زەهوەش نەمانتوانیوە شتە تایبەتیەکانی خۆمان دەست بکەوێتەوە، کچەکەم دەپرسێت مامە زین کەی شتەکانمان بۆ دەنێرێت.

ئەو پێویستی بە لاپتۆپەکەیەتی کاتێ خۆی بە بۆنەی ڕۆژی لە دایك بوونیەوە سەرۆکی تونسی بۆی هێنا.

هەروەها ئەوەی ڕەتکردەوە شووی بەبرای لەیلا ژنی سەرۆکی تونس کردبێت، هەروەها دەنگۆیەکی تر هەیە کە موعەمەر قەزافی لە مالتا کۆشکێکی بۆ خێزانی سەرۆکی فەلەستینی کۆچ کردوو کڕیبێت.

# ژنەکانی تر

ئێمە لەسەر وەسفکردنو پیاهەڵدانی لە وڵاتی خۆمان ژن دەهێنین، ئەوانەی ژن دەهێنن پێش وەخت دەزانن دابڕانێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژنانو پیاواندا هەیە.

**عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرۆکی یەمەن**

## سۆدان

ئەو کاتەی سەرۆکی سۆدان کەوتە داوی خۆشەویستی کچێکی ڕۆشنبیری وەك وداد بابەکر، ژنی هەبوو.

بەهۆی کەسایەتی بەهێزی خۆیەوە وداد بابەکر توانی دڵی بەشیر داگیربکات، ئەویش پێشتر شووی کردبوو بە لیوا ئیبراهیم شەمسەدین ئەحمەد کە لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرێکدا کوژرا.

سەرکەوتوو بوو لەبەدەستهێنانی نازناوی خاتوونی یەکەم بە شێوەیەکی خێرا، ئەویش بە هۆی پێشکەشکردنی یارمەتی بە لێقەوماوانی دارفۆر، بەڵام پاش ئەوەی، ڕەخنە بەرەوڕووی بەشیر کرایەوە کە ژنەکەی بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت، تاکو وێنەی خۆی لەبەرچاوی جیهان جوان بکات، ژنە خۆی ونکرد، بەڵام ژنی یەکەمی کەس هیچ لەبارەیەوە نازانێت.

پێدەچێت ژنی سەرۆکەکانی سۆدان ڕوویەکی تر بن لە سیمای سروشتی ژنی سودانیو دابو نەریتی کۆمەڵایەتی تایبەت بە کۆمەڵگایەك تازە لە قۆناغی پێکهاتندایە، بە تێڕوانینێك بۆ مێژووی سیاسی نزیك، واقعو سیمای گشتی ژنی سەرۆکەکانی سۆدان دەردەکەوێت.

خاتوو مەریەم مستەفا سەلامە ژنی سەرۆکی کۆچ کردوو ئیسماعیل ئەزهەری، وەك ژنی سەرۆك ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە:-

ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ ئیسماعیل ئەزهەری هاوسەرگیریم ئەنجامداوە، لە خانووەکەی لەگەڵیدا ژیانم بەسەردەبرد کە لە ماڵی سەرۆکەکان دەچوو، خانوویەك بوو بۆ هەموان کراوەبوو، خۆیو هاوڕێکانی لەو خانووەداکۆبوونەوە نهێنیەکانیان ئەنجامدەدا، سەرەتا کۆبوونەوە نهێنیەکانیان لە یانەی دەرچووان لە ئوم درمان بەڕێوەدەبرد، بەڵام بە هۆی سیخوڕەکانی ئینگلیزەوە نەیاندەتوانی تەواوی بکەن، لەبەر ئەوە لە ماڵەکەی ئێمە کۆبوونەوەکەیان تەواو دەکرد، تاکو دوای نیوەشەو خەریك دەبوون، مامۆستا بانگی دەکردمو دەیوت میوانمان هەیە، واتە دەبێت خوانی ئێوارە ئامادە بکەم، لەم حاڵەتە کتوپڕانەدا خواردنی ئامادەم هەبوو کە بریتی بوو لە پاقلەی سوورەکراو، خورما، چایی، تاکو ئەو کاتەی ئەوان لە کۆبوونەوە تەواو دەبوون من بە ئاگابووم، هەرگیز دەستم لە

کاروباری وەرنەداوە، ئارەزووم نەدەکرد لەو کۆڕوکۆبوونەوانەدا ئامادەبم، لە گەشتە ناوخۆیی و دەرەکیەکان هاوڕێیەتیم دەکرد، وەك ئەوەی ئێستا ژنی سەرۆکەکان ئەنجامیدەدەن.

ژنی ئەزهەری سەرۆك بەردەوام دەبێت و دەڵێت: تەنانەت لەو کاتەی ئەزهەری خەباتی لە دژی ئینگلیز دەکردو ئینگلیز زیندانی کرد نەمدەتوانی لە زیندان سەردانی بکەم و هەمیشە دەیوت لە زیندان بە هیچ شێوەیەك سەردانم مەکە، کاتێك لە زیندان بەربوو پێم وت بۆ نەتدەهێشت لە زیندان سەردانت بکەم وتی زیندان بۆ پیاوانە.

## بوسەینە

لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی سۆداندا، هەواڵی ژنی سەرۆك تەواوی پەردەی پێدادرابوو، دواتر کەمێك گۆڕانکاری بەسەردا هات، پاش دەرکەوتنی چالاکی سیاسی ژنان و دەرکەوتنی ڕەمزی بزووتنەوەی ژنان لە ناو یەکێتی ژناندا، خاتوو بوسەینە خەلیل خاتوونی یەکەمی ئەوکات و ژنی سەرۆکی سۆدان جەعفەر نمێری لە گەشتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیدا هاوڕێیەتی دەکرد، ئەگەر چی بەشداری لە ژیانی گشتیدا نەدەکرد، بەڵام لەو دروشمانەی جەماوەری ڕاپەڕیو دەیکێشا پشك بەر ئەمیش کەوت، یادەوەری میللی ئەوکات خۆی بەوەوە سەرقاڵ کردبوو، وەك خاتوونی یەکەمی فلیپین "ئەمیلدا مارکۆس" خاوەنی دنیایەك کەلوپەلی گرانبەهایە، ئەوکات ئەمیلدا مارکۆس بە هەزارەها جووت پێڵاوی هەبوو.

لە سەردەمی دیموکراتیەتی سۆدانیدا کە فرەیی ژیانی گردەوە، بەهەمان شێوە ژیانی سەرۆکایەتیشی گرتەوە، سادق مەهدی سەرەك وەزیران دوو ژنی هەبوو، خاتوو حەفیەو خاتوو سارە، هەر یەکەیان خاوەنی کەسایەتیەکی جیاوازبوو، خاتوو حەفیە بە چالاکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی سەرقاڵ بوو، بەڵام خاتوو سارە خاوەنی چالاکی سیاسی بوو، چەندین پۆستی بەرزی لە ناو پارتی ئومەدا وەرگرت، لەوانە ئەمینداری کاروباری ژنان لە ناو پارتدا، هەروەها ئەمینداری پەیوەندیەکانی دەرەوە، لە کاتی سەرۆکایەتی سەرەك وەزیراندا خاتوو سارە کارامانە بەشداری لەسەرپەرشتی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا کردو وەك چالاکوانێك لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جیهانیەکان ناسرا، هەروەها بە کارامەیی لەگەڵ سادق مەهدی بەشداری ژیانی سیاسی دەکرد لەو کاتەی لە خانەی دەسەڵات بوو، دواتر لەگەڵیدا چووە

ناو چوارگۆشەی ئۆپۆزسیۆن، چالاکیەکانی خاتوو سارا منداڵەکانیشی گرتەوە، پاشان لە کاری سیاسیدا دەرکەوتن "ڕەباحو مەریەمو عەبدولڕەحمان سادق مەهدی".

بەلام لەبەری ڕزگاریخواز ژنەکانی سەرکردایەتی جوڵەی بەرچاویان هەبوو، لەوانە ژنی عومەر بەشیرو جێگرەکەی.

## ژنەکانی سەرۆك

خاتوو فاتمە ژنی سەرۆك کۆمارو خاتوونی یەکەم لە زۆر چالاکی گشتیدا بەشداری هەبووە، ئەو سەرپەرشتیاری یەکێتی گشتی ژنانی سودان بوو، لە کاری خۆبەخشیو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشداری هەبوو.

هەروەها خاتور وداد بابەکر خاتوونی یەکەم، هەر لەو کاتەی شووی بە بەشیر کرد چالاکی هەبوو لە بواری گشتیدا، لە زۆرێك لە سەردانەکانی دەرەوەیدا هاوڕێیەتی دەکرد، ئەمە جگە لەو چالاکیە بەرچاوەی لە ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا هەیبوو.

ئەوەی لە نێو نەریتی دیپلۆماسیدا ناسراوە، ژنی سەرۆکەکان مامەڵەی مەراسیمی تایبەتی خۆیان هەیە، لە بۆنە فەرمیو سەردانەکانی دەرەوەدا.

پرۆتۆکۆل هەیە بۆ ئەو حاڵەتەی سەرۆکەکان لەسەر مێزی نانخواردن دادەنیشنو بۆ خواردنی فەرمی، کاتێك ژنی سەرۆکەکان دەچنە سەر مێزی نانخواردن دەبێت شوێنەکانیان بگۆڕن، هەر ژنێك لای مێردەکەی خۆیەوە دانانیشێت، بەڵکو لە تەنیشت سەرۆکی میوانەوە دادەنیشێت. ئەم نەریتی مەراسیمە سەرۆکایەتیە لەسەر ئاستی جیهان ناسراوەو دەبێت جێبەجێ بکرێت.

هەر دوو ژنی سەرۆك بەشداری هەمان چالاکی دەکەنو ژنی عەلی عوسمانی جێگر خاتوو فاتمە ئەمین بەشداری تێدا دەکات، کە سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلبرو تەواسلەو بە کارامەیی لە ژیانی گشتیدا بەشداری دەکات.

یەکەمیان خاتوونی یەکەم لە باشوورە، ژنی جێگری سەرۆکی کۆچ کردوو گەرنەگ سەرۆکی حکومەتی باشوور خاتوو ربیکا نیال دبنگ دمبیور ئامادەییەکی چڕی لە ناو ویژدانی گشتی بە باکوورو باشوورەوە هەیە.

## ربیکا

ربیکا لە نەقارە گەرنەگی ناسیو ساڵی ١٩٧٥ هاوسەرگیریان ئەنجامدا، بە پلەی سەرۆك بەشداری لە بزووتنەوەکەدا کرد، وەك چالاکوانێکی بزووتنەوەی میللی ناسرا، لە ماوەیەکی کەمدا لەو کاتەی دکتۆر گەرنەگ بوو بە جێگری سەرۆك سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا راکێشا، بە بەردەوامی لەگەڵ مێردەکەیدا ئامادەبوو، بەشداری دەکرد، بەهێزترین هەڵوێستی لە کاتی کۆچی دوایی گەرنەگدا بوو.

کە توانی توانای کەسێتی سیاسی خۆی بسەلمێنێت، لەسەر ئاستی کاریگەری کاری سیاسی دەڵێت: لە مەسەلە زۆر ووردەکاندا پرسیاری لێناکەمو لای دانانیشم تاکو باسی هەمور شتەکانم بۆ بکات، ئێمە وەك خێزان دانانیشین باسی سیاسەت بکەین.

بەڵام خاتوو میری ئیبان سلفاکیر، ژنی جێگری سەرۆك کۆمار فەریق سلفاکیر، لە یەکەم گفتوگۆدا کە لەگەڵیدا ئەنجامدرا باس لە پەیوەندی خۆی بە کاری سیاسیەوە دەکات، لە بواری کارکردنیدا لە سوپای بزووتنەوەکەو چالاکیەکانی لە بواری کاروباری ژنانی باشوور، بەرسەرۆکی یەکێتی ژنانە لە بزووتنەوەی میللی، هەڵبژێردرا تاکو پلەی سەرۆکی یەکێتی گشتی ژنانی سودانی نوێ وەربگرێت.

پێدەچێت کاری زۆری لە ئەنجومەنەکانی کاری گشتیدا هەبێت، خاتوو ئامال عەباس راوێژکاری رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی "الصحافه" باس لە رۆڵی ژنی سەرۆکەکانی ئەوێ دەکاتو دەڵێت:—

لەو بڕوایەدام ژنی وەك هاوسەری بەرپرس ئامادەی ناکات ببێت بە سەرکردە، خاتوونی حاکم لە وڵاتانی عەرەبی لە پرۆتۆکۆڵدا دۆخیان لە ژیانی ژنانی ئەورووپی جیاوازترە، پێشتر نیشتمانی عەرەبی ژنی سەرۆك هیچ رۆڵێکی یان دەرکەوتنێکی نەبوو، وەك ژنەکەی جەمال عبدولناسر، بەڵام جیهان سادات هەوڵیدا رۆڵێك ببینێتو دوای ئەویش خاتوو سۆزان موبارەك، هەروەها لە عێراق ساجیدەی ژنی سەدام حسێن هیچ چالاکیەکی نەبوو.

لە سودان خاتوو بوسەینە رۆڵێکی نەبوو، ئەگەر چی بزووتنەوەیەکی ژنانی بەهێزیش هەبوو، لەم رۆڵە دواتر دەستی کرد بە گەشەکردن کە ژنەکەی بەشیر هەندێك گرنگیدانی بە

کاری گشتی هەبوو، ژنی دووەمی بەشیر تێڕوانینی بۆ کاری گشتی هەبوو.

ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم کە ژنی بەرپرس بۆ ئەوەی ڕۆڵی هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەبێت ئامادەیی سروشتی هەبێت، ئەزموونی شێخە مۆزە لە یەکێك لە وڵاتەکانی کەنداو، جەخت لە دەرکەوتنی ئەو جۆرە خاتوونانە دەکات، ئاماژەیە بۆ بوونی جۆرێك لە نەرمی ئەقڵی لای ئەقلیەتی خۆرهەڵاتی بەگشتی.

ئەزموونی ربیکا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە بنەمادا خۆی ئەندامی بزووتنەوەکە بوو، کە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگی لە گوندی نیو سایتدا هەبوو، خاوەنی چەندین دامەزراوە بوو، وەك هەردوو دکتۆرە بەخیتەو ئەمینو ڕەزیە ئادەم لەو کتێبەیاندا بە ناوی "ژنە بەناوبانگەکانی سودان" باسی لێوەدەکەن، کە بە گرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی ژنانی سودان دادەنرێت، لە بەرگەکەیدا وێنەی خاتوو نەبیهە کامل ژنی عەبدوڵا خەلیلو مەریەم سەلامە ژنی سەرۆك ئەزهەریو سەکینە ژنی فەریق عەبودو ژنی جەزولی دەفعەڵاو بوسەینە خەلیل ژنی نمێریو زوهرە فازل ژنی سر خەتم خەلیفەو زوهرە بلە ژنی موشیر سوار دەهەبو حەفیە مەئمونو سارە فازل ژنەکانی سادق مەهدیو فاتمە خالیدو وداد بابەکر ژنەکانی بەشیری تێدایە.

یۆنسکۆ وەك یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی مێژووی ژنانی سودان پشتی پێبەستووە، کە تێڕوانینی دکتۆرە بەخیت ئەمین ئەوە بوو کورتەیەك لەسەر ژیانی خاتوونە یەکەمەکانی سودان بنووسێت، هەندێك پرسیار دەربارەی خاتوو نەبیهە کامل ژنی عەبدوڵا خەلیل کرا، بە نازناوی ماما ست ناسرابوو، ژنێکی بەناوبانگی شاری ئوم درمانە، بەوە ناسراوە سەرپەرشتی هەتیووو هەژاران دەکات، کە ڕابەری خەڵکی گەڕەکی "شایلە عایلە" بوو، دکتۆرە بەخیتە بەم شێوەیە وەسفی خاتوو مەریەم سەلامە دەکات: خاتوو مەریەم سەلامە ژنی سەرۆك ئەزهەری؟ پەیوەندی خێزانیمان پێکەوە هەیە، بە هێمنی پشتگیری کاری خێرخوازی دەکرد لە ناو یەکێتی ژنانی سوداندا، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەزهەری هەمیشە پاڵپشتی ژنانو هاوکاری پرۆژەی یەکێتیەکەیانی کردووە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی ئەنوەر ساداتو ئال سعوددا هەبووە، •کە ژنێکی بەویقارو جوان بوو، دەموچاوی بێگەردی پێوەدیاربوو، پیاوانی ناو یەکێتیەکە بە حاجی ژن بانگیان دەکرد، دەربارەی خاتوو بوسەینە خەلیل ژنی سەرۆك نمێری دکتۆرە بەخیتە دەڵێت: لەو هاوڕێم بووو شانازی بە هاوڕێیەتیەوە دەکەم، چەندینجار سەردانی یەکتریمان کردووە، هەروەها چەندین ژنی ناوداری جیهانی

مەردانی مالّیانیان کردووە، بەلاّم زوهرە بلە ژنی موشیر زۆر چالاکی هەیەو لە زۆر کاروباری نا سیاسیدا ڕاوێژی پێدەکات.

دکتۆرە بەخیتە ئەمین دەربارەی خاتوو وداد بابەکر ژنی سەرۆک دەڵێت ڕێگایەکی جیاوازی لە کاری خۆبەخشیدا هەبوو، کۆمەڵێک ژنی باشی لە دەووربوو، کە بووە هۆی سەرکەوتنی ئەو بەرنامەیەی بوونیادی نابوو.

کۆتای قسەکان بە خاتوو سارە کۆتایی دێنم کە ژنێکی ڕۆشنبیرو سیاسی بوو، سەرۆک سادق مەهدی پشتی پێدەبەست تاکو سوود لە ئاسۆو ئەزموونی سیاسی وەربگرێت.

## لەسەر سنوور

دەردەکەوێت ڕۆڵی ژنی سەرۆک، بە کەسایەتی ژنەکەوە پەیوەستە چەند گرنگ یان لاوازە، یان تاکو چەند مێردەکەی پانتایی جوڵانی دەداتێ، هەروەها کۆمەڵگا چی بۆ دابین کردووین.

## یەمەن

علی عەبدولاّ سالّح شوانی مەڕو بزن بووە لە لەوەڕگاکانی بەیت ئەحمەر، کاتێک کەوتە داوی خۆشەویستی کچە شوانێکەوە، ساڵی ١٩٦٤ زەماوەندی لەگەڵ کرد، ئەوکات تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو.

بەپێی پێگەی ئیلاف هاوڕێی لاوێتیو هاوسەری ژیانی ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد، بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە گیانی لەدەستد، لە پاش خۆی پێنج کچو دوو کوڕی بۆ بەجێهێشت، دوای ئەوە سالّح دوو جاری تر ژنی هێناوە کە تەنها لە شەوی زاوایەتیدا ڕووخساریانی بینیوە، لەم بارەیەوە سالّح دەڵێت: ئێمە بەپێی وەسفو ستایش ژن دەهێنین، بەڵام بێ ئەوەی یەکتر بناسن هاوسەرگیری بکەن زۆر زەحمەتە، هۆکارەکەی بۆ ئەو جیاوازیەی نێوان نێرو مێ دەگەڕێتەوە، بەلاّم لەگەڵ زیادبوونی دامەزراوەو شوێنە گشتیەکان وەک شوێنی یەکترناسینو زانینی تێڕوانین، ئێستا ژمارەیەکی زۆر پشت بە هاوسەگیری

یەکترناسین دەبەستن و پێشتر قسەو باس لەگەڵ یەك دەکەن.

لەم بارەیەوە کامل عەبدولا، ئەمەنیەکەو پسپۆری لە فۆلکلۆردا هەیە، دەڵێت سەرۆکی یەمەن تەنانەت لە گێڕانەوەی هاوسەرگیریەکەیشیدا لەخۆبووردووبوو.

## لیبیا

ساڵی ١٩٤١ موعەممەر قەزافی لە دایك بووە، لە خێزانێك کاری کشتوکاڵی و کاری بەخێوکردنی گایەلیان کردووە، لە بەنغازی ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە کۆلێژی جەنگیەوە دەکات، ساڵی ١٩٦٥ کۆلێژی تەواو کرد، پاشان بۆ خوێندن ڕەوانەی بەریتانیا کراوە بۆ کۆلێژی سانت هرست.

قەزافی سەرپەرشتی ئەفسەرە یەکگرتووەکانی ئازادی کردووە، لە سێپتەمبەری ١٩٦٩ شۆڕشی فاتحی ئەنجامداو عەرشی ئیدریس ئەلسنوسی شاهانەی ڕوخاند، کۆماری عەرەبی میللی لیبیای دامەزراند، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فاتح، قەزافی بۆ پلەی عەقید بەرزبووەوەو بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هەروەها کرا بە سەرەك وەزیران، ئەمە جگە لەوەی پلەی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی لە دەستدا مایەوە، لە یەکێتی عەرەبی نزیك بووەوە کە شۆڕشی فاتح سیماکانی وابوو هاریکاری لەگەڵ میسردا بکات و لە یەکێتی عەرەبی نزیك ببێتەوە، هەر لە سەرەتاوە شۆڕش بنکە سەربازیەکانی بەریتانیاو ئەمریکای لە لیبیا داخست، هەموو ئیتاڵیەکانی لە لیبیا دانیشتبوون دەرکد، لە مارتی ١٩٧٠ لەگەڵ بەریتانیاو ئەمریکا چووە دانووستانەوە، دەرئەنجام بنکەی بەریتانی لە بەنغازی داخراو هەروەها بنکەی عەزم و تەبرەق، دواتر بنکەی هۆیاس پاش سێ مانگ داخرا.

قەزافی تاکو ساڵی ١٩٧٧ بەسەرکردەی ئەنجومەنی شۆڕش مایەوە، لەویەوە بانگەوازی دامەزراندنی جەماوەریەتی عەرەبی لیبیی میللی سۆسیالیستی کرد، قەزافی بوو بە برای گەل کە ئەمەش لە کتێبە بەناوبانگەکەی قەزافی "کتێبی سەوز" دا هاتووە.

قەزافی دووجار ژنی هێناوە، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٠، کە دوو شاهیدی هەبوو، یەکەمیان جەمال عەبدولناسر بوو، دووەمیان جەعفەر خەیری بوو، جاری دووەم سستەرێکی

هێنا بە ناوی ڤارکاش، کە سەرپەرشتی نەشتەرگەریەکی دەکرد بۆ ڕێخۆڵە کوێرەی کرا، بە شێوەیەکی گشتی قەزافی حەز ناکات ژنەکانی دەربکەونو بێنە بەردەمی کامێرا.

قەزافی حەوت منداڵی هەیە، ئەوانیش محەمەد لە ژنی یەکەمی، سەیف ئەلئیسلامو ساعدیو عائیشەو خەمیسو موعتەسەمو هانیبال لە ژنی دووەمی.

# پێرست

پێشەکی ..........
ژنەکانی سەرۆکی کۆچکردوو ئەنوەر سادات .......... ٣
ماڵی هاوسەرێتی .......... ٥
پڕ سەبری .......... ٩
حیکمەت فەهمی .......... ١٠
ئەم ژنە چۆن دەژیا .......... ١٣
کۆتای سەبر .......... ١٥
پاش تەڵاق .......... ١٧
بە یەکگەیشتنی هەردوو هەوێ .......... ١٩
جیهان سادات .......... ٢٠
خاتوونی یەکەمی میسر .......... ٢٣
ڕۆژانی سادات .......... ٢٨
ئەنوەری ئازادبوو .......... ٣٢
لەسێبەری شۆڕشدا .......... ٣٩
گەڕان بەدوای خوددا .......... ٤٢
ئەلەو ئەمریکا .......... ٤٤
بەرەو کورسی.. هەنگاوی یەکەم .......... ٤٥
ژنی سەرۆک .......... ٥١
دانپێدانانی خاتوونی یەکەم .......... ٥٤
ناکۆکیەکەی لەگەڵ سومە .......... ٦٠

دکتۆرا لەسەر تەلەفزیۆن بەڕاستەوخۆیی ........................ ٦١
مشتومڕی زیاتر ........................ ٦٢
فینالْ ........................ ٦٣
تحیە کازم ........................ ٦٤
ژنی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدول ناسر ........................ ٦٤
ئێران ........................ ٦٦
جەنگی فەلەستین ........................ ٧٠
شۆڕش ........................ ٨١
ژنی سەرۆك ........................ ٨٤
٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٧٠ ........................ ٨٦
بێوەژن ........................ ٨٧
ژنانی کۆشکی سەرۆکایەتی سوریا ........................ ٩١
بێوەژنی سەرۆك ئەسەدی کۆچکردوو ........................ ٩١
خاتوو ئەنیسە مەخلوف ........................ ٩١
حافزو ئەنیسە ........................ ٩٢
عەلی سلێمان ئەسەد ........................ ٩٣
حافز عەلی سلێمان ئەسەد ........................ ٩٤
حافز لە خوێندنگای دواناوەندی ........................ ٩٦
ژن هێنان ........................ ٩٧
ژنی سەرۆك ........................ ٩٨
بێوەژنی سەرۆك ........................ ١٠٠
خاتوو ئەسماء ئەسەد ........................ ١٠٣
ژیانێکی پڕ ژاوەژاو ........................ ١٠٥
پاشینەی قەیرانەکە ........................ ١٠٩
لە بۆشاییەوە نەهاتووە ........................ ١١٠
شێخە مۆزە ........................ ١٢٣

ژنی شێخ حەمەد کوڕی خەلیفە ئال پانی ........
شێخەو دیموکراتیەت ........................ ١٢٣
ساجدە تولفاح ........................ ١٢٨
ژنی سەدام حسێن "بێوەژنەکەی" ........................ ١٣٧
باوك .. خاڵی سەرۆك ........................ ١٣٧
سەدام لە بەغداد ........................ ١٣٩
یەکەم چاوپێکەوتنی سەدام و بەکر ........................ ١٤٠
بێئومێدی و شکستخواردن ........................ ١٤١
یەکەم دادگایی ........................ ١٤٤
براکەی یەکەم ونبوو ........................ ١٤٥
بێدەنگ بوو ........................ ١٤٨
پاش ڕووخان ........................ ١٤٨
ژنی دووەم ........................ ١٤٩
سەمیرە شابەندەر ........................ ١٥٤
شاژن ڕانیا عەبدوڵا ........................ ١٥٦
ڕانیا شاژن باس لە پەیوەندی خۆی بە مێردەکەیەوە پاشا عەبدوڵا دەکات .... ١٥٩
پاشا ........................ ١٦١
ژیانی ........................ ١٦٢
باخی شاژنە ڕانیا ........................ ١٦٥
بەهێزترین ژنەکان ........................ ١٦٦
حەسەنەین ........................ ١٦٧
باڵاپۆشی شاژنە ڕانیا ........................ ١٦٨
لەگەڵ ئۆپرا ........................ ١٦٨
خاتوو سۆزان موبارەك ........................ ١٦٩
یاداشتی ژیانێکی پڕ چالاکی ........................ ١٧١
سەرۆك تەندروستی زۆر باشە ........................ ٢٠٢
 ........................ ٢٠٣

للا سەلما .. ژنی شا محەمەدی شەشەم ........ ٢٠٥
پاشای مەغریب ........ ٢٠٥
ژنیکی لە ڕێسابەدەر ........ ٢٠٦
هاوسەرگیری هاوسەنگیەکان سەرو ژێر دەکات........ ٢١٠
فلاش باگ .. یەکەم دیدار ........ ٢١٤
شاژنی دڵی پاشا ........ ٢١٦
ئەو شاژنەی پاشا خۆشیویست ........ ٢١٧
یەکەم گفتوگۆی پاشا دەربارەی ئەو هاوڵاتیەی دڵی داگیرکرد........ ٢١٩
پاشا بە خۆشەویستی ژن دەهێنێت........ ٢٢٠
ژنەکانی محەمەد نەجیب........ ٢٢١
ژنهێنان لە ژێر چاودێریدا ........ ٢٢١
سەرۆکی یەکەم........ ٢٢٢
ئەو کێیە ........ ٢٢٣
ژنەکانی........ ٢٢٧
سوها عەرەفات ........ ٢٣١
لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە ........ ٢٣٦
ژنەکانی تر ........ ٢٤١
سۆدان ........ ٢٤٢
بوسەینە ........ ٢٤٣
ژنەکانی سەرۆک........ ٢٤٤
ربیکا ........ ٢٤٥
لەسەر سنوور ........ ٢٤٧
یەمەن ........ ٢٤٧
لیبیا ........ ٢٤٨

نهێنی ژیانی

# ژنی سەرۆکەکان نهێنی خۆشەویستی لەنێو دڵی خاوەن شکۆکان



مونمن ئەلحەممەدی

دەڵێن لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێك هەیە، بەڵام من وای دەبینم لە پشت هەموو پیاوێکەوە ژنێك هەیە یان کۆمەڵێك ژن هەن، کە ژیانی لەکۆرپەییەوە پێکدەهێن تاکو مردنی، ژن بەهەشتی پیاوە وەك چۆن هەندێکجار دەبێتە دۆزەخ بۆ پیاو، ئەو سیما دەدات بەژیانی پیاوان، هەر ئەو یارمەتی دەدات سەرکەوتن بەدەست بهێنێت یان تووشی شکست و نەهامەتی بێت، دەیگەێنێتە ترۆپك و دەیخاتە ناو چاڵی ونبوونەوە.

کاتێك تەماشای ژیانی نەوەکانی سەرۆکەکانم کرد ڕۆڵی ژنان هەر وا بەو ئاسانییە نییە کە هەندێك لای خۆیەوە لێکی دەداتەوە،، ژنانی سەرۆکەکانی عەرەب ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهاتنی سەرۆکەکاندا هەبووە و ئێستاش هەمان ڕۆڵ دەبینن.

وتم با تەماشای لاپەڕەکانی ژیانیان بکەم، چۆن مێردەکانیان ناسیوەو چۆن چوونەتە ناو کۆشکەوە، چەند چیرۆکێکی ئەو سەرکردانەم بینی و بینیم چۆن ئەو ژنانە گەیشتوونەتە ئەو شوێنە و تەختی دڵی سەرۆکەکانیان داگیر کردووە و پاپۆڕی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست.

ئەم کتێبە زۆر خرۆشێنەر نییە، بەدوای ناونیشانە زەردەکاندا بگەڕێت، بەڵام لەهەمان کاتدا پڕیەتی لەو بابەتانەی کە مرۆڤ دەخرۆشێنێت، لەبەر ئەوەی جۆری حوکمڕانی لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەو جۆرە لە خرۆشان دێنێتە ئاراوە، کەواتە بابچین بۆ لای چیرۆکەکان.